# سیستمی حزبی لەئەمریکا و

## کاریگەری لەسەر سیستمی حکومڕانی دەوڵەتەکە

**سیستمی حزبی لەئەمریکاو کاریگەری لەسەر سیستمی حکومڕانی دەوڵەتەکە**

**بابەت: توێژینەوە**

**توێژەر: ڤیان مەجید فەرەج**

**ئیمەیل:** vianfarajw@yahoo.com

**تایپ: ئاراس حەسەن، ڕێباز نامق**

**هەڵەبڕ: ئاڤان فەتاح**

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: کۆمپیوتەر و ئۆفسێتی بینایی**

**تیراژ: (١٠٠٠) دانە**

**چاپ: چاپی دووەم**

**ئایاری ٢٠١٠**

**چاپخانە: چاپخانەی بینایی**

**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر بەچاپگەیەنراوە**

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر**

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشکردن | ٧ |
| پێشەکی | ٩ |
| **دەوازەی یەکەم/ سروشتی جوگرافی‌و یاسای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا** | ١٣ |
| **١- جوگرافیای ئەمریکا** | ١٤ |
| ١-١- ناوچە جوگرافییەکان | ١٤ |
| ١-٢- جوگرافیای مرۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ١٨ |
| ١-٢-١- هاوڵاتییە رەسەنەکان | ١٨ |
| ١-٢-٢- پەناهەندە سەرەتاییەکان | ١٩ |
| ١-٢-٣- ئینگلیزەکان | ٢٠ |
| **٢- مێژووی دروستبوونی دەوڵەتەکە** | ٢١ |
| ٢-١- پێش سەربەخۆیی | ٢١ |
| ٢-١-١- شۆڕشی ئەمریکا | ٢٥ |
| ٢-١-٢- جاڕنامەی سەربەخۆیی | ٢٨ |
| ٢-٢- دوای سەربەخۆیی | ٣٠ |
| ٢-٢-١- پڕۆژە یاسای دەستورو رەزامەندی ویلایەتەکان | ٣١ |
| ٢-٢-٢- سیستمی حوکمڕانی‌و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | ٣٣ |
| ٢-٢-٣- دەسەڵاتە فیدڕاڵییەکان‌و دەسەڵاتە هەرێمییەکان | ٣٥ |
| ٢-٢-٤- حکومەتی هەرێمەکان | ٣٧ |
| **دەروازەی دووەم/ سروشتی سیستمی حزبایەتی لەئەمریکا** | ٤٣ |
| **١- مێژووی پارتە سیاسییەکان** | ٤٤ |
| ١-١- خولی سەرەتا ١٧٩٠ — ١٨٢٨ | ٤٧ |
| ١-٢- خولی دووەم ١٨٢٠ — ١٨٦٠ | ٤٩ |
| ١-٣- خولی سێیەم ١٨٦٠ — تا ئێستا | ٥٢ |
| ١-٣-١- قۆناغی سەرەتایی خولی مۆدێرن ١٨٦٠ — ١٨٩٦ | ٥٣ |
| ١-٣-٢- قوناغی دووەمی خولی مۆدێرن ١٨٩٦ — ١٩١٣ | ٥٤ |
| ١-٣-٣- قۆناغی سێیەمی خولی مۆدێرن ١٩١٣ — ١٩٣٢ | ٥٥ |
| ١-٣-٤- قۆناغی چوارەمی خولی مۆدێرن ١٩٣٢ — ١٩٨٠ | ٥٦ |

١-٣-٥- قۆناغی پێنجەمی خولی مۆدێرن لەساڵی ١٩٨٠ — تا ئێستا ٦٠

**٢- ناساندنی پارتە سیاسییەکان ٦٣**

٢-١- گەورەترین دوو پارتی سیاسی ئەمریکا ٦٣

٢-١-١- حزبی دیموکرات ٦٣

٢-١-٢- حزبی کۆماریخواز ٦٦

٢-٢- سروشتی پۆلێنکردنی حزبە کەمینەکان ٧٠

٢-٢-١- حزبە سەقامگیرو گشتگیرەکان ٧١

٢- ٢ -٢- حزبی پاڵێوراوان ٧١

٢-٢-٣- حزبە تاك ئامانجەکان ٧١

٢-٢-٤- حزبە هاوپەیمانەکان ٧٢

٢-٣- گرنگترین حزبە کەمینەکان لەئەمریکادا ٧٣

٢-٣-١- حزبی سەربەخۆی ئەمریکا ٧٣

٢-٣-٢- حزبە پێشکەوتووەکان ٧٣

٢-٣-٣- حزبی جەماوەری پاپۆلیست ٧٣

**٣- پارتە سیاسییەکانی ئەمریکاو رۆڵیان لەبەشداری سیاسیدا ٧٤**

٣-١- هاوڵاتیان‌و پرۆسەی بەشداری سیاسی ٧٤

٣-٢- پارتە سیاسییەکانی ئەمریکاو رۆڵیان لەبەشداری سیاسیدا ٧٧

٣-٣- کۆمەڵگای مەدەنی‌و رۆڵی لەئاکتیڤ کردنی بەشداری سیاسیدا ٨١

**٤- پارتە سیاسییەکانی ئەمریکاو رۆڵیان لەهەڵبژاردنەکاندا ٨٣**

**٥- رێکخستنی دەستوری بۆ سیستمی حزبی لەئەمریکادا ٨٦**

**دەروازەی سێیەم/ کاریگەری سیستمی حزبایەتی لەسەر سیستمی حکومڕانی ئەمریکا ٩١**

**١- فرەحزبی‌و چەمکی دیموکراسی. ٩٢**

١-١- داب‌و نەریت‌و لایەنە مێژووییەکان ٩٦

١-٢- سیستمی هەڵبژاردن ٩٧

١-٣- یاساکانی هەڵبژاردن ٩٧

١-٤- پرۆسەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان ٩٨

١-٥- خودی دوو حزبە گەورەکە ٩٩

١-٦- بیروباوەڕی دەنگدەران ٩٩

**٢- رەنگدانەوەی بەرنامەی حزبەکان لەسەر سیستمی حوکمڕانی ئەمریکا ١٠٠**

٢-١- کاریگەری سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەسەر سیستمی سیاسییەوە ١٠٠

٢-١-١- پارتی كۆماری ئەمریكا ١٠٠
سیاسەتە ئابورییەكانی پارتی كۆماریخواز ١٠١
سیاسەتەكانی پارتی كۆماری دەربارەی سیستمی كۆمەڵایەتی ١٠٢
سیاسەتەكانی پارتی كۆماری دەربارەی سیستمی نێودەوڵەتی ١٠٣
٢-١-٢- پارتی دیموكرات. ١٠٥
سیاسەتە ئابورییەكانی پارتی دیموكراتی ئەمریكا ١٠٥
سیاسەتە كۆمەڵایەتییەكانی پارتی دیموكراتی ئەمریكا ١٠٦
سیاسەتی نێودەوڵەتیو دادوەری پارتی دیموكراتی ئەمریكا ١٠٨
**٢-٢- كاریگەری سیاسەتەكانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەسەر سیستمی حكومڕانیو بڕیارداندا.** ١٠٩
**٣- كاریگەری سیستمی حزبی لەسەر سیستمی دەستوری لەئەمریكادا.** ١١٢
**٤- كاریگەری سیستمی حزبی لەسەر میكانیزمی حوكمڕانی لەئەمریكادا** ١١٤
٤-١- ڕێكخستنە ناوچەییەكان ١١٥
٤-١-١- بازنە ١١٥
٤-١-٢- ئەندام لیژنەی بازنە ١١٥
٤-١-٣- ناوچە ١١٦
٤-١-٤- شار ١١٦
٤-١-٥- كەرت – قەزا ١١٦
٤-١-٦- هەرێم ١١٧
٤-٢- ڕێكخستنی ویلایەتەكان ١١٧
٤-٢-١- لیژنەی ویلایەتەكان ١١٧
٤-٢-٢- بنكەی سەرەكی حزب لەویلایەتەكاندا ١١٧
٤-٢-٣- كۆنگرەی ویلایەت ١١٧
٤-٣- ڕێكخستنی ئەهلی ١١٨
٤-٣-١- لیژنەی ئەهلی ١١٨
٤-٣-٢- ناوەندی سەرۆكایەتی ئەهلی ١١٨
**كۆتاییو ئەنجام** ١٢١
**دەروازەی چوارەم / پاشكۆكان** ١٢٥
**١- پەیڕەوی ناوخۆیی پارتی كۆماری ئاریزۆنا لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا** ١٢٦
**٢- پەیڕەوی ناوخۆیی پارتی دیموكراتی ئاریزۆنا لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا** ١٤٤

**٣- چەند کورتە راستییەك دەربارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا** ١٦٢
**سەرچاوەکان** ١٨٥
**سوپاس و پێزانین** ١٩١

**پێرستی نەخشەو خشتەکان:**

١. خشتەی ژمارە (١) خشتەی ویلایەتە فیدرالەکانی ئەمریکاو پایتەختەکانیان ١٦
٢. خشتەی ژمارە (٢) خشتەی هەندێك لەشارەگەورەکان ١٧
٣. خشتەی ژمارە (٣) خشتەی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٣٨
٤. نەخشەی ژمارە (١) نەخشەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٤١
٥. خشتەی ژمارە (٤) خشتەی هەندێك لەپارتەکانی ئەمریکاو سروشتی سیاسییان ٧٠
٦. خشتەی ژمارە (٥) رێژەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هەندێك لەوڵاتە دیموکراتەکاندا. ٧٦
٧. خشتەی ژمارە (٦) پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ لایەنگرانی حزبە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٨ ٧٨
٨. خشتەی ژمارە (٧) نموونەیەك لەئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٥ ٨٠

ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

- دایکم: کەهەموو ژیانی بۆ پێگەیانـدنی (منداڵەکانی) تـەرخانکردووەو خەمی گەورەی گەیشتنمان بوو بەبڕوانامەی بەرز.
- باوکم: کەهەمیشە شانازی کردووە بەوەی باوکی (٦) کچە.

## پێشەکی:

میللـەتی کـورد لەکوردسـتانی عێراقـدا قۆناغـەکانی خـۆڕاگریو بـەرگریو شـۆڕشو پێشمەرگایەتی بەسەرکەوتوویی بڕیو ئێستا کوردستان پێی ناوەتـە قۆنـاغی بینـاکردنی دەوڵەتی دیموکراتیو شارستانی.

لەیەکتر جیاکردنەوەو پەیی بردن بـەو دوو قۆناغـەو درککـردن بەپێداویـستیەکانی ئـەم قۆناغە تازەیە کارێکی پڕ بایەخەو ئایندەی میللەتەکەمانی لەسەر وەستاوە. ئیدارەدانو ئەرکی ئەم قۆناغە پێویستی بەبیرو بەرنامەیـەکی شارسـتانی هەیـە. بەئەقڵیـەتی شاخو گوند، بینای دەوڵەتو ئیدارەی شار ناکرێت بۆیە بـۆ ئێمـەی میللـەتێکی بـێ ئـەزموونو نـەبووی کلتـوری حکـومڕانی دەوڵـەت کـارێکی لەرادەبـەدەر پێویـستە کـە بەمێـژوو ئەزموونی حکومڕانی میللەتو دەوڵەتانی دیموکراتی ئاشنا بینو ئەزموونو پەندیان لێ وەربگرین.

لەراسـتیدا ئـەوەی هانیـدام ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئـەنجام بـدەم، بـەر لەهەمووشـت بـوونی ئەمریکا بوو لەناوچەکەمانو عێراق کەئەمـە رامانـدەکێشێ بـۆ ئـەوەی بـزانین ئـەمریکا کێیەو بەچ میکانیزمێك رەفتار دەکاتو ئەو شێوازەی پێویستە لەگەڵیدا لەسەری بـڕۆین کامەیە؟ ئەمە لەکاتێکدا وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا گـەورەترین هێـزی سـەربازیو ئابوریو دیموکراتی دونیایە کەهاتبێتە ناوچەکەمانو بیەوێت نموونەیـەکی دیموکراسـی هاوچـەرخ لەناوچـەکەدا بـچەسپێنێ. دیـارە لـەم پێنـاوەدا لـەرێگای گرتنەبـەری رێگـای شێوازی شیکردنەوەوە هەوڵمانداوە شیکاری لوغزی سیستمی فرە حزبیو دیموکراسیەتی ئـەمریکاییو لەپاڵیـدا شـیکردنەوەی ئـەو جـۆرە فـرە حزبیـەی کەئـەمریکا لەسیـستمی سیاسی خۆیدا بەدرێـژایی مێـژووی خـۆی کـاری پێکـردووە، بکـەین، کـەبێگومان ئـەویش سیـستمی دوو حزبـی سـەرەکییە. هەربۆیـە لـەدەروازەی یەکـەمی لێکۆڵینەوەکەمانـدا بەمەبەستی ناساندنی ئەم وڵاتە ئاماژەمان بۆ جوگرافیاو جوگرافیای مرۆییو مێژووی دروستبوونی دەوڵەتەکەو شۆڕشی مەزنی سەربەخۆییو پاشانیش سیستمە سیاسـیەکانو دامەزراوەکانی دەوڵەت کردووە. لەدەروازەی دووەمدا بەتەواوی باسمان لەمێژووی حزبـە سیاسییەکان لەئەمریکادا کردووەو بەنموونە هەردوو پارتی باڵادەست (پـارتی کۆمـاریو

دیموکرات)مان باس کردووه، پاشان ئاماژەمان داوه بەو مێژووەی هەریەك لەم دوو حزبە لەبواری سەرۆکایەتی ئەمریکادا هەیانەو لەپاڵیشیدا ئاماژەیەکمان بەحزبە بچوکەکانی تر کردووه. هەر لەدەروازەی دووەمدا باسمان لەو بنەما دەستورییانە کردووه کە بەهۆیەوە حزبە سیاسییەکان ڕێکخراون‌و لەگەڵیشیدا ئاماژەمان بەڕۆڵی حزبەکان لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا کردووه.

دەروازەی سێیەم ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کاریگەری سیستمی حزبی ئەمریکا بۆ سەر سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتەکە ئەویش لەڕێگای ناساندنی ئەو جۆرە فرەحزبیەی کە لەئەمریکادا هەیە کەدەتوانرێ بەسیستمێکی دوو حزبی باسی لێوەبکرێت‌و کاریگەری ئەم سیستمە لەسەر دیموکراسی‌و بەپێچەوانەوە ڕەنگدانەوەی دیموکراسی لەژیانی حزبی حزبەکانی ئەمریکادا روونکراوەتەوە.

لەپاڵ ئەمانەشدا ئاماژەمان بۆ کاریگەرییەکانی هەریەك لەم دوو پارتە سەرەکییە بۆ سەر ژیانی حوکمڕانی‌و سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت کردووەو کاریگەرییەکانی سیستمی حزبایەتی لەسەر سیستمی دەستوری‌و پرۆسەکانی بڕیار وەرگرتن لەئەمریکادا روونکراوەتەوەو لەدوابەشی دەروازەی سێیەمدا هەیکەلیەتی حزبەکان‌و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئالیەتی حوکمڕانی ئەمریکا خراوەتەڕوو.

دەروازەی چوارەم، چەند پاشکۆیەکی تایبەتی لەخۆگرتوو کەهەردوو پاشکۆی یەکەم‌و دووەم ئاماژەن بۆ دەقی وەرگێردراوی تازەترین پلاتفۆرمی هەردوو پارتی کۆماری‌و دیموکراتی ئەمریکا لەویلایەتی ئاریزۆناو پاشکۆی سێیەمیش چەندین راستی تایبەت بەمێژوو، جوگرافیا، گەشەسەندن، تەکنەلۆژیا، زانست‌و پەروەردەو فێرکردن، بۆنەکان، سیستەمی حوکمڕانی، ئاڵا و دروشم و سیمبول‌و پشووە فەرمییەکانی ئەو وڵاتەی گرتۆتە خۆ.

ماوەتەوە بڵێین قسەکردن لەسەر ئەمریکا ئەگەرچی وڵاتێکی نوێ‌و خاوەن مێژوویەکی تەنها چەند سەد ساڵییە، بەڵام کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەمریکا پێکهاتووی (٥٠) ویلایەتی نیمچە کۆماری سەربەخۆیە کەهەریەکەیان دام‌و دەزگاو دەستورو ئەنجومەنی یاسادانانی خۆی هەیەو سیستمی سیاسی‌و حوکمڕانی هەریەکەشیان جیاوازە لەوی تر، هەرچەندە هەموویان لەچوارچێوەی دەستوری گشتی ئەمریکای مەزندا دەخولێنەوە،

بەڵام جیاوازی ویلایەتەکانو یاساکانی بەڕێوەبردنی بارگرانییەکی گەورەی لەسەر لێکۆڵەرەوانی بواری ئەمریکاناسی دروستکردووە.

ئەمانەش وایان کردووە ئەو بەرهەمانە بێ کەموکورتی نەبنو توێژینەوەکەی منیش بەدڵنیاییەوە بەدەر نییە لەکەموکورتی.

لەکۆتایشدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ٢٠٠٧/٥/١٢دا پێشکەش بە کۆلێجی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سلێمانی کرا وەك نامەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسو دوای چەندین دەستکاریو هەموارکردن ئێستا وەك پەرتووکێك لەپێش چاوی خوێنەراندایە، بەو هیوایەی لەکەموکورتیەکانی ببورن.

# دەروازەی یەکەم

# سروشتی جوگرافیو یاسایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## ١- جوگرافیای ئەمریکا

### ١- ١- ناوچە جوگرافییەکان:

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رووبەرێکی فراوانی هەیەو نزیکەی (٩,٥٧٩,٧٥٠)کم٢[1] دەبێتو کەوتۆتە ناوەندی کیشوەری ئەمریکای باکورەوە، رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە بەزەریای ئەتڵەسی دەورە دراوەو رۆژئاواشی زەریای هادی دەوریداوەو ویلایەتەکانی ئالاسکاو هاوای-ش یەکدوای یەك دەکەونە باکوری خۆرئاوای دەوڵەتەکەو ناوەندی ئۆقیانوسی هادییەوە.[2]

خاکی ئەمریکاو جوگرافیای ئەمریکا جوگرافیایەکی هەمەجۆری پڕاو پڕەو سەرجەمی رەگەزەکانی جوگرافیایەکی دەوڵەمەندی لەخۆگرتووەو لەرووی پێکهاتەی سروشتیو تۆپۆگرافیاوە پێکهاتەیەکی دەوڵەمەندەو بوونی شاخو داخو دۆڵو دەشتو بانو دەریاکانو دارستانە چڕو بەرینەکان بوونەتە خاڵێکی تری بەهێزکردنی ئابووریو جوگرافیای ئەم وڵاتە.

پێکهاتەی جوگرافی ئەم وڵاتە وەکو باسمان کرد پێکهاتەیەکی ئاڵۆزەو زانایانی بواری جوگرافی توانیویانە بەسەر چواردە ناوچەدا پۆلێنی بکەن کەئەوانیش (گەورەترین شار، چاوگی پیشەسازی، رۆژهەڵاتی متجاوز، ئەبالاشیاو ئاوزارك، ئەوپەڕی باشور، ناوچە کەنارییەکانی باشور، چاوگی کشتوکاڵی، بانە گەورەکان، ناوچەی چۆڵو هۆڵ، ناوچەی سنوری رۆژئاوای خواروو، کالیفۆرنیا، کەناری باکوری ئۆقیانوسی هادی، ناوچە

---

[1] ..أ- د. محمد حامد الطائي، د. علی حسین الشلش، د. رفیق حسن الخشاب، جغرافية العالم الجديد (الامريكيتين)، سنة ١٩٨٠، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى ص٦.

ب- د. علی حسین الشلش، امريكا الشمالية الأقليمة، سنة ١٩٨٠، جامعة البصرة، ص٤٩.

ج- ڤیان مەجید، سیستمەکانی هەڵبژاردنو پرنسیپەکانی دەنگدان، ساڵی ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، ل١٢٩.

د. بەگوێرەی پاشکۆی سێیەم رووبەرەکەی بە(٩,٦٢٨,٣٨٢)کم چوارگۆشە دانراوە کە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە وەرگیراوە.

[2] ..ستيفين اس بيردسول و جون فلورين، موجز الجغرافية الامريكية، مطالعات عن امريكا، وزارة الخارجية الامريكية السفارة الامريكية، ص: غلاف الكتاب الداخلى.

باکورییەکان، هاوای).[٣] دیارە هەریەکێ لەم ناوچانە فاکتەرێکی ناسێنەر لەپشت ناولێنانیانەوە بووە کەئەویش بەپیتی خاك یان وشکانی یان نزیکی لەدەریاو بازرگانی یان بوونی ماددەی خامو پیشەسازی یان چڕی دانیشتوانو یان....تد لەپشتییەوە بووە. دەوڵەتی ئەمریکا لەپەنجا ویلایەتی نیمچە سەربەخۆ پێکهاتووە کەهەریەکەیان خاوەنی بنەماکانی نیمچە کۆمارێکی سەربەخۆیە لەحوکمڕانیو ئابووریو سەرمایە مرۆییو سروشتییەکانداو سنوری دیاریکراوی خۆیان هەیەو دانیشتوانەکانیان ئینتمایان بۆ خاكو هەرێمەکانیان هەیە، خشتەی ژمارە (١) ناوی هەر پەنجا ویلایەتەکەو پایتەختەکانیان ڕووندەکاتەوە.[٤]

[٣] ..سەرچاوەی پێشوو لا٨

[٤] .. موسوعة ویکیبیدیا، قالب: ولایات امریکا، التقسیم السیاسي للولایات المتحدة الامریکیة یوم ٢٠٠٦/١١/٢٢ آخر تعدیل للصفحة ٥/ یونیو/ ٢٠٠٦.

| ناوی ویلایەت | پایتەخت | ناوی ویلایەت | پایتەخت |
|---|---|---|---|
| ئالاباما | مونتگومری | منیسوتا | سان بول |
| ئالاسكا | جوناو | میزوری | جیفرسۆن سیتی |
| ئاریزونا | فینیكس | مونتانا | هیلینا |
| ئاركنساو | لیتیل روك | نبراسكا | لنكۆڵن |
| كالیفورنیا | سكرامۆنتۆ | نیفادا | كارسۆن سیتی |
| كولورادو | دنفر | نیوهامشایر | كونكورد |
| كوناتیكت | هارتفورد | نیو جیرسی | ترنتون |
| دیلاویر | دوفر | نیومەكسیكۆ | سانتافی |
| فلۆریدا | تالاهاسی | نیویۆرك | ئەلبانی |
| جۆرجیا | ئەتلانتا | نۆرث كارۆلینا | رالی |
| هاوای | هونولولو | نۆرث داكوتا | بسمارك |
| ئایداهو | بویسی | ئۆهایۆ | كۆلۆمبس |
| ئیلینوی | سبرینگفیڵد | ئۆكلاهوما | ئۆكلاهوماسیتی |
| ئیندیانا | ئیندیانا بولیس | ئۆریگۆن | سالم |
| ئایوا | دیموین | بنسلفانیا | هاریسبیرگ |
| كانزاس | توبیكا | رۆد ئایلاند | برۆفیدنیس |
| كنتاكی | فرانكفۆرد | ساوث كارۆلینا | كۆلۆمبیا |
| لویزیانا | باتۆن رۆج | ساوث داكوتا | بییر |
| مین | ئۆگۆستا | تینیسی | ناشفیل |
| ماری لاند | ئانابولیس | تەكساس | ئۆستن |
| ماساتشوستس | بوستن | یوتا | سۆلت لییك سیتی |
| مشیگان | لانسینگ | فیرمۆنت | مۆنتبیلییە |
| مسیسیبی | جاكسۆن | فرجینیا | ریچموند |
| وسكۆنسن | مادیسۆن | واشنطن | ئۆلیمبیا |
| وایۆمینگ | شیین | وێست فرجینیا | چارلستۆن |

**خشتەی ژمارە (١)    خشتەی ویلایەتە فدرالەكانی ئەمریكاو پایتەختەكانیان**

ژمـارەی دانیـشتوانی ئـەمریکا بەگـشتی نزیکـەی (٢٩٠,٠٠٠,٠٠٠) واتـا دوو سـەدو نـەوەت ملیۆن کەس دەبێت[٥] و ئەمیش دابەشبووە بەسەر خـاکی وڵاتەکـەدا، بـەڵام بەشـێوەیەکی نایەکسان، لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تـرو لەشـارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر چـڕییەکەی جیاوازە، بـۆ روونکردنـەوە لەخـشتەی ژمـارە (٢)دا هەنـدێك لەگـەورەترین شـار لـەرووی چڕی دانیشتوانەوە دەخەینەڕوو. [٦]

| شار | ویلایەت | ژمارەی سەرنشینان |
|---|---|---|
| نیویۆرك | نیویۆرك | ٢١,٢٠٠,٠٠٠ |
| لۆس ئەنجلۆس | کالیفۆڕنیا | ١٦,٣٧٤,٠٠٠ |
| شیکاگۆ | ئیلینوی | ٩,١٥٨,٠٠٠ |
| واشنتۆن دی سی | دیسترکت ئۆف کۆڵۆمبیا | ٧,٦٠٨,٠٠٠ |
| سان فرانسیسکۆ | کالیفۆرنیا | ٧,٠٣٩,٠٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢) خشتەی هەندێك لەشارە گەورەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرووی چڕی دانیشتوانەوە**

---

[٥]..أ. سـایتی ئینتـەرنێتی (www.electionworld.org/unitedstates.htm) لـە ٢٠٠٤/١١/١ بـەزمانی ئینگلیزی.

ب. لەپاشـکۆی سـێیەمدا کـە لـەوەزارەتی دەرەوەی ئـەمریکاوە زانیارییـەکانی وەرگـیراوە (٢٨١,٤٢٢,٠٠٠) کـەس بەگوێرەی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٠ سەرژمێر کراوە.

[٦]..سایتی www.usinfo. State.gov

لەوێب پەیجی http:// usinfo.state.gov/ar/ map-of-the-us-htm/

## ١-٢- جوگرافیای مرۆیی USA

مێژوونوسانو شارەزایانی بواری ئەمریکاناسی بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی مرۆیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابەش دەکەنە سەر (٣) جۆر کەدەیانبەستنەوە بەفاکتەری مێژوویی نیشتەجێبوونیان بەگشتی لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

### ١-٢-١- هاولاتییە رەسەنەکان (هندییە سورەکان)

هندییە سورەکان؛ کۆمەڵە تیرەیەك بوون کەهەر یەکەیان بەجۆرێ خۆی بەڕێوە دەبردو پشتی بەپیشەیەك دەبەست بۆ خۆبژێوی، لەوانە (کشتوکاڵ، راوکردن، کۆکردنەوەی بەری درەختەکان،....تد) ئەمانە لەکیشوەری ئەمریکادا کاتێك نیشتەجێبوون کەسەرو بەندی کۆتاییەکانی چاخی بەستەڵەك بوو بۆیە لەسەردەمانێکدا ژیاون کەبارودۆخی کەشناسی هێجگار سەختو ساردبووە، ژیانێکی سادە ژیاونو شارستانیو ئاستی شارستانیان زۆر لاواز بووە.[٧] بەهۆی شەڕو ئاژاوەی نێو خۆییەوە هەمیشە تیرەکان یەکتریان ناچارکردووە دێهاتەکان چۆڵ بکەنو زۆرترین کات بەڕاوکردنی گیانلەبەری (گای بسون)ەوە خەریك بوونو بەهۆی هاتنی ئەوروپاییەکانەوە ئەمانە ناچاربوون لەرۆژهەلات (کەناوچەی نیشتەجێبوونیان بوو) کۆچ بکەنو بەرەو رۆژئاوا بڕۆنو پاشتریش لەخوارووی رۆژئاوای USAدا نیشتەجێبوونو ئێستا زۆرینەیان لەخێوەتگەکانی (Reservations)دا دەژینو ژمارەیان نزیکەی (٦٠٠,٠٠٠)کەس دەبێ لە USAو کەنەدادا لەرووبەری زەوییەکدا کەنزیکەی ٦١ ملیۆن دۆنم دەبێو، (٥٥) ملیۆن دۆنمی لە USAو (٦)ملیۆن دۆنمی لەکەنەدادایە.[٨]

---

[٧] .. أ - د. محمد حامد الطائي، د. علي حسين الشلش، د. رفيق حسن الخشاب، جغرافية العالم الجديد (الامريكيتين) سنة ١٩٨٠، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ص٣٨

ب — د. علي حسين الشلش، أمريكا الشمالية الأقليمة، سنة١٩٨٠، جامعة البصرة، ص١٣١

[٨] ..أ - سەرچاوەی پێشو أ لا٣٩٢

ب - سەرچاوەی پێشو ب لا١٣٤

**١-٢-٢- پەناهەندە سەرەتاییەکان:**

ئەگەرچی هندییە سورەکان زەمەنێکی دورو درێژ بوو لەکیشوەری ئەمریکادا نیشتەجێبوو بوون، بەلاّم هەتا سالّی (١٤٩٢) کیشوەرەکە بەنەناسراو مایەوە، ئەو کاتەی کریستۆڤەر کۆلۆمبس توانی دورگەکانی کاریبی وەك سەرەتا بدۆزێتەوە ئیتر دەولّەتانی ئەوروپا کێبڕکێیان دەکرد لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم زەمینە لەبازرگانییەکانیانداو لەپێش هەمووشیانەوە ئیسپانیا کە بەیەکەمین دەولّەت دادەنرێ چووبێتە ناوچەکانی کیشوەرەکە بەتایبەتی ناوچەکانی باشوری رۆژئاوای USAو ئەمریکای ناوەڕاستەوە،[٩] بەمەش ئیسپانییەکان لەمەکسیكو کالیفۆڕنیای ئێستادا نیشتەجێبوونو هۆکاری نیشتەجێبوونیشیان لەو ناوچانەدا دەگەڕایەوە بۆ نزیکی تۆپۆگرافیای ئەو ناوچانە لەولاّتەکەی خۆیان (ئیسپانیا)وە بۆیە هەر زوو کەوتنە وەبەرهێنانی زەوییە نیمچە بیابانەکان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکالّو بەروبومی ئاژەلّو درەختی بەردارو لەناوچە شاخاوییەکانیش سودیان لەسەروەتو سامانە کانزاییەکانی وەك مسو زیوو زێڕ وەرگرتو چەندین یاسای ئیسپانیشیان لەسەر ئاستی یاسای ئاودێریو دەرەبەگایەتی لەگەلّ خۆیان هێناو لەولاّتی نوێدا پەیڕەویان کرد.[١٠]

ئیسپانییەکان لەسالّی (١٥٦٥)دا چەندین سەنتەری لەخۆگرتنی کۆچکردوانیان بۆ نیشتەجێکردنی ئیسپانییە تازە هاتووەکان دامەزراندو گرنگترینیان بنساکۆلاو سانت ئۆگەستین بوو لەسالّی (١٥٦٥)دا، کەئامانج لێیان بەرووودا وەستانی هێزە داگیرکەرە ئەوروپاییەکانی تری وەك ئینگلیزو فەرەنسییەکان بوو. دواتریش، بەتایبەت لەمابەینی سالاّنی (١٦٩٠و ١٧٣١)دا ئیسپانییەکان (١٢) سەنتەری ئاینیی مژدە بەخشیان لەخوارووی ویلایەتی تەکساسدا دامەزراند بەمەبەستی وەرگێڕانی هندییە سورەکانو بڕوا پێکردنیان بەئاینی مەسیحیو بەگاورکردنیان، بەلاّم نیەتی سەرەکیو کرۆکی ئەم

---

[٩] .. د. محمد حامد الطائي، د. علی حسين الشلش، د. رفيق حسن الخشاب، جغرافية العالم الجديد (الامريكيتين) سنة ١٩٨٠، وزارة التعليم العالی والبحث العلمی أ لا٤٠

[١٠] .. د. محمد حامد الطائي، د. علی حسين الشلش، د. رفيق حسن الخشاب، جغرافية العالم الجديد (الامريكيتين) ١٩٨٠، وزارة التعليم العالی والبحث العلمی، ص٤١

سەنتەرانە بەرِوودا وەستانی چاوی تەماعکاری فەرەنسییەکان بوو وەك لە بەگاورکردنی هندییەکانو دواتریش ئەم سەنتەرە مژدە بەخشە ئاینیانەیان لەویلایەتەکانی تری تەکساسو نیو مەکسیکۆو نیفادا دا لەدوا سێیەکی سەدەی هەژدەدا کردەوە.(١١)

هەرچی فەرەنسییەکانە ئەوا بەدووەم دەوڵەتی ئەوروپایی ریزبەند دەکرێت کەناوچەی تایبەتییان لەسەر خاکی ئەمریکا داگیرکردووە، هەر لەسەرەتاوە فەرەنسییەکان دەستیان دابووە بازرگانیکردن بەفەروەی مەرِو مالآت. فەرەنسییەکان لەگەڵ ئەوەی دەستیان بەسەر دوو رێرەوو دەروازەی ئاویدا کە بەناوجەرگەی کیشوەرەکەدا تێدەپەری، گرتبوو، دەستیشیان بەسەر بەپیتو فەرِترین ناوچەی ئابووریدا گرتبوو، ئەگەرچی نەیانتوانیبوو وەك پێویست بۆ بەرژەوەندی ئابووری خۆیان بەکاریبهێنن.

دیارە فەرەنسییەکان لەسەر زەمینی ویلایەتی (کیوبیك)ی کەنەدی زیاتر نیشتەجێبوون، بەلآم لە USAیشدا تا ویلایەتی لویزیانا کشانە خوارەوەو ئەمەش تەنها لەبەر گەرانیان بوو بەدوای فەروەی ئاژەڵەکاندا، بەلآم بەهۆی روودانی (جەنگی ٧ ساڵە)*ی نێوان فەرەنسییەکانو هندییە سوورەکان لەسالآنی (١٧٥٦ – ١٧٦٣) ناوچەی جێنشینی فەرەنسی لەرووی چرِی دانیشتوانەوە دایە کزیو پاش دۆراندنی فەرەنسا لەم جەنگەدا ناوچەکانی فەرەنسا لەنێوان ئینگلیزەکانو ئیسپانییەکاندا دابەشکرا، بەلآم دوای ئەوەی ویلایەتی لویزیانا لەساڵی (١٨٠٠)دا گەرِێندرایەوە بۆ فەرەنسییەکان لەساڵی (١٨٠٣)دا لەلایەن USAیەوە کرِدرایەوەو بەمەش لەناو خاکی USAدا نفوزی فەرەنسییەکان لاواز بوو.(١٢)

### ١-٢-٣- ئینگلیزەکان (بەریتانیا):

هاتنی ئینگلیزەکان بەئامانجی نیشتەجێبوون بوو لەکیشوەری تازەداو بەپێچەوانەی فەرەنسیو ئیسپانییەکان کەبۆ خۆ دەوڵەمەندکردنو بازرگانیکردن

---

[١١] ..د. علی حسین الشلش، امریکا الشمالیة الأقلیمة، سنة ١٩٨٠، جامعة البصرة، ص١٣٧

* جەنگی ٧ ساڵە ئەو جەنگە بوو کە لەنێوان فەرەنسییەکانو هندییە سورەکاندا لەسالآنی (١٧٥٦-١٧٦٣)دا روویداو لەکۆتاییدا هندییە سورەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

[١٢] .. هەمان سەرچاوەی پێشوو لا١٤٠.

هاتبوونە ناوچەکە، ئەمان بەهۆی کۆمپانیای (لەندەن) باشتر توانیبویان لەناوچەکەدا جێگای خۆیان بکەنەوە، بەتایبەت کەئەم کۆمپانیایە ئەو دەمە دامەزرابوو بۆ گواستنەوەی هەر ئینگلیزێك کەبیەوێ کۆچ بەرەو جیهانی نوێ بکات بەبێ بەرامبەری نەختیو لەبەرامبەردا تەنها پەیوەستنامەیەك ئیمزا بکات سەبارەت بەکارکردنی لەئۆردوگاکانی ئەم کۆمپانیایەدا بۆ ماوەی (٣ – ٧)ساڵو پاشان ئازادکردنی بێ قەیدو شەرت، بۆیە هەر زوو جوتیارو بێکارە ئینگلیزەکان، ئەوانەی زەویو زارەکانیان فرۆشرابوو یان لێیانسەندرابۆوەو ئەوانەش کەدژو نەیاری دەسەلاتی پاشایەتی بەریتانیا بوون، بڕیاری کۆچیان داو ئەوە بوو لێرەوە سیستمی (کۆیلایەتی سپی) بەر لە (کۆیلایەتی رەش پێست) کە لەساڵی (١٦١٩)ەوە دەستی پێکرد، ناسرا.[١٣]

ئینگلیزەکان لەسەرەتادا کۆلۆنیالێکیان لەویلایەتی ماساتشوستس لەنزیك شاری بەلتیمۆس دروستکردو پاشان چەندینی تریان دروستکرد بەمەش چەندین ملیۆن کەس دەستیان بەنیشتەجێبوون لەو کۆلۆنیالانەدا کردو کەوتنە کشتوکاڵداریو ئاژەڵداری.[١٤]

نفوزی بەریتانییەکان لەناو خاکی ئەمریکادا وایکرد لەساڵی (١٧٧٥)دا ئەمریکاییەکان شۆڕش دژی سیستمی بەریتانیا بکەنو هەوڵبدەن دەوڵەتێکی نوێ بۆ خۆیان دروست بکەن. بەگوێرەی ئامارەکانی ساڵی (١٧٩٠) دەرکەوتووە کە ٢\٣ی سپی پێستەکانی USA لەرەچەڵەکی بەریتانی بوون.[١٥]

## ٢- مێژووی دروستبوونی دەوڵەتەکە:

### ٢-١- پێش سەربەخۆیی

هاتنی ئینگلیزەکانو دروستکردنی کۆلۆنیالەکانی نیشتەجێبوون چەند فاکتەرێکی لەپشتەوە بوو لەگرنترینیان هۆکاری بازرگانیو دینیو لەسەرو ئەمانەشەوە

---

[١٣] .. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٧.

[١٤] ..د. محمد حامد الطائي، د. علی حسین الشلش، د. رفیق حسن الخشاب، جغرافیة العالم الجدید (الامریکیتین)، سنة ١٩٨٠، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، ص٤٢

[١٥] ..ستیفین اس بیردسول و جون فلورین، موجز الجغرافیة الامریکیة، مطالعات عن امریکا، وزارة الخارجیة الامریکیة السفارة الامریکیة، ص٢٦

فاکتـەرە سیاسـییەکانو نیـشتەجێکردنی نـەیارەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی بـەریتانیاو دروسـتکردنی ئۆردوگـا بـۆ دابینکـردنو دامەزرانـدنیان بـوو، دیـارە لـەو سـەردەمەدا نەیارانی دەسەڵاتی شاهانشا بـەهۆکاری چەوساندنەوەی ئـاینیو سـەپاندنی ئاینزایـەکی دیاریکراوی مەسیحیو هەوڵدانی هەندێ لەکەسایەتییە دینییـەکانی ئـەو سـەردەمە بـۆ ساناکردنو ئاسانکردنی سروتە دینییەکانو مەلیکیش لەبەرامبەردا ئەمـەی بەهەڕەشـە بـۆ سـەر دەسـەڵاتەکانی خـۆیو کەنیـسەی بـەریتانی زانـی،[16] هەربۆیـە دەسـتیکرد بەڕاگواسـتنو گواسـتنەوەیان بـۆ ئـەو کۆلۆنیاڵانـەی کـە لـەزەمینی تـازە دۆزراوەدا دروستیکردبوون تاکو عەرشی پاشایەتی لەمەترسییەکانیان بپارێزێ.

لەئـەنجامی ئـەم شـەپۆلە راگواسـتنەدا نزیکـەی ١,٥ ملیـۆن ئینگلیـز گواسـترانەوەو دابەشکرانە سەر چوار کەرتی کۆلۆنیاڵی کەئەوانیش.[17]

١. کەرتی ماساتشوستسیو نیوهاڤنو رودئایلاند کە تـا دەریـای هـادی درێـژەی کێشاو بەکـەرتی نیـوو ئینگلانـد ناسـراو ئەمانـە پیـاوە تونـدرەوە خۆپەرسـتو دینـیو سیاسییەکان تیایدا نیشتەجێکران.

٢. کـەرتی ناوەڕاسـت؛ نیویـۆرکو نیوچرسـیو ماریلانـدو بنـسلفانیا بـوو کەکـەمتر دەمـارگیری دینـی تیایانـدا زاڵ بـوو، ئەمانـە زۆر دژی سیـستمی کۆیلایـەتیو کۆیلەگەری بوون.

٣. کـەرتی سـێیەم؛ هەرێمـەکانی خـواروو کـەفێرجینیاو کارولینـای خـوارو سـەروو جۆرجیـا بـوون، کەئەمانـە زۆر بەهەنـد داکۆکیـان لەسیـستمی کۆیلایـەتی دەکـردو هەربـەم هۆیـەوە ژمـارەی کۆیلـەکانی فرجینیـا نزیکـەی نیـوەی دانیـشتوانی کۆلۆنیاڵەکـە بـوونو لـەکارولینای خـواروش دوو هێنـدەی ژمـارەی سـپی پێـستەکان دەبوون.

---

[16] .. د. عبدالعزيز سليمان نوار، د. محمود محمد جمال الدين، تأريخ الولايات المتحدة الامريكية من قرن السادس عشر حتى قرن العشرين، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص٣٢.

[17] .. هەمان سەرچاوە، لا٣٧

٤. هەرچـی کـەرتی چـوارەمی کۆلۆنیالـەکانی نیـشتەجێکردن بـوو ئـەوا ناوچـە کەنارییـەکانو ئـەوەی بـەلادێ ناوخۆییـەکان ناسـراو بـوو واتـا (ناوچـەکانی سـنور) کەئەو خەڵکانەیان تێدا نیشتەجێکرابوون کە کەللە رەقو سادەو جەسور بوون.

لەراستیدا سیستمی سیاسیو یاسایی ئەم هەرێمانە بـەگوێرەی سروشـتی دانیـشتوانەکەی دەگـۆڕدرا بـۆ نموونـە لەکـەرتی یەکەمـدا حکومـەتێکی ئـاینی دروسـتکراو سـەرجەمی دامــەزراوە حکومییــەکان ملکەچــی بڕیارەکــانی کەنیــسەو ئــاین بــوون، ئەگەرچــی حوکمڕانییەکە حکومڕانییەکی میللی بوو، بەڵام مەرجی دەنگدان ئەوە بوو کـەئینتمای بۆ کەنیسە هەبێت.

نوێنـەران لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵبـژێردرابوونو کاتێـك ئـەم کەرتـە کرایـە یـەکێك لەکلۆنیالـەکانی ئینگلیـز لەسـاڵی ١٦٩١دا دەسـەڵاتی یاسـادانان بەبـەهێزی مایـەوەو شـای بەریتانیا تـەنها توانـای گـۆڕینی دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن (حـاکم)ی ناوچـەکەی هـەبوو ئەگەرنا دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن خەڵکی ناوچەکە خۆیەوە هەڵدەبژێردرا.(١٨)

حاکم کە دەبـوو کەسایەتیەکی بـەریتانی بێ، دەسـەڵاتێکی بـەرفراوانی هـەبوو لەتوانایــدا بــوو داوای کۆبوونــەوەی ئەنجومــەنی نوێنــەرانی کۆلۆنیالەکــە بکــاتو سەرپەرشـتی کاروبـارە ئیـداریو ئاسایـشیو هێـزە سـەربازییەکان بکـات هـەر لـە پێنـاو جێبەجێکردنی ئیشو کارەکـانی حاکمـدا ئەنجومـەنێکی (١٢) کەسـی راوێـژکاری لەلایـەن هەمان ئەو دەسەڵاتەی حاکمی دامەزراند بوو، پێکهێنرا بوو، کەدەسەڵاتێکی راوێـژکاریو هەندێ جار وەك دەسەڵاتی دادوەریش کـاری دەکـرد. هەرچـی دەسـەڵاتی یاسـادانان بـوو ئەوا لەلایەن ئەندامانو خەڵکانی کۆلۆنیاڵەکەوە بەهەڵبژاردن دیاریدەکران.(١٩)

سەبارەت بەپارلـەمانی ئینگلیـزیش دەسـەڵاتێکی بـاڵای بەسـەر ئەنجومەنـەکانی یاسـادانانی کۆلۆنیاڵەکانــەوە هــەبوو ئەگەرچــی بــەهۆی دووری مــاوەی نێــوان دەوڵــەتی بــەریتانیاو ئــەمریکاو دژە بۆچوونی لەبەرژەوەندییـەکانی هـەردوولادا هەمیـشە مایـەی جێبــەجێ نــەکردنی تــەواوی ئــەو فــەرمانو بڕیارانــە بــوون کــە لەلایــەن پارلــەمانی

---

[١٨] .. هەمان سەرچاوە، ل٣٨

[١٩] .. هەمان سەرچاوە، ل٣٩

ئینگلیزەوە دەردەکران،[٢٠] بەڵام ئەم بارودۆخانە هەر بەو شێوەیە بەردەوام نەبوون، چونکە یەکەمین هەلی رزگاری بۆ خۆبەڕێوەبردن لەو بەڵێنەی کۆمپانیای (لەندەن)دا دەرکەوت کە بەنیشتەجێکانی کەرتی فێرجینیای دا سەبارەت بەمافی نوێنەرایەتیکردنی حکومی کەتیایدا کۆمپانیاکە لەساڵی ١٦١٨دا رێنمایی سەبارەت بەبڕیارێك دەکرد بۆ حوکمڕانی کەرتەکە بەوەی "سەربەستەکان (خەڵکانی ناو کێڵگەکان) مافی خۆیانە نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ حوکمڕانو ئەنجومەندا بەشداریبکەن لەداڕشتنی یاساکاندا لەبەرژەوەندی کۆلۆنیالەکەیان".[٢١]

ئەمە دەسپێك بوو بەدوایدا زۆر هەنگاوی تر هاتو بەهەمان شێوە ماریلاندو بنسلڤانیاو کارۆلینای باکورو باشورو نیوجێرسیو پاشتریش نیویۆرکو جۆرجیاو پاش هەموو ئەمانەش نیوئینگلەند، کەپێشتریش جۆرە سەربەخۆییەکی تایبەتی هەبوو، هەموو ئەمانە پێکەوە سیستمێکی تایبەتی سیاسییان دروستکردو شێوازێکی حوکمڕانیان دەستەبەرکرد کە لەبەڵگەنامەی my floor مای فلاوەرەوە سەرچاوەی گرتبوو.[٢٢]

دوای شەڕی (٩) ساڵەی نێوان ئینگلیزو فەرەنسییەکان سەبارەت بەچۆنیەتی دابەشکردنی ناوچە تازە دۆزراوەکانو سەرکەوتنی ئینگلیزەکان بەسەر فەرەنسییەکاندا ئیدی دەسەڵاتی ئینگلیزی لەهەوڵی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیدا بوو لەگەڵ ئۆردوگاکاندا، ئەویش لەرێگای بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەردەمی جۆرجی سێیەمدا.[٢٣]

لەمبارەیەوە بەریتانیا دەستیکرد بەدەرکردنی زنجیرەیەك یاسای یەك لەدوای یەك بۆ رێکخستنی بواری باجو بازرگانیو سەربازیو لەهەمانکاتدا سیاسەتی فەرامۆشکردنی بەسود (Salutary Neglect)ی پەیرەو کرد سەبارەت بەکۆلۆنیالەکانو ئەوە بوو (٦) زنجیرە یاسای دەرکرد بەگوێرەی مێژوو بەم شێوەیە:

---

[٢٠] ..هەمان سەرچاوە، ل٤٠

[٢١] ..هەمان سەرچاوە، ل٤١

[٢٢] ..هەمان سەرچاوە، ل٤١

[٢٣] ..هەمان سەرچاوە، ل٥١

یاسـای سـاڵی ١٧٦٣ سـەبارەت بەخاوەنـدارێتی هندییـە سـورەکان بـۆ ئـەو زەوییانـەی بەکاریـدەهێنن‌و لەساڵی ١٧٦٤ یاسای (شـەکر)، لەسـاڵی ١٧٦٤ یاسـای (دراو)، لەسـاڵی ١٧٦٤ یاسـای (یـاخیبون)، لەسـاڵی ١٧٦٥ یاسـای (نیـشتەجێبوون) لـەئۆردوگاکان، لەسـاڵی ١٧٦٥ یاسای (توتن)و هاوشانی ئەم یاسایە باج خرایـە سـەر بڵاوکراوەکـان لەڕۆژنامـەو کتێـب‌و نامیلکەو پسوڵە یاساییەکان. [٢٤]

## ٢-١-١- شۆڕشی ئەمریکا (بانگەشەی سەربەخۆیی):

دوابەدوای ئەو زنجیرە یاسایەی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی ئینگلیـز بـۆ سـەپاندنی دەسەڵاتی شانشینی بەریتانیا دەریکردن‌و بەتایبەت دوای یاسای (توتن) کە پەشێوییەکی گـەورەی لەسـەر ئاسـتی رای گـشتی نایـەوە، ویلایـەتی ڤێرجینیـا دەستپێـشخەری بەگژداچـوونەوەی ئـەم یاسـایانەی لەئەسـتۆگرت‌و ئەنجومـەنی هاوڵاتیـانی شـارەکە بەیانێکی دەرکـردو تیایـدا جـەختی کـردەوە لەسـەر ئـەوەی کـەهیچ کەسێك بۆی نییـە بەزۆر باج بەسەر هاوڵاتیاندا بسەپێنێ، دواتر ئەم هەڵوێستە لەسەرانـسەری وڵاتـدا بـڵاو بـووەوەو کۆمـەڵێك لـەژێر نـاوی (ڕۆڵـەکانی ئـازادی)دا خۆیـان ڕێکخـست بـۆ بەگژداچوونەوەی ئەو یاسایانەی کەباج - یان دەسەپاند. [٢٥]

هەڵبەت ئەم هەڵوێستەی خەڵك دەگەڕایەوە بـۆ دوو هۆکار؛ یەکـەمیان دەسـتووری بـوو، چونکە خەڵك پێی وابوو بۆ پارلەمانی ئینگلیزی نییە باجیان بەسـەردا بـسەپێنێ مـادام ئەوان هـیچ نوێنـەرێکیان لـەو پارلەمانـەدا نییـە، چونکە بنەمایـەکی یاسـایی ئینگلیـزی هەبوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەباج ناسەپێنرێ تەنها بەرەزامەندی گەل نـەبێ کە لەنوێنەرەکانیدا نمایندە دەکرێ. هۆی دووەمیش ئەوە بوو کەئەو باجانـە لەخزمـەت

---

٢٤ ..أ- الثورة الامريكية، ويكي الكتب، ص١، ناونيشانی ئەلكترۆنی http:// ar.wikibooks. org /w/ index.php اخر تعديل لهذه الصفحة كانت في ٢٠٠٦/٤/٤

ب — عبدالعزيز سليمان نوار، د. محمود محمد جمال الدين، تأريخ الولايات المتحدة الامريكية من قرن السادس عشر حتى قرن العشرين، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص٥٢.

٢٥ .. د. عبدالعزيز سليمان نوار، د. محمود محمد جمال الدين، تأريخ الولايات المتحدة الامريكية من قرن السادس عشر حتى قرن العشرين، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ب لا٥٤

چاودێریکردنی کۆڵنیاڵەکانو چاودێری ئابووریو گومرگی ئەو کۆلۆنیالآنەدا بوو کەئەمەش دەبووە مایەی زەرەر گەیاندن بەبەرژەوەندیو پیاوانی خاوەن بەرژەوەندی بازرگانی ئەوانەی سەروەتو سامانیان لەسەر بنەمای فەرامۆشکردنو چاوپۆشیکردنی یاساکانی ئینگلیز پێکەوە نابوو.(٢٦)

هەربۆیە کەوتنە دژایەتیکردنی یاساکانی باجو لەئەنجامیشدا (قەسابخانەی بۆستن)ی ساڵی ١٧٧٠ی لێکەوتەوە کە (٣) کەسی تێدا کوژراو بەمەش یەکەمین پشکۆکانی شۆڕش داگیرسا هەروەك (جۆن ئادەمز)ی دووەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسی کردووە، " شۆڕش کاتێك هەڵگیرسا کەهێشتا جەنگ دەستی پێنەکردبوو، بەڵکو شۆڕش لەئەقڵو دەرونی خەڵکدا بوونی هەبوو." (٢٧)

دوابەدوای قەسابخانەکەی بۆستن بۆ ماوەی ٢ ساڵ بارودۆخەکان هێمن بوونەوە، بەڵام ئەو ئاگربەستەی لەنێوان ئەمریکاییەکانو حکومەتی ئینگلیزیدا بەسترا بوو لەوە زیاتر درێژەی نەکێشا، چونکە حکومەتی لەندەن لەساڵی ١٧٧٣دا هەستا بەدابەزاندنی نرخی چا لەرێگای کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هندی کەئەرکی هێنانی چای پێویستی بۆ کۆلۆنیاڵە ئەمریکاییەکان پێسپێردرا بوو، بەڵام کۆمپانیای ناوبراو راستەوخۆ کەوتە دابەزاندنی نرخی چایەکە بەمەش زەرەری زۆری بەبازرگانە خۆماڵییە ئەمریکاییەکان گەیاند، چونکە بەم کارە هیچ قازانجێك لەهێنانی چا نەدەکراو ئەمەش بووە مایەی ئەنجامدانی شۆڕش لەلایەن زەرەرمەندەکانەوە بەسەرۆکایەتی جۆن ئادەمزو هەرچی چایەکی هێنراو هەبوو لەناو کەشتیو کەنارەکانی کۆمپانیای ناوبراو، هەڵیاندایە ناو ئاوی دەریاکانەوەو ئەم رەفتارە لەمێژووی ئەمریکییەکاندا بە (ئاهەنگی چا لەبۆستن) ناسراوە.(٢٨)

---

[٢٦] ..هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٥٤

[٢٧] .. الثورة الامریكیة، ویكی الكتب، ص١ http:// ar.wikibooks. org /w/ index.php)

[٢٨] ..أ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢

ب- د. محمد عبدالعزیز سلیمان ، د. محمود محمد جمال الدین، تأریخ الولایات المتحدة الامریكیة من قرن السادس عشر حتی قرن العشرین، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص٥٦-٥٧.

دوای ئـەم کردەوەیـەی ئەمریکییـەکان حکومـەتی لەنـدەن زۆر تـورە بـوو، ئـەوە بـوو لەبەرامبـەردا زنجیرەیـەك یاسـای تونـدی بـۆ کـۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکـە دەرکـرد، کـەگرنگترینیان یاسـای کیوبیـك لەسـاڵی ١٧٧٤ کـەبۆ ڕێکخـستنی ئـەو زەویانــە بـوو کەبـەریتانیا لەفەرەنـسای سـەندبوو، هـەر لـەڕێگای ئـەم یاسایەوە ڕێگـا بەدانیـشتوانی کەنەدا درا حکومەتێکی نێوخۆیی دابمەزرێنن‌و بەپێی بنەماکانی یاساکە ڕێز لەکەنیـسە کاسـۆلیکییەکەی‌و یاسا مەدەنییـە تایبەتییەکـەی گیراو لەمانـەش گـرنگتر فراوانکـردن‌و دیـاریکردنی سـنوری ئـەم ناوچـانە بـوو لەسـەر حـسابی ئەمریکاییـەکان کـەبووە مایـەی تورەبوونی تەواوی ئەمریکاییەکان، ئەوە بوو لەبەرامبەردا دانیشتوانی کۆلۆنیاڵەکان رق ئەسـتورانە سـەیری ئـەو زنجیـرە یاسایەیان دەکـرد کـە بـەزنجیرە (یاسـای لێنـەبووردن) ناسـرابوون‌و کۆمـەڵێك مـاف لەئەمریکاییـەکان سـەندبۆوە وەك مـافی دانـانی فـەرمانرەوا لەلایەن مەلیکەوە کەپێشتر لەلایـەن دانیـشتوانەوە فـەرمانرەوا دادەنـرا، هـەروەك ڕێگـای بەسەربازی ئینگلیز دەدا هۆتێل‌و ماڵەکان بۆ حەوانەوە داگیر بکات‌و داخـستنی کـەناری بۆستن تا نرخی ئەو چایەی خرابـووە دەریـاوە نەدرێتـەوە بەکۆمپانیاکـە.[٢٩] لەئـەنجامی ئـەم کارانـەدا (١٢) کۆلۆنیـاڵی ئـەمریکی لـە ١٧٧٤/٩/١٥دا لـەفیلادلفیا کۆبوونەوەیـەکیان لەسەر پێشنیاری نوێنەرانی فێرجینیا ئەنجامدا بۆ کۆمەکیکردنی ماساتشۆستس کـەملی کـەچ نـەکرد بـۆ زنجیـرە یاسـای (لێنـەبوردن) ئـەوە بـوو ٥٦ نوێنـەر بەشـداری لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـرد، کەنوێنەرایـەتی (١٢) ئۆردوگـای (لـەو ١٣ کۆلۆنیالـە ئەمریکاییـەی ئینگلیز دروستیکرد بـوو)* دەکـردو تـەنها جورجیـا بەشـداری نـەکرد لەئەنجامـدا دەقـی جارنامەی مافـەکانی گـەلانی ئۆردوگاکانیـان نووسی‌و داوایـان لەمـەلیکی بـەریتانیا کـرد سیـستمی بـاج هـەڵگرێ‌و بەمـەش یەکـەمین کۆنگرێـسی گـەلی ئـەمریکی دامـەزرا. پـاش ئەوەی جۆرجی سێیەم شانشینی ئینگلتـەرا ئـەم داواکارییانـەی بەهەندوەرنـەگرت ئیـدی

---

[٢٩] .. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ب لا٥٨.

* ..سیانزە کۆلۆنیالەکەی ئینگلیز دروستی کردبوون بریتیبوون لە: (دیلاوەر، بنسلفانیا، نیوجرسی، جۆرجیا، کۆنتیکیـت، ماساتـشۆستس، ماریلانـد، کارۆلینـای بـاکور، نوهامبـشیر، فیرجینیـا، کارۆلینـای باشـور، ڕۆد ئایلاند،نیویۆرك) بۆ زانیاری زیاتر بروانە کتێبی: لاری الویتز، نظام الحکم فی الولایات المتحدة الامریکیة، ت: جابر سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشرالمعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، سنة ١٩٩٦، ص١٩

ئەمریکاییەکان سوپایەکی میلیشیایان لەژێر ناوی (minute Men) واتا پیاوانی ساتەوەخت رێك خستو خەباتی چەکدارییان دەست پێکردو لەیەکەمین هەنگاویشدا شانزە هەزار کەسی گیانبەخش ناویان نووسیو جەنگ بەسەرکردایەتی جۆرج واشنتن هەڵگیرسا. لەبەرامبەریشدا مەلیك لە ١٧٧٥/٨/٢٣ دا بڕیارێکی دەرکردو تیایدا ئاماژەی دا بەوەی کۆلۆنیاڵەکان لەحاڵەتی یاخیبووندان.[٣٠]

## ٢-١-٢- جاڕنامەی سەربەخۆیی

لەئەنجامی ئەو شەڕەی لەنێوان ئینگلیزەکانو ئەمریکاییەکاندا روویدا سەبارەت بەداکۆکیکردنی ئەمریکاییەکان لەسەر مافەکانیان، شۆڕشێك بەرپابوو کەهێشتا رۆحی نیشتمانپەروەری لەتەواوی گەلەکەیدا بەدەرنەکەوتبوو چجای سەربەخۆیی، هەربۆیە نیشتمانپەروەرەکان تەنها چینێکی کەمی خەڵکە خوێندەوارو رۆشنبیرەکە بوونو ئەمان بەرۆحی ئازادی نیشتمانییەوە لەشۆڕشیان دەڕوانی لەکاتێکدا خەڵکە دەوڵەمەندو خاوەن موڵکەکان سۆزیان بۆ شانشینی بەریتانیا بوو، سێیەکی خەڵکەکەش چاوەڕێ بوونو هیچ هەڵوێستێکیان دەرنەدەبڕیو ئەمەش وایکردبوو تەنها چینە رۆشنبیرەکە کە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی ئازاوە سەرکردایەتی دەکران، پەروەردەی شۆڕش بن لەوانە (تۆماس جیفرسۆن، بینامین فرانکلین، جۆرج واشنتۆن،..تد)و لەدوای کۆبوونەوەی دووەمی کۆنگرێس کە لەنوێنەری ١٢ ئۆردوگاکە پێکهاتبوون، ئەم سەرکردانە کەوتنە هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بەوەی هیچ رێگاچارەیەك لەبەردەمدا نییە جگە لەسەربەخۆیی.

**ئەو فاکتەرانەی هانی بەرپابونی شۆڕشیان دا:**

١. دەرکردنی کتێبی (الادراك)* (Common Sense) لەلایەن T.Paine کەتیایدا جەختی لەسەر سەربەخۆیی کردبۆوەو باسی کرد بوو، ئەمریکاییەکان

---

٣٠..أ- د. محمد عبدالعزیز سلیمان ، د. محمود محمد جمال الدین، تأریخ الولایات المتحدة الامریکیة من قرن السادس عشر حتی قرن العشرین، دار الفکر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص ٦٠.

ب- الثورة الامریکیة، ویکی الکتب ص٢ و٣ http:// ar.wikibooks. org /w/ index.php)

*..وەرگێڕ بۆ سەر زمانی عەرەبی (common sence )ی بە الادراك داناوە لەکاتێکدا دەبوو بە الحس العام وەری بگێڕایە.

لەتواناياندايە خۆيان بەڕێوەبەرن بەشێوەيەك باشتر لەو شێوەيەی حكومەتی لەندەن دەيكا، مايەی گاڵتەجارييە دورگەيەكی بچوك فەرمانڕەوای كيشوەرێكی گەورە بكات كەهەزاران ميل لێوەی دوورە. ئەم كتێبە پێشوازييەكی گەورەی لێكراو نزيكەی (١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دانەی لێ چاپكرا.

٢. گەلی ئينگليز پێشوازی شەری ئەمريكای نەكرد، بۆيە حكومەتی لەندەن نەيتوانی بەپشتيوانی سوپای ئينگليز بچێتە ئەو شەڕەوە، بەڵكو پەنای بۆ هێزێكی مورتەزيقەی ئەڵمانی برد كەئەمەش زيانێكی گەورەی لەناوبانگی مەليك دا.

٣. رەقی حكومەتی لەندەن بەرامبەر كۆلۆنياڵەكان، سەرباری ئەوەی لەدوای كۆبونەوەی دووەمی كۆنگرێسی ئەمريكی نێردراوێكيان ناردە لای مەليك بۆ چارەسەركردنی كێشەكانيان، بەڵام مەليك ئامادەنەبوو تەنانەت نوێنەرەكەشيان ببينێ كەئەمە ئەمريكاييەكانی زۆر تووڕە كرد.

هەربۆيە ئەم خاڵانەی سەرەوە فاكتەری سەرەكی بوون بۆ ئەوەی لەسەرەتای ساڵی ١٧٧٦دا ئامادەييەكی دەرونی باش لەلای ئەمريكييەكان دروست بێ سەبارەت بەجەنگ كردن لەپێناو سەربەخۆيدا، پاشان دەستنووسی بەڵگەنامەی جارنامەی سەربەخۆيی لە ٢/ يۆليۆ/ ١٧٧٦ لەلايەن جيفرسۆنەوە ئامادەكراو لەدوای تاوتوێكردنی لەلايەن كۆنگرێسەوە لە ٤ی يۆليۆدا بڵاوكرايەوە.[٣١]

لەدوای دەركردنی جارنامەی سەربەخۆيی، شەڕ دەستيپێكردو لەساڵی ١٧٧٨دا پايتەخت كەوتە دەست شۆڕشگێڕانو تا ١٧٨٢ بەنهێنی زنجيرەيەك دانوستان لەنێوان شۆڕشگێڕانو حكومەتی لەندەن بەسەرۆكايەتی لۆرد (روكنگام) بەڕێوەچوو تا ١٧٨٣/٩/٣ شەڕی سەربەخۆی كۆتايی هاتو بەمەش ئەمريكا لەدەست ئينگليز رزگاری بوو.[٣٢]

لێرەدا جێی ئاماژەيە كە بەڵگەنامەی سەربەخۆيی كۆمەڵێك چەمكی سەبارەت بەبيروباوەڕی ديموكراسیو سەربەخۆيی لەخۆگرتبوو لەگرنگترينيان دەوڵەت بۆ خزمەتی گەل لەئارادايەو لەوێشەوە دەسەڵاتو سەروەری وەردەگرێ، كەئەمەش

---

[٣١] ..هەمان سەرچاوەی پێشو أ لا٦٢٢.

[٣٢] ..د. محمد عبدالعزيز سليمان ، د. محمود محمد جمال الدين، تأريخ الولايات المتحدة الامريكية من قرن السادس عشر حتى قرن العشرين، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص٦٧.

دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی پێدەچێ بیروباوەڕەکانی رۆسۆو لۆك‌و مۆنتسکیۆ زۆر بەباشی لەم جارنامەیەدا رەنگی دابێتەوە.

## ٢-٢- دوای سەربەخۆیی:

### دەستورو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

دوابەدوای یەکەمین کۆنگرەی نوێنەرانی کۆلۆنیاڵە ئەمریکییەکان لەساڵی (١٧٧٤)دا، ئیدی بنەما سەرەتاییەکانی دروستبوونی حکومەتێکی فیدراڵی سەریهەڵدا، چونکە لە(١٠ی مایۆی ساڵی ١٧٧٦)دا کۆنگرێس بڕیاریدا هەموو کۆلۆنیاڵەکان دەتوانن حکومەتی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن‌و بەمەش زۆرێك لەکۆلۆنیاڵەکان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ دەستووری تایبەت بەخۆیان دانا[٣٣] تا لەپێناو ئەمریکایەکی بەهێزدا درێژە بەیەکێتی‌و یەکڕیزی کۆلۆنیاڵەکان بدەن‌و لەرێگای کۆنگرێس‌و لەژێر سایەی سیستمی حوکمڕانی نوێدا بەڵگەنامەیەکی دەستورییان لەژێر ناوی " Article of Confederation" داڕشت، کەدواتر بووە مایەی یەکخستنی کۆلۆنیاڵەکانی ئەمریکا لەژێر ناوی "دەوڵەتە ئەمریکییە یەکگرتووەکان"و کۆنگرێس گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات بەشێوەیەك هەر کانتۆنێك بەگوێرەی چڕی دانیشتوان‌و فراوانی جوگرافیاکەی لە(٢-٧) نوێنەری تیادا هەبوو.

ئەرکی سەرەکی ئەم یەکێتییە بریتی بوو لەپاراستنی کانتۆنەکان‌و دانانی نوێنەرایەتی دەرەوە، مافی ئەوەی نەبوو باج بسەپێنی. بەم پێیە دەسەڵاتەکانی ئەم یەکێتییە بەگوێرەی ئەو بڕیارانە دیاریدەکرا کەئەنجومەنی کانتۆنەکان دەریاندەکردو بۆ کۆنگرێسیش نەبوو بەزۆر بڕیارەکانی بەسەر کانتۆنەکاندا بسەپێنی.[٣٤] لەراستیدا ئەگەرچی ئەم هەنگاوە بووە مایەی دروستبوونی حکومەتێکی کۆنفدراڵی، بەڵام سەرکردە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە دڵنیابوون لەوەی بەبێ دەستورێکی یەکگرتووی سەرتاسەری ناتوانرێ یەکڕیزی هێزەکانی ئەمریکای تازە ئازادبوو بپارێزرێ، بۆیە

---

٣٣..ستیفین اس بیردسول و جون فلورین، موجز الجغرافیة الامریکیة، مطالعات عن امریکا، وزارة الخارجیة الامریکیة السفارة الامریکیة، ص٣٩.

٣٤..محمد عبدالعزیز سلیمان ، د. محمود محمد جمال الدین، تأریخ الولایات المتحدة الامریکیة من قرن السادس عشر حتی قرن العشرین، دار الفکر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص٧٣.

لەساڵی (١٧٨٦)دا لەلۆس ئەنجلوس‌و لەكاتی "كۆنفرانسی فیلادلفیا"*دا ئەلكسندەر هاملتۆن كێشەی دەستوری خستە بەر باس‌و لەئەنجامدا ئامادەبووان رێككەوتن لەسەر "دانانی دەقی پێویست بەشێوەیەك دەستوری ئەم حكومەتە فیدراڵییە لەگەڵ پێداویستییەكانیدا بگونجێنێ".[٣٥]

## ٢-٢-١- پرۆژە یاسای دەستورو رەزامەندی ویلایەتەكان:

نووسینی دەستوری ئەمریكا لەساڵی (١٧٨٧)دا بەگەورەترین دەستكەوتی گەلانی ئەمریكا دادەنرێت، چونكە لەگەڵ ئەوەی ئەو كاتە ئەمریكا لە(١٣) ویلایەتی سەربەخۆی ئیداری لەلایەك‌و چەندین نەتەوەی جیاوازی وەكو ئینگلیزو سویدی‌و بروسی‌و هۆڵەندی‌و فەرەنسی‌و...تد پێكهاتبوو كەئەمانیش هەڵگری چەندین بیروباوەڕی ئاینی وەك پرۆتستانتی‌و كاسۆلیكی‌و ئەرسەزۆكسی‌و تلفانی‌و لۆثە ری‌و یەهودو (ئیلحیاد)ی بوون لەلاكەی ترەوە، كەچی توانی لەدوای ململانێیەكی چەند ساڵە هەر (١٣) ویلایەتەكە لەژێر باڵی دەستورێكی یەكگرتووی بەهێزو دەسەڵاتێكی فیدراڵیدا كۆبكاتەوە كە لەدواتردا ئەمریكای كردە بەهێزترین هێزی جیهانی.[٣٦]

نووسینی دەستور بۆ ئەمریكاییەكان بەو هەموو فرەییە لەبیروباوەڕی ئاینی‌و نەتەوەییدا كارێكی ئاسان نەبوو، بەڵام دوای نوسینی هەردوو پرۆژەی دەستوری فێرجینیاو نیوجەرسی كەیەكەمیان جەختی لەسەر دەوڵەتێكی یەكگرتووی فیدراڵی دەكردەوەو ئەمەش خواستی ویلایەتە گەورەكانی ئەو كاتەبوو كەدەبووە مایەی نوێنەرایەتیكردنی هاوڵاتیانی ویلایەتەكان بەگوێرەی قەبارەو داهات، هەرچی پرۆژە

---

*..كۆنگرەی فیلادلفیا بۆ كێشەی كەشتیوانی روباری بوتوماك كەدەكەوێتە نێوان فێرجینیاو ماریلاندەوە بەسترابوو كە(٥) دەوڵەتی ئەمریكی بەشداری تێدا كردبوو، بەڵام ئەلكسەندەر هاملتۆن ئاراستەی كۆبوونەوەكەی بۆ دانانی دەستورێكی یەكگرتوو گۆڕی (بڕوانە لا٧٥ لەكتێبی د. عبدالعزیز سلیمان نوار، د. محمود محمد جمال الدین، تأریخ الولایات المتحدة الامریكیة من قرن السادس عشر حتی قرن العشرین، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١).

[٣٥] .. هەمان سەرچاوە، لا٧٧.

[٣٦] ..موجز نظام الحكم الامریكی، مكتب برامج الأعلام الخارجی، وزارة الخارجیة الأمریكیة، لا١٠

دەستوری نیوجەرسی بوو جەختی لەسەر یەکسانی لەنوێنەرایەتیکردندا دەکردەوەو ئەمەش تەنها بۆ پاراستنی مافەکانی ویلایەتە بچوکەکانی باشور بوو. هەڵبەت ئەم گفتوگۆیانە نزیکەی هەموو هاوینی ساڵی (١٧٨٧)یان خایاندو کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆنفرانس کە لە(٥٥)* ئەندام پێکهاتبوو بەردەوام بوو تا لە(١٧ی ئەیلول)دا بەتەواوی پڕۆژە دەستورییەکە گەڵاڵە کراو تیایدا بەگوێرەی "چارەسەری مامناوەندی گەورە" بڕیاردرا ئەنجومەن لەدوو بەش پێکهاتبێ، بەشێکیان تایبەت بێ بەنوێنەرایەتی ویلایەتەکان کە بەبێ ڕەچاوکردنی گەورەو بچوکییان هەریەکەیان (٢)نوێنەری هەبێو، بەشەکەی تری لەنوێنەری هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی ویلایەتەکان پێکهاتبێ کەژمارەی ئەم نوێنەرانە پابەندبوو بەژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکانەوە.[٣٧]

لەڕاستیدا سەرجەم نوێنەرانی ئەنجومەنەکە رازی نەبوون بەواژۆکردنی ئەم ڕەشنووسە دەستورییە فیدراڵییە، بەڵام بەگشتی (٣٩)کەس ئیمزای لەسەرکردو تۆماس جیفرسۆن کەیەکێ بوو لەنوێنەرەکان، ئاماژەیدا بەوەی (ئەگەرچی بەتەواوەتی بەم ڕەشنووسە رازی نییە، بەڵام چاوەڕوانی لەمە باشتر ناکاتو دڵنیا نییە لەوەی ئاخۆ ئەمە باشترینە یان نا).[٣٨]

ویلایەتی "دیلاوەر" یەکەمین ویلایەت بوو ئیمزای لەسەر ڕەشنووسەکە کرد، بەڵام ویلایەتی "ماساتشوستیس" بەر لەواژۆکردن گفتوگۆیەکی گەرمی لەسەر (١٠) مەسەلەی گرنگی تایبەت بەمافە بنەڕەتییەکانی وەك ئازادی ئاینو بیروڕاو ڕۆژنامەگەریو کۆبوونەوەو هێزی میلیشیاو مافی دادگاییکردنو بەندکردن بەبێ هۆی پەسەند، کردو بەمەش توانی (بەڵگەنامەی مافەکان) کە لەدواتردا خرایە ناو دەقە دەستورییەکان لەساڵی (١٧٩٨)دا دابڕێژێ. بەم شێوەیە ڕەزامەندی ویلایەتەکان یەك لەدوای یەکتر هات

---

*.. لە موجز نظام الحكم الأمريكي دا لە لاپەڕە (١٩)دا بە٥٥ نوێنەر باس دەکرێ، بەڵام لەکتێبی تأريخ ولايات المتحدة الأمريكية من قرن السادس عشر حتى قرن العشرين، لە لاپەرە ٦٠دا بە٥٦ نوێنەر دانراوە.

[٣٧].. أ. موجز نظام الحكم الامريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ل١٧.

ب. د. محمد عبدالعزيز سليمان، د. محمود محمد جمال الدين، تأريخ الولايات المتحدة الامريكية من قرن السادس عشر حتي قرن العشرين، دار الفكر العربي، قاهرة، سنة ٢٠٠١، ص٧٨.

[٣٨].. موجز نظام الحكم الامريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ل١٩.

**تا بەگوێرەی پڕۆژە دەستورییەکە ئەگەر (٩) ویلایەت پەسەندیانکرد ئەوا دەکەوێتە بەرکارو لەدواین قۆناغی رەزامەندی ویلایەتەکانیشدا رۆد ئایلاد لەساڵی (١٧٩٠)دا پڕۆژە دەستورییەکەی قبولکردو بەمەش هەر (١٣) ویلایەتەکەی ئەمریکا لەچوارچێوەی دەولەتێکی بەهێزی فیدراڵیدا رێکخران.[٣٩]**

## ٢-٢-٢- سیستمی حوکمڕانیو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

**نوێنەری ویلایەتەکانو ئامادەبووانی کۆنگرەی دەستوری دوای ئەوەی رێکەوتن لەسەر پڕۆژە دەستورییە فیدراڵییەکە، بڕیاری ئەوەیان دا ئەمریکا وڵاتێکی فیدراڵی دیموکراتی بێت بەشێوەیەك دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو دادگەریو یاسادانان سەربەخۆ بن لەیەکتریو بەمەش دیموکراتییەتی ئەمریکایان ناساند. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدەستی سەرۆکی کۆماردا کۆکرایەوە کەکەسی بەرپرسی یەکەمە بەرامبەر بەگەلو نوێنەرایەتی سەرجەم وڵات دەکاتو لەرێگەی دەنگدەرە نائاساییەکان (گەل بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆك هەڵیاندەبژێرێ) هەڵدەبژێردرێتو لەسەرجەم ویلایەتەکاندا رێژەی دەنگدانەکە بۆ سەرۆکی کۆنگرێس کە لەهەمانکاتدا جێگری سەرۆکی دەوڵەتە رەوانە دەکرێتو هەرکەس زۆرترین دەنگی دەنگدەرە نائاساییەکانی بەدەستهێنا دەبێتە سەرۆك.***

**لەراستیدا دانانی دەنگدەرە نائاساییەکان یاخود (نوێنەرانی هەڵبژاردنی سەرۆك لەجیاتی گشتی خەڵك) لەلایەن هاملتۆنەوە پێشنیارکرا ئەویش دوای ئەوەی زیاتر لە(٣٠)جار چۆنێتی هەڵبژاردنی سەرۆك خرایە دەنگدانەوە ئەوجا هاملتۆن بەم پێشنیارە سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەنی راکێشاو بەمەش گەیشتنە ئەنجام.[٤٠]**

---

[٣٩]..هەمان سەرچاوە لا٢٠ – ٢٣.

*..لێرەدا نابێ ئەو کەسە نیوە یان کەمتری دەنگەکانی بەدەست هێنابێ، بەڵکو دەبێ لانیکەم زیاتر لەنیوەی ئەو دەنگانەی هەبێ ئەوجا دەبێتە سەرۆکی وڵات (بڕوانە تأریخ الولایات التحدة الأمریکیة).

[٤٠]..د. عفیفی کامل عفیفی، الانظمة النیابیة الرئیسیة (نشأتها – تطورها، تطبیقاتها)، منشأت المعارف بالاسکندریة، ٢٠٠٢ ص٢٤٦.

دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەسەڵاتی سیادیین‌و لەچوارچێوەی سەرۆکایەتی گشتی هێزە سەربازییەکان‌و ئەنجامدانی پەیماننامەکان بەرەزامەندی ئەنجومەنی سینات‌و دانانی سەفیرو قازییەکان‌و گەورە لێپرسراوانی هەرێمەکان‌و دانانی وەزیرەکان کە بەسکرتێر ناودەبرێن، خۆی دەبینێتەوە.[٤١]

هەرچی دەسەڵاتی یاسادانانە بەگوێرەی دەستور دابەشکراوەتە سەر دوو ئەنجومەن، ئەنجومەنی یەکەم کەسینات (پیران) دەگرێتەوە، نوێنەرایەتی تیادا یەکسانەو هەر ویلایەتێك تەنها دوو نوێنەری هەیەو نابێ نوێنەر لەئەنجومەندا تەمەنی لە(٣٠)ساڵ کەمتربێ‌و دەبێ نیشتەجێی ئەو ویلایەتە بێ کەخۆی لێ دەپاڵێوێ‌و لانیکەم ماوەی (٧) ساڵ بێ رەگەزنامەی ئەمریکایی وەرگرتبێ (ئەگەر هاتوو بەرەگەز ئەمریکی نەبوو).

تەمەنی هەر خولێکی نوێنەرانی ئەنجومەنی پیران (٦) ساڵەو هەر دوو ساڵ جارێك سێیەکی هەڵدەبژێررێتەوە.

هەرچی ئەنجومەنی نوێنەرانە لە(٤٣٥) ئەندام پێکهاتووە کەهەمان مەرجی ئەنجومەنی پیرانیان لەسەرە جگە لەمەرجی تەمەن کەدەبێ لە(٢٥)ساڵ کەمتر نەبێ‌و تەمەنی ئەم ئەنجومەنەش (٢)ساڵ جارێکە کە لەگەڵ نوێبوونەوەی سێیەکی ئەنجومەنی پیراندا ئەمانیش نوێ دەکرێنەوە.[٤٢]

دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس (هەردوو ئەنجومەنەکە) لەماددەی (١)ی بڕگەی (٨)ی دەستوردا دیاریکراوە کەگرنگترینیان سەپاندنی باج‌و رێکخستنی بازرگانی نێوان ویلایەتەکان‌و دەوڵەتەکانی ترو سیاسەتەکانی تایبەت بەرەگەزنامەی بێگانەو سەرپەرشتی دادگاکان‌و جاڕدانی جەنگ‌و دروستکردنی هێزی سەربازی‌و دەریایی‌و... تد. هەرچی لیژنەکانی کۆنگرێسە لە(٣٨) لیژنە پێکهاتووە کە(٢٢) لیژنەیان لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندایەو (١٦) لیژنەکەی تریشیان لەئەندامانی ئەنجومەنی پیران پێکهاتووە.[٤٣]

---

[٤١] .. د. محمد عبدالعزيز سليمان ، د. محمود محمد جمال الدين، تأريخ الولايات المتحدة الامريكية من قرن السادس عشر حتى قرن العشرين، دار الفكر العربي، قاهرة، ٢٠٠١، ص٨٠.

[٤٢] ..موجز نظام الحكم الامريكى، مكتب برامج الأعلام الخارجى، وزارة الخارجية الأمريكية، لا ٩٣ — ٩٦.

[٤٣] ..هەمان سەرچاوە لا٩٩.

دوا دەسەلآتی سەربەخۆی دان پێدانراوی دەستوری، دەسەلآتی دادگەرییە کەئەمریکییەکان وەسفی دەکەن بەوەی پارێزەری ئازادیو موڵکەکانیانە لەسایەی دەستورداو ئەمیش لەتاکە دادگایەکی گەورەی بالآ پێکهاتووە کەچەندین دادگای تری بچوکتری لەخۆ گرتووە کەکۆنگرێس دایاندەمەزرێنێو ئەمەش بەگوێرەی دابەشکردنی ولآتو دروستکردنی دادگای فیدراڵی لەهەر هەرێمێکی فیدراڵ "ویلایەتێك"دا. حاڵی حازر دامەزراوەی دادگەری لەئەمریکا پێکهاتووە لەیەك دادگای بالآو (١١) دادگای تێهەڵچونەوەو (٩١) دادگای سەرەتاییو (٣) دادگای تایبەتمەند کەسەرجەمیان جگە لەدادگای بالآ دەسەلآتی دانانو هەڵوەشاندنەوەیان لەدەست کۆنگرێسدایە.

دەسەلآتەکانی دەزگای دادگای فیدراڵی لەچواچێوەی ئەحکامە دەستورییەکانو یاساکانی (UN)دا دەخولێتەوە لەگەڵ ئەو ریککەوتننامانەی (USA) ئیمزای کردوون، هەروەك کێشە دەرياییەکانو ئەو کێشانەش تایبەتن بەباڵیۆزو قونسولگەریەکانو "وەزیر مفوض"ەکانی سەفارەتی ولآتە بێگانەکانەوە بەندن هەروەك ئەو کێشانەش کە لەنێوان ویلایەتەکانو ولآتێکی بێگانە (یان هاولآتییەکی)دا روودەدات.

بەگشتی دادوەرەکانی دادگا ئەمریکییەکان بەگوێرەی دەستور تا کاتی مردن لەکارەکانیاندا دەمێننەوە، بەلآم ئەگەر بەکارێك هەستان دژ بەرەوشتی دادوەری بوو ئەوا لەبەردەم کۆنگرێسدا دادگایی دەکرێت.[٤٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

## ٢-٢-٣- دەسەلآتە فیدراڵییەکانو دەسەلآتە هەرێمییەکان

تۆماس جیفرسۆن لەنامەیەکدا بۆ جۆن ئادەمز لەساڵی (١٨١٩)دا نوسیویەتی "... باشترین شتێك کەوەسفی ئەو بەشە خودموختارییانە بکات بریتییە لەدەربڕینی.... کۆمارە بچووکەکانو ..." کە لەم وتەیەدا بەتەواوی ئەوە روونەدەبێتەوە کەهەرێمە فیدراڵییەکانی ئەمریکا پارێزەری مانەوەی دیموکراسییەتی لیبراڵی ئەو ولآتەن.

USA لە (٥٠) ویلایەتی فیدراڵو حکومەتی هەرێمی کۆڵۆمبیا کەسەر بەویلایەتی واشنتۆنە، پێکهاتووە کەئەم ویلایەتانە هەریەکەیان ورد دەبنەوە بۆ سەدان یەکەی

---

[٤٤] ..هەمان سەرچاوە لا١١٢ — ١١٤.

بچوکتری ئیداری دیموکراسی کەجێبەجێکەری بڕیارەکانی کۆنگرێس‌و سەرۆکی ئەمریکاو دەستورن‌و بەهەمان شێوەی دەوڵەتی فیدراڵ هەرێمەکانیش لەهەرسێ دەسەڵاتەکەی (جێبەجێکردن‌و یاسادانان‌و دادگەری) پێکهاتوون.

حاکم یاخود فەرمانڕەوا کەسی یەکەمی بەڕێوەبردن‌و بڕیاردەری ویلایەتەکانە کە بەهەڵبژاردن لەلایەن گەلەوە بۆماوەی (٤)ساڵ (یان دوو ساڵ لەهەندێك ویلایەتدا) دیاردەکرێت‌و دەسەڵاتی یاسادانانیش بەهەمان شێوە لە(٢) ئەنجومەن پێکهاتووە (جگە لەهەرێمی نبراسکا کە تەنها یەك ئەنجومەنی هەیە) ئەوانیش ئەنجومەنی باڵا (پیران)و ئەنجومەنی خواروو (نوێنەران)ەو ئەنجومەنی پیران بۆ ماوەی (٤)ساڵ هەڵدەبژێردرێن‌و نوێنەرانیش تەنها بۆ (٢)ساڵ.

لەدوای دەسەڵاتی ویلایەت، دەسەڵاتی شارەکان دێت، چونکە زیاتر لە ٣/٤ی هاوڵاتییە ئەمریکییەکان نیشتەجێی شارو شارۆچکەکانن‌و هەندێ لەو شارانە رێژەیەکی زۆر دانیشتوانی تیا نیشتەجێیە بەنموونە شارێکی وەکو نیویۆرك ژمارەی دانیشتوانەکەی لەژمارەی دانیشتوانی ٧ ویلایەت زیاترە.[٤٥]

بەڕێوەبردنی شارەکانی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی بەندە کەئەوانیش:

أ. سەرۆکی شارەوانی‌و ئەنجومەنی شارەوانی کەهاوشێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و یاسادانن، سەرۆکی شارەوانی جێبەجێکەرەو ئەنجومەنەکانیش دەستەی بڕیاردەرن‌و هەموویان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

ب. دەستەی شارەوانی: لێرەدا سەرجەم دەسەڵاتەکان "جێبەجێکردن‌و یاسادانان" لەدەستی گروپێکی (٣)کەسی یان زیاتردایە کەخەڵك هەڵیاندەبژێرێ‌و هەر ئەندامێکی دەستەکە سەرپەرشتی کارەکانی بازنەیەك یان زیاتری شارەوانییەکە دەکات‌و یەکێك لەئەندامان کە لەدەسەڵاتدا هاوشانی ئەوانیترە دەبێتە سەرۆکی دەستەی شارەوانی.

ت. بەڕێوەبەری دەستەی کارگێڕی شار*: کە بەدامەزراندن دادەنرێن‌و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی شارەوانییەکانیان لەئەستۆیەو پرۆسەی هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر

---

[٤٥]..هەمان سەرچاوە لا١٢٤ — ١٢٨

*..ئەم پۆستە هاوشێوەی بەڕێوبەری ناحیەیە لەلای خۆمان.

لابردن یان دانانیان نییه، بەڵکو چابوکیو لێهاتوویی لەسەرخستنی کارەکانیاندا ئەو بڕیارە دەدات.

## ٢-٢-٤- حکومەتی هەرێمەکان

حکومەتی هەرێمەکان پێکهاتووە لەسنوری جوگرافی دوو شارەوانی یان زیاترو ژمارەیەك دێهاتو گوندی لەخۆگرتووە، جاری وا هەیە ویلایەتێك لەتەنها هەرێمێك پێکهاتووە وەك فێرجینیا ویلایەتی واش هەیە لە(٥) هەرێم پێکهاتووە وەك نیویۆرك. هەریەکێ لەم هەرێمانەش دابەشبوونەتە دەیان شارەوانی بچوکتر کەهەریەکەیان تایبەتمەندێتیو وەزیفەی ئیداری خۆیان هەیە.[٤٦]

[٤٦] ..هەمان سەرچاوە لا١٢٨ — ١٣٢.

# خشتەی ژمارە (٣) خشتەی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



## سیستمی حزبی لەئەمریکا



سیستمی حزبی لەئەمریکا




نەخشەی ژمارە (١) نەخشەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سیستمی حزبی لەئەمریکا

# دەروازەی دووەم

# سروشتی سیستمی حزبایەتی لەئەمەریکا

## ١- مێژووی پارتە سیاسییەکان:

رۆشنبیری‌و کلتوری سیاسی ئەمریکی، کاریگەری گەورەی لەسەر چەسپاندنی سیستمی حزبایەتی‌و فرە حزبی لەو وڵاتەدا هەبووە. دیارە لەرووی مێژووییەوە دروستبوونی گروپی حزبی دەگەڕێتەوە بۆ دوای دروستبوونی کۆنگرێسی ئەمریکی‌و یەکگرتنی ویلایەتەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆدا، چونکە لەو سەردەمەداو بەتایبەت دوای نووسینەوەی دەستوورو هەڵبژاردنی جۆرج واشنتۆن(٤٧) وەك یەکەمین سەرۆکی دەوڵەتەکە لەساڵانی نێوان ١٧٨٩ — ١٧٩٧، ئیدی هەر زوو ململانێی دووبەرەیی لەنێوان ئەو دوو گروپە سیاسییەدا دەستیپێکرد کە لەسەردەمی دارشتنی دەستووردا دژ بەیەکتر سەبارەت بەچۆنێتی سیستمی حوکمرانی دەوڵەتەکە وەستابوونەوە. دیارە ئەوانەی پشتیوانی دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی مەرکەزی بەهێزبوون، فیدراڵیخوازەکان بوون کەجەختیان لەسەر مەرکەزیەتی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی‌و ئەرستۆکراتیەتێکی نەتەوەیی دەکردەوەو ئەمانەش لەژێر سەرپەرشتی‌و سەرکردایەتی

---

٤٧ ..أ. جۆرج واشنتۆن لە(٢٢|٢|١٧٣٢)دا لەخێزانێکی جوتیار لەڤێرجینیا لەدایکبووەو خوێندنێکی کەمی خوێندووە لەساڵی (١٧٥٩)دا بووەتە نوێنەر لەئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتی ئۆهایۆ لەساڵی (١٧٧٤)دا بووەتە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی ئینگلیزو لە(١٧٧٥)دا لەلایەن کۆنگرێسەوە کراوەتەوە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی هەر (١٣) کۆلۆنیاڵەکە.

لەساڵی (١٧٨٩)دا بووەتە سەرۆکی کۆنگرەی دارشتنی دەستووری (USA)و بەکۆی دەنگیش لەساڵی (١٧٨٩)دا بووەتە سەرۆکی ئەمریکاو هەر لەبەر ئەو مێژووە پڕ خەباتەی بە (باوکی وڵات) ناسراوە لە(١٤|١٠|١٧٩٩)دا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (موسوعة مملكة الاعلام أ- بين الشرق و الغرب من اعداد د.سعيد الغذلانى، د. محمد عبدالرحيم، طارق مراد، دار الراتب الجامعية، بيروت، لبنان، ص٣٤، هەروەها وێب پەیجی

//H:/AMERICIAN PISIDENT/Biography of George Washington.htm

لە وێب سایتی www.whitehouse.gov

ب- لەراستیدا واشنتۆن سەرکردایەتی پارتی فیدراڵیخوازەکانی دەکرد لەو خاڵەدا پێی وابوو کەکاری حزبایەتی کارێکی نابەجێ بووەو هەڕەشە لەیەکگرتوویی‌و فیدراڵیەتی ویلایەتەکان دەکاتو مایەی وێرانکاری‌و لەناوبەری زۆرێك لەحوکمە سەربەخۆکانی دونیا بووە، بڕوانە: على يوسف الشكري، مبادئ القانون الدستوري و النظم السياسية ٢٠٠٤، اتيراك للنشر و التوزيع: قاهرة: سنة ٢٠٠٤ الطبعة الاولى، ص٣٥٣.

ئەلیکسەندەر هاملتۆن[٤٨]دا بوونو لەبەرامبەردا تۆماس جیفرسۆن[٤٩] کەسەرکردایەتی دیموکرات- کۆماریخوازی دەکرد، لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەمریکی فیدراڵدا بوو کەویلایەتەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نەدەنو تاکەکانیش ئازاد بن، چونکە بڕوای وابوو (هەموو کەسو کۆمەڵێك پێویستە بەخودموختاری لەسەر زەوی خۆی بژی)و دژی سەرکوتکردنو زۆرداری بوو.[٥٠]

لەڕاستیدا ئەگەرچی جۆرج واشنتۆن پیاوێکی دانا بوو، هاوسەنگی لەنێوان هەردوو سیاسەتەکەی هاملتۆنو جیفرسۆندا ڕاگرتبوو لەسەر وەختی حوکمڕانیەکەیدا، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوێکی پارێزگار بوو بۆیە زیاتر بەلای سیاسەتەکانی هاملتۆندا

---

[٤٨] ..ئەلکسەندەر هاملتۆن: پیاوێکی سیاسی بوو یەکێك بوو لەوانەی لەکۆنگرە دەستوورییەکەی ساڵی ١٧٨٧دا رۆڵی باڵای هەبوو لەداڕشتنی دەستووردا، چەندین وتاری سیاسی سەبارەت بەدەستووررو فیدراڵیەت نوسیوەو پشتیوانی حوکمی مەرکەزی دەکردو جەخی لەسەر سیاسەتی پیشەسازی ئابووری دەکردەوەو لەبیروبۆچوونەکانیدا دژ بەتۆماس جیفرسۆن بوو پێیوا بوو دەبێ سیاسەتو لیبرالیەت هاوسەنگی لەگەڵ رەوشتو ئاکاردا ڕاگرتبێو نابێ هەموو شتێ لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجدا بەکاربێ.

بڕوانە کتێبی: قاموس الفکر السیاسی، الجزء الثانی، من حرف العین حتی نهایة حرف الیاء، من منشورات وزارة الثقافة السوریة، دمشق، ١٩٩٤، ص٣٥٣ — ٣٥٤.

[٤٩] ..تۆماس جیفرسۆن: سیاسەتمەدارو فەیلەسوفێکی گەورەی ئەمریکی بوو، لە (١٣|٤|١٧٤٣) لەڤێرجینیا لەدایکبووە. لەسەرەتادا حاکمی ڤێرجینیابوو دواتر بووە سێیەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی ١٨٠١ — ١٨٠٩و زانکۆی ڤێرجینیا لەسەر دەستی جیفرسۆن دروستکراو چەندین بڵاوکراوەو کتێبی هەیە. یەکێك بوو لەوانەی دژایەتی سیستمی کۆیلایەتی دەکردو دژ بەبەشداری ژنانیش بوو لەسیاسەتدا. لەو کاتانەی ئەندامی کۆنگرێس بوو بەوە ناسرابوو قەڵەمەکەی بەشداری زیاتر دەکات لەدەنگیو بەنوسەری گرنگترین تێبینییەکان دادەنرێتو ئەو بوو کە یاسای ئاینو ئازادی شەرعیەت پێدراوی داڕشت. بڕوابونی بەشۆڕشی فەرەنسی توشی بەریەککەوتنی کرد لەگەڵ ئەلیکسەندەر هاملتۆن دا لەو کاتانەی لەکابینەکەی جۆرج واشنتۆندا وەزیر بوو. ئەم بەریەککەوتنە گەشەی کرد لەئەنجامدا دوو پارتی جیاواز دروستبوو کە کۆماریخواز- دیموکراتخواز و فیدرالیستەکان بوو، جیفرسۆن سەرۆکایەتی کۆماریخواز دیموکراتخوازەکانی دەکرد کە بەتوندی دژایەتی دروستکردنی حکومەتی مەرکەزی بوو. لە ٤|٧|١٨٢٦دا کۆچی دووایی کرد.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: قاموس الفکر السیاسی، الجزء الاول من حرف الالف حتی نهایة حرف العین، ت: الدکتور انطوان حمصی، من منشورات وزارة الثقافة السوریة، دمشق، ١٩٩٤، ص٢٢٠و هەروەها وێب پەیجی

//H:/AMERICIAN PISIDENT/Biography of Thomas Jefferson.htm

لە وێب سایتی www.whitehouse.gov

[٥٠] ..موجز نظام الحکم الامریکی، مکتب برامج الأعلام الخارجی، وزارة الخارجیة الأمریکیة، ل٥٠.

دایدەشـكاندو هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو لەمێـژووی دیـاریكردنی حزبیـدا بەیەكـەمین سەرۆكی ئەمریكاو یەكەمین سەركردەی باڵی فیدراڵییەكان دادەنرێت.[٥١]

بەگـشتی دەتـوانین بڵـێین هـەر لـەكۆنگرەی دارشـتنی دەسـتوورەوە گرووپـی حزبـی لەئـەمریكادا سـەریهەڵدا، بـەڵام جـۆرج واشـنتۆن كـە بەیـەكێ لـەپیادەكارانی سیاسـەتی فیدراڵیخوازەكان ناسرابوو كەچی لەدەستنیشانكردنو هەڵبژاردنیدا بوونی فیدراڵیخوازو دیموكراتی- كۆمـاریخواز (كەجیفرسـۆن سـەركردایەتی دەكـرد) بەهەنـد وەرنـەگیرا، هـەر لەبەر ئەوەش بوو بـەكۆی دەنـگ كرایـە سـەرۆك، بـەڵام لـەدوای هەڵبـژاردنی ئـەم پیاوە بەسەرۆك لەسەر ئاستی حزبی، ژیانی سیاسی ئـەمریكا گەشـەی زیـاتری بـەخۆوە بینـی، چـونكە ململانـێ فكـریو كردارییـەكانی جیفرسـۆنی دیموكراتیخـوازو هـاملتۆنی فیـدراڵیخواز بـەهێزتر بـوونو بەتـەواوی لـەژیانی سیاسـیدا رەنگیدایـەوەو لەبەرئـەوەی ویلایەتـەكانی بـاكوور كـە بـەنفوزی فیـدراڵیخوازەكان دەناسـران زیـاتربوونو بـەهێزتر بـوون لـەدوای خۆنەپاڵاوتنـەوەی جـۆرج واشـنتۆن بـۆ سـەرۆكایەتی كەسـێكی تـری فیدراڵیخواز بەناوی (جۆن ئادەمز)[٥٢] لە(١٧٩٧ – ١٨٠١) هەڵبژێردرا.

---

[٥١] ..بڕوانە سایتی ئەلكترۆنی www.usinfo.state.gov بابەتی: الانتخابات، الرؤساء الامریكیون من العام (١٧٨٩) حتی الان، ص١، جورج واشنطن الحزب الفدرالی (رئیسا ١٧٨٩ – ١٧٩٧).

[٥٢] ..جۆن ئادەمز: لە٢٢ی ئۆكتۆبەری ١٧٣٥ لەماساشۆستس لەدایكبووە. لەزانكۆی هارڤارد خوێندوویەتیو بووە بەپارێزەر، بەو وتارو نووسینانەی دەربارەی سیستمی باجی ئینگلتەراو یاساكانی باج ناوبانگی دەركردووە. هەر لەبەر ئەوەش بووە زیاتر بەفەیلەسوفێكی سیاسی ناسراوە وەك لەسیاسەتمەدار. یەكێك بووە لەسەركردەكانی بزوتنەوەی سەربەخۆیی لەئەمریكا. لەماوەی شۆڕشدا رۆڵێكی دبلۆماسییانەی هەبوو لەچارەسەركردنی كێشەكانیان لەگەڵ هۆڵەندیو فەرەنسیەكاندا. لەساڵی ١٧٧٤ چووەتە كۆنگرێسی كیشوەرییەوەو هاوكارێكی باش بوو بۆ ئەنجامدانی رێكەوتننامەی ئاشتی لەساڵانی (١٧٨٥-١٧٨٨) لەسەردەمی جۆرج واشنتۆنی یەكەم سەرۆكی ئەمریكادا بووەتە وەزیری دادو پاشان بەجێگری سەرۆك دیاریكراو دواترلە ساڵی ١٨٠٠دا بووەتە دووەم سەرۆكی ئەمریكا كەماوەی ٨ ساڵ سەرۆكایەتی كردووە. یەكێك بووە لەو كەسانەی كە لەساڵی ١٧٧٦ بەبەیانێكی فەرمی جارنامەی سەربەخۆییان دا. لەرووی سیاسییەوە لایەنگری سیاسەتی فیدراڵیخوازەكان بووە. بڕوانە وێب پەیجی بەزمانی ئینگلیزی

http://en.wikipedia.org/wiki/John_Adams#Early_life

هەروەها وێب پەیجی //H:/AMERICIAN PISIDENT/Biography of John Adams.htm

لە وێب سایتی www.whitehouse.gov

(جـۆن ئـادەمز) وەك درێژەپێـدەرێكی سیاسـەتەكانی واشـینتۆن بـەردەوام بـوو لەسـەرۆكایەتیكردنو گرنگـی زۆری بەسیاسـەتەكانی دەرەوە دەداو خواسـتو ویـستی خـەڵكو جـەماوەری لـەناوخۆدا فـەرامۆش كـرد كەئەمـەش بـووە مایـەی دروسـتكردنی كـەلێنێكی گـەورە لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیو بەئاسـانی لەلایـەن جیفرسـۆنەوە تـوانرا بقۆزرێتـەوە، ئـەوەبوو لـەرێگای كۆكردنـەوەی دەنگـی جوتیـارانو وردە بـۆرژواو بازرگانەكانەوە لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی (١٨٠٠)دا توانی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەستو بەمـەش تـا سـاڵی (١٨٠٩) لەسـەرۆكایەتیدا مایـەوە[٥٣] و بـەم شـێوەیە ژیـانی حزبایـەتی لەئـەمریكادا رێـچكەی گـرتو بـەردەوام بـوو كـە دەكرێـت بـەم شـێوە زەمەنییـە پـۆلێنی بكەین.[٥٤]

**١-١- خولی سەرەتا ١٧٩٠ - ١٨٢٨:**

لەخولی سەرەتادا، فیدرالیستەكانو كۆماریخوازە- دیموكراتەكان باسیان لەوە دەكرد كەئاخۆ میللەت دەبێ ئاڕاستەی بازرگانی یاخود ئاڕاستەی كشتوكاڵی هەڵبژێرێت. فیدراڵیستەكان كە لەلایەن موڵكدارانو بازرگانەكانو بنەماڵە بەناوبانگو گەورەكانو خەڵكی باكووری رۆژهەڵاتو ناوچەی ئۆقیانوسی ئەتڵەسییەوە پشتگیری دەكران، لایەنگری دەوڵەتێكی بەهێزی مەركەزی بوون. لەبەرامبەردا حزبی كۆماریخواز – دیموكرات "تۆماس جفرسۆن" رابەرایەتی دەكردو جوتیارانو كرێكارانو چینی ناوەڕاستو وردە بۆرژواكان پشتگیرییان لێدەكرد.[٥٥] فیدراڵیستەكان یەكەمینو دووەهەمین هەڵبژاردنیان بردەوە، بەڵام بەهۆی رێكخستنە سنووردارەكانەوە لەهەڵبژاردنەكانی دواییدا شكستیان خواردو لەساڵی ١٨١٦ دا بەتەواوی لەناوچوون. بەم شێوەیە كۆماریخوازە دیموكراتەكان توانییان سەرۆكایەتی كۆنگرێس بگرنە دەستو

---

[٥٣] ..موجز نظام الحكم الامریكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجیة الأمریكیة، ل٥٢.

[٥٤] ..ئـەم پۆلێنكردنـە سەرچـاوەی گرتـووە لەهـەردوو پـۆلێنی لاری الـویتز لـەكتێبی (نظـام الحكـم فـی الولایـات المتحـدة الامریكیـة)و كتێبـی (آیـالات متحـدة أمریكـا) كـە بەفارسـی نووسـراوە. زانیـاری تـەواو لەسـەر هـەردوو سەرچاوەكە لە ریزبەندی سەرچاوەكاندا بەدیدەكرێت لەكۆتایی ئەم كتێبەدا.

[٥٥] ..حسین حمیدی نیا، آیالات متحدة أمریكـا، دفـترمطالعـات سیاسـیو بـین المللی (وزارت امـور خارجیـه)، تهـران، مباحث كشورها و سازمانهای بین المللی، سنه ١٣٨٢، ص٥١٦.

بەمەش لەسەردەمانی سەرۆك كۆمار جیمس مۆنرۆ" James Monroe "[٥٦]و جۆن كوینسی ئادەمز(John Quincy Adams)[٥٧] سیستمی تاكە حزبی زاڵبوو، چونكە ئەگەرچی هەردووكیان لەگروپی كۆماری بوون‌و كێبڕكێی یەكتریان دەكرد، بەڵام جۆن

---

[٥٦] .. جەیمس مۆنرۆ: لەوێستەرلاند، ڤێرجینیا لەساڵی ١٧٥٨ لەدایكبووە. لەكۆلێژی ویلیام‌و ماری خوێندویەتی وەكو سیاسیەكی گەنج بەشداری لەشەڕی دژە فیدڕالیستەكاندا كردوە. لەساڵی ١٧٩٠دا وەكو پشتگیریكەرێك بۆ سیاسەتەكانی جێفرسون‌و وەكو سیناتۆر هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٧٩٤- ١٧٩٦ هاوسۆزی زۆری فەرەنسییەكان بووەو بەهۆی ئاوات‌و وزەكەیەوەو بەپشتگیری كردنی لەلایەن سەرۆك مادیسۆنەوە وەكو كۆمارییەك لەساڵی ١٨١٦دا خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆكایەتی‌و بەئاسانی لەساڵی ١٨٢٠دا دوبارە هەڵبژاردنەكانی بردەوە. لەكابینەكەیدا چەندەها كەسی بەناوبانگی تێدابوو وەكو (جۆن كوینسی ئادامزو جۆن كالنهۆن)، لەمایەی سەرۆكایەتییەكەیدا چەند كێشەیەكی ئابووری زیادی كردو خەڵك زۆر بێزار بوو بوون. لەسیاسەتی دەرەوەدا ترسی لەئیسپانیا هەبووەو گومانی كردوە كەهەندێ وڵاتی ئەوروپی بیانەوێت یارمەتی ئیسپانیا بدەن بۆ داگیركردنەوەی ئەمریكای لاتین، بەڵام لەگەڵ جۆن ئادامزدا بڕیاریاندا خۆیان دوربخەنەوە لەكێشە لەگەڵ ئیسپانیادا.
بەریتانیای گەورە بەهەمان شێوە دژی داگیركردنی ئەمریكای لاتین بوو بۆیە داوایان لەئەمریكا كرد كەهاوبەشییان بكات، بەڵام دوای ئامۆژگاری ئادامز، مۆنرۆ بڕیاریدا كەنەك تەنها ئەمریكای لاتین بەڵكو روسیاو فەرەنساش دەبێت ئەو شوێنانەی داگیرییان كردوە ئازادییان بكەن. جێی ئاماژەیە لەساڵی ١٨٣١دا مردووە.

[٥٧] ..یەكەم سەرۆك بووە كەكوڕی سەرۆك بێت. لەزۆر روەوە درێژە پێدەری بیروبۆچون‌و كارەكانی باوكی بوو. لەبرەینتری- ماساشۆستس (١٧٦٧) لەدایكبووە وەكو سكرتێری باوكی لەئەورپا بووەو زمان ناسێكی بەرچاوو مێژوو نوسێكی رۆژانەی بێوچان بووە. لەزانكۆی هارڤار دەرچوەو بووە بەپارێزەرو لەتەمەنی ٢٦ ساڵیدا كرا بەوەزیر بۆ كاروباری هۆڵەنداو پاشان بەرزكرایەوە بۆ مفەوەزییەی بەرلین لەساڵی(١٨٠٢) هەڵبژێردرا بۆ ئەنجوومەنی پیران شەش ساڵ دوای ئەوە سەرۆك مادیسۆن وەكو وەزیر بۆ روسیا دەست نیشانیكرد. لەخزمەتكردندا لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك مانرۆ، ئادامز وەكو وەزیری دەرەوە كاری كردو وەكو تەقالیدی سیاسی ئادامز وەكو وەزیری دەرەوە بەجێگرەوەی سەرۆك دەستنیشانكرا. وەكو رێگاكۆنەكانی هەڵبژاردنی سەرۆك لەناو پارتەكەیاندا، كۆمارییەكان ئەندرو جاكسۆن ئادامزو ویلیام كراوفۆردو هێنری كلای بۆ سەرۆكایەتی خۆیان هەڵبژارد، بەڵام بەهۆی بەدەست نەهێنانی زۆرینە لای هیچ یەكێكیان بڕیاردرا لەئەنجومەنی نوێنەران یەكلایی بكرێتەوەو تیایدا كلای پشتگیری ئادامزی كردو پاشان كلای لەحكومەتەكەی ئادامزدا وەكو وەزیری دەرەوە دەستنیشانكرا. ئادامز بایەخیدا بەبەكارهێنانی زەوییە گشتییەكان بۆ دروستكردنی كەناڵ‌و رێڕەوەكان، هەروەها بایەخدا بەبەرەو پێشچونی وێژەو زانست بەدروستكردنی زانكۆی نیشتمانی. لەساڵی ١٨٢٨دا جاكسۆنیە دژەكانی بەگەندەڵی تۆمەتباریان كردو پاش دۆراندنی گەرایەوە ماساشوستس‌و چاوەڕێ دەكرا ژیانی لەگەڵ كتێب‌و كێڵگەكەیدا بەسەربەرێت، بەڵام لەساڵی ١٨٣٠دا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵیانبژاردو بەدرێژایی ژیانی وەكو سەركردەیەكی بەتوانا خزمەتی كرد، لەسەروی هەموویەوە دژی سنورداركردنی ئازادی مەدەنی بوو. لەساڵی ١٨٤٨دا مردووە.

**کوینسی ئادەمز سەرۆکایەتی کۆمارییە نەتەوەییەکانی دەکردو (ئەندرۆ جاکسۆن)[٥٨] یش کۆمارییە دیموکراتەکان کە بەمەش ململانێی سیاسی لەنێوان خودی کۆماریخوازەکاندا سەریهەڵدا، لەکاتێکدا فیدالیخوازەکان لەناو چووبوون دواتر لەدەیەی ١٨٣٠دا جارێکی تر سیستمی دوو حزبی بەسەر پێشبڕکێ سیاسییەکاندا زاڵ بووەوە.[٥٩]**

**١-٢- خولی دووهەم ١٨٢٠ – ١٨٦٠:**

**ئەم خولە لەساڵی ١٨٣٠ تا کۆتایی دەیەی ١٨٥٠ درێژەی کێشا. دوو حزبی گەورە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی دەستیان بەپێشبڕکێ کرد، ئەوانیش حزبی دیموکراتو حزبی ویگز(Whigs) بوون. حزبی ویگز لەلایەن هنری کلای (Henry Clay)[٦٠]و دانیال**

---

[٥٨] .. ئەندرۆ جاکسۆن:بەنزیکەیی لەهەموو پێشینەکانی بەدەنگی زیاتر هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکایەتی. خۆی وەکو برایەکی ئاساییو نوێنەری ئەوان هەڵسوکەوتی کردووە. لەباکوور لەدایکبووەو لەکارۆلینا لەساڵی ١٧٦٧ نیشتەجێبووە. بۆ دوو ساڵ یاسای خوێندووەو بووە بەپارێزەرێکی ناسراو لەتێنێسی. بووە بەیەکەم کەس لەتێنێسی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێتو ماوەیەکی کەم لەسینات خزمەتی کردووە. لەشەڕی ١٨١٢ جەنەڕاڵی سەرەکی بووەو بووە پاڵەوانی نەتەوەیی کاتێك بەریتانییەکانی لەنیوتۆرلیانز بەزاند. لەسەردەمی خۆهەڵبژاردنیدا دژایەتی زۆرکرا. بەهۆی بۆچوونەکانیەوە لەساڵی ١٨٣٢دا زیاتر لە ٥٦٪ دەنگەکانی بردەوە. لەگەڵ کلای تووشی کێشەی زۆر بوو کاتێ سەرۆك بوو. کاتێك کۆنگرێس ڕەزامەند نەبوو ڤان بیرون بکاتە وەزیری ئینگلتەرا توڕە بوو سوێندی خوارد کە دەیانشکێنێت، ئەوەبوو تێکی شکاندنو ڤان بیورن بووە جێگری سەرۆك. جاکسۆن لەحوزەیرانی ١٨٤٥دا مرد.

[٥٩] ..لاری الويتز، نظام الحكم فى الولايات المتحدة الامريكية رجاء سعيد عوض، الجمعية المصرية للنشر المعرفة والثقافة العالمية، الطبعة الاولى، قاهرة، ص٧٩.

[٦٠] ..هێنری کلای (١٧٧٧- ١٨٥٢): ساڵەکانی خزمەتی وەکو سیناتۆر: (١٨٠٦ – ١٨٠٧، ١٨١٠ – ١٨١١، ١٨٣١ – ١٨٤٢، ١٨٤٩- ١٨٥٢).

کاری لەهەر یەکێك لەحزبەکانی کۆمارییە دیموکراتەکان، کۆماری نەتەوەیی، Whigh کردووە.

هێنری کلای (باوکی جەیمس براون کلای) سیناتۆرو ئەندام کۆنگرێسی کینتاکی بوو. لەقەزایەك بەناوی " The Slashes" لەهەرێمی هانۆڤەر لەڤێرجینیا لە ١٢ – ئەپرلی – ١٧٧٧ لەدایکبووە. لە ڕیچمۆند لەڤێرجینیا یاسای خوێندوە لەساڵی ١٧٩٧دا بوەتە ئەندامی سەندیکاو لە لێکسینگتۆن لەویلایەتی کینتاکی دەستی بەپارێزەری کردووە، لەساڵی ١٨٠٣دا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە، لە ١٩ – نۆڤەمبەری – ١٨٠٦ تا ٣ – ئازاری – ١٨٠٧ بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی جۆن ئادامزەوە وەکو کۆمارییەکی دیموکرات بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا هەڵبژێردرا تاوەکو ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، هەرچەند ناوبراو تەمەنی کەمتر بوو لەوەی کە لەدەستوردا دیاریکرابوو.

**وێبستەر(Daniel Webster)[٦١]ەوە رێبەرایەتی دەکرا کە لەباڵی نەتەوەیی ناو دیموکرات- کۆماریخوازەکان پێکهاتبوون و حزبی ویگز (Whigs ) کەدژ بەسیاسەتەکانی جاکسۆن بوو، ئارەزووی پێکهێنانی حکومەتێکی نەتەوەیی بەهێزی دەکرد کەتیایدا**

---

لەساڵی ١٨٠٨ — ١٨٠٩ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو وەکو وتەبێژی ئەنجومەنەکە دیاریکراوە. جارێکی تر بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی بەکنەر ترەستۆن هەڵبژێردرایەوە بۆ ئەنجومەنی پیران ئەمریکاو لە ٤ی کانوونی دووەمی — ١٨١٠ تاوەکو ٣- ئازاری — ١٨١١ خزمەتی کرد، پاشان لەکۆنگرێس خزمەتی کردووە. وەکو نوێنەرێك بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ بەریتانیای گەورەدا دەربارەی ڕێکەوتننامەی ئاشتی دەستنیشانکرا. لەلایەن جۆن کوینسی ئادامزاوە بەڤسەکەری پەرلەمان هەڵبژێردراوە پاشان بەوەزیری دەرەوە هەڵبژاێردرا. سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەو کۆمیتەی دارایی بووە. دوای هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ سەرۆکایەتی کراوەتەوە بەسیناتۆرو تا ٤ — ئازاری ١٨٤٩خزمەتی کردووە لە ٢٩ — جونی — ١٨٥٢ لەواشینتۆن دی سی مردووە.

[٦١].. دانیێل وێبستەر: لە١٨-کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٨٢ لەدایکبووە لە ٢٤ — ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٥٢دا مردووە. کاربەدەستی لێهتاووی دەوڵەتو پارێزەرو وتاربێژ بووە. کوڕی پیاوێکی جوتیار بووە، لەساڵی ١٨٠١دا لەکۆلێژی دارتماث دەرچووە. دوای ڕاهێنانی یاسایی، وێبستەر لەساڵی ١٨٠٧داو لە پرتسموت، نیو هامیشایەر بووە بەپارێزەری یاسایی و پیشەکەی خۆی راپەراندووە.

وەکو سەرۆکی پارتی فیدراڵی زوو دەرکەوت، وێبستەر لەساڵی (١٨١٢)دا هەڵبژێردرا بۆ ئەنجومەی نوێنەرانی ئەمریکا، بەهۆی بەرهەڵستیەوە بۆ جەنگی ١٨١٢ کەجەنگەکە بازرگانی کەشتیەوانی نیو ئینگلاندی لەکارخست.

دوای دوو ساڵ لەخزمەتکردن لە ئەنجومەندا، کۆنگرێسی بەجێهێشت لەساڵی ١٨١٦دا چوو بۆ بۆستن، بووە بەناوبانگترین پارێزەری وڵات. لەساڵی ١٨٢٣دا لەبۆستنەوە گەڕایەوە کۆنگرێس و لەساڵی ١٨٢٧دا بەسیناتۆری ماساشۆستس هەڵبژێردرا.

دوای لەناوچوونی پارتی فیدراڵی، پەیوەندی کرد بەپارتی کۆماری نەتەوەییەوە. بووە هاوکارو هاوشانی هێنری کلای و پشتگیری و هاوکاری فیدراڵییەکانی لەڕۆژئاوا کرد. لەساڵی ١٨٢٨دا هۆکاری سەرەکی ئابوری ماساشۆستس لەکەشتیگەلیەوە بۆ پیشەسازی گۆڕا، وێبستەر پشتگیری زۆری یاسای گومرگی لەو ساڵەدا کرد. پاشان چەندین نارەزایی لەساوث کارۆلینا لەسەر ئەم یاسایە کەوتەوە. لەساڵی ١٨٣٣دا وێبستەرو سەرۆك ئەندرو جاکسۆن سەرکردایەتی هێزەکانیان کرد بۆ سەرکوتکردنی هەوڵی بوچەڵکردنەوەی گومرگ.

بەڵام وێبستەرو نەیارەکانی جاکسۆن لەسەرچەند کێشەیەك دژی جاکسۆن وەستانەوە لەوانە هێرشکردنی بۆ سەر بانکی نیشتمانی. وێبستەر لەساڵی ١٨٣٦دا وەکو کاندیدێك لەپارتی (Whigh)دا خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژارد. بەڵام تەنها ماساشۆستسی بردەوە.

لەساڵی ١٨٤١دا ویلیام هاریسۆن، وێبستەری کرد بەوەزیری دەرەوە. بەهۆی مردنی هاریسۆنەوە لەئەپرلی ساڵی ١٨٤١دا جۆن تایلۆر بووە سەرۆك و لەسێبتەمبەری ساڵی ١٨٤١دا هەموو ئەندامانی (Whigh) دەستیان لەکارکێشایەوە تەنها وێبستەر نەبێت، بەڵام بەهۆی فشاری ویگەکانەوە لەئایاری ١٨٤٣دا کابینەی حکومەتی بەجێهێشت. وێبستەر جارێکی دیکە لەساڵی ١٨٥٠دا لەلایەن سەرۆك میلارد فیلمۆرەوە کرایەوە بەوەزیری دەرەوە.

**بەرژەوەندی پیشەوەران‌و خاوەن پارەکان پارێزراو بێت. ئەمانە لەلایەن پیشەوەرانی باکوری رۆژهەڵات‌و جوتیارەکانی خواروو پرۆتستانتەکانەوە پشتیوانی دەکران‌و لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٤٠دا توانییان پۆستی سەرۆکایەتی بۆ پاڵێوراوەکەیان کەناوی (ولیام هنری هاریسۆن)[٦٢] بوو، بەدەستبهێنن.[٦٣]. هەرچی دیموکراتەکانە کەدوای ئەوەی**

[٦٢] .. ویلیام هێنری هاریسۆن: کوڕی بێستانکارێکی ئەرستۆقراتی ڤێرجینیا بووە. لەساڵی ١٧٧٣ لەبێرکیلی لەدایکبووە. کلاسیکەکان‌و مێژووی لەکۆلێژی هامپدن – سیدنی خوێندووەو پاشان پزیشکی لەریچمۆند خوێندووە.

لەساڵی ١٧٩١دا لەناکاو حەزەکانی گۆڕا. دەسەڵاتێکی وەرگرت وەکو ئەفسەرێك لەپیادەی یەکەمی سوپای ئاسایدا، رووی کردە باکوری رۆژئاوا کەزۆرێك لەژیانی لەوێ بەسەر برد.

لەهەڵمەتی دژ بەهیندییەکاندا هاریسۆن وەکو یاریدەدەری ژەنەراڵی دەریایی یارمەتی ژەنەراڵ "ماد ئەنتۆنی"داوە. دوای ئەوەی لەساڵی ١٧٩٨دا دەستی لەسوپا کێشایەوە بووە لێپرسراوی هەرێمی باکوری رۆژئاوا بووە یەکەم نوێنەر بۆ کۆنگرێس‌و یارمەتی دانانی یاسایەکی دا بۆ دابەشکردنی هەرێمەکەی بۆ هەرێمەکانی باکوری رۆژئاواو ئیندیانا. لەساڵی ١٨٠١دا بووە حاکمی هەرێمی ئیندیاناو ١٢ ساڵ خزمەتی کردووە. ئەرکی سەرەکی دۆزینەوەی ناونیشان بوو بۆ خاکی هیندییەکان تاوەکو راگوازراوەکان بتوانن سوود لەخاکە بەکارنەهاتووەکە وەربگرن، بەڵام کاتێك هیندییەکان کەوتنە تۆڵە سەندنەوەی ئەو بەرپرسیار بوو لەبەرگریکردن لەراگوازراوەکان.

لەساڵی ١٨٠٩دا هەڕەشەی سەر راگوزراوە نیشتەجێ بووەکان بووە هەڕەشەیەکی جدی. دوای بەهێز بوونی یەکێتی هیندییەکان لەساڵی ١٨١١دا هاریسۆن مۆڵەتی هێرشکردنە سەریانی وەرگرت. لە ٧ نۆڤەمبەر هاریسۆن نزیکەی هەزار پیاوی برد بۆ هێرشکردنە سەر شاری لایەنێکیان، بەڵام لەگزنگە شەودا هیندیەکان هێرشیان کردە کەمپەکەی‌و دوای شەڕێکی قرس هاریسۆن توانی دەریان بکات، بەڵام ١٩٠ کوژراوو برینداری هەبوو. ئەم هێرشە رێگرییەکی باشی لەیەکێتییەکە کرد، بەڵام هێرشەکانی هیندییەکان کەمنەبوونەوە. لەبەهاری ١٨١٢دا جارێکی دیکە هەڕەشەیان کردەوە سەر سنورەکان.

لەشەڕی ١٨١٢دا هاریسۆن فەرمانی بەزۆرێك لەپلە بەرزتر لەخۆی دا. لەشەڕی تێمز لە ٥/ئۆکتۆبەر/١٨١٣ لەباکوری دەریاچەی ئێری توانی هێزە یەکگرتووەکانی بەریتانیاو هیندییەکان ببەزێنێت. هیندییەکان پەرت‌و بڵاوبوونەوەو نەیانتوانی جارێکی دیکە بەرهەڵستی ئەو شوێنە بکەن کە بەباکوری رۆژئاوا ناسرابوو . لەوە بەدوا هاریسۆن گەڕایەوە ژیانی مەدەنی. (whig)ەکان پێویستیان بەپاڵەوانێکی نیشتمانی بوو بۆیە لەساڵی ١٨٤٠دا کاندیدیان کرد بۆ سەرۆکایەتی. بەزۆرینەی دەنگ کەکەمتر بوو لە (١٥٠) هەزار دەنگ بردیەوە.

کاتێك لەشوباتی ١٨٤١دا گەیشتە واشینتۆن، لەوتاری دەستپێکەکەیدا کە دانیال وێبستەر بۆی نووسی، وێستەر جەختی کردبووە سەر پابەندبوونی هاریسۆن بەحەزو داواکاری خەڵکەوە، چونکە هاریسۆن کەسێکی نیشتمان پەروەر بوو.

بەڵام پێش دەست بەکاربوونی بەمانگێك تووشی نەخۆشی بوو لە ٤/ئەپریلی ١٨٤١ مرد. یەکەم سەرۆکە کە لەماوەی دەست بەکاربوونیدا مردبێت.

پاشكۆی كۆماریخوازیان لەسەر ناوەكەیان لابرد لەئەنجامی لێكترازانیان لەدیموكرات-كۆماریخوازەكان(كۆماریخوازە دیموكراتەكان)، جەختیان لەسەر زەرورەتی بەشداریكردنی كەسانی ئاسایی لەژیانی سیاسیدا دەكردەوە بەتایبەت (لەسەردەمی ئەندرۆ جاكسۆنی سەرۆكیان كە لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٨٢٨دا توانی پۆستی سەرۆكایەتی بەدەستبهێنێ)و دواتر یاسایەك دەربكات سەبارەت بەمافی هەڵبژاردنو دەنگدان بۆ هەموو نێرینەیەكی سپی پێستی پێگەیشتوو و دانانی (نوێنەرەكانی گەل)[٦٤] بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك.[٦٥]هەروەك گفتوگۆكردن لەسەر سیستمی كۆیلایەتی لەدەیەی ١٨٥٠دا، ئیدی خولی دووەهەم پێشبڕكێی حزبی كۆتایی پێهات. باسی كۆیلەداری تەواوی حزبە بەهێزەكانی لەناوبردو لەئاكامدا تەنها چەند حزبێكی كەمینە بۆ ماوەیەكی كورت لەگۆڕەپانی چالاكی سیاسیدا دەركەوتن.

### ١-٣- خولی سێیەم (خولی مۆدێرن) ١٨٦٠-ەوە تا ئێستا:

دوابەدوای سەركەوتنی ئیبراهام لینكۆڵن (Abraham Lincoln)[٦٦]و سەركەوتنی حزبی كۆماریخواز لەهەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆماریدا، خولی سێهەمی چالاكییە سیاسییەكانی حزبەكانی ئەمریكا دەستی پێكردەوە كەئەمیش لەپێنج قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە:

---

٦٣..لاری الویتز، نظام الحكم فی الولایات المتحدة الامریكیة رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٨٠.

٦٤..نوێنەرانی گەل: ئەو كەسانەن كە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەمریكادا لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێنو پێكەوە لەگەڵ ئەندامانی كۆنگرێسدا سەرۆك هەڵدەبژێرن، پێشتر لەلایەن ئەنجومەنی پارلەمانی ویلایەتەكانەوە دیاری دەكران بەڵام لەسەردەمی ئەندرۆ جاكسۆن دا گۆڕدرا بۆ گەل، واتا گەل دەنگی خۆی دەداتە ئەمانو بەرێگای هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ لەجیاتی گەل ئەمان سەرۆك هەڵدەبژێرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

٦٥.. لاری الویتز، نظام الحكم فی الولایات المتحدة الامریكیة، رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٧٩.

٦٦..لینكۆڵن لەوتەی یەكەمی لەشەڕی ناوخۆیی ئەمریكادا داوا لەهاوڵاتیانی باشوور دەكات واز لەو شەڕە بهێنن، لینكۆڵن بڕوای وابوو بەهێز دەتوانێ بەرگری لەیاسای فیدراڵیو یەكێتیەكە بكات.

لە١٢/ی شوباتی ١٨٠٩ دا لەدایكبووەو زۆر بەكەمی پێش سەرۆكایەتی خوێندەواری هەبووە. لەشەڕی هەڵۆ رەشەكەدا كاپتن بووە، لەساڵی ١٨٥٨دا خۆی هەڵبژارد بۆ سیناتۆری؛ هەڵبژاردنەكەی دۆراند، بەڵام لەمشتومڕەكەیدا ناوبانگێكی گەورەی بەدەستهێنا. لەساڵی ١٨٦٠دا توانی ببێتە هەڵبژێردراو بۆ سەرۆكایەتی وەكو كۆمارییەك توانی پارتی كۆمارییەكان بەشێوەیەكی زۆر بەهێز بنیات بنێت لە ١ی كانونی دووەمی ١٨٦٣دا بەیاننامەی ئازادبوونی بەندەكانی دەركرد بۆ هەتاهەتایە. لەساڵی ١٨٦٤ توانی بۆ جاری دووەم ببێتەوە

### ١-٣-١- قۆناغی سەرەتای خولی مۆدێرن (١٨٦٠- ١٨٩٦):

مەسەلەی کۆیلەکانو مشتومرەکانی تایبەت بەمەسەلەی کۆیلەکان بووە مایەی پەرت پەرت بوونی حزبی ویگز، بەشێوەیەك لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەئەمریکادا حزبی ویگزیش لەناوچوو. بەم شێوەیە بەشێك لەحزبی ویگز(باکورییەکان)و هەندێ لەئەندامانی دیموکراتەکانو خەڵکانی دەرەوەی ئەم دوو حزبە پارتێکی نوێیان دامەزراند بەناوی پارتی کۆماری کە بەتووندی دژایەتی سیستمی کۆیلایەتی ئەمریکایان دەکرد.[٦٧] ئەوە بوو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٦٠ بەئامادەبوونی چوار پاڵێوراو بووە هۆی تێکشکانی سیستمی حزبی سێ دەیەی لەوەوبەرو (ئیبراهام لینکۆڵن) پاڵێوراوی حزبی نوێی کۆماریخواز بە بەدەستهێنانی زۆربەی دەنگەکانی نوێنەرانی گەلو ٣٩,٩٪ دەنگی گشتی بۆ سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا. لەدوای سەرکەوتنی باکوور بەسەر باشووردا لەشەڕەکانی ناوخۆدا بەڕێبەرایەتی ئیبراهام لینکۆڵن، خەڵك حزبی کۆماریخوازیان بەحزبێکی سەرکەوتوو و وڵات پارێزو بنیاتنەرو دژی کۆیلەداری ناسی. جگە لەوەش بڕوای خەڵك وابوو کەکۆماریخوازەکان لایەنگری بازرگانیو سوودی موڵکدارەکان بوون، لایەنگرانی کۆماریخوازەکان سەربازە کۆنەکانو رەشپێستەکانو پەراهەندەکانو ئینگلیزە پرۆتستانتەکانی باکور بوون. لەکاتێکدا لایەنگرانی دیموکراتەکان لەباشوورو هەروەها لەنێوان کاتۆلیکە ئیرلەندییەکانو ئەوانەی دژ بەدەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی مەی بوون، بوون. لەدوای ئەوە تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٩٦و سەرکەوتنی پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان ویلیام مککینلی (William McKinley)[٦٨] کۆماریخوازەکان لەشەش

---

بەسەرۆك، زۆر هانی هاوڵاتیانی باشوری دەدا کەچەکەکانیان دابنێنو پەیوەندی بکەنەوە بەیەکێتیەکەوەو لەوتە بەناوبانگەکەیدا باس لەکاری چاکەو سوربون لەسەر کار دەکاتو داوا دەکات کەئەو کارەی دەستیان پێکردوە وازی لێبهێنن. لە١٤/ی ئەپرێلی ١٨٦٥دا لەلایەن ئەکتەرێکەوە تیرۆر کرا.

٦٧ ..هەمان سەرچاوەی پێشو، لا٨٠.

٦٨ ..ولیام مککینلی: دوای ئەوەی لەکۆنگرەی کۆمارییەکانی ساڵی ١٨٩٦دا دیاری کرا لەهەردوو شاری کانتۆنو ئۆهایۆ بەزۆرترین دەنگ لەساڵی ١٨٧٢دا بردیەوە. لەنائڵسن- ئۆهایۆ، ساڵی ١٨٤٣ لەدایکبووە، لەکۆلێژی ئەلێگنی خوێندویەتی لەدوای وەستانی شەڕی ناوخۆ مامۆستایی کردووەو یاسای خوێندوەو ئۆفیسێکی لەکانتۆن کردوەتەوە. لەتەمەنی ٣٤ ساڵیدا کورسیەکی لەکۆنگرێسدا بەدەستهێنا. کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێشی هەبووەو

خولدا واتا لەسالانی(١٨٦١-١٨٨٥) سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانیان بەدەستهێنا. پاشان ولیام ماکینلیو لەهەڵبژاردنەکانی لەساڵی ١٨٩٧دا جارێکی تر وەك پالێوراوی کۆماریخوازەکان بەدەنگێکی تەواو سەرکەوتنی بەدەستهێنا. (٦٩)

## ١-٣-٢- قۆناغی دووهەمی خولی مۆدێرن (١٨٩٧- ١٩١٣):

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٩٦ بەخاڵی وەرچەرخان لەسیاسەتی ئەمریکادا دادەنرێت، چونکە بەسەرلەنوێ گەڕانەوەی ئینتمای حزبیو رێکخراوەیی دادەنرێت، هەرچەند لەقۆناغی دووهەمدا حزبی کۆماریخواز لە شەش هەڵبژاردنی دوا بەدوای یەکدا سەرکەوت، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٢دا ئەو حزبە تووشی ناکۆکی ناوخۆیی بوو و حزبی "پێشکەوتوان"(٧٠) بەڕێبەرایەتی تیۆدۆر د. رۆزڤێلت ( Theodore D. Roosevelt)(٧١) لێی جیابووەوە. ئەو جیابوونەوەیە بووە هۆی ئەوەی ودرۆ ویلسۆن (

---

بەهۆی ئەوەوە لەکۆمیتەی رێگاکانو هۆکارەکان دوای ١٤ ساڵ خزمەتکردن لەئەنجومەن هەڵبژاردرا بەحاکمی ئۆهایۆ بۆ دوو ساڵ، کاتێ مککینلی بووە سەرۆك، قاتو قڕیەکەی ساڵی ١٨٩٣ دەستی پێکردبوو. داوای لەکۆنگرێس کرد دانیشتنێکی تایبەتی بۆ کارا کردنی دانانی بەرزترین نرخی باج لەسەر کالاکان ببەستن. لەگەشو هەواکەی سەرۆکایەتی (مککینلی)دا پێکەوە گرێدانی پیشەسازی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیو زۆرێك لەرۆژنامەکان لۆمەیان دەکرد بەوەی لەژێرکاریگەری چەند کەسێکدا کاردەکاتو سیاسەتی دەرەوە ئیدارەکەی داگیرکردبوو. دوای ئەو گرژییەی کەوتە نێوان هێزەکانی ئیسپانیاو شۆڕشگێڕەکانی کوبا، ئەمریکا بڕیاری جەنگی دژی (ئیسپانیا) دا، لەماوەی ١٠٠ ڕۆژ شەڕدا ئەمریکا کەشتیەکانی ئیسپانیای بەندەری سانتیاگۆی تێك شکاندو مانیلای لەفلیپین گرتو پۆرتۆریکۆی داگیرکرد لەساڵی ١٩٠٠دا جارێکی تر هەڵبژێردرایەوە بەسەرۆكو لەساڵی ١٩٠١دا تەقەی لێکراو دوای پێکانی بەدوو فیشەك ٨ ساڵ دوای ئەوە مرد.

٦٩ ..حسین حمیدی نیا، آیالات متحدة أمریکا، دفترمطالعات سیاسی وبین المللی (وزارت امور خارجیە)، تهران، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی، سنة ١٣٨٢، ص ٥١٧

٧٠ ..حزبی پێشکەوتوان: وەك بزوتنەوەیەکی حزبی سێیەم لەماوەی نێوان سالانی ١٩٠١ بەدواوە بەدەرکەوتن جەختیان لەسەر ریفۆرمی سیاسیو نەمانی گەندەڵی لەدامو دەزگاکانی شارە گەورەکانی باکوری رۆژ هەلاتو رۆژئاوای ناوراستدا دەکردەوە و لەلایەن تیۆدۆر رۆزڤێلتەوە سەرکردایەتی دەکران.

٧١ .. لەگەڵ تیرۆرکردنی سەرۆك مککینلی، تیۆدۆر رۆزڤلت کەهێشتا ٤٣ ساڵی تەواو نەبوو، بوو بەگەنجترین سەرۆکی ئەوکاتە لەمێژووی نەتەوەییدا. توانی هێزو خۆشی تازە بهێنێتە دەسەلاتەوەو توانی سەرکردایەتی کۆنگرێسو هاولاتیان بکات بۆ چاکسازییەکی گەشەسەندو سیاسەتێکی دەرەکی بەهێز.

لەساڵی ١٨٥٨ لەشاری نیویۆرك لەدایکبووە لەخێزانێکی پڕ سەروەت بەلام بەردەوام نەخۆش بووەو دوای هەڵبژاردنیشی بایەخی زۆری بەژیانی تەندروستی داوە. دایکیو ژنەکەی لە(١٨٨٤)دا لەیەك رۆژدا مردون.

**(Woodrow Wilson)[٧٢] پاڵێوراوی دیموکراتەکان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٢دا سەرکەوێو خولی سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان دوای ٥٢ ساڵ کۆتایی پێبێت.[٧٣]**

### ١-٣-٣- قۆناغی سێیەمی خولی مۆدێرن ( ١٩١٣- ١٩٣٢):

**لەم خولەدا حزبی دیموکرات لەساڵەکانی (١٩١٣ – ١٩٢١)و حزبی کۆماریخواز لەساڵەکانی (١٩٢١ – ١٩٣٢) گەیشتە پلەو پایەی سەرۆك کۆماری.**

---

لەشەڕی ئەمریکی- ئیسپانیەکاندا ملازم بووەو پاشان وەکو کۆمارییەك بووەتە حاکمی نیویۆرك. لەساڵی (١٨٩٨)دا پێی وابو دەوڵەت دەبێت دادگایەکی گەورەبێت بۆ هێزە ئابورییە دژیەکەکانی وەکو سەرمایەدارو کرێکار کەگەرەنتی هەردووکیان بکاتو بەلای هیچیاندا داینەشکێنێ. رۆزڤڵت سوربوو لەسەر دروستکردنی کەناڵی پەنەما بەهۆی ستراتیژی نێوان ئەتلانتیكو باسیفیکەوە. خەلاتی نۆبڵی وەرگرت لەسەر هێورکردنەوەی جەنگی ڕووسو یابانیەکانو تـوانی رێککەوتننامەی شەرەف لەسەر کۆچکردن لەگەڵ یابانیەکان ببەستێت لەساڵی ١٩٠٩دا رۆزڤڵت گەشتێکی بۆ ئەفریقا بۆ راوکردن کرد. پاشان گەڕایەوە بۆ ناو سیاسەت لەساڵی ١٩١٢دا خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی لەکاتێکدا لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بوو لەلایەن توندڕەوێکەوە تەقەی لێکراو لەسنگیدا پێکرا. لەساڵی ١٩١٩دا کۆچی دوایی کردووە.

[٧٢] ..هەروەکو رۆزڤڵتی پێش خۆی، ویڵسون خۆی بەنوێنەری شەخسی خەڵك دەزانیو پێی وابوو کەس وەکو سەرۆك بەرژەوەندی وڵاتی ناوێت. پرۆگرامێکی چاکسازی گەشەسەندووی داناو بانگەوازی بەشداری ئەمریکای لەجەنگی جیهانی یەکەمدا کرد بەبانگکردنی جیهان بۆ"پارێزگاری لە دیموکراسی".

لە ١٨٥٦دا لەڤیرجینیا لەدایکبووەو لەپرینستۆن خوێندویەتیو پاشان لەزانکۆی ڤیرجینیای یاسای خوێندوە. وەکو کۆمارییەك لەساڵی ١٩٠٢دا بووە بەسەرۆکی زانکۆی پرینستۆن. لەساڵی ١٩١٠دا کرا بەحاکمی نیوجێرسی پاشان سەربەخۆی خۆی لەکۆمارییەکان راگەیاندو لەساڵی ١٩١٢دا وەکو دیموکراتێك هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتیو زۆر بایەخی بەباجو سیستمی بازرگانی داوەو کاتەکانی ئیشی دیاریکردووە دوای هەڵبژاردنەوەی بۆ جاری دووەم رایگەیاند کەئەمریکا ناتوانێ بێلایەن بێت لەجەنگی جیهانیدا، بۆیە لە ٢/ی ئەپرلی/ ١٩١٧دا داوای لەکۆنگرێس کرد بۆ بانگەوازی جەنگ دژی ئەڵمانیا.

دوای ئەوەی ئەڵمانەکان ئاگربەستێکیان لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨دا ئیمزا کرد ویڵسون چوو بۆ پاریس بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیەکی سەرتاسەریو دوای ئەو جەڵتەیەی لێیدا لەساڵی ١٩٢٤دا مرد.

[٧٣] ..حسین حمیدی نیا، آیالات متحدة أمریکا، دفترمطالعات سیاسیو بین المللی(وزارت امور خارجیه)، تهران، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی،١٣٨٢، ص ٥١٨

**١-٣-٤- قۆناغی چوارەمی خولی مۆدێرن (١٩٣٢ - ١٩٨٠):**

**بەسەركەوتنی (فرانكلین د. رۆزڤێلت)[٧٤] لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٣٢ دا چوارەمین خولی مۆدێرنی چالاكی حزبە سیاسییەكانی ئەمریكا دەستی پێكرد،[٧٥]چونكە تا ئەو دەمە (هربرت هۆفر)[٧٦] سەرۆكی ئەمریكا لەسەر لیستی حزبی كۆماریخواز حوكمڕانی**

---

[٧٤].. دوای ئەوەی لەڤولایی "كورتهێنانە ئابوریيە گەورەكەدا سەرۆكايەتی گرتە دەست، توانی متمانەی بۆ هاوڵاتیانی ئەمریكا بگەڕێنێتەوە. لە ساڵی (١٨٨٢)دا لەهاید پاركی نیویۆرك لەدایكبووە. زانكۆی هارڤاردی تەواو كردووە لەكۆلێژی یاسای كۆلۆمبیا خوێندویەتی. زۆر سەرسام بوو بەئامۆزاكەی، (تێۆدۆر د رۆزڤلت)ی سەرۆك. وەكو دیموكراتێك بۆ ئەنجومەنی پیرانی نیویۆرك لەساڵی (١٩١٠)دا هەڵبژێردرا ، سەرۆك ویڵسون وەكو سكرتێری یاریدەدەری هێزی دەریایی دابینا. لەساڵی (١٩٢٠)دا هەڵبژێردراوی جێگیری سەرۆك بوو.
لەساڵی (١٩٢١) كەتەمەنی (٣٩) ساڵ بوو توشی شەلەل بوو، بەڵام زۆر ئازایانە توانی تواناى قاچەكانی بگەڕێنێتەوەو لەساڵی (١٩٢٨)دا كرا بەحاكمی نیویۆرك. لەنۆڤەمبەری (١٩٣٢)دا بوو بەسەرۆكو توانی پلانێك جێبەجێكات بۆ كەمكردنەوەی بێكاریو بوژاندنەوەی بازرگانیو كشتوكاڵ، بەڵام نەیتوانی سیستمی بانك چاك بكات. بۆیە گومانكرا لەسەر توانای سەرۆك پاشان رۆزڤلت چاكسازییەكی كردو باجی قورسترى دانا لەسەر دەوڵەمەندەكانو بیمەی كۆمەڵایەتی بوژانەوەو كۆنترۆڵی بانكەكانی كرد. لەساڵی (١٩٣٦) دیسانەوە هەڵبژێردرایەوە بەسەرۆكو بڕیاریدا یاسایەك بۆ فراوانكردنی دادگای باڵا دابڕێژێ كەدەسەڵاتی جێبەجێكردنی پرۆگرامی (New deal)ی هەبوو.
رۆزڤلت سیاسەتی هاوكاری وڵاتانی دراوسێی بەكارهێناو یارمەتی ئەورووپییەكانی دەدا بۆ نموونە یارمەتی فەرەنساو (بەریتانیا)یدا لەكاتی تێكشكانیان لە(١٩٤٠)دا. كاتێك یابانیەكان هێرشیان كردە سەر پیرل هاربەر رۆزڤلت بانگەشەی جەنگی جیهانی كرد، لە(١٢)ی ئەپرێلی (١٩٤٥)دا مردووە.

[٧٥]..لارى الويتز، نظام الحكم فى الولايات المتحدة الامريكية رجاء سعيد عوض، الجمعية المصرية للنشر المعرفة والثقافة العالمية، الطبعة الاولى، قاهرة، ص٨١

[٧٦]..هێربەرت كلارك هۆڤەر وەكو ئەندازیارێكو كارگێڕێكو مرۆڤدۆستێك خزمەتێكی گشتی بێ وێنەی لەسەرۆكایەتییەكەیدا پیشاندا. لەساڵی ١٨٧٤ لەگوندی ئایاوا لەدایكبووەو لەئوریگۆن گەورە بووە. لەزانكۆی ستانفۆرد وەكو ئەندازیاری كانزایی دەرچووە. لەگەڵ لۆو هێنری خێزانیدا دەچێت بۆ چین بۆ كاركردن. لەساڵی ١٩٠٠دا لەلایەن (Boxer rebellion) گیرا. یەك هەفتە بەر لەوەی یادی چل ساڵەی بگێڕێت لە لەندەن. ئەڵمانیا بانگەوازی جەنگی دا دژی فەرەنساو ئەنجومەنی گشتی ئەمریكا داوای یارمەتی كرد بۆ گەڕانەوەی گەشتیارەكانی. بۆ ماوەی ٦ هەفتە كۆمیتەكەی یارمەتی (١٢) هەزار ئەمریكی دا بگەڕێنەوە بۆ وڵات. دوای ئەوە هۆڤەر ئەركێكی زەحمەتتری بەجێهێنا، ئەویش دانی خواردن بوو بە بەلجیكا كە لەلایەن هێزە ئەڵمانیەكانەوە داگیركرابوو.
دوای ئەوە ئەمریكا بەشداری جەنگی كرد، سەرۆك ویڵسن، هۆڤەری بە بەڕێوەبەری خواردن دەستنیشان كرد، دوای راگرتنی جەنگ، هۆڤەر ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئابوریو سەرۆكی ئیدارەی بوژاندنەوەی ئەمریكا

دەكردو ئەویش كەسێكی پارێزگار بوو لەهەڵوێستەكانیداو ئەو كورتهێنانەی ئابووری كە لەساڵی ١٩٢٩دا روویدا لەئەنجامی هەڵوێستە پارێزەرەكانیەوە بوو سەبارەت بەدەرنەكردنی یاسایەكی تەشریعی بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیەو ئەمەش وەكو كێشەیەكی زەق و بەرچاو لەلایەن رۆزفێڵتی پاڵێوراوی دیموكرتخوازەكانەوە قۆزرایەوەو ئەوەبوو رۆزفێڵت توانی سەركەوتن لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٣٢ بەدەست بهێنێت.[٧٧] رۆزڤێڵت بەسەركەوتووترین سەرۆكی ئەمریكی لەسەر لیستی دیموكراتخوازەكان دادەنرێت كە لەچوار خولی سەرۆكایەتیدا (١٩٣٢ – ١٩٤٥) هەڵبژێردرایەوەو توانی هاوپەیمانییەكی بەهێز لەنێوان كاتۆلیكو جولەكەو پارێزەرەكانی خواروو لەلایەكو لیبراڵەكانی باكوور لەلاكەی ترو دانیشتوانی شارو كارگەكانیش لەسێیەمین لاوە، دروست بكات.[٧٨]

---

دەستی بەناردنی یارمەتیو خواردن كرد بۆ ئەوروپای ناوەڕاستو لەساڵی ١٩٢١دا یارمەتییەكی زۆری روسیای دا. دوای سەركەوتنی لەخزمەتكردن وەكو وەزیری بازرگانی لەژێر سەركردایەتی هاردینگو كولیج، هۆڤەر بووە پاڵێوراوی كۆمارییەكان بۆ سەركردایەتی لەساڵی ١٩٢٨ سەرەڕای پەیماندانی بۆ بوژاندنەوەو رزگاركردنی ئەمریكا لەهەژاری، دوای چەند مانگێك لەهەڵبژاردنی وڵات توشی گرانی بازاڕو بێ هیواییەكی گەورە بوو.

دەنگدانەوەكەی ساڵی ١٩٣١ی ئەوروپا ئەزمەكانی قوڵتر كردەوە سەرەڕای ئەو پڕۆگرامەی سەرۆك پێشكەشی كۆنگرێسی كردو تیایدا داوای یارمەتی كرد بۆ دروستكردنی دامەزراوەیەك بۆ بنیاتنانەوەی دارایی تاوەكو یارمەتی بازرگانی بدات، یارمەتی زیاتر بۆ ئەو كشتیارانەی رەهنەكانیان لێ دەسەندرێتەوە، چاكسازی بانكی، قەرزدان بەویلایەتەكان بۆ یارمەتیدانی بێكاران، فراوانكردنی كاری گشتیو ئابورییەكی حوكمی سەختو توندوتیژ. بەرهەڵستكارەكانی لەكۆنگرێس كەهوڤەر پێی وابوو بەرنامەكەی بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بەكاردەهێنن هوڤەریان بەسەرۆكێكی دڵ رەق لەقەڵەمداو بەمەش بووە (بزنە گوناهبارەكە) بۆ دروستبوونی قاتو قڕی. لەساڵی ١٩٣٢دا زۆر خراپ دۆڕا. لەساڵانی سییەكاندا بوو بەرەخنەگرێكی بەرچاو لە (New deal).

لەساڵی ١٩٤٧دا سەرۆك تروسان، هۆڤەری بۆ كۆمیسیۆنێك دیاریكرد كە بەشەكانی جێبەجێكردن رێكبخاتەوە. هەروەها لەلایەن سەرۆك ئایزنهاوەرەوە لەساڵی (١٩٥٣)ەوە دیاری كرا بەسەرۆكی كۆمیسۆن. هوڤەر لەماوەی چەند ساڵێكدا چەندین پەرتوكو مەقالەی نووسی، لە ٢٠ /ئۆكتۆبەری/١٩٦٤ لەشاری نیویۆرك مرد.

٧٧ .. حسین حمیدی نیا، آیالات متحدة أمریکا، دفترمطالعات سیاسیو بین المللی(وزارت امور خارجیه)، تهران، مباحث كشورها و سازمانهای بین المللی، سنة ١٣٨٢، ص٥١٩

٧٨ ..لاری الویتز، نظام الحکم فی الولایات المتحدة الامریکیة رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٨١

**دوای جەنگی دووەمی جیهانی جارێکی تر کۆماریخوازەکان بەسەرۆکایەتی دوایت د. ئایزینهاوەر لەساڵی ١٩٥٣- ١٩٦١دا جڵەوی حوکمیان گرتە دەستو پاشان دیموکراتخواکان بۆ ماوەی ٣ خولی سەرۆکایەتی لەلایەن جۆن – ئیف کنێدی [٧٩] و لیندون ب. جۆنسون [٨٠]ەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتییان گرتەوە دەستو لەساڵی ١٩٦٩-١٩٧٧ کۆماریخوازەکان بۆ ٣**

---

[٧٩]..لە٢٩/ی ئایاری ١٩١٧دا لەبروکلین، ماساتشوستس لەدایکبووە لەساڵی (١٩٤٠)دا لەزانکۆی هارڤارد دەرچووەو لەشەڕی دژ بەیابانیەکاندا بەشداریکردووە. دوای گەڕانەوەی لەشەڕ بووە بەئەندامی کۆنگرێس لەناوچەی بۆستنو پاشان لەساڵی ١٩٥٣ دا وەکو ئەندامێکی دیموکراتەکان چووە ئەنجومەنی پیرانو خێزانەکەی ناوی جاکلین بوڤیەر بوو لەساڵی ١٩٥٥دا کتێبێکی دەرکرد بەناوی (Profiles in Courage) واتا "چەند ژیاننامەیەك لەئازایەتی" کەخەڵاتی پولێزەر (Pulitzer)ی لەمێژوودا بەدەستهێنا، لەساڵی ١٩٥٦ بۆ جێگری سەرۆکی دیموکراتەکان کاندیدکرا.

چوار ساڵ دوای ئەوە بووەتە کاندیدکراوی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکی ئەمریکاو بەهۆی مشتومڕە بەناوبانگەکەی لەگەڵ کاندیدی کۆمارییەکان ریچارد نیکسۆن (Richard M. Nixon)و بەرێژەیەکی کەم لەجیاوازی دەنگ بووە یەکەم سەرۆکی ئەمریکا بووە کەڕۆمان کاسۆلیکی مەزهەب بێت. کنێدی بەگەنجترین سەرۆك لەمێژووی ئەمریکادا دادەنرێتو گەنجترین سەرۆك بووە کەمردووە.

وتە بەناوبانگەکەی "داوا مەکە وڵاتەکەت دەتوانێ چی بۆ تۆ بکات، داوا بکە کەتۆ دەتوانی چی بۆ وڵاتەکەت بکەیت" بووە بەوتەیەکی لەبیرنەکراو. لەسەردەمی ئەمدا باری ئابوری وڵات ئاستێکی جێگیری هەبوو، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە یەکەم جاربوو ئاستی ئابوری وڵات بەو شێوەیە فراوانو جێگر ببێت. پێش مردنی پلانی دانا بۆ ئەو دەستانەی لەپشت بەردەوامی هەژاریو روتکردنەوەوەن.

یەکێك بوو لەو سەرۆکانەی بایەخی بەیەکسانی مافەکان دەداو ئەوە بوو داوای یاسادانانێکی نوێی بۆ مافە مەدەنییەکان کرد. هیواخواز بوو کەئەمریکا ئەو پێگەیەی خۆی بەدەست بێنێتەوە وەکو یەکەم نەتەوە کەخۆی تەرخان کردبێت بۆ شۆڕشی مافەکانی مرۆڤ بەبانگەوازکردن بۆ پێشکەوتنو بەرهەمەکانی ئاشتی ئایدیالیزمی ئەمریکایی هێنا بۆ یارمەتیدانی ئەو نەتەوانەی لەگەشەدان، بەڵام واقیعە تاڵەکەی بەرەنگاری کۆمونیست هەرمایەوە.

هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی رژێمی فیدڵ کاسترۆ شکستی هێنا. دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەرەشەی لەبەرلینی رۆژئاوا کرد کنێدی بە بەهێزکردنی بنکە سەربازییەکانی بەرلینو بەهێزی سوپای نیشتمانیو چەند هەواڵێك لەبۆشایی دەرەوەدا وەڵامی دایەوە، کنێدی کاریگەری بەرچاوی لەسەر سیاسەتو ستراتیژییەتی یەکیەتی سۆڤیەتو کوبا هەبووە، لەرۆژی ٢٢/ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٣ دوای نزیکەی تێپەڕبوونی هەزار رۆژ بەسەر سەرۆکایەتیەکەیدا کوژرا.

[٨٠]..لەیەکەم ساڵی سەرۆکایەتیدا، کۆمەڵگایەکی گەورە خەونی خۆییو هاوڕێکانی بوو. هەربۆیە پرۆگرامێکی تۆکمەی بۆ ئاسایشی وڵات داناو بەخێرایی پشتگیری لەخەباتی دژ بەکۆمیونیستەکانی ڤێتنام کرد. جۆنسن لە ٢٧/ی ئابی/ ١٩٠٨ لەتەکساسی ناوەند لەدایکبووە. بەهەژاری گەورە بووەو لەکۆلێژی مامۆستایانی ویلایەتی

خولی تر سەرۆکایەتیان گرتە دەستو پاشان دیموکراتخوازەکان لەساڵی ١٩٧٧ – ١٩٨١دا بەسەرۆکایەتی جیمی کارتەر[٨١] دەسەڵاتیان گرتە دەست.[٨٢]

---

تەکساس خوێندویەتیو وانەی بەمندالآنی هەژاری مەکسیکی وتوە، لەساڵی ١٩٣٧دا سەرکەوتوانە خۆی هەڵبژارد بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا بۆ ماوەیەکی کەم وەکو ملازم لەهێزی دەریایدا کاری کردوەو ئەستێرەی زیوی بردوەتەوە لەپاسیفیکی باشوردا. دوای ٦ ساڵ لەئەنجومەن هەڵبژێردرا بۆ ئەنجومەنی پیران لە ١٩٤٨دا لە ساڵی ١٩٥٣ بەگەنجترین سەرکردەی کەمایەتی لەمێژووی ئەنجومەنی پیراندا دانرا. لەساڵی ١٩٦٠دا خۆی هەڵبژارد شان بەشانی جۆن کنێدیو بەجێگر هەڵبژێردرا لە ٢٢/ی نۆڤەمبەر/ ١٩٦٣ کاتێ کنێدی تیرۆرکرا، جۆنسن وەکو سەرۆك سوێندی خوارد کارەکانی کنێدی تەواوکردو وەکو پرۆژە یاسای ماف مەدەنیو برینی باجو لەساڵی ١٩٦٤دا سەرۆکایەتی بەزیاتر (١٥,٠٠٠,٠٠٠) دەنگ زیاترلە رکابەرەکەی بردەوەو پرۆگرامەکەی بۆ کۆمەڵگا بریتی بوو لەیارمەتی خوێندن، بەرەنگار بوونەوەی نەخۆشی، بایەخی تەندروستی، نوێکردنەوەی شارەکان، جوانکردن، پاراستن، پێشخستنی ناوچە وێرانەکان، جەنگان دژی هەژاری کۆنتڕۆڵو بەرگرتن لەتاوانو لادان، لابردنی بەربەست بۆ دەنگدان. کۆنگرێس هەر زوو راسپاردەکانی پەسەندکردو لەسەردەمی ئەمدا دۆزینەوەیەکی بەرچاوی لەبۆشایی ئاسماندا بەدەستهێنا.

قەیرانی جیاوازی رەگەزی کێشەبوو لەبەردەمیداو کێشەیەکی دیکەش قەیرانەکانی ڤێتنام بوو. لە٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ لەتەکساس بەهۆی جەڵتەی دڵەوە مرد.

[٨١] .. جیمی کارتەر بەهیوای دروستکردنی حکومەتێك بوو کە "بەتواناو مرۆڤانە بێت" لەئاستی داخوازیو پێشبینییەکانی هاوڵاتیانی ئەمریکادا بێت. دەستکەوتی زۆر بەرچاوی بەدەستهێنا، بەلآم لەسەردەمی بەرزبوونەوەی نرخی وزەو سوتەمەنیو هەڵکێشانو هەڵاوسانی بەردەوامی گرژییەکان ئەستەم بوو ئیدارەکەی ئەوە بەدەستبهێنێ کەپێشبینی دەکرد.

کارتەر لە ١/ئۆکتۆبەری/١٩٢٤ لەپلەینس لەجۆرجیا لەدایکبوو. کشتکاری بستەو گفتوگۆی سیاسییانەو دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕە ئاینییەکەی کۆڵەکەی پەروەردەکردنی بوون. لە ١٩٤٦ لەئەکادیمیای دەریایی دەرچووە. دوای حەوت ساڵ لەخزمەت وەکو ئەفسەری دەریایی گەڕایەوە پلەینس. لەساڵی ١٩٦٢دا بەشداری سیاسەتەکانی ناوچەکەی کردو دوای هەشت ساڵ بەحاکمی جۆرجیا هەڵبژێردرا. بەهۆی بایەخدانی بەژینگەو تواناو کاریگەری حکومەتو لابردنی جیاوازییە رەگەزییەکانی توانی ببێتە جێی سەرنج. کارتەر کاندیدکردنی خۆی بۆ سەرۆکایەتی راگەیاند، لەدیسەمبەری ساڵی ١٩٧٤ەوە بۆ دوو ساڵ دەستی بەهەڵمەتی هەڵبژاردن کرد. لەکۆنگرەی دیموکراتەکاندا بەیەکەم هەڵبژاردن کاندیدکرا، سیناتۆر واڵتە مۆندالی بەجێگری خۆی دەست نیشان کرد. دوای مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ سەرۆك جیراڵد فۆرددا، کارتەر توانی بەکۆی ٢٩٧ دەنگ بەرامبەر ٢٤١دەنگ هەڵبژاردنەکە بباتەوە.

بەهۆی بایەخدانیەوە بەچارەسەکردنی هەڵاوسانی ئابوری توانی لەکۆتایی حوکمەکەیدا ٨ ملیۆن کار زیاد بکاتو کورتهێنانی بودجە کەمبکاتەوەو بەرهەمی نەتەوەیی زیاد بکات.

بەلآم هەڵئاوسانو رێژەی سوو هەر لەبەرزبوونەوەدا بوونو هەوڵەکانیش بۆ کەمکردنەوەیان بووە هۆی بێ بازاڕیو گەڕانەوە بەرەو دواوە.

### ١-٣-٥- قۆناغی پێنجەمی خولی مۆدێرن لەساڵی ١٩٨٠ هەتا ئێستا :

سالآنی هەشتاكان حكومەتێكی دابەشبووی بەخۆیەوە بینی، چونكە حزبی كۆماریخواز توانیبووی دەسەلآتی سەرۆكایەتی لەسالآنی ١٩٨١ — ١٩٩٣ لەلایەن رۆنالد ریگان[٨٣] و جۆرج

كارتەر توانی چەند دەستكەوتێك لەكاروبارە خۆماڵییەكاندا بەدەستبهێنێت. توانی كێشەكان چارەسەر بكات. توانی لەرێگەی خزمەتگوزاری مەدەنییەوە یارمەتی هاولآتیان بدات. وەزارەتێكی بۆ خوێندن دانا. لەسەردەمی ئەمدا ژمارەیەكی پێوانەیی لەژنو رەشەكانو هیسپانییەكانی بۆ كاركردن لەحكومەتدا تۆماركران. لەكاروبارەكانی دەرەوەدا توانی پەیوەندی ئاشتیانە لەنێوانی میسرو ئیسرائیلدا دروستبكات. توانی رێككەوتنامەیەك لەسەر كەناڵی پەنەما بەدەستبهێنێتو پەیوەندی فول دیپلۆماتی لەگەڵ كۆماری خەڵكی چیندا دروست بكات. وتوێژەكانی لەسەر (SALT١١) لەبارەی سنوردانی چەكی ناوەكی یەكێتی سۆڤیەت تەواو كرد. دوای بەبارمتەگرتنی ستافی سەفارەتی ئەمریكی لەئێرانو بەرنەدانیانو بەردەوامبوونی هەڵئاوسان لەولآتدا بووە هۆی دۆڕانی كارتەر لەساڵی ١٩٨٠دا. لەو رۆژەدا كەئێران ٥٢ ئەمریكییەكەی ئازاد كرد كارتەر سەرۆكایەتی بەجێهێشت.

[٨٢] ..لاری الویتز، نظام الحكم فی الولایات المتحدة الامریكیة، رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٨١

[٨٣] ..دوای بەسەربردنی دوو خولی سەرۆكایەتی، ریگان قایل بوو بەو دەستكەوتانەی بەدەستیهێنابوو. لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا پەیمانیدا بەگەڕانەوەی "گەشبینیو باوەڕبەخۆبوونو پێشكەوتن بۆ هاولآتیانی ئەمریكا" ریگان شۆڕشێكی نوێكردنەوەی دەستپێكرد كەناسراوە بە "شۆڕشی ریگان" كەمەبەست لێی كەمكردنەوەی پشتبەستنی هاولآتیان بەحكومەتو چالاككردنی هاولآتیان بوو.

رۆناڵد ریگان لە ٦/ی شوباتی ساڵی ١٩١١ لەتامپیكۆ — ئیلینۆی لەدایكبووە. ئامادەیی لەدیكسرنو لەكۆلێژی (ئیورێكا Eureka)خوێندویەتی. زانستی ئابووریو كۆمەڵناسی خوێندوە، لەتیپی تۆپی پێ یاری كردوەو كاری نواندنی لەخوێندنگە كردووەو دوای دەرچون لەزانكۆ وەكو بێژەری وەرزشی لەرادیۆ كاری كردووە. لەساڵی ١٩٣٧دا بۆندێكی لەگەڵ هۆلیوددا بەستو لە (٥٣) فیلمدا بەشداری كردووە.

وەكو سەرۆكی یەكێتی ئەكتەرانی كرێكاران، رێگان لەمشتومڕێكدا تێوەگلا سەبارەت بەكێشەی كۆمۆنیزم لەپیشەسازی فیلمدا، ئەمەش وایكرد بۆچوونی سیاسی لەلیبراڵەوە بۆ پارێزگار بگۆڕێتو وەكو قسەكەرێك بۆ كۆنسێرڤەتیزم بۆ تەواوی تەلەفزیۆنەكانی ولآت لەساڵی ١٩٦٦دا بانگهێشت كرا. وەكو حاكمی كالیفۆرنیا هەڵبژێردرا بەجیاوازی ١ملیۆن دەنگو لەساڵی ١٩٧٠دا دیسانەوە هەڵبژێردرایەوە، رۆناڵد ریگان هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی كۆمارییەكانی بردەوە لەساڵی ١٩٨٠دا. بەهۆی ئێرانەوە بلیتی كۆمارییەكان بۆ سەرۆكایەتی سەری گرتو رێگان (٤٨٩) دەنگی هێناو جیمی كارتەر (٤٩) دەنگی بەدەستهێنا.

لە(٢٠/ی كانونی دووەم/ ١٩٨١)دا ریگان هەڵبژێردرا بەسەرۆك تەنها دوای ٦٩ رۆژ لەهەولێكی كوشتندا تەقەی لێكرا، بەلآم زوو چاك بویەوەو دەستی بەكاركردەوە، بەهۆی مامەڵەی وریاییانەی لەگەڵ كۆنگرێس توانی یاسایەك دارێژێت بۆ بوژاندنەوەی گەشەی ئابوری، زیادكردنی كارو بەهێزكردنی بەرگری نیشتمانی كۆرسێكی

**هربرت بۆش[٨٤] ەوە بگرێتە دەست کەدەکاتە سێ خولی یەك لەدوای یەکی سەرۆکایەتی. لەبەرامبەریشدا دیموکراتخوازەکان ئەنجومەنی نوێنەرانیان کۆنترۆڵ کردبوو،[٨٥] بەڵام دواتر لەلایەن دیموکراتخوازەکانەوە بۆ دوو خولی سەرۆکایەتی لەماوەی نێوان ساڵانی**

---

برینی باجی بەرپا کرد، ئەمانە هەموو بوونە هۆی دوبارە هەڵبژاردنەوەی ریگانو بوش لەخولی هەڵبژاردنی دووەمیاندا بەرێژەیەك کەپێشتر رێژەی وا نەبینرابوو.

لەساڵی ١٩٨٦دا ریگان چاکسازییەکی لەیاسای باجی داهاتدا کردو ملیۆنەها هاولاتی لەداهاتی کەم رزگارکرد، لەکۆتایی سەرۆکایەتیەکەیدا گەلی ئەمریکا لەوپەڕی ئاشتیو خۆشگوزەرانیدا دەژیان. ریگان باوەڕی بە بەدەستهێنانی (ذاتی) بوو لەرێگەی هێزەوە. چەند جارێك لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت میخایل گۆرباچۆڤ کۆبوەوەو جەنگی دژی تیرۆریزمی جیهانی بەرپاکردو بەتایبەتی چەکە ناوەکیەکانی لیبیا. پشتگری یاخیبوە دژە کۆمیونیستەکانی لەئەمریکای ناوەندو ئاسیاو ئەفریقا کردو نەوتی لەکەنداوی فارسدا بە بەلاش دەستکەوت.

٨٤ ..جۆرج بۆشی باوك ئەو سەرۆکەی ئەمریکا بوو کەبەها ترادیسیۆنە ئەمریکیەکانی هێنا بۆ کۆشکی سپی تا وابکات ئەمریکا بەخشندەترین گەلی دنیابن. لە ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٤ لەمیلتۆن ماساشۆستس لەدایك بووە. لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا بەشداری سوپای کردووە.

گەنجترین فرۆکەوانی هێزی دەریایی بووە کە٥٨جار لەجەنگی جیهانی دووەمدا بەفرۆکەکەی هەڵساوە بۆ هێرشکردنو لەلایەن یابانیەکانەوە خراوەتە خوارەوە، دواتر هێزی دەریایی ئەمریکا رزگاری دەکەن. مەدالیای ئازایەتی پێبەخشراوە. پاشان بایەخی داوە بەخوێندنو خێزانەکەی، لەزانکۆی یاڵ دەستی بەخوێندنو وەرزش کردو کاپتنی تیمی بەیس بۆڵ بووە، دوای تەواکردنی خوێندن دەستی بەپیشەسازی نەوت لەرۆژئاوای تەکساس کردوە، پاشان دەستی کرد بەخزمەتی گشتیو سیاسەت. بۆ دوو خول وەکو نوێنەری کۆنگرێس لەتەکساس خزمەتی کردوە دواجار خۆی بۆ سیناتۆر هەڵبژاردووە. لەماوەی ژیانیدا چەندەها پۆستی گەورەی پێبەخشراوە.

لە ١٩٨٠دا خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی وەکو کۆمارییەك نەیتوانی سەرکەوێ، بەڵام کرا بەجێگری سەرۆك رۆناڵد ریگان. لەساڵی ١٩٨٨دا خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژاردو سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەکاتی سەرۆکایەتیدا توشی چەندین گۆڕانی دراماتیکی بوە لەوانە کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو ئیمپراتۆریەتی کۆمیونیستەکان تێکشکاو دیواری بەرلین ڕوخا، گۆرباچۆڤ کە بوش پشتگیری دەکرد وازی هێنا، بەڵام بوش سور بوو لەسەر دیموکراسیو یارمەتی دانی گروپێك لەگەلە نوێکان.

گەورەترین تاقیکردنەوەش ئەو کاتە بوو کە سەدام کوەیتی داگیرکردو دوای ناردنی (٤٢٥,٠٠٠) سەرباز بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتوەکان توانی کوەیت سەربەخۆ بکاتەوە. سەرەڕای بەجەماوەر بوون بەڵام بەهۆی کورت هێنانی ئابورییەوە لەساڵی ١٩٩٢دا نەیتوانی دووبارە هەڵبژێردرێتەوە بەرامبەر بەویلیام کلینتۆن.

٨٥ .. بڕوانە الولايات المتحدة، انتخابات. الرؤساء الامريكيون – من عام ١٧٨٩ حتى الان – وزارة الخارجية الامريكية – مكتب الاعلام الخارجي، ص٤ وێب سایتی **www.usinfo.state.com**

**١٩٩٣ – ٢٠٠١ ویلیام کلنتۆن[٨٦] سەرخرا بۆ پۆستی سەرۆکایەتیو ئێستاش جۆرج واکەر بوش[٨٧] ی کوڕی جۆرج هربرت بوش کە بەدووەمین سەرۆکی ئەمریکی دادەنرێت دوای**

---

[٨٦] ..یەکەم سەرۆکی دیموکراتەکان بووە دوای فرانکلین رۆزفێلت کەدوو خوول سەرۆك بێت. لەسەردەمی ئەمدا نزمترین رێژەی بێکاری، نزمترین هەڵاوسان لە(٣٠) ساڵی رابردوودا، بەرزترین خاوەنداڕێتی لەمێژووی وڵاتدا، نزمبوونەوەی رێژەی تاوان لەزۆرێك لەشوێنەکان سیمای سەرۆکایەتییەکەی بوو. یەکەم بودجەی یەکسانی پێشنیار کرد لەماوەی ئەو دەهەیەداو وەك بەشێك لەو پلانەی بۆ سەدەی نوێی ٢٠٠٠ داینابوو، کلینتۆن داوای دەستپێشکەرییەکی گەورەی نەتەوەیی کرد بۆ کۆتاییهێنان بەجیاوازی نەژادیو رەگەزی .

دوای سەرکەوتنی لەساڵی دووەمیدا لەبەرنامەیەکی گەورە بۆ چاکسازیو بایەخی تەندروستی، کلینتۆن جەختی کردە سەر خوێندنو پاراستنی کاری دایكو باوکان کەدەبێت چاودێری منداڵە نەخۆشەکانیان بکەنو بۆ راگرتن لەفرۆشتنی چەکی دەستی بۆ بەهێزکردنی یاسا ژینگەییەکان.

کلینتۆن لە (١٩)ی ئابی ١٩٤٦ لەهۆپ- ئەرکنساس ٣ مانگ دوای مردنی باوکی لەدایکبووە. ژەنیاری سەکسۆفۆن بوو. لەزانکۆی جۆرج تاون دەرچووەو لەساڵی (١٩٦٨) زەمالەی بەدەستهێنا بۆ خوێندن لەزانکۆی ئۆکسفۆرد. بڕوانامەی یاسای لەزانکۆی یاڵ وەرگرت لەساڵی ١٩٧٣و بەشداری سیاسەتی کرد لەئارکەنساس. لەیەکەم هەڵمەتیدا بۆ کۆنگرێس دۆڕا. کلینتۆن بەداواکاری گشتی ئارکنساس لە١٩٧٦دا هەڵبژێردرا. دوای چەند پۆستێکی تر هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی وەکو دیموکراتێك دژی جۆرج بوش. کلینتۆنو سیناتۆری تێنێسی ئەلبێرت گۆڕی بچوك کە ٢٤ساڵ بوو ئەوکاتە نوێنەرایەتی جیلێکی نوێیان دەکرد لەسیاسەتی سەرکردایەتی ئەمریکا. بۆ یەکەمجار لە(١٢)ساڵدا هەردوو کۆنگرێسو کۆشکی سپی لەلایەن یەك پارتەوە بەڕێوە دەچوو. بەڵام ئەمە زوو کۆتایی پێهات تا ١٩٩٤ی خایاند. بەهۆی پەیوەندییەکی کلینتۆن لەگەڵ ژنێکی گەنجدا بووە دووەم سەرۆکی ئەمریکا کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە تۆمەتبار بکرێت.

[٨٧] .. جۆرج دەبلیو بۆش: جۆرج بوش ٤٣هەمین سەرۆکی ئەمریکایە لە( ٢٠- کانوونی دووەم – ٢٠٠٠ )ەوە سەرۆکە. سەرۆك بوش بۆ شەش ساڵ وەکو (٤٦)ەمین حاکمی تەکساس خزمەتی کردوە. لە ٦-تەموز- ١٩٤٦ لەهۆستن لەتەکساس لەدایکبووە. لەساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆی یاڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەمێژوودا وەرگرتووە. لەهێزی ئاسمانی (F-١٠٢)ی گاردی نیشتمانی وەکو فڕۆکەوان خزمەتی کردووە، لەساڵی ١٩٧٥ ماستەری لەکارگێڕیو بازرگانی لەزانکۆی هارڤارد وەرگرتووە، بۆ تەواوکردنی هەڵمەتەکەی باوکی خۆی خزاندە کاری سیاسیەوەو لەساڵی ١٩٩٤ بووە یەکەم حاکم لەمێژووی تەکساسدا کە بۆ دووخول هەڵبژێردرێتەوە. لە ١٩٩٨دا لەو کاتەوەی بووە سەرۆك لەگەڵ کۆنگرێس کاری کردوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خاوەنداڕێتیو بنیاتنانی داهاتووی ئاسایشو خۆشگوزەرانیو دەرفەت بۆ هەمووان. بڕیاری دا بەکەمکردنەوەی باجو چاکسازییەکی گشتگیر لەپرۆگرامی خوێندنداو گەشەسەندنی بایەخی تەندروستیو زیادکردنی خاوەنماڵێتی بەتایبەتی لەنێو کەمایەتیەکانداو پارزگاری لەژینگەو زیادکردنی هێزی سەربازیو موچە.

باوکی بووبێتە سەرۆك نوێنەرایەتی کۆماریخوازەکان دەکات لەم پۆستەیداو دوای دوو خولی یەك لەدوای یەکی بیڵ کلنتۆن ئەمیش بۆ ماوەی دوو خولە سەرۆکایەتی وڵاتەکە دەکات. [88]

### ٢- ناساندنی پارتە سیاسییەکان

### ٢-١- گەورەترین دوو پارتی سیاسی ئەمریکی

### ٢-١-١- حزبی دیموکرات

ئەم حزبە یەکێکە لەدوو حزبە دەسەڵاتدارو بەهێزەکەی ئەمریکا. پێشینەی ئەم حزبە دەگەڕێتەوە بۆ حزبی "کۆماریخواز – دیموکرات"( Democratic – Republican Party) لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا. حزبی (کۆماریخواز- دیموکرات) بۆ کێبڕکێ لەبەرامبەر "حزبی فیدراڵیست"(Federalist Party ) لەساڵی ١٧٩٣ بەدەستی "تۆماس جێفرسۆن (Thomas Jefferson)و "جیمز مادیسۆن (JamesMadison)[89]دامەزرا.

---

هەر لەدوای ١١-سێپتەمبەری- ٢٠٠١ەکەوە سەرۆك بوش هەنگاوی چاوەڕواننەکراوی گرتۆتە بەر بۆ پاراستنی وڵاتەکەو زۆر ئازایەتی ژنو پیاوە سەربازەکانی ئەمریکا دەنرخێنێت. باوەڕی وایە بەپێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی دیکە وڵاتی ئەمریکا پارێزراوتر دەبێت.

[88] .. لاری الويتز، نظام الحكم فی الولايات المتحدة الامريكية، رجاء سعيد عوض، الجمعية المصرية للنشر المعرفة والثقافة العالمية، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٨٢

[89] ..مادیسۆن لە١٧٥١ لەدایکبووەو لەشاری پرتەڤاڵ ڤێرجینیا گەورە بوو. لەکۆلێژی پرینستۆن خوێندوویەتی. خوێندکاری مێژووی حکومەت بوو، زانیاری باشی لەسەر یاسا هەبووەو بەشداری دانانی دەستووری ڤێرجینیای لەساڵی ١٧٧٦دا کردووە. رۆڵی زۆری بینیوە لەنوسینەوەی دەستووردا بەشێوەیەك بەباوکی دەستوور ناسرابوو. لەکۆنگرێسدا یارمەتی دانانی پرۆژە یاسای مافەکانی داوە. بەهۆی سەرکردایەتییەکەیەوە دژایەتی پرۆژە داراییەکەی هامیلتۆنی کردووەو بووە بەهۆی گەشەسەندنی پارتی کۆمارییەکان یاخود جێفەرسۆنییەکان. وەکو وەزیری دەرەوەی سەرۆك جێفەرسۆن، مادیسۆن بەرەنگاری بەریتانیاو فەرەنسا بوویەوە لەوەدا کەکەشتییەکانی ئەمریکایان گرتبوو بەدژی یاسای نێودەوڵەتی لەقەڵەمیدانو ئەم بەرهەڵستییەش زۆر کاریگەری هەبووە. سەرەڕای یاسای قەدەغەکردن (embargo)ی ساڵی ١٨٠٧ کە بووە بەهۆی خەمێکی گەورە لەئەمریکادا، لەساڵی ١٨٠٨دا مادیسۆن بەسەرۆك هەڵبژێردراو پێش دەست بەکاربوونی یاساکە هەموار کرابوو. لەماوەی سەرۆکایەتیدا بازرگانی لەگەڵ هەردوو بەریتانیاو فەرەنسا قەدەغەکرابوو، بەڵام لەساڵی ١٨١٠دا کۆنگرێس بڕیاریدا ئەگەر ئەو دووانە رەزامەند بوون لەسەر بۆچوونی بێلایەنانەی ئەمریکا لەسەر مافەکان ئەوا بازرگانی لەگەڵیاندا رێگە

لایەنگرانی ئەو حزبە خۆیانیان بە"کۆماریخواز" دەناساند تا پشتیوانیو پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕشی فەرەنسا رابگەیەنن. وشەی دیموکرات پاشکۆیەك بوو وەکو سیمبولێك بۆ خاکیبوونو دیموکراسی بوونی پارتەکە. ئەو حزبە خوازیاری سنووردارکردنی هێزی حکومەتی فیدراڵ بوو بەمەبەستی پاراستنی ئازادییەکانی تاك. هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی "ئەندرۆ جاکسۆن"[(٩٠)] لەساڵی ١٨١٨ وشەی کۆماریخواز لەسەر ئەو حزبە لابراو ئەو حزبە بەناوی رەسمی "حزبی دیموکرات" چالاکییەکانی لەگۆڕەپانی سیاسی ئەمریکادا دەستپێکرد. لایەنگرانی ئەو حزبە زیاتر لەخەڵکی جوتیاری بورژواو موڵکداری کەم داهاتو چینی مامناوەند بوون کە بەهۆی ئامانجی "دیموکراسی هاوبەش"ی جیفرسۆنەوە هاتبوونە ناو ئەو حزبەوە.[(٩١)]

لەساڵی ١٩٢٨ بەدواوە حزبی دیموکرات گیانێکی تازەی بەبەرداکراو پێگەی حزبەکە لەنێوان چینو توێژە جۆراوجۆرەکاندا پەرەی سەندو بەهۆی ئەوەی کەجاکسۆن لەباشورو لەبنەماڵەیەکی هەژاری گوندنشیندا لەدایکبوو بوو، بەتوندی لایەنگری ئازادییەکانی تاك بوو. هەر بۆیە حزبی دیموکرات وردە وردە لەویلایەتەکانی باشورو باشوری رۆژئاوادا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

حزبی دیموکرات، سەرنجی گروپە تازەکانی ئیرلەنداو ئیتاڵیاو ئایینەکانی کاسۆلیكو جوولەکەی بۆ لای خۆی راکێشاو بەو شێوازە توانی پێگەیەکی بەهێزی نوێ لەباکووردا دروست بکات. ئەو کارە بەهەڵبژاردنی فرانکلین د. رۆزڤێلت لەساڵەکانی دەیەی ١٩٣٠

---

پێدراوەو فەرەنسییەکان رەزامەند بوون. لەکۆتایی ١٨١٠دا مادیسۆن بانگەوازی بازرگانی نەکردنی لەگەڵ بەریتانیادا کردوو لەکۆنگرێس کۆمەڵێك فشاریان خستە سەر کەهێزی سەربازی بەکاربهێنێت.
لەحوزەیرانی ١٨١٢ داوای لەکۆنگرێس کرد بانگەوازی جەنگ بکات. نەتەوە گەنجەکە خۆی بۆ شەڕ ئامادە نەکردبوو، هێزەکانی تێکشکاو بەریتانیا چوونە ناو واشنتۆنەوەو کۆشکی سپییان سوتاندو ئاگریان لەبینای پەرلەمان بەردا.

[٩٠] ..بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٥٧

[٩١] .. لاری الویتز، نظام الحکم فی الولایات المتحدة الامریکیة رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٨١

بەهێزتربوو و "بەرنامەی نوێ " (New Deal)[٩٢] ی خستە بەردەست بۆ باشترکردنی ئابووریو بەلاوەنانی کێشە ئابوورییەکان. ئەم بەرنامەیە لەپێناو چاککرنی تەنگەتاوی ئابووری خەڵکی هەژارو بێ دەرامەتو پیرو پەککەوتەو بێ کارەکان بوو، چەند بنەمایەکی دانا لەسەر چالاکی ئابووری تایبەتو بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتییەکانی کارو سەندیکاو جوتیارانو کۆمەڵێك لەدەستەبژێری رۆشنبیری سپی پێستەکان پشتیوانییان لێکردو بەمەش پارتی دیموکرات توانی بۆ ماوەی سێ یەکی سەدەیەك سەرۆکایەتی لەدەستدا بمێنێتەوەو نیو سەدەش کۆنگرێسی بەدەستەوە بێت.[٩٣] هەروەها لەماوەی سیو شەشساڵدا (١٩٦٨ – ١٩٨٨)، دیموکراتەکان وەکو "سیاسەتمەدارە تەکنیکییەکان" توانیان سەربکەون. دیموکراتەکان بوونە لایەنگری کرێکارانو پشتیوانی حکومەتی هەرێمەکان.

حزبی دیموکرات لەپێنج گروپی گەورە پێکهاتووە. کۆبەندی دیموکراتە پارێزگارەکان(conservative democratic forum)(CDF) یەکێکە لەو گروپانە کەرۆحیەتێکی موحافزکاری باشووری تێدایە. گروپێکی تر بەرەیەکە لەلیبراڵەکانی باکوور، سەبارەت بەمەسەلەکانی بەرگری میانڕەونو لەمەسەلەی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا پشتیوانی دەستێوەردان بەشێوازی بەرنامەی نوێ (New Deal) پەسەند دەکەنو بە (American for Democratic Action) (ADA) دەناسرێن. گروپێکی تر بەناوی حزبی "دیموکراتی- جووتیار- کرێکار"ی مینەسوتا ناسراون کەلیبراڵە رادیکاڵەکانی ویلایەتە (جووتیاری – پیشەسازی)یەکانی رۆژئاوای میانڕەون. گروپێکی تر "دیموکراتەکانی بەرگری" لایەنگری "ترۆمن"ن. دواین گروپ

---

[٩٢] .. New Deal بەڵگەنامەی نوێ، بەرنامەیەك بوو لەساڵی ١٩٣٣دا سەرۆك فراكلین د. رۆزفێڵت خستیە بەرکارو بەهۆیەوە هەوڵی دا دوای ئەو کورتهێنانە گەورەیەی ئابووری کە لەساڵی ١٩٢٩ ئەمریکای گرتەوەو بەهۆیەوە ئاستی مامەڵەی بازرگانیو نرخی دراو شکستی گەورەی بەخۆوە بینی، بەو هۆیەوە ٤ ساڵ دوای ئەو کورتهێنانە رۆزفێڵت هەوڵی دا لەکاریگەری ئەو دارمانە گەورەیەی ئابووری کەمبکاتەوە ئەم بەرنامەیەی بۆ دەستەبەر کردنی کار بۆ بێکارانو بەرزکردنەوەی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانو جێگیرکردنی نرخی دراوو بارودۆخی بانکەکان، دانا.

[٩٣] ..ڤیان مەجید، سیستمەکانی هەڵبژاردنو پرەنسیپەکانی دەنگدان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو وشیاری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، سلێمانی ، ل١٣٢

لەئاراستەی سەرەکی حزبە، بەڵام دوور لەکۆنگرەیەو بەگروپی لیبراڵی ناسراون کە "جسی جەکسۆن" سەرۆکایەتی دەکات کەئەمیش کەسایەتییەکی چالاکی رەش پێستەو هەوڵدەدات ئیئتلافێکی نویٚ لەهەندێك کەمینەی کۆمەڵایەتی وەکو رەشەکانو بەرەچەڵەك ئیسپانییەکانو لایەنگرانی مافی ژنانو خوێندکارانو لایەنگرانی ئاشتیو لیبراڵەکانی دانیشتوی شارو دیٚ پێکبێنێت.[٩٤] بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەم پارتە بووە بەسێبەرێك بۆ سەرجەم ئەو پارتانەی لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤو مافەکانی ژنانو یەکسانیخوازەکانو مافەکانی ژنان لەمناڵ لەباربردنو سەرکردەکانیان دژ بەجەنگی ڤێتنام وەستانەوەو بەمەش توانی هێزو گورێکی تر بداتە خۆیو لەسەر ئاستی دەرەوەش لەراستیدا کارێکی ئاسان نییە جیاکاری کردن لەنێوان سیاسەتی ئەم پارتەو سیاسەتی کۆماریخوازەکاندا، بەڵام دەکرێت بڵێین پارتی دیموکراتی ئەمریکی زیاتر جەخت لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی سەربازیو سنوردارکردنی دەستێوەردانی ئەمریکا لەکاروباری جیهانەوە دەکاتو تا ساڵی ١٩٨٤ رێژەی ٤٤٪ی دەنگدەرانی ئەمریکا خۆیان بەدیموکرات دادەناو ٩٠٪ی رەش پێستەکانیش دەنگیان بەپاڵێوراوانی دیموکراتەکان دەدا ئەمە سەرباری کاتۆلیكو جولەکەو خەڵکە فەقیرو هەژارەکە.[٩٥]

### ٢-١-٢- حزبی کۆماریخواز:

هەرچەند وەك پارتێك بۆ بەگژاچوونەوەی کۆیلایەتی دروستبوو، بەڵام دواتر بووە پارتی سەرمایەدارو خاوەن کارگەکانی باکووری وڵاتو توانی لەماوەی نێوان ١٨٤١ – ١٩٣١دا هەردوو پۆستی سەرۆکایەتیو کۆنگرێسی لەدەستدا بمێنێتەوەو دوای ئەوەی تەنگەتاوی ئابووری جیهانی گرتەوە بەرادەیەکی بەرچاو پوکایەوە.[٩٦]

ئەم حزبە لەبنەماوە حزبی ویلایەتە پیشەسازیو دەوڵەمەندەکانی باکوورو سەرکەوتووی شەڕی ناوخۆیی بوو، پشتگیری لادێییەکانو شارە بچوکەکانی رۆژئاوای

---

[٩٤] .. حسین حمیدی نیا، آیالات متحدة أمریکا، دفترمطالعات سیاسیو بین المللی (وزارت امور خارجیه)، تهران، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی، ١٣٨٢، ص٧٣-٧٤

[٩٥] .. ڤیان مەجید، سیستمەکانی هەڵبژاردنو پرەنسیپەکانی دەنگدان ، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو وشیاری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، سلێمانی ، ل١٣٢-١٣٣

[٩٦] ..هەمان سەرچاوە ل١٣٢

ناوەڕاست کەپرۆتستانت مەزهەبن، هەروەها پشتیوانی ویلایەتەکانی کەناری ئۆقیانووسی ئارام – یان بەدەستهێناو بەو شێوەیە حزبێکی بەهێزی هاوپەیمانیان پێکهێنا. حزبی کۆماریخواز لەکاتی دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٨٥٤ تا سەرەتای دەیەی ١٩٣٠ بەتاکە حزبی پێشەنگی ئەمریکا دەژمێردرێت بە شێوازێك کە لەماوەی ٧٠ ساڵدا (دوای ساڵی ١٨٦٠) لەنێوان پانزە سەرۆك کۆماردا، سیانزەیان لەحزبی کۆماریخواز بوون. "شۆڕشی رۆزڤێلت" بووە هۆی ئەوەی حزبی کۆماریخواز بۆ ماوەی دوو دەیەی ١٩٣٠و ١٩٤٠ لەسەرانسەری ئەمریکادا کەمینە بێت، بەڵام بەسەرکردایەتی ئایزنهاوەر،[٩٧] ئەو حزبە چاکسازی کۆمەڵایەتیو ئابووری پەسەندکردو توانی بۆ دوو دەورەی دوا بەدوای یەك پۆستی سەرۆك کۆمار بەدەستبهێنێت. دەیەی شەست دەیەی پاشەکشەی حزبی کۆماریخواز لە بەرامبەر دیموکراتەکاندا بوو، بەڵام دەیەی هەفتاو هەشتا دەیەی کۆماریخوازەکان بوو، بەتایبەت نیکسۆن[٩٨] و ریگان وەکو دوو سەرۆك کۆمار لەحزبی

---

[٩٧] ..بەلێهاتوییەکەی وەکو سەرکردەی گشتی هێزە سەرکەوتوەکان لەئەورووپا لەسەردەمی جەنگی دووەمدا ئایزنهاوەر ئاگر برێکی لەگەڵ کۆریا بەدەستخستو لەماوەی دوو خولی سەرۆکایەتییەکەیدا هەوڵیداوە بۆ ئاساییکردنەوەی گرژییەکانی جەنگی سارد. دوای ستراتیژە میانڕەوەکانی کۆمارییە مۆدێرنەکان کەوتبوو.

لە١٨٩٠ لەتەکساس لەدایکبووەو چەندەها پلەی سەربازی گەورەی وەرگرتووە. دوای جەنگ بووە بەسەرۆکی زانکۆی کۆلۆمبیاو پاشان بووە بەکۆماندەری باڵا لەهێزی نوێی ناتۆ. لەساڵی ١٩٥١داو لەساڵی ١٩٥٢دا هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی. دوای مردنی ستالین لەروسیا پەیوەندییەکانی گۆڕانی بەسەردا هات کاتێ روسیاو ئەمریکا لەدروستکردنی چەکی هایدرۆجینیدا بوون، ئایزنهاوەر توانی رێکەوتنێك لەگەڵ سەرۆکی روسیا پێك بهێنێت تاکو زانیارییەکانو وێنە هەواییەکان ئاڵوگۆڕبکەنو دەرەنجامی ئەمەش گرژییەکان کەمبوونەوە.

لەسێپتەمبەری ساڵی ١٩٥٥دا جەڵتە لێیدا، بەڵام بەهۆی چاکبونەوەی لەنۆڤەمبەری ١٩٥٦دا هەڵبژێردرایەوە بەسەرۆك. لەسیاسەتی ناوخۆیدا بایەخی بەجیاوازینەکردنی رەگەزەکان لەقوتابخانەو هێزی سەربازیدا داوە "نابێت چینی دووەمی هاولاتیان لەم ولاتەدا هەبێت" پێش لاچونی لەسەرۆکایەتی جەختی لەسەر هێشتنەوەی سوپایەکی بەهێز کردۆتەوە، لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٦١دا سەرۆکایەتی بەجێهێشتوەو گەڕاوەتەوە کێڵگەکەی خۆیو لەئازاری (١٩٦٩)دا مردووە.

[٩٨] .. ریچارد ئێم نیکسۆن: ئاشتبوونەوە یەکەم ئامانجی سەرۆك نیکسۆن بوو. بەهۆی ئاژاوەی شارەکانو شەڕی دەرەوە ولات بەتەواوی دابەش ببوو. لەماوەی سەرکردایەتیدا نیکسۆن سەرکەوتوو بوو لەکۆتایی هێنان بەجەنگی ڤێتنامو پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ روسیاو چین. بەڵام بەهۆی کردەوە ئابڕووبەرەکەی واتەرگەیتەوە دابەشبونێکی دیکە لەوڵاتدا کەوتەوەو سەری کێشا بۆ وازهێنانی نیکسۆن.

کۆماریخواز توانیان سەرکەوتنی باش لەسیاسەتی دەرەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستبهێنن.[٩٩] چونکە لەسەردەمی رۆنالد ریگاندا پارتەکە چالاکیو توانستەکانی بوژایەوەو هەمیشە لەمەسەلەکانی تایبەت بەبواری کۆمەڵایەتیو ئابووریدا شانبەشانی پارتی دیموکرات بووەو بەدرێژایی مێژووش ئەم پارتە دابەشبووەتە سەر دوو باڵ یەکێکیان میانڕەو بووە زیاتر لەدیموکراتخوازەکانەوە نزیکبووەو ئەویتریان توندڕەو بووەو هەردەم خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی هەبوو کەدیموکراتەکان دایانڕشتووە، بەڵام دوابەدوای خۆپاڵاوتنی (باری گۆلدوەتەر) بۆ سەرۆکایەتی پارتەکە لەساڵی ١٩٤٤ ئیدی باڵی پارێزگارەکان بەهێزبوو. بەهاتنە سەر تەختی ریگانیش ئەو هێزو بەکارییەیان زێدەتر بوو بەشێوەیەك لەساڵی ١٩٨٤دا رێژەی دەنگدەرانی کۆماریخوازەکان بازیدا بۆ ٣٤٪ لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٧٧ تەنها ٢١٪ بوو ئەمیش زێدەتر لەنێو چینی پیشەوەرانو سپی پێستەکاندا بەرچاو دەکەوت. لەسەردەمی ریگاندا سیاسەتەکان وەرچەرخانێکی گرنگی بەسەردا هات، لەسەر ئاستی نێوخۆیی خەرجییەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانو باج دابەزێنراو خەرجییە سەربازییەکانیش زیادکران، لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش رێگان دەیویست بەهەر

---

لەکالیفۆرنیا لەساڵی ١٩١٣ لەدایکبووە. زانکۆی دیوکی خوێندوەو زۆر زیرەك بووەو پاشان یاسای خوێندوە. لەجەنگی جیهانی دووەمدا وەکو ملازمی سەرکردە لەهێزی دەریایدا کاری کردووە. لەسەر لیستی کالیفۆرنیا بۆ کۆنگرێس هەڵبژێردرا. لەساڵی ١٩٥٠دا کورسییەکی لەئەنجومەنی پیران بردەوە. دوو ساڵ دوای ئەوە ژەنەراڵ ئایزنهاوەر نیکسۆنی تەمەن ٣٩ ساڵی لەهاوشانی هەڵبژارد وەکو جێگری سەرۆك. لەساڵی ١٩٦٠دا بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێردراو بەجیاوازییەکی کەم بەجۆن کنێدی دۆڕا لەساڵی ١٩٦٨دا دووبارە لەلایەن پارەتەکەیەوە هەڵبژێردرایەوەو بوو بەسەرۆك. پرۆگرامی بۆ یاسای دژە تاوان دانا، کۆتایی بەرەشنوسو بەرنامەی ژینگەیی هێنا. یەکێك لەدیارترین رووداوەکانی سەردەمی نیکسۆن نیشتنەوی چەند کەشتیوانێکی ئاسمانی بوو لەسەر مانگ لەساڵی ١٩٦٩دا. لەساڵی ١٩٧٢دا بەیەکێك لەرێژە دەنگییە زۆرەکان بردیەوە. لەئەنجامی کردەوە ئابڕوبەرەکەی واتەرگەیت جێگری سەرۆك سپیرۆتی ئاگنو دەستی لەکارکێشایەوەو نیکسۆن جیراڵد فۆردی بۆ جێگری دەستنیشانکرد. دوای ئەوەی رووبەرووی تۆمەتبارکردن بوویەوە لە ٨ی ئابی ١٩٧٤ رایگەیاند کەدەست لەکاردەکێشێتەوە. لەساڵەکانی کۆتاییدا زۆر پیاهەڵدانی وەرگرتو لە ٢٢ – ئەپرلی – ١٩٩٤ مردوو چەندین کتێبو نوسراوی لەسەر ئەزموونی سەرکردایەتی هەیە.

[٩٩] .. حسین حمیدی نیا، آیالات متحدة أمریکا، دفترمطالعات سیاسیو بین المللی (وزارت امور خارجیه)، تهران، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی، ١٣٨٢، ص٥٢٤

شێوەیەك بێت یەكێتی سۆڤیەت ناچار بكات پاشەكشە بكاتو بیخاتە كێبڕكێی چەكسازییەوە كەبەمەش دڵنیا دەبوو هەرگیز سۆڤیەت نایباتەوە، بەڵام هەر چۆنێك بوو توانی بەپەیڕەوكردنی ئەم سیاسەتە سود بەجیهان بگەیەنێت.(١٠٠)

بەگشتی ئەم حزبە هاوشێوەی حزبی دیموكرات چەندین گروپی لەخۆگرتووە كەئەوانیش گروپەكانی (Wall street)و (Main Street)ن. وۆل ستریت (Wall street) ئەو لایەنگرانە دەگرێتەوە كە لەكەناری ئۆقیانووسی ئارامدا نیشتەجێنو دانیشتوانی شارە بچووكەكانی رۆژئاوای ناوەڕاستو ویلایەتەكانی ناوەندیش بەمەین ستریت ( Main Street) ناسراون. ئەوەی ئەم دوو گروپە لەیەكتری جیادەكاتەوە ئەوەیە كەگروپی یەكەم لەسەر ئاستی ناوخۆ كۆكو تەبان لەكرداردا‌و لەسەر ئاستی دەرەكیش ئەنتەرناسیۆنالیست بوون، بەڵام گروپی مەین ستریت لەبواری ناوخۆییو كۆمەڵایەتیدا گرنگی زۆریان بەخانەوادەو دروشمی پڕۆتستانتی دەداو لەسیاسەتی دەرەوەشیاندا بەهێزو شێلگیرن.(١٠١)

هەرچۆنێك بێ، ئەم پارتە توانیویەتی لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا لە(١٩٥٠- ٢٠٠٠) لەشانزە سەرۆك كۆمار هەشت خولی سەرۆك كۆماری بەدەستبهێنێ.(١٠٢)

مایەی گرنگی پێدانە بوترێت جگە لەهەردوو پارتە مەزنەكەی ئەمریكا چەندین پارتی تر لەگۆڕەپانی سیاسیدا ململانێی سەركەوتن دەكەنو بەگشتی ئەم پارتانەی لەخوارەوە ئاماژەیان بۆ كراوە پارتە سەرەكییەكانن لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. (١٠٣)

---

١٠٠.. ڤیان مەجید، سیستمەكانی هەڵبژاردنو پرەنسیپەكانی دەنگدان، لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو وشیاری (ی.ن.ك)، چاپی یەكەم، ٢٠٠٥، سلێمانی، لا١٣٣-١٣٤

١٠١..سەرچاوەی پێشوتر، لا٥٢٤

١٠٢..هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٠٣..سایتی ئەلكترۆنی، www.electionworld.org

Elections in the United state of Amrenica،unitedstates.htm، لا٢ كە لەبەرواری ٢٠٠٤/١١/١دا لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

| ناوی پارت | سروشتی سیاسییان |
|---|---|
| پارتی دیموکرات | سروشتێکی لیبراڵی هەیە |
| پارتی سەوزی وڵاتە یەکگرتووەکان | سروشتێکی ژینگە پارێزی هەیە |
| پارتی ئازادیخوازان | سروشتێکی ئازادیخوازی هەیە |
| سەوزەکان، پارتی سەوزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | سروشتێکی ژینگە پارێزی هەیە |
| پارتی کۆماری | سروشتێکی پارێزگاری هەیە |

**خشتەی ژمارە (٤) خشتەی هەندێك لەپارتەکانی ئەمریکاو سروشتی سیاسییان**

هەرچی پارتە کەمینەکانە کە ٥٪ی دەنگدەران زیاتر پێك ناهێنن ئەمانیش بەو پارتانە دەوترێت کەزوو دروستدەبن‌و زوو لەناو دەچن. لەزۆرینەی کاتدا ئەمانە پەیامێکی دیاریکراو یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراویان هەیەو سروشتێکی شێوە تورەبوون‌و هەڵچونیان پێوە دیارە ئەمانە کەمترین چانسی پێشڕەوییان هەیە لەبەرزترین ئاستدا ڕێژەی ١٦,٦٪ لەلایەن پارتی پێشکەوتوانەوە لەساڵی ١٩٢٤دا بەدەستهاتووە.[١٠٤]

**٢-٢- سروشتی پۆلێنکردنی حزبە کەمینەکان:**

زیادبوونی دانیشتوان‌و جیاوازییە کلتوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و جیاوازییە جوگرافی‌و ئایدۆلۆژییەکان بوونەتە هۆی دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان لەئەمریکادا. حزبە کەمینەکان توانیویانە خۆیان لەگۆڕەپانی سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکادا بپارێزن، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە پلەی سەرۆك کۆماری بەدەستبهێنن، ئەمانیش چوار بەشن:

[١٠٤] .د.حسن نافعة، معجم النظام السياسة و الليبرالية فى الاوروبا العربية و امريكا الشيمالية دار الجيل، بيروت الطبعة الثانية، ٢٠٠٠، ص٣٣.

**٢-٢-١- حزبە سەقامگیرو گشتگیرەكان:**

هەنــدێك لەحزبــە كەمینــەكان لــەبواری رێكخــستنو كاركردنــدا هاوشــێوەی حزبــە زۆرینــەكانن. ئــەو حزبانــە پاڵێوراوەكانیــان دیاریدەكــەن بــۆ هەڵبژاردنــەكانی هــەردوو ئەنجومــەنی ســیناتو نوێنــەرانو ســەرۆك كۆمــارو هەڵبژاردنــەكانی ویلایەتــەكان وەكــو هەڵبژاردنی قایمقامو پەرلەمانی ویلایەتەكان، نموونە لەم بوارەدا "populist" و "( cnow nothing party) كە لەئــەنجامی دابەشــبوونی حزبــی "whigs" لەســەرەتای ساڵی ١٨٥٠دا پێكهاتووە.[١٠٥]

**٢-٢-٢-حزبی پاڵێوراوان:**

هەنــدێك لەحزبــە كەمینــەكان لەمێــژووی سیاســی ئــەمریكادا لــەكاتی پــاڵاوتن بــۆ هەڵبژاردنەكان چالاكییان ئەنجامـداوە. ئـەو حزبانـە بـەپاڵاوتنی كەسـانی تایبـەتو دیـار كەتایبەتمەنـدێتی كۆمەڵایـەتیو سیاسـی یـان ئابووریـیان هەیـە، هەوڵـدەدەن سـەرنجی دەنگـدەران بـۆ لای خۆیـان رابكێـشن. یـەكێكی تـر لـەو حزبانـە لەدەیـەی ١٩٩٠دا حزبـی ســەوز(Green party) رۆس پــیرۆت (Ross perot)ی پــاڵاوت بــۆ ســەرۆك كۆمــار لەهەڵبژاردنەكاندا چونكە پیرۆت بازرگانێكی دەوڵەمەند بـوو ٦٠ ملیـۆن دۆلاری بـۆ ئـەو حزبـە سـەرف كردبـوو، ئـەو حزبـە لەلایـەن خـودی (پـیرۆت)ەوە دامـەزرابوو وە پـیرۆت بەكەسی یەكەمی حزبەكەی دادەنرا.[١٠٦]

**٢-٢-٣- حزبە تاك ئامانجەكان:**

ئەم حزبانە سوود لەهەڵبژاردنـەكان وەردەگرن بـۆ دەرخستنی خۆیـان. "حزبـی سەوز" كەپێكهاتەیەكە لەلایەنگرانی ژینگە، لەریزی حزبە تاك ئامانجەكانە. لەدەیەكانی ٨٠ و ٩٠ پـەرەی بەچـالاكییەكانی خۆیـداو ئامانجـەكانی زیـاتر بریتـی بـوو لـەئابووری ژینگـەو پاراسـتنی ژینگـەو گەڕانـەوەی مـاددە بـۆ نـاو سروشـتو لـەناوبردنی خـۆڵی ژەهــراوی. بێجگــە لەژینگــە پــارێزی، بــەدوای یەكــسانی كۆمەڵایــەتیو مەســەلە

---

[١٠٥] ..حسین حمیدی نیا، آیالات متحده أمریكا، دفترمطالعات سیاسی و بین المللی (وزارت امور خارجیه)، تهران، مباحث كشورها و سازمانهای بین المللی،١٣٨٢، لا٥٢٥

[١٠٦] ..هەمان سەرچاوەی پێشوو،

چاکسازییەکاندا دەگەڕێت لەبوارە سیاسیو نێونەتەوەییەکاندا. حزبی سەوز لەئاستی ویلایەتدا سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوەو لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ویلایەتەکاندا لەساڵی ١٩٩٤دا پاڵێوراوانی ئەو حزبە ڕۆیشتنە ناو پەرلەمانی ویلایەتەکانەوە.[١٠٧]
بەهێزترین لقی حزبی سەوز لەناوچەی کالیفۆرنیای باشووردا چالاکی هەیەو پێگەیەکی پتەوی لەنێوان ئەو خەڵکەدا هەیە.

### ٢-٢-٤- حزبە هاوپەیمانەکان:

ئەم حزبانە هاوپەیمانو لایەنگری حزبە زۆرینەکانو پشتگیری لەپاڵێوراوانو بەرنامەکانیان دەکەن. حزبە هاوپەیمانەکان هەندێ چالاکییان بەناوی (پشتگیرییەکی پتەو) ئەنجامدا کەرێگە بەپاڵێوراوەکان دەدات لەلیستی چەند حزبیدا بەشداری بکەن. بۆ نمونە "ویلیام جێنینگز برایان" لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ساڵی ١٨٩٦ لەلایەن هەردوو حزبی دیموکراتو پاپۆلیست وەکو پاڵێوراوی هاوبەش ناسرا. خەڵکی ناڕازی بەپشتیوانی ئەم حزبانە، ناڕەزاییەکانیان دەگەیاندە حزبە زۆرینەکانو دەرەنجام حزبە کەمینەکان داهێنانیان دەبوو.[١٠٨]
بەنموونە پارتی سۆشیالیست یەکەمین پارت بوو لەئەمریکادا کەبەرنامەی بیمەی کۆمەڵایەتی داهێناو دواتر پارتی دیموکرات لەسەردەمی ڕۆزڤێڵتدا بەرنامەرێژی کرد.[١٠٩] هەروەها دەکرێت ئەو پارتە کەمینانە لەبواری سیاسیدا هەڵسوکەوتێك بکەن دەنگەکانی پاڵێوراوێکی بەهێزی پارتە گەورەکان بەرەو لای خۆیان رابکێشنو بەمەش هاوکێشەی سیاسی دەوڵەتەکە بگۆڕێ وەك ئەوەی جۆرج والاس لەساڵی ١٩٦٨دا کردیو لەئەنجامدا پاڵێوراوی کۆمارییەکان، ریچارد نیکسۆن، توانی سەرکەوتن بەسەر پاڵێوراوی دیموکراتەکاندا بەرێژەی ٤٦٪ی دەنگی دەستەی دەنگدەرانو ١٣٪ی دەنگی جەماوەر بەدەستبهێنێ.[١١٠]

---

[١٠٧] ..هەمان سەرچاوە، ل٥٢٥-٥٢٦

[١٠٨] .. هەمان سەرچاوە، ل٥٢٦

[١٠٩] ..لاری الویتز، نظام الحکم فی الولایات المتحدة الامریکیة رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة ؟ ص٨٧

[١١٠] .. هەمان سەرچاوە، ل ٨٨

**٢-٣- گرنگترین حزبە کەمینەکان لەئەمریکادا:**

**٢-٣-١- حزبی سەربەخۆیی ئەمریکا (American Independent Party ):**

لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەساڵی ١٩٦٨ جۆرج والاس ( George Wallace) لەسەرۆکایەتی حزبی سەربەخۆی ئەمریکا، وەکو حزبی سێیەم هاتە ناو کایەی هەڵبژاردنەکانەوە. زۆربەی لایەنگرەکانی، دیموکراتەکانی پێشوو بوون کەدژی سیاسەتەکانی "ليندۆن جانسۆن"بوون. ئەم حزبە جەختی لەسەر رەگەزو (ناسیۆنالیزم) دەکردەوە.[111]

**٢-٣-٢- حزبی پێشکەوتوان (.Progressive party ):**

ئەم حزبە بەدەستی یەکێك لەبەهێزترین سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکا "تیۆدۆر رۆزڤێڵت" لەسەرەتای سەدەی بیستەم کە لەحزبی کۆماریخواز جیابووەوە دامەزرا. حزبی پێشکەوتوان لەسێ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەساڵەکانی ١٩١٢ و ١٩٢٤ و ١٩٤٨دا کەسی خۆیانیان پالاوت بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا، بەلام نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنن.[112]

**٢-٣-٣- حزبی جەماوەری پاپۆلیست (Populist people party):**

ئەم حزبە وەکو حزبێکی جوتیار، لەلایەن جوتیارانی ناوچەی رۆژئاوای ناوەڕاست (میدۆست)و باشوور دامەزرا کە لەدۆخی ئابووری لەساڵی ١٨٧٣ زەرەرمەند بوون. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم حزبە دژایەتییەکی توند بوو لەگەڵ هەردوو حزبی گەورە "دیموکراتو کۆماریخواز"دا. هەندێك لەبەرنامەکانی ئەم حزبە بریتی بوون لەهەڵبژاردنی راستەوخۆی سیناتۆرەکان (کە لەساڵی ١٩١٣ قبوڵکرا)، چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان، دیاریکردنی هەشت سەعات بۆ کارکردن لەشەوو رۆژێکدا، خۆماڵی کردنی هێڵی ئاسن، چاکسازی لەسیستمی باج. وردە وردە ئەم حزبە لەلایەن حزبە

[111]..حسین حمیدی نیا، آیالات متحده أمریکا، دفترمطالعات سیاسیء بین المللی(وزارت امور خارجیه)، تهران، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی، ١٣٨٢، لا٥٢٥

[112]..هەمان سەرچاوە لا٥٢٧

زۆرینەكانــەوە بەتایبــەت حزبــی دیمــوكرات قۆســترایەوەو بەمــەش ســەقامگیری خــۆی لەدەستدا.(١١٣)

## ٣- پارتە سیاسییەكانی ئەمریكاو رۆڵیان لەبەشداری سیاسیدا:

### ٣-١- هاوڵاتیانو پرۆسەی بەشداری سیاسی:

هاوڵاتییە ئەمریكییـەكان چانـسێكی باشیان لەبەشـداری سیاسـیدا هەیـە، چونكە بـەدەر لـەوەی دەوڵەتەكـەیان سیـستمێكی دیمـوكراتی لیبڕاڵـی پـەیڕەو دەكـاتو ئەمـەش بـواری بەشـداری سیاسـی هـاوڵاتی ئاسـانتر دەكـات، لەهـەمان كاتـدا پرۆسـەی هەڵبژاردنـە یـەك لەدوای یەكەكان كارئاسانییەكی زۆرو دەرفەتێكی باش دەڕەخسێنێت بـۆ بەشـداریكردنی سیاسی هاوڵاتیان. هاوڵاتییەكی ئەمریكی لەماوەی ٤ ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆكدا چەندین هەڵبــژاردنی تــر لەرێگایدایــە كــەدەتوانێ بەشــدارییان تێــدا بكــات، جــا هەڵبژاردنــە بەراییــەكان بــێ یــان هەڵبــژادنی ئەنجومــەنی نوێنــەران یــان ئەنجومــەنی ســینات یــان هەڵبژاردنی شارەوانییەكانو هەڵبژاردنی نوێنـەرە نائاسـاییەكانی هەڵبـژاردنی سـەرۆكو حــاكمی فــەرمانڕەوای ویلایەتــەكانو گــەورە بەرپرســانی ویلایەتــەكانو هەڵبــژادنی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی ویلایەتـەكانو ئەنجومـەنی هەرێمـەكانو.....تـد، كـە ئەمانـەش هــەموویان دەبنــە مایــەی بەشــداریكردنێكی راســتەوخۆی هاوڵاتیــان لەنەخــشاندنی سیاسەتی گشتی وڵاتدا.

هاوڵاتییەكی ئەمریكی ئەگەر مەبەستی بێ بەشداری كاروبارە سیاسییەكان بكاتو رۆڵـی هــەبێ لــەدیاریكردنی چارەنووســی دەوڵەتەكــەیو سیاســەتەكانیدا مــەودا زۆر كراوەیــە لەبەردەمیدا، چونكە زۆربەی پۆستەكان، جا پۆستی سیاسی یان ئیداری یـان سیادی بـن، بەهەڵبژاردن دیاریدەكرێن. بەنموونە لەساڵی ١٩٩٠دا هاوڵاتیـانی كالیفۆرنیـا – مبیركیلـی بەشدارییان لە ٧٢ پرۆسەی بڕیاردەركردن لەهەڵبژاردنی گشتی جیاوازدا كـرد لەكاتێكدا ئەو ساڵە نەهەڵبـژاردنی سـەرۆكو نەهەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نوێنـەرانو سـیناتی تێـدا

---

١١٣.. هەمان سەرچاوە ل٥٢٧-٥٢٨

نــەکرا،[١١٤] ئەمــەش زۆرجــار وا لــەهاوڵاتی ئــەمریکی دەکــات بەشــداری لەســـەرجەم پرۆسەکانی هەڵبژاردندا نەکات، بەڵکو تەنها لەو پرۆسانەدا بەشداری بکات کە لەگەڵ خواستەکانیدا دێتەوە.

ڕێــژەی بەشــداریکردنی هاوڵاتیــانیش لەپرۆســەی هەڵبژاردنــدا لەوڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەهەموو وڵاتە دیموکراتەکان کەمترە (جگە لەسویسرا بەگوێرەی خشتەی ژمارە ٥).[١١٥] پرۆسەی هەڵبژادن لەسەر بنەمای تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لەخشتەی دەنگدەرانـدا دەبێـت کەئەمـەش دەبێـت لەلایـەن هاوڵاتیەکـە خۆیـەوە ئەنجامبـدرێت، چونکە ئـەمریکا بەپێـچەوانەی سـەرجەم وڵاتـانی تـرەوە خـشتەی دەنگـدەرانی لەسـەر بنەمایەك دروستدەکرێ کەهاوڵاتی خۆی داوای نوسینی ناوی دەکات نـەوەك دەسـەڵاتێك یان دەزگایەك پێی هەستێ هەر ئەمەش وا دەکات کە کاتێك هاوڵاتییەك تەمەنی دەگاتە تەمەنی دەنگدان یان لەویلایەتێکەوە دەچێتە ویلایـەتێکی تـر داوای تۆمـارکردنی نـاوی بکات.[١١٦] کەپێدەچێ ئەم ڕێگایە زیاتر وشیاری هەڵبژاردنو بەشداری سیاسی سـەنگینتر بکات، چونکە هاوڵاتی ناچار دەکات خۆی بـەدوای بەرژەوەندییـە سیاسییەکانیدا بـچێو بـەم شـێوەیەش دەبیـنین ڕێـژەی بەشـداری سیاسـی هـاوڵاتی ئـەمریکی (ئەوانـەی ناویـان لەخشتەی دەنگەراندا تۆمار کراوە) لەزۆرینەی وڵاتە دیموکراتییەکان بەرزترە.[١١٧]

---

[١١٤] ..جابريل إية. آلوند و جي بنجهام باديل الابن، ت:هشام عبدالله، السياسات المقارنة فى وقتنا الحاضر (نظرة عالمية)، الطبعة الاولى، دار الاهلية للنشر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٨، ص٩٧٤

[١١٥] ..هەمان سەرچاوە ل٩٧٠

[١١٦] ..جابريل إية. آلوند و جي بنجهام باديل الابن، ت:هشام عبدالله، السياسات المقارنة فى وقتنا الحاضر (نظرة عالمية)، الطبعة الاولى، دار الاهلية للنشر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٨، ص٩٧١

[١١٧] .. هەمان سەرچاوە ل٨٧٢

| ناوی وڵات | ڕێژەی هاوڵاتیان لە ١٨ساڵ بەرەوژوور | ڕێژەی سەدی دەنگدەرە تۆمارکراوەکان |
|---|---|---|
| بەلجیکا* | ٩٤,٦ | ٩٤,٦ |
| ئوستراليا* | ٩٤,٥ | ٩٤,٥ |
| نەمسا | ٩١,٦ | ٩١,٦ |
| سوید | ٩٠,٧ | ٩٠,٧ |
| ئیتاڵیا | ٩٠,٤ | ٩٠,٤ |
| ئەڵمانیا | ٨٨,٦ | ٨٨,٦ |
| هۆڵەندا | ٨٧ | ٨٧ |
| فەرەنسا | ٨٥,٩ | ٨٥,٩ |
| نەرویج | ٨٢ | ٨٢ |
| بەریتانیا | ٧٦,٣ | ٧٦,٣ |
| وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ٥٢,٦ | ٨٦,٨ |
| سویسرا | ٤٨,٣ | ٤٨,٣ |

**خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هەندێك لەوڵاتە دیموکراتەکاندا**

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا نزمە بەچاو هەندێك لەوڵاتانی وەك ئەڵمانیاو سویدو نەمساو فەرەنساو ئیتاڵیاو هۆڵەندا؟ لەوەڵامدا دەڵێین لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان پەیوەندی بەو ئالیەتەوە هەیە کە بەهۆیەوە هاوڵاتی ئەمریکی ناوی لەخشتەی دەنگدەراندا تۆمار دەکرێت، کەدیارە لەو وڵاتانەی سەرەوە خشتەی دەنگدەران بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەمان ئەو**

* .. هیمایە بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەکی ئیلزامییە.

خشتەیەیە کەدامەزراوەکانی ئامار بەبێ ئەوەی هاولاَتی خۆی بەدواداچوونی بۆ بکات، ناوی تێدا دەنوسن بەمەش ئەرکی ناونوسین لەسەر دەولەتە نەك هاولاَتی. هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بەو ژمارە زۆرەی پرۆسەکانی هەلبژاردنەوەیە کەهاولاَتی ئەمریکی بەشداری تیادا دەکات، چونکە لەهەر ولاَتێکی دیموکراتیدا هاولاَتی چەند سالَ جارێك بەشداری لەپرۆسەی هەلبژاردنی سەرۆك پارلەمان، شارەوانیدا دەکات، بەلاَم لەئەمریکادا بەتێکرایی هەر هاولاَتییەك سالاَنە لە ٩ پرۆسەی هەلبژاردندا بەشداری دەکات.[١١٨]

**٣-٢ پارتە سیاسییەکانی ئەمریکاو رۆلیان لەبەشداری سیاسیدا:**

بەدلنیاییەوە دەنگدانو هاندانی بەشداریکردنی هاولاَتیان لەپرۆسەکانی دەنگداندا بەگرنگترین ئەرکی پارتە سیاسییەکان دادەنرێت بۆ گەرمکردنی بەشداری سیاسیو بەتاوکردنی، دیارە پارتە سیاسییەکان رۆلێکی کاریگەر دەبینن لەسەر شانۆی سیاسی بەشێوەیەك توانیویانە گەلی ئەمریکی دابەش بکەن بەسەر سێ بەشدا کەدووبەشیان هەردوو پارتە سەرەکییەکە بۆ خۆیان بردووەو بەشی سێیەمیش ئەو (سەربەخۆ یان بێ لایەنانەن) کە بەشداری سیاسی بەهەند وەردەگرن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).[١١٩]

---

[١١٨] ..ڤیان مەجید، سیستمەکانی هەلبژاردنو پرنسیپەکانی دەنگدان، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، ٢٠٠٥.

[١١٩] ..جابريل إية. آلموند و جي بنجهام باديل الابن، ت: هشام عبدالله، السياسات المقارنة فى وقتنا الحاضر (نظرة عالمية)، الطبعة الاولى، دار الاهلية للنشر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٨، ص٩٨٦

| پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان | دیموكراتخوازەكان ٤٣٪ | كۆماریخوازەكان ٢٩٪ | سەربەخۆكان ٢٨٪ |
|---|---|---|---|
| مێینە | ٤٥ | ٢٩ | ٣٦ |
| نێرینە | ٤٠ | ٣٠ | ٣٠ |
| رەش پێست | ٧٥ | ٨ | ١٧ |
| سپی پێست | ٣٨ | ٣٢ | ٣٠ |
| دەرچوانی زانكۆ | ٣٤ | ٣٦ | ٣٠ |
| بڕوانامەی دواناوەندی | ٤٤ | ٢٨ | ٢٨ |
| كەمتر لەبڕوانامەی دواناوەندی | ٥٢ | ٢٢ | ٣٦ |
| تەمەن ١٨- ٢٩ ساڵ | ٣٨ | ٣٢ | ٣٠ |
| تەمەن ٣٠- ٤٩ ساڵ | ٤٣ | ٢٦ | ٣١ |
| زیاتر لە ٥٠ ساڵ | ٤٥ | ٣١ | ٢٤ |
| داهاتی ساڵانە زیاتر لە ٤٠ هەزار دۆلار | ٣٤ | ٣٧ | ٢٩ |
| داهاتی ساڵانە لەنێوان ٢٥ — ٤٠ هەزار دۆلار | ٤١ | ٣٠ | ٢٩ |
| داهاتی ساڵانە لەنێوان ١٥- ٢٥هەزار دۆلار | ٤٣ | ٢٨ | ٢٩ |
| داهاتی ساڵانە كەمتر لە ١٥ هەزار دۆلار | ٥١ | ٢٢ | ٢٧ |
| پروتستانت | ٤١ | ٣٢ | ٢٧ |
| كاتۆلیك | ٤٦ | ٢٦ | ٢٨ |
| جولەكە | ٦٠ | ١٠ | ٣٢ |
| ئینجیلییەكان | ٤٣ | ٣١ | ٣٦ |
| نا ئینجیلییەكان | ٤١ | ٣٠ | ٢٩ |
| پیشەوەران و بیزنس مانەكان | ٣٧ | ٣٥ | ٢٨ |

**خشتەی ژمارە (٦) پێكهاتەی كۆمەڵایەتی بۆ لایەنگرانی حزبە سەرەكییەكانی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەساڵی ١٩٨٨**

ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات کەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوان ئەو دوو پارتەدا دابەش بووەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەهاوڵاتی ئەمریکی بەشداره لەسیاسەتدا بەگوێرەی ئەو بەرنامانەی کەحزبەکان دایدەڕێژنو لەگەڵ بۆچوونو خواستو بەرژەوەندییەکانی ئەمدا وەك هاوڵاتییەك دەگونجێ بەنموونە ژنان زیاتر لەچوارچێوەی پارتی دیموکراتدا خۆیان دەبیننەوە، چونکە ئەم پارتە گرەنتی کۆمەڵایەتیو سیاسی زیاتر بۆ دابین کردوون. هەر بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەژنان بڕوانە خشتەی ژمارە (٧) کەکورسییەکانی ژنانی هەریەك لەو دوو پارتە لەئەنجومەنی سیناتو نوێنەرانی ٢٠ ویلایەتدا ڕووندەکاتەوە.[١٢٠]

---

١٢٠.. **www.rci.rutgers.edu /~cawp/(january٢٠٠٣) Voting and Democracy**
١١-٤-٢٠٠٤, Select party and Gender Data for State Legislatures– ٢٠٠٣

**خشتەی ژمارە (٧)[*] نموونەیەک لەئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٥دا**

| ویلایەت | ئەنجومەنی پیران | | | ئەنجومەنی نوێنەران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. کو. سینات | ژ. کو. ژنان | کو. حزبەکان | ژ. کو. نوێنەران | ژ. کو.ژنان | کو. حزبەکان |
| ئەلبانیا | ٣٥ | ٣ | ١ك ،٢د | ١٠٥ | ١١ | ٢ك،٩د |
| ئالاسکا | ٢٠ | ٤ | ١ك،٣د | ٤٠ | ٨ | ٥ك،٣د |
| ئەریزۆنا | ٣٠ | ٨ | ٥ك، ٣د | ٦٠ | ١٦ | ٩ك،٧د |
| ئارکانسا | ٣٥ | ٧ | ٢ك،٥د | ١٠٠ | ١٥ | ٦ك،٩د |
| کالیفۆڕنیا | ٤٠ | ١١ | ٠ن،١١د | ٨٠ | ٢٥ | ١٠ك،١٥د |
| کولۆرادۆ | ٣٥ | ١٠ | ١ك،٩د | ٦٥ | ٢٥ | ١٠ك،١٥د |
| کۆنێکتیکت | ٣٦ | ٨ | ٢ك،٦د | ١٥١ | ٤٧ | ١٨ك،٢٩د |
| دیلاوەر | ٢١ | ٧ | ٣ك،٤د | ٤١ | ١١ | ٧ك،٤د |
| فلۆریدا | ٤٠ | ١٠ | ٥ك،٥د | ١٢٠ | ٣٠ | ١٥ك،١٥د |
| جۆرجیا | ٥٦ | ١٣ | ٢ك،١١د | ١٨٠ | ٣٨ | ١١ك،٢٧د |
| هاوای | ٢٥ | ٧ | ٠ك،٧د | ٥١ | ١٤ | ٦ك،٨د |
| ئایداهۆ | ٣٥ | ٤ | ٣ك،١د | ٧٠ | ٢٣ | ١٥ك،٨د |
| ئیلینۆی | ٥٩ | ١٢ | ٤ك،٨د | ١١٨ | ٣٧ | ١٣ك،٢٤د |
| ئیندیانا | ٥٠ | ١٣ | ٦ك،٧د | ١٠٠ | ١٤ | ٧ك،٧د |
| ئایوا | ٥٠ | ٧ | ٦ك،١د | ١٠٠ | ٢٥ | ٩ك،١٦د |
| کانساس | ٤٠ | ١٠ | ٧ك،٣د | ١٢٥ | ٣٦ | ١٧ك،١٩د |
| کینتاکی | ٣٨ | ٤ | ٤ك،٠د | ١٠٠ | ١١ | ٢ك،٩د |
| لویزیانا | ٣٩ | ٦ | ١ك،٥د | ١٠٥ | ١٨ | ٥ك،١٣د |
| مەین | ٣٥ | ١٣ | ٤ك،٩د | ١٥١ | ٣٧ | ١١ك،٢٦د |
| ماری لاند | ٤٧ | ١٥ | ٣ك،١٢د | ١٤١ | ٤٨ | ١٠ك،٣٨د |

[*] تێبینی: ئەو پیتانەی لەخشتەکەدان گوزارشتن بۆ: ژ= ژمارە، کو= کورسی، ك= کۆماری، د= دیموکرات

بەم شێوەیە پارتە سیاسییەکان نەك تەنها بۆ ژنان، بەڵکو بۆ هەموو چینو توێژەکانی تر هاندەرن لەبەشداری سیاسیداو دروشمو بەرنامەکانیان زیاتر رۆڵی تاك لەبەشداری سیاسیدا کارا دەکاتو دیارە بۆ گەیاندنی ئەم بیرو باوەڕو بەرنامانە، پارتە سیاسییەکان پەنا بۆ کۆمەڵێك کەناڵ دەبەن کەهەندێکیان راستەوخۆ پاشکۆی حزبەکەنو هەندێکی تریشیان بەناراستەخۆیی خزمەت بەحزبەکانو پاڵێوراوەکانیان دەگەیەنن.

**٢-٣- کۆمەڵگای مەدەنیو رۆڵی لەئاکتیف کردنی بەشداری سیاسیدا:**

ئەو هەموو پرۆسەی هەڵبژاردنە کە لەئەمریکادا ئەنجامدەدرێ، تاك ناچار دەکات زانیاری دەربارەیان هەبێتو لەهەمانکاتیشدا حزبو سەندیکاو کۆمەڵەو رۆژنامەو ئامرازەکانی تری راگەیاندنیش ناچار دەکات باشتر رۆڵی خۆیان لەوشیارکردنەوەی تاکدا بگێڕن، کەهەموو ئەوانە وا لەهاوڵاتی ئەمریکی دەکات لەدەرەوەی حزبەکانیش بەشداری سیاسییان هەبێت، جا لەناو نوسینگەکانی دەوڵەتو دامەزراوەکانیدا بێ یان لەو لیژنانەی کۆمەك بۆ پاڵێوراوان کۆدەکەنەوە یان لەبەشداریکردنیان لەفیستیڤاڵەکانی هەڵبژاردندا یان لەرێگای رێپێوانو مانگرتنەوە یان لەرێگای ناردنی نامەو فاکسو پیرۆزبایی یان نوسینی راپۆرتو وتارو بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەکانو بەشداریکردن لەسەکۆو سیمینارە سیاسییەکان کەدیارە بەوانەش هاوڵاتی ئەمریکی دەتوانێ رۆڵی خۆی لەپێکهاتەی وڵاتەکەیدا بدۆزێتەوە..

بەگشتی دەتوانین بەشداری سیاسی هاوڵاتیان دیاریبکەین بەوەی ٥٣٪ی هاوڵاتیان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداریدەکەنو ١٢٪ی هاوڵاتیانیش بەشداری لەپرۆسەی کۆمەککردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکەنو ٩٪ی هاوڵاتیانیش لەپرۆسەی نمایشی سیاسیو بەرزکردنەوەی لافیتەو رێپێوانەکانو ٨٪ لەئامادەبوون لەمیهرەجانەکانو کۆڕو وتاربێژانی سەرکردە سیاسییەکانو ٤٪ی هاوڵاتی ئەمریکیش ئەندامن لەحزبە سیاسییەکانو یانە سیاسییەکاندا.[١٢١]

---

[١٢١] .. جابریل إیة. آلموند و جي بنجهام بادیل الابن، ت: هشام عبدالله، السیاسات المقارنة فی وقتنا الحاضر (نظرة عالمیة)، الطبعة الأولى، دار الأهلیة للنشر و التوزیع، لبنان، ١٩٩٨، ص٩٧٤

جیاواز لەهەمووو ئەوانەی کەباسکرا گروپەکانی فشارو گروپەکانی بەرژەوەندی دوون لەو گروپانەی کە بەشداری سیاسی ئاکتیف تر دەکەنو کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پێشکەوتنی ئامانجە سیاسییەکانو مافەکانیانو پێداویستییەکانیان بەرروونی دەخەنەڕوو بەرگرییان لێ دەکەنو رووبەڕووی ئەو بیروباوەڕانەش دەبنەوە کەدژیان دەوەستنەوە.

گروپەکانی بەرژەوەندی (لۆبی) هێجگار کاریگەرن لەسەر رەوتی یاسادانانو کاریگەری دروستکردن لەدەرچواندنی ئەو یاسایانەی خزمەت بەبەرژەوەندییەکانیان دەکەن، ئەویش لەرێگای فشارخستنە سەر ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی پیرانو هاندانیان بۆ کارکردن بەو ئاراستەیەدا کە لەبەرەژەوەندی لۆبیەکانداپە. دیارە ١٥٠ ساڵ بەر لەئێستا لۆبیەکان بەشێوەی گروپی بچوك یان تاك تاك هەبوون، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٤٦دا بەیاسایەك کارەکانیان رێکخراو بەرەسمی ناسێنرانو لەو کاتەوە بونەتە یەکێك لەگرنگترینو چالاکترین گروپی سیاسی کەجێ پەنجەیان لەسەر داڕشتنی سیاسەتی گشتی ئەمریکا دیارە،[١٢٢] چونکە هەر لەسەرهەڵدانی شەری ناوخۆی ئەمریکییەوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە نەخشاندنی سیاسەتو سەرخستنی حزبەکاندا رۆڵی باڵایان هەبووە بەنمونە (کۆمەڵەی دژە ساڵۆنەکان) Anti-Saloon League لە ساڵی ١٨٩٣دا بۆ ئەوە دامەزرا کە پشتیوانی لەو پاڵێوراوانەی حزبی کۆماری یان دیموکرات بکات بۆ کۆنگرێس کەپشتیوانی لەهەوڵی گۆڕانکاری ئەو برگە دەستوریە دەدات کەرێگرە لەبەردەم پیشەسازی فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکانو مەیداو زۆرێك لەمێژوونوسانیش بەکارەکتەری گرنگی هەموارکردنی دەستوری ساڵی ١٩١٩ی دەزانن.[١٢٣] گەورەترین ژمارەی لیژنەکانی کاری سیاسیو چالاکییەکانیان لەمێژووی ئەمریکادا لەساڵی ١٩٧٤ەوە بووە کەبووە مایەی گۆڕانکاری یاسای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی فیدراڵی کەئاستی خەرجییەکانی حزبەکانی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن سنوردارکردو رێی گرت

---

[١٢٢] ..حسين حميدی نيا، آيالات متحده أمريكا، دفترمطالعات سياسی وبين المللی (وزارت امور خارجيه)، تهران، مباحث كشورها و سازمانهای بين المللی،١٣٨٢، لا٥٣١

[١٢٣] ..د.حافظ علوان حمادی الدليمی ، النظم السياسية في اوروبا الغربية و الولايات المتحدة الامريكية، الطبعة لاولی، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١، ص٢٦٧

لەبەردەم سەندیکاکانی کرێکاراندا بەپارە بەشداری لەهەڵمەتەکاندا بکەن، بەڵام لەبەرامبەردا دەرگای کردەوە لەبەردەم لیژنەکانی کاری سیاسی، کەگرنگترین پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنین لەئەمریکادا، بەو کارە هەستن. بەگشتی ئەم لیژنانە دابەشدەبنە سەر سێ بەش کەئەوانیش:

١- لیژنەکانی کاری سیاسی بۆ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکان ( وەك؛ هەڵمەتکردن بۆ ئەو پاڵێوراوانەی پارێزگاری لەهەندێ کۆمپانیای وەك کۆکاکۆلاو خاوەن بەرژەوەندییە هاوشێوەکانی وەك سەندیکای مامۆستایانو فەرمانبەرانی دەوڵەتو کارگەکانی نەوتو کارەباو ..تد).

٢- لیژنەکانی کاری سیاسی بۆ بەرژەوەندییە کەسییە نامادییەکان؛ وەك ئەو رێکخراوانەی داکۆکی لەمەسەلە ناسیاسییەکانی وەك لەباربردنو دژەلەباربردنی کۆرپەو دژەچاودێریکردنی چەكو رێکخراوەکانی چاودێریکردنی چەکن.

٣- لیژنەکانی کاری سیاسی ئایدۆلۆژی وەك ئەوانەی کار بۆ ئەو پاڵێوراوانە دەکەن کەداکۆکی لەهەندێ مەسەلەی ئایدۆلۆژی بەهێزی وەك لیبرالیزمو کۆنزێرڤاتیزم لەوانەش لیژنەکانی ژنانی سیاسی هۆلییود، لیژنە نیشتیمانییەکانی کۆنگرێسێکی چالاكو ..تد.[١٢٤]

## ٤- پارتە سیاسییەکانی ئەمریکاو رۆڵیان لەهەڵبژاردنەکاندا:

بەگشتی رۆڵی پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا بەدوو خاڵ دیاریدەکرێت

یەکەم: قۆناغی دیاریکردنی پاڵێوراوی پارتەکان بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن.

دووەم: قوناغی کۆششو هەوڵدان بۆ سەرخستنی پاڵێوراوان لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا کەبێگومان بەردەوام ئەم دوو خاڵە بەدوای یەکدا دێنو دەکەونە ژێر کاریگەری کەسایەتی ئەو پاڵێوراوانەو نفوزیان لەنێو جەماوەردا.

---

[١٢٤] ..هەمان سەرچاوە، لا٢٦٨

هەرچی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرێسە، بەشێوەیەکی گشتی دیاریکردنی پاڵێوراوان لەزۆرینەی ویلایەتەکاندا بەکاری پارتە ڕێپێدراوەکان دادەنرێتو هیچ کەسێك ناتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێ ئەگەر پارتێك نەیکات بەپاڵێوراوی خۆی.(١٢٥)

بۆیە پرۆسەی پالاوتنی ئەندامان بەدوو ڕێگا دەبێت، ڕێگای یەکەم هەڵبژاردنە سەرەتاییو کراوەو ئاشکراکانە کەتیایدا هەر دەنگدەرێك دەچێتە بنکەی هەڵبژاردنەکەیو ناوی تۆمار دەکات بەوەی دەنگدەری کام لەحزبەکانەو پاشان لیستێکی نیشان دەدرێت کەناوی سەرجەم پاڵێوراوەکانی ئەو حزبەی تیادایە کەئەو دەنگدەریەتیو داوای لێ دەکرێت بۆ هەر پۆستێك یەکێك هەڵبژێرێت، هەرچی قۆناغی دووەمە برتییە لە هەڵبژاردنێکی داخراوو نهێنی کەتیایدا دوو کارتی دەنگدان بۆ هەر دەنگدەرێك دەنێردرێت کەیەکێکیان لیستی ناوی پاڵێوراوەکانی حزبی کۆماریخوازەو ئەوی تریشیان لیستی پاڵێوراوەکانی حزبی دیموکراتیخوازەو داوای لێدەکرێت تەنها یەکێك لەکارتەکان بگەڕێنێتەوە دوای ئەوەی پاڵێوراوە پەسەندەکانی خۆی بۆ هەر پۆستێك دیاریدەکات.(١٢٦)

ئەو پاڵێوراوانەی لەناو لیستی هەردوو حزبی کۆماریو دیموکراتیدا ریز بەند دەکرێن چانسی زۆر زیاتریان لەو پاڵێوراوانە هەیە کەسەربەخۆن، چونکە لەبواری گرەنتی دەرچوونیانەوە زیاتر کۆنترۆڵی بارودۆخو ململانێکانیان پێ دەکرێت بەتایبەت بەهۆی ئەو هاوکارییە داراییەی دەکرێن لەلایەن دەوڵەتەوە کە بەپەنجا ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت(١٢٧) چ لەبواری ئەو بانگەشەو هەڵمەتانەی کەپاڵپشتێکی بەهێزن بۆ ناساندنیانو لەمانەش گرنگتر ئەو رۆڵەیە کەپارتەکان دەیبینن لەپەیداکردنی دەنگ بۆ پاڵێوراوەکانیانو روونکردنەوەی بەرنامەو کاری ئەو کەسانە بۆ ئەو پۆستانە چونکە لێرەدا پارتی سیاسی (کابتن)ێکی حزبی بۆ هەموو چوارسەد دەنگدەرێك دادەنێت کە

---

١٢٥ ..د. حافظ علوان حمادی الدلیمی ، النظم السیاسیة في اوروبا الغربیة و الولایات المتحدة الامریکیة، الطبعة لاولی، دار الوائل للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠١، ص٢٦٧

١٢٦ .. هەمان سەرچاوە، لا٢٦٨

١٢٧ ..لەئێستادا بە ٣,٩ ملیار دۆلار لەلایەن هەندێ سەرچاوەوە مەزەندە دەکرێت، بروانە مقابلة مع جان باران، نشرة واشنطن، اصلاح تمویل الحملات الأنتخابیة وانتخابات، عام، ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٢/٦.

بـەرپرس دەبێـت لەناسـینی کەسـە دەنگـدەرەکانو کاریگـەری خـستنە سـەریانو بەسەرکردنەوەیانو هاندانیان بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو بەم شێوەیە پاڵێوراو ناچار دەبێت بچێتە ناو لیستی پارتێکی سیاسی، چونکە لانیکەم ئەو بڕە پارەیەی بۆ دەگەڕێتەوە کە لەکاتی پرۆسەکەدا خەرجی دەکات. سەرچاوەکانیش بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کەجگە لەجۆرج واشینتۆن سەرجەم سەرۆکەکانی تری ئەمریکا لەرێگای یەکێك لەحزبەکانەوە پاڵێوراونو پرۆسەکەیان بردۆتەوە.(١٢٨)

رۆڵی پارتە سیاسییەکان تەنها لەپاڵاوتنو کۆکردنەوەی دەنگو سەرخستنی پاڵێوراواندا بەدیناکرێت، بەڵکو لەمەش زیاترە، چونکە هەریەکێ لەحزبەکان لەهەر یەکێ لەئەنجومەنەکانی پیرانو نوێنەراندا رێکخراوی حزبی بەهێزیان هەیە کەدەتوانن لەرێگایانەوە کۆنترۆڵی پرۆسەی یاسادانانو بڕیار وەرگرتنو دەنگدان لەسەر یاسا بکەن ئەویش لەرێگای کاریگەری خستنە سەر کۆنگرێس، چونکە هەر یەکێ لەحزبەکان کات ناکاتێ نوێنەرەکانیان بانگ دەکەن بۆ کۆبوونەوەو دیاریکردنی رۆڵیان لەمەسەلە دیاریکراوەکانو مەبەستدارەکان کەئەم جۆرە کۆبوونەوانە لەلایەن کۆماریخوازەکانەوە بە (کۆنگرەکان) ناو دەبرێت هەرچی دیموکراتیخوازەکانە بە (کۆبوونەوە ناوخۆییەکان) ناوی دەبەنو هەریەکێ لەحزبەکانیش سەرۆکی فراکسیۆنی خۆی هەیە لەهەر یەك لەئەنجومەنی نوێنەرانو پیراندا، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆن کاراترە لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆیە چالاکییە حزبییەکان لەئەنجومەنی نوێنەراندا دیارترە وەك لەئەنجومەنی پیران.(١٢٩)

هەرچی لەسەر ئاستی نەتەوەییە هەر حزبێك تیمێکی سەرۆکایەتیو تیمێکی کۆنگرێسی هەیە، ئەو حزبەی سەرۆکایەتی دەوڵەتی لەدەستە تیمی سەرۆکایەتی لەسەرۆكو لیژنەی نەتەوەییو سەرۆکی ئەنجومەنی حزب لەسەر ئاستی نەتەوەییو ئەندامانی کۆنگرەی پاڵاوتنی نەتەوەیی پێکدێتو تیمی کۆنگرێسیش، کۆنگرەی حزب-یان هەیە بۆ هەر یەك لەئەنجومەنەکانی کۆنگرێسو سەرکردەیەك سەرۆکایەتی

---

١٢٨.. د. حافظ علوان حمادی الدلیمی ، النظم السیاسیة في اوروبا الغربیة و الولایات المتحدة الامریکیة، الطبعة لاولی، دار الوائل للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠١، ص٢٦٩

١٢٩..هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠

کۆنگرەکان دەکات کە ئەو قسەکەرە بەناوی ستراتیژو تاکتیکی حزبەوە (سەرۆکی فیدراسیۆن لەشێوازە دیموکراتییەکانی تری جیهاندا) بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بێ کەتیمی سەرۆکایەتی دەستوەرنەداتە کاروباری تیمی کۆنگرێسەوە، چونکە ئەم کارە ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوەو بەدەستێوەردانی دەرەکی دادەنرێت.[130]

هەرچی لەسەر ئاستی ویلایەتەکانە هەر یەك لەحزبەکان تیمی فەرمانڕەوا (حاکم)و تیمی یاسادانانیان هەیە کەتیمی فەرمانڕەوا لەحاکمی ویلایەتەکە (ئەگەر لەحزبی حاکم بوو) و لیژنەی ناوەندی ویلایەتو سەرۆکی ئەنجومەنی ویلایەتو ئەندامانی کۆنگرەی ویلایەت پێکدێ، هەرچی تیمی یاسادانانە هاوشێوەی تیمی کۆنگرێسەو بەهەمان شێوەش هیچکام لەم دوو تیمە دەس لەکاری یەکتر وەرنادات.[131]

هەموو ئەمانەی باسیان لێوەکران پرۆسەی بەشداری سیاسی پارتە سیاسییەکانو رۆڵیان لەهەڵبژاردندا گەرمتر دەکاتو ئەمەش وا دەکات نفوزی ئەم حزبانە لەیەکێ لەپۆستە دیارەکاندا بەروونی بکەوێتە بەرچاو کە لەهیچکام لەدیموکراتە پارلەمانییەکان لەجیهاندا بەرچاو ناکەوێ یەکێك لەحزبەکان بەتەواوەتی کۆنتڕۆڵی یەکێ لەئەنجومەن یان دەسەڵاتە سیادییەکانی کردبێت، بەڵام لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زۆرینەی کات کۆنگرێس یان یەکێك لەئەنجومەنەکانی کۆنگرێس حزبێك تیایدا باڵا دەستەو سەرۆکایەتی وڵاتیش حزبەکەی تر.[132]

**٥- رێکخستنی دەستوری بۆ سیستمی حزبی لە ئەمریکادا**

ئەگەرچی لەرووی مێژووی دروستبوونیەوە پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا هاوتەبان لەگەڵ دەستوری وڵاتەکەدا، بەڵام هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش هیچ دەقێکی دەستوری نە لەکاتی دارشتنی دەستورو نە لەگۆڕانکاریو هەمواکردنە یەك لەدوای یەکەکانی دەستوردا ئاماژە بەپارتو حزبە سیاسییەکانی ناکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیروباوەڕانەی کەدارێژەرانی دەستوور سەبارەت بەحزبەکان هەیانبووە ، چونکە

---

[130] .. جابريل إية. آلموند و جي بنجهام باديل الابن، ت: هشام عبدالله، السياسات المقارنة فى وقتنا الحاضر (نظرة عالمية)، الطبعة الاولى، دار الاهلية للنشر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٨، ص٩٧٤

[131] ..هەمان سەرچاوە، ل٩٩

[132] ..هەمان سەرچاوە، ل٩٩٣

ئـەوان پێیـان وابـووە حزبـە سیاسـییەکان پـڕ مەترسـینو مایـەی دوبـەرەکی نانـەوەنو هــەوڵی دابەشــکردنی کۆمــەڵگا دەدەنو بــەدوای بەرژەوەندییــە خۆپەرســتەکانی خۆیانــەوەنو جـیمس مادسـیۆن بەگروپـە حزبییـەکان (حزبـە سیاسـییەکانی وەسـف کردووە) کەهەرەشە لەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا دەکەن.(١٣٣)

بیروبـاوەڕی ئـەو سـەرکردانە لەسـەرەتادا دابەشـبووە بەسـەر دوو ئاراسـتەدا سـەبارەت بەپارتە سیاسییەکان، ئاراستەی یەکـەمیان فیـدراڵیخوازەکان بـوو بەسـەرۆکایەتی جۆرج واشـنتۆن کـە پێیـان وابـوو حزبـە سیاسـییەکان هەرەشـە لەیـەکگرتووی وڵات دەکـەنو هۆکارێکی بەهێزی لەناوچوونی زۆرینەی حکومەتە سەربەخۆو ئازادەکان بووە، هەرچی دیموکراتــە کۆماریخوازەکــان بــوو بەســەرۆکایەتی تۆمــاس جیفرســۆن داکۆکیــان لەدروستبوونی حزبـی سیاسـی دەکـردو ئـەو کۆتو بەندانـەی لەسـەر کۆمەڵەو یانـەکان دانرابوو بەپێچەوانەو پێشێلکرنی خـودی ئـەو دەسـتورەیان دەزانـی کـە واژۆیـان لەسـەر کردبـوو.(١٣٤) بۆیـە ململانێـی نێـوان ئـەم دوو بەرەیـە لـەناو ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا کـەکۆماریخوازەکان باڵادەسـتبوون تیـادا، بـەردەوام بـوو تـا هەڵبژاردنـەکانی سـاڵی ١٨٠٠ کـەتۆماس جیفرسـۆنو یاوەرەکـانی سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێناو لـەو کاتـەوە تـا ئێـستا بنەمای مافی ئۆپۆزسیۆن بۆ حزبەکان دەستەبەرکراو بنەمای دەستوریش بۆ ئەو حزبـە ئۆپۆزسـیۆنانە دانـرا. (١٣٥) لەراسـتیدا ئـەو دەقـەی لەدەسـتوردا ئامـاژە بـەو مافـە دەدات یەکەمین هەموارکردنە لەدەستوری ئەمریکادا کەدەڵێت: نابێ کۆنگرێس هـیچ یاسایەك دەربکات بەهۆیەوە یەکێك لەئاینـەکان باڵادەسـت بێـت یـان مومارەسـەی ئازادانـەی هـەر ئاینێك قەدەغە بکات، یان ئازادی قسەکردن یان رۆژنامـەوانی سنوردار بکـات یـان مـافی

---

١٣٣ .. لاری الویتز، نظام الحکم فی الولایات المتحدة الامریکیة رجاء سعید عوض، الجمعیـة المصریة للنـشر المعرفـة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة ، ص٧٨

١٣٤ .. علي یوسف الشکري، مبادیء القانون الدستوری و النظم السیاسة، دار إیتراك للطباعة و النشر و التوزیع، الطبعة الاولی، ٢٠٠٤، القاهرة، ص٣٥٣

١٣٥ .. الدکتور صالح جواد الکاظم و الدکتور علي غالب العاني، الانظمة السیاسة، بغداد، ١٩٩١، ص٩٥

تاکەکان لەکۆبوونەوەی ئاشتیانەو پێشکەشکردنی داواکاری بۆ حکومەت بۆ بەرپاکردنی یەکسانیو ئەو زوڵمانەی کەوتۆتە سەریان، پەکبخات.(١٣٦)

دیارە ئەم دەقە لەسەرەتاوە تەنها رێ پێوانو کۆبوونەوەی ئاشتیانەو هاوشێوەی ئەو کارانەی بەشیاوو مافی هاوڵاتی دادەنا، بەڵام دواترو پاش سەرکەوتنی تۆماس جیفرسۆن ئیدی پارتە سیاسییەکانو دواتریش گروپەکانی فشارو لۆبیو گروپەکانی بەرژەوەندیش چالاکییەکانیان گرەنتی دەستوری بۆ دانرا، چونکە سیستمی دەستوری ئەمریکا هاوشێوەی وڵاتە ئەنگلۆ ساکسۆنییەکانی تر، دابو نەریتی بەیەکێك لەبنەماو سەرچاوە دەستورییەکان ناسیوە.

حزبە سیاسییەکانیش لەچوارچێوەی دابو نەریتدا رێکخراون، چونکە ئەستەمە باس لەحکومەتی ئەمریکی بکرێت بێ باسکردنی رۆڵی حزبەکان تیایدا، بۆیە ئەگەرچی بەدەقی راشکاوو ئاشکرا لەدەستوردا باس لەحزبە سیاسییەکان نەکراوە، بەڵام بنەمای دابونەریت رێکخستنی دەستوری بۆ حزبەکان ئاسان کردووە.(١٣٧)

لەلایەکی ترەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئیمزای لەسەر پرۆتۆکۆڵی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ کردووە کەماددەی (٢٠) تیایدا ئاماژە بەمافی هەموو کەسێك دەکات لەوەی ئەندام بێ لەکۆمەڵەو کۆبوونەوە ئاشتی ئامێزەکاندا، هەروەك لەپەیماننامەی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا ئاماژە بەمافی دروستکردنی پارتی سیاسی لەماددەی (٢٢)دا کراوە.(١٣٨) ئەمانەش پابەندێتی بۆ حکومەتی ئەمریکی دروستکردووە سەبارەت بەمافی دروستکردنی حزب لەو وڵاتەدا، بەڵام لەپاڵ هەموو ئەوانەی لەم بەشەدا باسیان لێوەکرا بەئیلهام وەرگرتن لەدابو نەریتو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانو پرەنسیپی لیبرالیزمو دیموکراسی ئەمریکی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاسای پارتەسیاسیەکانی دارشتووە، بەڵام لەگەڵ هەموو

---

١٣٦ .. دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەموارکردنی یەکەم

١٣٧ .. هارولد زینك، هوارد پینیمان، جیسی هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص٤٩

١٣٨ .. د. على يوسف الشكرى، مبادىء القانون الدستورى والنظم السياسة، دار ايتراك للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص ٣٥٢- ٣٥٨

ئەوانــەی ســەرەوەدا بەئیلـهام وەرگــرتن لەداب‌ونــەریت‌و پەیماننامــە نێودەوڵەتییــەكان‌و پرەنــسیپی لیبرالیــزم‌و دیموكراســی ئــەمریكی، وڵاتــە یــەكگرتووەكانی ئــەمریكا یاســای پارتەسیاسییەكانی دارشتووە بەشێوەیەك هەریەك لەویلایەتەكان سـەربەخۆیی‌و ئـازادی تـەواویان لەدارشـتنی یاسای نـاوخۆی ویلایەتەكەیانـدا هەیـەو هـەر ئەمـەش وایكـردووە حزبەكانی ئەو وڵاتە ناوچەیی بن وەك لەنیشتیمانی.

# دەروازەی سێیەم

# کاریگەری سیستمی حزبایەتی لەسەر حوکمڕانی ئەمریکا

**١- فرە حزبیو چەمکی دیموکراسی:**

تایبەتمەنـدێتی دیمـوکراتی ئـەمریکی ئەوەیـە دیموکراسـیەکی لیبرالـی دەسـتوورییە کەئەمەش لەیەککاتـدا پێویـستی بـوونی دیموکراسـیو لەگەڵیـشیدا دەسـەڵاتێکی لیبراڵو دەستوریش بـەرپا دەکات، چونکە دیموکراسـی هەوڵـدەدات حکومـەتێك بەرقـەرار بکات کەهاوڵاتیان لێی رازی بنو شایستەی ئەوەش بێ لەلایەن گەلەوە لێپرسینەوەی لـەبارەوە بکرێ، بەڵام خەسڵەتی لیبرالی ئەو سیمایەی پێ دەبەخشێ کە بنـەماکانی مـافو ئـازادی تاکەکەسی تیاجێبووبێتەوەو پارێزراو بـن. دەسـتوریش لـەلای خۆیـەوە کۆمـەڵێك بنـەما دەگرێتـەوە کەپێویـستە جێبـەجێ بکرێنو ئـەو ئالیەتانـەش لـەخودی دەسـتورەکەدا بـۆ جێبەجێ کردنیان دانراوە کە لادان لێیان مانای پێشێلکردنی دەستوورەکەیە.

بۆیە پێویستە کۆمەڵگاکان مەدەنی بن بۆ ئەوەی بتـوانن ئـەو سیمایانە پـەیرەو بکـەنو بەتـەواوی بواریـان بـۆ رێکخراوەکـانو حزبـە سیاسـییەکانو یـەکێتیو سـەندیکاکانو کۆمەڵەو گروپـەکانی بەرژەوەنـدیو فـشارو یانـەکانو یەکـەکانی تـری کۆمـەڵی مـەدەنی خۆش کردبێ، چونکە ئەمانە یەکەی پێکەوە بەستنی تـاکن بەدەوڵەتـەوەو مایـەی رێگـە نەدانن بەدەسەڵات یان گروپێك قورخی دەسەڵات بکات. کەواتـە حزبـەکان یـەکێکن لـەو بنەماو پایانەی دیموکراتی لیبرالی لەسەر بەندەو خودی کاری تاکیش لەناو رێکخراوێکی حزبیدا خۆی لەخۆیدا مانای مـافی سیاسـی و ئـازادی سیاسـی تـاك دەگەیـەنێ بەتایبـەت لەوڵاتێکی وەك ئەمریکادا کەچەندین نەتـەوەو رەگـەزو نـەژادو ئـاینو مەزهـەبو زمـان تیایـدا گـوزەر دەکـەن. ئەمانـەش هەریەکـەیان خـاوەنی چـەندین حزبـی راسـترەوەو محافزکـار یـان لیبرالـی دیمـوکرات یـان ئـاینیو مەسـیحن، بۆیـە سیـستمی حزبایـەتی لەئـەمریکادا سیـستمێکی فـرە حزبییـە لەسەرئاسـتی کۆمـەڵگا، بـەڵام لەسـەر ئاسـتی دەسـەڵات سیـستمێکی دوو حزبیـە، چـونکە تاکـە دوو حـزب لـەماوەی دامەزرانـدنی دەستورەوە تا ئێستا جڵەوی دەسەڵات لەدەستیاندا ئـاڵوگۆڕ دەکاتو ئەمـەش سیمایەکی جیاوازی مومارەسەی دیموکراسیو سیاسی داوە بەئەزمونی ئەمریکی.

ئەگەرچی هەر لەسـەرەتای دروسـتبوونی حزبەکانـەوە کـەحزبی فیـدراڵیخوازو کۆمـاری-دیموکراتخوازەکان بوو هەتا ئێستا چەندین حزبی بچوك یان حزبی سێهەم دروسـتبووە،

بەلآم ململانێی بەهێزو راستەقینە تەنها لەنێوان ئەم دوو پارتەدا بووە بێ ئەوەی ململانێو ناکۆکییە سیاسییەکان لەماوەی ئەم سەد ساڵەی رابردوودا بووبێتە مایەی کاری توندڕەوانەو شۆڕش یان شەڕی ناوخۆی لێ بکەوێتەوە[١٣٩] کەئەمەش متمانەیەکی جەماوەری بەم دوو حزبە پەیدا کردووە کەئەو متمانەیە بەهیچ حزبێکی تر نەکراوە، ئەگەرنا کارێکی ئاسایی نییە سەدەیەك زیاترە تەنها ئەم دوو پارتە لەگۆڕەپانی سیاسیدا گەمەی راستەقینە دەکەن.

لەراستیدا دروستبوونی ئەم سیستمە دوو حربیە لەئەمریکادا کارێکی چارەنووسازو زگماکە نەك بەگوێرەی پلانو نەخشەیەکی دیاریکراوو دارێژراو. ئەوەی جێگای سەرنجیشە لێرەدا ئەوەیە کەزۆرجار هەڵبژاردنەکان دەبنە مایەی ئەوەی یەکێك لەم دوو حزبە زۆرینەیەك بەدەستبهێنێ کەبەشی زۆری ئەنجومەنی پیران یان نوێنەرانو کورسی سەرۆکیش بۆ خۆی ببات (نموونەی کۆمارییەکان لەسەردەمی رۆناڵد ریگاندا) کەچی حزبی دۆڕاو بەگەشبینییەوە خۆی بۆ ئایندە ئامادە دەکات!

ئەوەی سیستمی حزبایەتی ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەولآتانی تری دیموکراتی لیبراڵی دەستوری جیادەکاتەوە ئەوەیە، ئەم دوو حزبە سەرەکیە هیچکامیان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی دروست نەبوون، بەڵکو هەردوو حزب دەچنە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت (حزبی کادر)[١٤٠] و لێرەدا ململانێ لەسەر ئەوە نییە کامیان دیموکراسی دەستەبەردەکەن، چونکە لەبنەماوە دیموکراسی بوونی هەیەو بەرنامەی هەردوو حزبیش لەدیموکراسییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵکو ئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەم دوو حزبە ململانێی لەسەر دەکەنو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیانی لەسەر بونیات دەنێن ئەوەیە کامیان ژیانێکی باشتر بۆ هاوولآتی دابیندەکەنو ئەمریکایەکی بەهێزتریش وەکو ولآت دروستدەکەن.

---

[١٣٩].. دافيد كوشمان كويل، النظام السياسي في الولايات المتحدة، ت: توفيق حبيب و د.على ماهر، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة ص١٧

[١٤٠]..بەو حزبانە دەوترێت حزبی کادر کەنزمترین ئاستی ئەندامێتی تیایاندا کادرە واتا ئەوان کادری جەماوەریو پیشەییو سیاسیو..تد پەروەردەدەکەنو لەکاتی پرۆسە سیاسییەکاندا بەگەریان دەخەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لا٧٨

هەربۆیە پێویستە ئەم دووحزبە بەر لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بەرنامەی خۆیان بخەنە بەردەم جەماوەرو لێرەوە زۆرجار هاوڵاتی جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان بەرنامەی ئەو دوو حزبەدا بەدی ناکات جگە لەجیاوازی پاڵێوراوەکانیان.[١٤١] بەڵام ئەوەی ئەم دوو حزبە بەروونی لەیەکتری جیادەکاتەوە رێژەی بوونی پارێزگارەکانو توندڕەوەکانو لیبراڵەکانە لەهەر یەکێ لەم دوو حزبەدا کەدیارە هەر یەکەیان بەرێژەیەکی جیاوازو لەویلایەتێکیشەوە بۆ ویلایەتێکی تر رێژەی ئەم جۆرە کەسانە دەگۆڕدرێ.[١٤٢]

هەر وەك حزبەکان بەگشتی لەئەمریکادا لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانیو ویلایەتەکانیش چالاکی دەنوێنن کەئەمە وادەکات خەرجییەکی زۆری داراییان بوێتو ئەمەش لەتوانای حزبە بچوکەکاندا نییە.[١٤٣] بۆیە زۆرجار حزبە بچوکەکان لەسەر ئاستی ویلایەتەکان دەتوانن چالاکی بەرچاو بنوێنن بەشێوەیەك گورزی کوشندەش لەحزبە گەورەکان بدەن وەك ئەوەی حزبی جوتیارانو کرێکاران لەویلایەتی مینۆسوتا کردی کە بەهۆیەوە پارتی دیموکرات لەبارودۆخێکی لاوازدا دەرکەوت یان حزبی کرێکاران توانیان لەساڵی ١٩٣٧دا (٥) کورسی ئەنجومەنی پارێزگاو (٥)کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنن.[١٤٤] لەگەڵ بەدەستهێنانی رێژەی جیاواز لەناو ویلایەتەکاندا، بەڵام هەرگیز ئەم پارتە بچووکە ناوچەییانە مایەی مەترسی نەبوون لەسەر ئاستی نیشتمانی لەسەر هەردوو پارتە گەورەکە، چونکە لەساڵی ١٨٥٦ەوە تا ئێستا سەرۆکی کۆمار یان دیموکرات بووە یان کۆماریخوازو لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە تێکڕای بەشی دوو حزبە سەرەکییەکە لەکۆی دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکدا رێژەی ٩٤,٨٪ بوەو تەنها لەساڵی ٢٠٠٢دا لەکۆی سەد سیناتۆرەکەی ئەنجومەنی پیران یەك

---

١٤١ ..هەمان سەرچاوە، ل٧٩

١٤٢ ..هەمان سەرچاوە

١٤٣ .. د. طارق علی الربیعي، الاحزاب السیاسیة، مطابع التعلیم العالي بموصل، ١٩٩٠، ص١٥٣.

١٤٤ .. موریس دوفرجیە، الاحزاب السیاسیة، ت: علي مقلد وعبدالحسن سعد، دار النهار للنشر، الطبعة الثالثة (منقحة)، بیروت ١٩٨٠ص٢١٧.

سیناتۆر وەك سەربەخۆ سەركەوتنی بەدەستهێناوەو لەئەنجومەنی نوێنەرانیشدا تەنها دوو نوێنەری سەربەخۆ لەكۆی ٤٣٥ نوێنەرەكە سەركەوتوون.(١٤٥)

هەرچی حاكمی ویلایەتەكانە هەر (٥٠) كەسەكەیان سەر بەم دوو پارتە بوونو لەئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەكانیشدا تەنها (٢١) نوێنەر لەكۆی (٧٣٠٠) كەس كەدەكاتە رێژەی (٠,٠٠٣٪) خەڵكانی دەرەوەی هەردوو حزبی دیموكراتیو كۆماریخواز بوون.(١٤٦)

سەبارەت بەكۆنگرێسیش ئەوە روونە كەهەمیشە یەكێك لەم دوو حزبە هەمیشە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە (یان هەر ئەنجومەنەی یەكێكیان تیایدا باڵا دەستن)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەكاتی گفتوگۆو یاسادەركردنو دانیشتنەكانی كۆنگرێسدا ئەوەندەی بەرژەوەندی گەلو نیشتمانو مەسەلە چارەنووسسازەكان گرنگبوون بەلای نوێنەرانەوە ئەوەندە مەسەلەی بەرنامەو سیاسەتی خودی ئەو حزبەی پشتیوانیانە، مەبەست نەبووە كەدیارە ئەمەش وایكردووە زۆرجار لەكاتی پرۆسەی دەنگداندا لەسەر بابەتێكی ئاسایی دیموكراتو كۆماریخواز پێكەوە لەیەك سەنگەردا بوون، واتا بەنمونە لیبڕاڵەكانی سەر بەهەردوو حزب یان موحافیزكارەكانی سەر بەهەردوو حزب لەمەسەلەیەكی دیاریكراودا هاودەنگبوونو بەمەش حزبایەتی وەلانراوە.

هەڵبەت دیموكراسی ئەمریكیش ئەمە یەكێكە لەناسێنەرو خەسڵەتەكانی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەساڵانی (١٩٩٤) بەدواوە زیاتر رەوتی حزبایەتی لەناو كۆنگرێسدا بەدی ئەكرا لەچاو ساڵانی رابردوداو ئەم رەوتە وایكردووە بنەمای یەكێتی حزبی لەنێوان ئەندامانی هەریەكێ لەم دووحزبەدا باشتر ببینرێ.(١٤٧)

---

١٤٥.. جون بيبى، الاحزاب السياسية في الولايات المتحدة الامريكية، من كتاب انتخابات ٢٠٠٤، ت: وزارة الخارجية الامريكية مكتب برامج الاعلام الخارجى، مأخوذة من الانترنيت على ويب (www.nsinfo@state.gov)، ص٢ في (١٧-٥-٢٠٠٤)

١٤٦.. هەمان سەرچاوە.

١٤٧.. هەمان سەرچاوە

## بۆچی سیستەمی دووحزبی؟

هیچ سیستمێکی دوو حزبی هێندەی ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەموو دوونیادا خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ نییە، چونکە سیستمی دوو حزبی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی نۆزدە. کەئەمەش وایلێکردووە بەچاوێکی جیاواز لەسەرجەم سیستمە حزبییەکانی تر تێی بڕوانرێت. بەگشتی ئەتوانین لەسەرەتادا خەسڵەتەکانی ئەم سیستمە بەم دوو خاڵە روون بکەینەوە:

سیستمی دوو حزبی کارئاسانی کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان دەکاتو دەیگەیەنێتە سیستەمی سیاسی بەئاسانترین شێوە.

سیستمی دوو حزبی زامنی حکومەتێکی سەقامگیرو ئارام دەکات، چونکە ململانێکانی نێوان دوو حزب کەمتر کێشەی لێ دەکەوێتەوە لەچاو ئەو ململانێیانەی کەچەندین حزب لەسیستمێکی فرەحزبیدا دەیخوڵقێنن.[148]

ئەوەی سەرەوە خوێندنەوەیەکی خێرا بوو بۆ خەسڵەتەکانی سیستمی دوو حزبی لەئەمریکادا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سیستمی دووحزبی؟ بۆچی ئەمریکاییەکان پەیڕەوی یەك حزبی یان فرە حزبییان نەکردووە یان ئەم سیستمەیان نەگۆڕیوە بۆ یەکێك لەو سیستمانەی تر؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانین ئەم خاڵانە بخەرینە ڕوو:

### ١-١- دابو نەریتو لایەنە مێژووییەکان:

دابەشبوونی سەرەتای کۆنگرێس لەنێوان فیدراڵیخوازەکانو دیموکرات - کۆماریخوازەکان، هەڵوەستەیەکی سەرەتاییو بنەڕەتی بووە بۆ سیستمی دوو حزبی لەئەمریکاداو وەرگرتنی سیستمی حزبایەتی بەسیستمی دوو حزب،[149] مێژووی ئەم دابەشبوونە وایکردووە زۆرێك لەهاوڵاتییە ئەمریکییەکان بەکارێکی شیاوی نەبیننەوە ئەم شێوازە بگۆڕنو دەنگ بەحزبێکی بچوکی جیاواز لەکۆماریخوازو دیموکراتەکان بدەن. داهێنانو

---

[148] .. د. حسان محمد شفيق العاني، الانظمة السياسية والدستورية المقارنة، مطبعة جامعة بغداد ١٩٨٦، ص٢٧٦.

[149] .. لارى الويتز، نظام الحكم في الولايات المتحدة الأمريكة رجاء سعيد عوض، الجمعية المصرية للنشر المعرفة والثقافة العالمية الطبعة الأولى، قاهرة، لا٨٤

هەڵوێستە گونجاوەکانی ئەم دوو پارتەش هەمیشە گرەنتی خواستی هاوڵاتیانی کردووە بۆیە ئەم سیستمە وەك خۆی ماوەتەوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

**١-٢- سیستمی هەڵبژاردن:**

سیستمی هەڵبژاردن لەئەمریکادا بەسیستمی (تاکەکەس) وەریگرتووە واتا یەك کەس بۆ یەك بازنەی هەڵبژاردن، کەئەمەش ئەوە دەسەپێنێ، هەر پاڵێوراوێك توانی زۆرینەی دەنگە دراوەکانی ئەو بازنەیە بەدەستبهێنێ، سەرکەوتن بەدەستدەهێنێو بەمەش تاکە حزبێك سەردەکەوێت کەپاڵپشتی ئەو پاڵێوراوە بووە. بۆیە سیستمی تاکەکەس هاندەرێکی باشە بۆ هەردوو حزبی گەورە بەو پێیەی خاوەن بناغەیەکی جەماوەری گەورەن بەتەواوی کۆنترۆڵی هەڵبژاردن بکەنو بەم شێوەیە سیستمی دوو حزب پارێزراو ئەبێتو حزبی سێیەم یان حزبەکانی تر ناتوانن ببنە خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ کەخۆیانی پێ فەرز بکەن.[١٥٠] لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی وڵاتە دیموکراتیەکانی تری ئەوروپادا لەبەرئەوەی سیستمی هەڵبژاردن بەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی وەریگرتووە دەبینین حزبە بچوکەکانیش بواری بەشداریکردنیان هەیەو بەمەش فرە حزبی دروستبووە.

**١-٣- یاساکانی هەڵبژاردن:**

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی مانەوەی سیستمی دوو حزبی لەئەمریکادا بریتییە لەو یاسایانەی بەهۆیانەوە هەڵبژاردنیان پێدەکرێت بەنموونە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك پێویستە هاوڵاتیان (دەنگدەرە نائاساییەکان) هەڵبژێرن کەئەمانیش لەلای خۆیانەوە سەرۆك هەڵدەبژێرن. دیارە هەر ویلایەتێك ژمارەیەکی دیاریکراوی لەم دەنگدەرانە بەردەکەوێ کەحزبەکان دیارییان دەکەنو لەلیستێکدا رێکیان دەخەنو دەیانخەنە بەردەم دەنگدەرانی ئاسایی ناو کۆمەڵانی خەڵك. بۆیە کاتێك ئەنجامی کۆتایی ئەم

---

[١٥٠].. جون بيبي، الاحزاب السياسية في الولايات المتحدة الامريكية، من كتاب انتخابات ٢٠٠٤، ت: وزارة الخارجية الامريكية مكتب برامج الاعلام الخارجي، مأخوذة من الانترنيت على ويب (www.nsinfo@state.gov)، ص٣ في (١٧-٥-٢٠٠٤)

هەڵبژاردنانە لەهەموو ویلایەتەکاندا دەردەچێت ئیتر دەرچوونی نوێنەرانی کام لەدوو حزبە سەرەکییەکە دەرەنجامەو دەبێت ئەوەش بزانرێت کەدەرچوونی لیستی پاڵێوراوانی دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن هەریەکێك لەم دوو حزبەوە، ململانێیەکی زۆری لەسەرە بەجۆرێك جاری وا هەیە چەند دەنگێکی کەم تەرازووی دەنگەکان بەلایەکدا دەخات.[151] بۆیە مەسەلەی یاساکانی هەڵبژاردن بواری بەردەم حزبەکانی تری هێجگار بەرتەسك کردۆتەوەو هیچ هیوایەکی پڕشنگداری بۆ نەهێشتوون.

لەمەش زیاتر دەسەڵاتی گۆڕینی ئەم یاسایانە لەدەستی ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکان خۆیاندایە، کەبێگومان زۆرینەی رەهای (ئەگەر نەڵێین هەمووی) ئەم ئەنجومەنانەو نوێنەرەکانیشیان سەر بەهەردوو پارتی باڵادەستن‌و لەبەرژەوەندییاندا نییە هیچ گۆڕانکارییەك بکەن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی حزبی سێیەمدا، هەربۆیە سیستەمی حزبی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیستەمێکی دووحزبیە.

### ١-٤- پرۆسەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان:

ئالیەتی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان یەکێکی ترە لەکۆسپە جەوهەرییەکانی بەردەم حزبەکانی تر لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، چونکە لەم وڵاتەدا بەر لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی راستەقینە پرۆسەیەکی تر بەچاودێری لایەنە حکومییەکان ئەنجامدەدرێت کەپێی دەوترێت هەڵبژاردنە بەراییەکان‌و لێرەدا پاڵێوراوان لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە دەنگیان پێ دەدرێت نەك وەك ئەوەی لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا دەکرێت‌و پاڵێوراوانی هەرحزبێك لەلایەن ئەندامانی حزبەکەوە بۆ پۆستێکی دیاریکراو یەکلا دەکرێنەوە، بەڵکو لەئەمریکا خەڵکی ئاسایی دەنگدەدات‌و بەمەش جەماوەرێکی زۆر زیاتر لەخودی ئەندامانی هەر حزبێك بەشداری پرۆسەی یەکلایی کردنەوەی پاڵێوراوان دەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کەیاخیبوانی هەر یەکێ لەم دوو حزبە گەورەیە زۆر بەدەگمەن بیر لەجیابوونەوەو دروستکردنی حزبێکی تر

---

[151] .. هەمان سەرچاوە

دەکەنەوە، چونکە کاتێك خۆیان دەپاڵێون، لەبەردەم خەڵکە ئاساییەکەدا ئەگەر دەنگیان لەم هەڵبژادنە بەراییەدا بەرادەیەکی باش بەدەستهێنا ئەوا خودی حزبەکەی خۆیان دەیانکاتەوە پاڵێوراوی خۆیو بەمەش پرۆسەی جیابوونەوەو لێکترازان روونادات.(١٥٢)

### ١-٥- خودی دوو حزبە گەورەکە:

هەردوو حزبی دیموکراتو کۆماریخواز خاوەنی بناغەیەکی جەماوەری گەورەو گشتگیرن لەسەرتاسەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاداو خاوەن بەرنامەیەکی هەمەچەشنی ئەوتۆن لەگەڵ سەرجەم چینو توێژو لایەنو گروپو کۆمەڵێکدا بگونجێن. هەروەك لەکارکردنیاندا نەرمو هێمنو میانڕەون لەسیاسەتدا بەجۆرێك لەتوانایاندایە بەردەوام خەڵکی نوێ بۆ نێو ریزەکانیان رابکێشنو هەمیشە لەخۆ نوێکردنەوەدان، لەکاتێکدا حزبە بچوکەکان یان ناوچەیین یان هەڵگری بەرنامەیەکی ئەوتۆن کە لەچوارچێوەی بەرنامەی یەکێك لەم دوو حزبە گەورەیەدایەو لێی تێپەڕ ناکات.(١٥٣)

### ١-٦- بیروباوەڕی دەنگدەران:

ئەمریکییەکان بەدرێژایی مێژوو بڕوایان بەو بنەما سیاسیو ئابوریانە هەبووە کە لەوڵاتەکەیاندا پەیرەو کراوەو رازیبوون بەدیموکراتیەتو سەرمایەداریو فرەیی لەبیروباوەڕی ئاینیدا. هەروەك لەئەمریکادا دژایەتی چینایەتی ئابووری لەنێوان چینی هەژارو دەوڵەمەند یان پارتی سیاسی کۆمۆنیستی یان سۆسیالیستیدا یان کۆنترۆڵکردنی ئاینێك بەسەر ئاینەکانی تردا هەرگیز روویندداوە. بەڵکو ئەمریکا هەمیشە جێگای هەموو لایەنەکان بووەو ژیانێکی شایستەی بۆ زۆرینەی زۆری دانیشتوانەکانی دابینکردووە بۆیە ئەو کۆدەنگییە ئایدۆلۆژییەی لەنێوان خەڵکدا هەبووە، رەنگدانەوەیەکی کردارییانەی بەرنامەی کاری هەردوو حزبەکە بووە ئەمەش وایکردووە

---

١٥٢ .. هەمان سەرچاوە، ل٣-٤

١٥٣ .. لاری الویتز، نظام الحکم فی الولایات المتحدة الامریکیة رجاء سعید عوض، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الاولی، قاهرة، ص٨٥

هەمیشە ئەم دوو حزبە قبوڵکراو بوون.[١٥٤] وشیاری هاوڵاتی ئەمریکی لەئاستێکدایە توندڕەو، جا چ توندڕەوی راستی محافزکار بێ یان چەپی لیبراڵ، دەناسێتەوەو لەکاتی پرۆسەکانی دەنگداندا حساباتی خۆی لەسەر دەکات بەنموونە لەساڵی ١٩٦٤دا دیموکراتخوازەکان سەرکەوتن بەهۆی ئەو رەفتارە هێجگار محافزکارانەی کەپاڵێوراوی کۆماریخوازەکان بەرامبەر بەخەڵك نواندیو لەساڵی ١٩٧٢دا بەهۆی سلوکی لیبرالانەی توندڕەوی پاڵێوراوەکەی حزبی دیموکراتەوە ریتشارد نیکسۆن پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا.[١٥٥]

**٢- رەنگدانەوەی بەرنامەی حزبەکان لەسەر سیستمی حکومڕانی ئەمریکا (هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەنموونە):**

**٢-١- کاریگەری سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەسەر سیستمی سیاسییەوە:**

**٢-١-١- پارتی کۆماری ئەمریکا:**

پارتی کۆماری لەئەمریکادا بەپارتێکی راستڕەو دادەنرێت. (جۆرج بۆش)ی سەرۆکی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەندامی ئەم پارتەیە، هەروەها ئەم پارتە بەپارتی گەورە(Grand Old Party) (GOP)ش ناو دەبرێت.

لەدانیشتنی ١١٠یەمی کۆنگرێسی ئەمریکادا ئەم پارتە کەمینەی پێکهێنا لەئەنجومەنی پیران‌و ئەنجومەنی نوێنەران‌و هەروەها لەحوکمکردن‌و بەڕێوەبردنی وڵاتدا.[١٥٦] دەتوانرێت کاریگەرییەکانی سیاسەتی پارتی کۆماری بۆ سەر سیستمی وڵاتە

---

[١٥٤] ..هەمان سەرچاوە، لا ٨٥

[١٥٥] .. هەمان سەرچاوە

[١٥٦] .. ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا www.wikipedia.org Politics of Unites States :republican party (Unites States)(٢٠٠٧-٢-٥) http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_٪٢٨United_States٪٢٩)

یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت بەسێ سیاسەتەوە ئەوانیش: سیاسەتەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو نێودەوڵەتییە.

**سیاسەتە ئابوورییەکانی پارتی کۆماریخواز:**

کاریگەری سیاسەتی ئابووری پارتی کۆماری ئەمریکی لەزۆر لایەنەوە رەنگیداوەتەوە. کۆمارییەکان جەخت لەسەر گرنگی رۆڵبینینی ئەنجومەنی کۆمپانیا گەورەکانو تاکەکەس دەکەنەوە لەپرۆسەکانی هاندانو گەشەپێدانی لایەنی ئابووریو هەروەها بوونی بازاڕی ئازاد پەسەند دەکەن تا کاریگەری هەبێت لەسەر بازرگانیو ئابووریو لیبڕالیزمو ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەم لایەنانەوە هەیە.

زۆرینەی لایەنە نەیارەکانی ئەم پارتە هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەپارتی کۆماری پارتێك نییە گرنگی بدات بەلێپرسراوێتی دارایی دەوڵەت، پارتی کۆماری پەیڕەوی تیۆرێکی ئابووری دەکات کە لەلایەن (رۆناڵد ریگان)ی سەرۆکی پێشوی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکاوە دانراوە. ئەم تیۆرەش زیادکردنی رێژەی داهاتی باجدان لەسەر کۆی گشتی بەرهەمەکانی بەکارهێنانو وەبەرهێنانو ناردنو هێنانی کەلو پەل لەناوەوەی وڵات بۆ دەرەوەی وڵات کەمدەکاتەوە لەبری ئەمە داهاتو قازانج بۆ حکومەت دابین دەکات لەرێگای ئەو گەشە زیادانەی لەم رێگایەوە روودەدەن.

کۆمارییەکان لەو بڕوایەدان کەرتی تایبەت کاریگەری زیاتری هەیە لەحکومەت لەیارمەتیدانی هەژارو لێقەوماواندا. لەئەنجامی ئەمەش کۆمارییەکان پاڵپشی خۆیان بۆ زۆر لەرێکخراوە خێرخوازییەکان دووپاتدەکەنەوە، بەتایبەت ئەو رێکخراوانەی کەکاریان دابینکردنی یارمەتی بیمەی کۆمەڵایەتیو خۆشگوزەرانی بۆ هەژارانە. لەساڵی ١٩٩٦ەوە کۆمارییەکان بەبەردەوامی لەگەڵ پرۆژەی ئەو چاکسازییانەدان کە لەپێدانی بیمەی کۆمەڵایەتیدا دەکرێن (مەبەست لەبیمەی کۆمەڵایەتیش بریتیە لەپێدانی یارمەتی بۆ هەژاران چ لەشێوەی موچە یان دابینکردنی پێداویستیەکانی تردا بێت بۆیان.) ئەم کارەش سەرکەوتنی بەدەستهێناو بوو بەپاڵنەرێك بۆ ئەو کەسانەی کە لەپێشتردا ئەم مووچەیەیان وەردەگرتو لەدوای ئەو ریفۆرمەدا شیاو نەبوون بۆ وەرگرتنی، بۆیە کاریان بۆ خۆیان دۆزیەوە.

ئەم پارتە لەگەڵ پێدانی بیمەی تەندروستی ساڵانە بۆ تەنها تاکێکدا نییە، وەك ئەو جۆرە بیمەیەی لەکەنەداو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیدا هەیە.

ئەم پارتە بەگشتی دژی سەندیکا پیشەییو بازرگانییەکانەو بەشدارییان لەدەرکردنی چەندەها یاسای جۆراو جۆردا کردووە چ لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی یا حکومەتی ویلایەتەکان کەئەم یاسایانەش پەیوەندییان بەمافەکانی کارکردنو جۆری کارکردنو ...تد هەیە، هەروەها دژی زیادبوونی ئەو جۆرە کارانەن کە لەبەرامبەردا مووچە یان کرێیەکی زۆر کەم دەدات، چونکە لەو بڕوایەدان دەسکەوتی مووچە یان کرێیەکی زۆر کەم دەبێتە هۆی زیادبوونی بێکاریو گەشە نەکردنی باری ئابووری.[١٥٧]

**سیاسەتەکانی پارتی کۆماری دەربارەی سیستمی کۆمەڵایەتی:**

پارتی کۆماری ئەمریکی دژی دیاردەی لەباربردنی منداڵەو دژی دیاردەو بوونی یاسایی هاوسەرگیری یەك ڕەگەزن لەگەڵ یەکتردا واتە نێر لەگەڵ نێرداو مێ لەگەڵ مێدا.

پارتی کۆماری لەگەڵ کەم کردنەوەی پێدانی بیمەی کۆمەڵایەتیدایە لەپێناوی ئەوەی ئەو تاکانەی کەتوانای کارکردنیان هەیە بچن کار بکەنو دژی نەتەوە پەرستیو ڕەگەز پەرستین، بەڵام بەشێك لەئەندامانی ئەم پارتە لەگەڵ سیاسەتو پرۆگرامی جیاکاری پۆزەتیڤانەن (positive discrimination) بۆ ژنانو کەمینەکانی ترو کار دەکات بۆ نەهێشتنی ئەو جیاکارییانەی لەکۆنو ئێستادا هەیەو هەبووە، ئەمەش لەڕێگای گرتنە بەری ڕێوشوێنی گونجاو لەدەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسانو مافی خوێندنو دامەزراندن یان کارکردن لەئۆفیسە حکومییە تایبەتەکانداو چوونە ناو یان گرتنە دەستی پۆستە پەرلەمانیو حکومییەکان.

---

١٥٧. http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_٪٢٨United_States٪٢٩
Politics of Unites States_ Republican party (Unites States)
From Subject: Currend ideology of Republican party-Economic Policies.(٢٠٠٧-٢-٥)

لەسیستمی دادوەریدا کۆمارییەکان دەنگدەدەن بۆ بوونی سزای لەسێدارەدانو سزای توندو قورس بۆ تاوانباران هەروەها پاڵپشتی لەو مافە دەستورییە دەکەن کەرێگە دەدات بەمافی بوونی خاوەندارێتی چەکی تایبەتی بۆ پاراستنو بەرگری لەخۆکردن.

پارتی کۆماری رەخنە لەسیستمی خوێندنگا حکومییەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان لەئەمریکا دەگرێتو رەخنەش لەسەندیکای مامۆستایانی ئەمریکیش دەگرێتو هەوڵی گۆڕینی سیستمی خوێندن لەخوێندنگا حکومییەکان دەدات بۆ باشترین شێوە چونکە سیستمی خوێندن لەخوێندنگا حکومییەکاندا جیاوازی زۆرە لەگەڵ سیستمی خوێندن لەخوێندنگا تایبەتیەکانداو خوێندکاران سودێکی ئەوتۆی لێنابینن لەخوێندنگا حکومییەکاندا.

لەبواری زانستیشدا ئەم پارتە لەگەڵ گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکاندایە، ئەویش بەتەرخانکردنی تەمویلی دارایی تایبەت بەم پرۆژانە بەڵام لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەو پرۆژە زانستیو لێکۆڵینەوانەدا نییە کەدەستکاری خانە کۆرپەلەییەکانی زیندەوەران (الخلیه السلالیه الجنینیه) دەکەنو ئەم دیاردەیە وەك دیاردەی لەباربردنی منداڵ تەماشادەکات.[١٥٨]

**سیاسەتەکانی پارتی کۆماری دەربارەی سیستمی نێودەوڵەتی:**

کاریگەری سیاسەتی پارتی کۆماری لەسەر سیستمی پەیوەندیو کێشە نێودەوڵەتیو نیشتمانییەکانی ئەمریکا لەدوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕانکاری بەخۆوە بینی. ئەم پارتە پاڵپشتی هەموو پلانو سیاسەتە نێودەڵەتییەکانی سەبارەت بەجەنگ دژی تیرۆر کرد. لەو جەنگانەش جەنگی ئەفغانستان ٢٠٠١و جەنگی عێراق ٢٠٠٣و لەگەڵ هەوڵو پلانەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو سەرانسەری جیهاندا.

---

[١٥٨].. http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_%٢٨United_States%٢٩
Politics of Unites States_ Republican party (Unites States)
Current ideology of Republican Party – Social Policies (٢٠٠٧-٢-٥)

ئیدارەی بۆش هاودەنگی خۆی لەگەڵ ڕێککەوتننامە جیهانییەکانی جنێف پیشاندەداتو شەڕکەری نایاسایی لەریزی سوپاکانیدا بۆ شەڕکردن بەکارناهێنێتو پشتگیری لەو گریمانانەش دەکات کەوا لەتاکەکانی کۆمەڵگاکانی جیهان دەکەن جەنگ بکەنو بچنە ریزی سوپای نەتەوە یەکگرتووەکان، نەك بچنو پەیوەندی بەرێکخراوە تیرۆرستییەکانی وەك (ئەل قاعیدە)وە بکەن.

ئەم پارتە لەرێگای کۆنسوڵی پێشوی ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان (جۆن بۆلتۆن) لایەنگیری خۆی بۆ چاکسازی کردنو وەستانی فەسادی ئیداری نیشاندا.

پارتی کۆماری دژی پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ (Kyoto Protocol)یە. ئەم پرۆتۆکۆڵە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ کەمکردنەوەی گۆڕانکاری کەشو هەوا کەیەکێك لەهۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییە بریتیە لەچالاکییەکانی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە لەوانەش پیشەسازیو هۆکانی گواستنەوە، کۆمارییەکان کاریگەری ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەخراپ دادەنێت چونکە کاریگەری دەبێت لەسەر ئابووری ئەمریکاو هیچ کارێکیش ناکات بۆ وەستاندنی کێبڕکێکردن لەگەڵ وڵاتانی تردا لەوانەش دەوڵەتی چین لەمەسەلەکانی پیشەسازیو تەکنەلۆجیاو....تد دا پارتی کۆماری بەگوڕەوە هەوڵی فراوانکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ بۆ بازرگانی ئازاد دەدات لەوانەش ڕێککەوتننامەی بازرگانی ئازادانەی ئەمریکای باکور(North American Free Trade Agreement) (NAFTA)[159] وە لەئێستاشدا هەوڵەکانی فراوانکردووە تا لەگەڵ وڵاتانی باکوری ئەمریکای باشور (مەبەست لەبەرازیلو کۆلۆمبیاو پیرۆ) ئەم ڕێککەوتننامەیە ببەستێ.

---

[159] .. نافتا: ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو کە لە ٨/ك١/١٩٩٢دا، لەلایەن وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر دەستی سەرۆك بیل کلنتۆنو لەگەڵ کەنەداو مەکسیکدا بەسترا بەمەبەستی ئازادکردنی بازرگانیو هاموشۆی بازرگانی لەنێوان هەرسێ دەوڵەتدا.

پـارتی کۆمـاری گرنگـی دەدات بەمەسـەلەی کۆچـکردنی نایاسـایی بـۆ نـاو ویلایەتـە یـەکگرتووەکان بـەزۆریش لـەولاتانی ئـەمریکای لاتیینــەوەو ئیــدارەی بۆشــیش ئــەم کێشەیەی بەگرنگ داناوە.[١٦٠]

### ٢-١-٢- پارتی دیموکرات:

پـارتی دیمـوکراتی ئـەمریکا بـەپارتێکی چـەپڕەو لیـبڕاڵ دادەنرێـت، ئـەمیش بەهـەمان شـێوەی پـارتی کۆمـاری کاریگـەری دیـاری هەیـە لەسـەر سیـستمی حکـومرانی ئـەمریکا. لەدانیـشتنی ١١٠یـەمی کۆنگرێـسی حکومـەتی فیـدرالی ئـەمریکادا ئـەم پارتـە زۆرینـەی پێکهێنا لەئەنجومەنی پیران‌و ئەنجومەنی نوێنەراندا.[١٦١]

### سیاسەتە ئابورییەکانی پارتی دیموکراتی ئەمریکی:

کاریگەری سیاسەتی ئابووری پارتی دیمـوکراتی ئـەمریکا لەسـەر سیـستمی بـەڕێوەبردن‌و یاسادانان بەئاشکرا دیارە، ئەم پارتە بەپێچەوانەی پارتی کۆماری، لایەنگری بوونی کـرێ یـان مووچـەی کەمـدەکات وەك یارمەتییـەك بـۆ هـەژاران تـا بتـوانرێ زۆرتـرین ژمـارەی هەژاران سودمەند بن لێی.

ئەنـدامانی ئـەم پارتـە زۆر لەهـەوڵی دەرخـستنی پارتەکـەیانن وەك پارتێـك کـەگرنگی دەدات بەلایەنی ئابووری‌و لێپرسراوێتی دارایی بۆ ولاتەکەیان، هەروەها پشتگیری خۆیان بۆ سیاسەت‌و پڕۆگرامی باجدان لەئـەمریکا دووپـات دەکەنـەوە، چـونکە داهـاتی باجـدان جارێکی تر لەلایەن حکومەتەوە خەرجدەکرێت بـۆ پـرۆژەو کاروبـاری دەوڵـەت‌و بـوونی سیاسەتی باجدان دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی بودجە.

---

[١٦٠] .. ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا www.wikipedia.org ،Politics of Unites States
Democratic party (Unites States) ،(٢٠٠٧-١-٤)
http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_٪٢٨United_States٪٢٩
Politics of Unites States_ Republican party (Unites States)
Current ideology of Republican Party – Social Policies ،(٢٠٠٧-٢-٥)

[١٦١] .. ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا www.wikipedia.org ،Politics of Unites States
Democratic party (Unites States) ،(٢٠٠٧-١-٤)
http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic Party_٪٢٨United_States٪٢٩)

لەبارەی بیمەی تەندروستییەوە ئەم پارتە لەگەڵ بوونی بیمەی تەندروستی باش‌و چارەسەرکردن بەنرخی گونجاوە بەشێوەیەك هەموو كەس بتوانێت پارەكەی بداتو پاڵپشتی ئەوە دەكەن كەحكومەت زیاتر گرنگی بەم بوارە بدات. دیموكراتەكان لایەنگری لەپڕۆژەی كڕینی دەرمان دەكەن لەوڵاتی كەنەدا، چونكە وا دەیبینن ئەمكارە دەبێتە هۆی دیاریكردنی بودجەو لەرووی خەرجیشەوە بۆ حكومەتی ئەمریكی كەمتری تێدەچێت.

پارتی كۆماری دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی زانایانی ژینگەناسی لەپاراستنی سەرچاوە سروشتییەكانی ژینگە ئەویش بەدەركردنی یاسای گونجاوو بەهێز دژی پیسكردنی ژینگەو پشتگیری خۆیان بۆ ئەو یاسایانە دووپاتدەكەنەوە كەكار بۆ پاراستنی ئاوو هەواو زەوی لەپیسبوون بەماددەی ژەهراوی دەكەن، زۆربەی ئەم پیسبوونەش بەهۆی چالاكییەكانی مرۆڤەوەیە لەوانە چالاكی پیشەسازی.

ئەم پارتە ئامانجێكی درێژخایەنی هەیە لەكەمكردنەوەی بڕی تێچوونی خوێندن‌و پێدان‌و تەرخانكرنی پارە بۆ خوێندكاران تا لەزانكۆو كۆلێجەكاندا درێژە بەخوێندنەكەیان بدەن‌و لەگەڵ كەمكردنەوەی نرخی خوێندندایە.

سەبارەت بەلایەنی بازرگانی‌و رێكەوتننامە نێودەوڵەتییەكان، پشتگیری لەبوونی بازرگانی ئازاد دەكەن‌و لەساڵانی نەوەدەكانی سەدەی پێشوودا ئیدارەی (بیل كلینتۆن) رێكەوتننامەیەكی لەگەڵ وڵاتانی ئەمریكای لاتین بەست لەژێر ناوی (رێكەوتننامەی بازرگانی ئازادانەی ئەمریكای باكور NAFTA).[١٦٢]

## سیاسەتە كۆمەڵایەتییەكانی پارتی دیموكراتی ئەمریكی:

یەكێك لەو دیاردانەی كەكۆمەڵگای پێدەناسرێتەوە دیاردەی بوونی جیاكارییە، بەڵام ئەم پارتە لەگەڵ بوونی ئەم دیاردەیەدا نییە، بەڵكو پاڵپشتی لەبوونی یەكسانی دەكات بۆ

---

١٦٢.. ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا www.wikipedia.org ، Politics of Unites States- Democratic Part ,Recent issue stances of Democratic Party – Economic issues(٢٤-١-٢٠٠٧)
http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic_Party_%٢٨United_States%٢٩/Recent_issue_stances

هەموو ئەمریكییەك بێ گرنگیدان بەرەگەزو تەمەنو نەتەوەو ئاینو مەزهەب. هەروەها لایەنگری لەسیاسەتو پڕوگرامی جیاكاری پۆزەتیڤانە دەكات وەك ڕێگایەك بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو جیاكارییەی لەكۆندا هەبووە تا بوار بڕەخسێت بۆ بەگەڕخستنو كاركردنی هەموو تاكەكانی كۆمەڵگا بەبێ جیاوازیو بوار رەخساندن بۆ كاركردن لەهەموو كارە حكومییە تایبەتیەكاندا بێگوێدانە رەگەزو تەمەن. لەهەمانكاتدا دیاردەی پشكی تەرخانكراو رەتدەكاتەوە كەتەرخاندەكرێت بۆ جۆرە رەگەزێك بۆ دامەزراندن لەشوێنێك یان پۆستێكدا. هەروەها پشتگیری لەیاسای ئەمریكییە بێتواناكان (Americans with Disabilities) دەكەن ئەمەش بۆ وەستاندنو نەهێشتنی هەموو جۆرێكی جیاكاری دژی مرۆڤایەتی لەكۆمەڵگادا لەسەر بنەمای پێوانەكردنی توانا بەجەستەو عەقڵ.

سەبارەت بەهاوسەرگیریی هەمان رەگەز لەگەڵ یەكتردا ئەندامانی ئەم پارتە داكۆكی لەو مەسەلەیە دەكەن، بەڵام هەندێكیان دژی ئەم دیاردەیەن لەسەر بنەمای ئاینی.

پارتی دیموكراتی ئەمریكی لە(پلاتفۆرمی) بەرنامەی حزبی ساڵەكانی ٢٠٠٠و ٢٠٠٤دا باس لەمەسەلەی لەباربردنی منداڵ دەكات كەدەبێت ڕێگە پێدراو بێت، بەڵام لەهەمانكاتدا دەبێت بەشێوەیەكی دروستو یاسایی كەم بێتو بەبەردەوامی هەوڵی ئەوە بدرێت ئەم دیاردەیە كەم بكرێتەوە، ئەویش بەپێدانی زانیاری زیاتر بەژنانو كچان سەبارەت بەچۆنێتی منداڵ دروستبوونو چۆنێتی قەدەغەكردنی دروستبوونی، هەروەها پێدانی زانیاری سەبارەت بەوەی كەئەو منداڵە ئەگەر دایكەكە نەیتوانی یان نەیویست بەخێوی بكات ئەوا بواری ئەوە هەیە لەلایەن خێزانێكی ترەوە وەربگیرێتو بەخێو بكرێت. دیموكراتەكان لەگەڵ ئەو بڕوایەدان كەمەسەلەی لەباربردنی منداڵ وازی لێبهێنرێت بۆ ویژدانی دایكەكە، ژن خۆی ئەوە هەڵبژێرێ كە ئایا ئەو كۆرپەیەی دەوێت یا نایەوێتو ئایا ئەوە كارێكی دروستە یا نادروست، بەبێ ئەوەی حكومەت دەستی هەبێ لەو هەڵبژاردنەی ژن دەیكات. سیناتۆر (هیلاری كلینتۆن) كەیەكێكە لەئەندامانی ئەم پارتە لەسەرەتاكانی ساڵی ٢٠٠٥دا باسی لەم مەسەلەیە كرد، بەڵام لەهەمانكاتدا ئاماژەی بەوە كرد كەئەم هەڵبژاردنە ناخۆشو تراژیدییە بۆ زۆربەی دایكان.

سەبارەت بەلێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی پشتگیری لەهەموو جۆرە لێكۆڵینەوەكانی خانە كۆرپەلەییەكان كردو لەگەڵ دابینكردنی تەمویلی تایبەت بوو بۆ ئەم پرۆژانە بەبیانووی ئەوەی ئەم لێكۆڵینەوانە چانسێكی گەورەیە بۆ رزگاركردنی چەندەها ژیانو كەمكردنەوەی ئازاری مرۆڤایەتییە بەدەست زۆر نەخۆشییەوە.[١٦٣]

**سیاسەتی نێودەوڵەتیو دادوەری پارتی دیموكراتی ئەمریكی:**

دیموكراتەكان لەئەنجومەنی پیرانو ئەنجومەنی نوێنەراندا بەكۆی دەنگ دەنگیان بە بەكارهێنانی هێزی سەربازی دا دژی ئەو لایەنانەی كە بەرپرسیاری هێرشەكانی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بوون، لەوانەش ئەفغانستان، بەڵام سەبارەت بەجەنگی عێراق دیموكراتەكان لەناو خۆیاندا دابەشبوون. سیناتۆرە دیموكراتەكانی ئەنجومەنی پیران رەزامەندی خۆیان پیشاندا بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵام زۆربەی دیموكراتەكانی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ ئەوەدا نەبوون. لەو كاتەشەوە زۆربەی دیموكراتەكان پەشیمانی خۆیان بۆ ئەو بریارە نیشانداوە، لەسەر ئاستی دادوەریش پارتی دیموكرات لەو باوەڕەدایە كەتاكە كەس تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو بەگشتی پاڵپشتی ئەو یاسایانە دەكات كەباس لەچۆنێتی یاسا جێبەجێكردن دەكاتو چاودێری دەزگای زانیارییەكانی هاوڵاتیان رێكدەخات.

هەمیشە ئەم پارتە گرنگیداوە بەكەمكردنەوەی تاوانو گرتنەبەری رێو شوێنی گونجاو بۆ قەدەغەكردنو نەهێشتنی تاوانو كەمكردنەوەی، هەروەها جەخت لەسەر چاككردنی سیاسەتی كۆمەڵایەتیو بوارە پۆلیسییەكان دەكاتەوە تا یارمەتیدەرێك بێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هەروەها بەرنامەی حزبی ساڵەكانی ٢٠٠٠و ٢٠٠٤ی پارتی دیموكرات ئاماژە بەتوندوتیژی ناو خێزان دەكاتو داوا دەكات سزایەكی توند هەبێت بۆ ئەو كەسانەی ئەم كارە دەكەنو هەروەها داوادەكات یارمەتی قوربانییەكانی بدرێت.[١٦٤]

---

١٦٣ ... ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا www.wikipedia.org ، Politics of Unites States-Democratic Part ,Recent issue stances of Democratic Party – Social isues (٢٠٠٧-١-٢٤) http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic_Party_٪٢٨United_States٪٢٩/Recent_issue_stances

١٦٤ .. ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا www.wikipedia.org ، Politics of Unites States-Democratic Part ,Recent issue stances of Democratic Party – Foreign policy issues and Legal issues (٢٠٠٧ - ١ -٢٤)

بەگشتی ئەتوانین بڵێین کاریگەری سیستمی حزبایەتی بەدوو ئاستدا بەدی دەکرێت، یان لەسەر ئاستی ناو خۆیی کەرەنگدانەوەی سیاسەتەکانی حزب لە رێنمایی کردنی سەرۆك و کۆنگرێس و کارگەری درووستکردن لەسەر سیاسەتەکانیان، یاخود لەسەر ئاستی دەرەکی کەخۆی لەئامادەسازی حزبەکاندا دەبینێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکان و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانیان و هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

## ٢-٢- کاریگەری سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەسەر سیستمی حوکمڕانیو بڕیارداندا:

هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەردەوام لەهەوڵی بەئامانج گەیاندنی بەرنامەکانیانن لەئاراستەو بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانیدا بەمەبەستی پێکانی ئەو بنەمایانەی لەپێناویدا ئەو ئامانجانە خوڵقاون. دیارە زۆر جار لەم بوارەدا هەوڵی یەکێ لەحزبەکان دەبێتە مایەی بەرپەرچدانەوەو تەگەرە دروستکردن لەلایەن حزبەکەی ترەوە، بەڵام بەگشتی هەردوو پارت لەئەنجامی گەیشتنیان بەترۆپکی دەسەڵات کە لەسەرۆکی کۆماردا خۆدەبینێ و لەرێگای ئەو نوێنەرانەی لەهەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیراندا هەیانە توانیویانە بەشێکی بەرچاو لەسیاسەتەکانیان جێگا بکەنەوەو بەدییان بهێنن.

لەدوای تیرۆرکردنی (جۆن اف کنێدی) لەساڵی ١٩٦٣دا ئیدی بەرنامەی کاری پارتی دیموکرات لەناو حکومەتدا جێگای لەق بوو، ئەگەرچی لەساڵانی (١٩٧٧-١٩٨١)دا (جیمی کارتەر) سەرۆکایەتی وڵاتی وەك سەرۆکێکی سەربەپارتی دیموکرات گرتە دەست، بەڵام لەبەرئەوەی لەدوا ساڵی سەرۆکایەتیەکەیدا دوچاری شکستی گەورە بوو لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی ئەویش بەهۆی شکستهێنانی لەئازادکردنی ئەو (٦٠) ئەمریکیەیەی لەئەنجامی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا لەسەفارەتی ئەمریکا لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە گیران و زەرەر پێکەوتنی ئەو رێکەوتننامەیەی لەنێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا سەبارەت بەچەکی ستراتیژی بەسترا، کەدەبوو (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی

---

http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic_Party_%٢٨United_States%٢٩/Recent_issue_stances

پیران ئیمزای لەسەر بکەن، بەڵام زۆربەی ئەم ڕێژەیە لەگەڵ تێبینی دا ئیمزایان کردو دواتریش دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە ئیدی دەرکەوت کەسیاسەتەکانی سەرۆك لەبەرژەوەندی ئاسایشی ئەمریکادا نەبوو،[165] ئەمانە هەمووی خاڵی گرنگ بوون بۆ ئەوەی دیموکراتەکان تاسەردەمی (بیل کلنتۆن) نەتوانن سەرۆکایەتی بگرنەوە دەست. ئێستا پرسیار ئەوەیە لەرووی پراکتیکیەوە پارتی کۆماریخواز لەو ماوەیەدا چ کاریگەرییەکی لەسەر سیستمی حوکمڕانی دروستکردووە؟

ئەو بەرنامانەی کە لەبەشی سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا لەماوەی (٣) دەهەکی پێشودا بەباشی لەلایەن کۆماریخوازەکانەوە کاریان بۆ کراوە بەنموونە (رۆناڵد ریگان) لەسەر ئاستی دەرەکیو سیاسەتە دەرەکییەکان توانی بەر لەهەموو شت لەرێگای دانوستانەوە ئەو دەستبەسەرە ئەمریکاییانە لەئێران ئازاد بکات کە (جیمی کارتەر) شکستی لەئازاد کردنیاندا هێنابوو. هەروەك لەسەر ئاستی زانستیش توانی مەکۆی فەزایی کۆلۆمبیا کەیەکەمین کەشتی ئاسمانیە زیانر لەیەکجار بەکارهاتبێ، بۆ یەکەمجار هەڵبداتو لەسەر ئاستی داراییش باجی دابەزاندو کەرتی تایبەتیشی زیاتر ئازاد کرد بۆ سەرمایەگوزاریو لەسەر ئاستی سەربازیش ڕێژەیەکی زیاتر لەبودجەی دەوڵەتی بۆ تەرخانکردو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش ڕێژەی کاری لە (٩,٧٪)ەوە دابەزاند بۆ (٦,٥٪)[166] و لەسەر ئاستی سیاسەتەکانی دەرەوەش، (رۆناڵد ریگان) هەوڵیدا ئەمریکا رۆڵێکی ئاکتیف تر ببینێ لەبەدیهێنانی دیموکراتی لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا، ئەوەبوو پشتوانی لەشۆڕشەکەی (کورازۆن ئەکینۆ) دژ بەدیکتاتۆر مارکۆس لەفلیپین کردو لەکۆریاش پشتیوانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کرد دژ بەحکومەتی عەسکەریو لەئەمریکای لاتینیش پشتیوانی دروستبونی دەوڵەتی دیموکراتی کرد هەر لە گواتیمالاوە تا ئەرجەنتینو لەسەر ئاستی سیاسیش زۆر راشکاوانە دژ بەشیوعیەتو کۆمەنیزم بوو.[167]

---

[165] .. موجز التأريخ الأمريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ص١٧٨

[166] .. هەمان سەرچاوە لا ١٨٠

[167] .. موجز التأريخ الأمريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ص٢٠٢.

ئەم بەرنامانە هەموویان بوونە مایەی ئەوەی لەیەك کاتدا هەم بەرنامەی حزبەکەی جێبەجێ بکاتو هەم گرەنتی ئەوەش زامن بکات کەدوای خۆی کۆماریخوازێکی تر کورسی دەسەڵات بگرێتە دەست.

(جۆرج بۆش)ی باوك (بەرلەوەی ببێت بەسەرۆکی ئەمریکا، جێگری سەرۆك ریگان بوو) لەدوای ریگان پیادەکارو جێبەجێکارێکی سیاسەتەکانی (رێگان) بوو لەبواری ئابوریدا، بەڵام بەخەرجیەکی کەمتر هەروەك لەبواری ژینگەو پەروەردەدا، بۆش ئیمزای لەسەر یاسایەك کرد سەبارەت بەو دوکەڵانەی دەبونە مایەی پیسبوونی ژینگە هاوکات یاسایەکی تری سەبارەت بەئاسانکاری هاموشۆکردنی کەمئەندامان ئیمزا کرد، هەرچی لەسەر ئاستی پاراستنی دیموکراتیو مافی گەلانە (بۆش) لەرێگای رەزامەندی کۆنگرێس هێرشی کردە سەر عێراقو لەکوێت دەری پەڕاند.[١٦٨]

بەڵام دوای ئەوەی (جۆرج بۆش) یەکەمین خولی سەرۆکایەتی خۆی تەواو کرد نەیتوانی بۆ جاری دووەم لەبەردەم ئەمریکاییەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، چونکە بۆش ئەودەمە وڵاتی دوچاری سست بوونی گەشەی ئابوریو پەروەردەو چاودێری تەندروستی کردبوو، هەموو جەختێکی لەسەر بواری سیاسەتی دەرەوە بوو ئەمەش ببووە مایەی بێزاری لەلایەن جەماوەرەوە، بۆیە خەڵك پێویستی بەگۆڕان بوو، (کلنتۆن)یش ئەو کەسە بوو کەبانگەشەی گۆڕانی دەکرد. ئەوە بوو لەکۆتای ١٩٩٢دا سەرکەوتی بەدەستهێنا. بەسەرکەوتنی کلنتۆن دەست بەکار بوو لەسەرجەم ئەو بوارانەی بانگەشەی بۆ کردبوون لەوانە بواری تەندروستی کە(هیلاری) خێزانی بەجدی کەوتە کارکردن تیایداو ئەو یاسایانەی هەڵگرت کەرێگربوون لەبەردەم لەباربردنی منداڵدا (ئەم یاسایە لەسەردەمی رێگانو بۆشدا کاری پێدەکرا) هەروەك باجی لەسەر ئەو تاكو کۆمپانیایانە هەڵگرت کەتایبەت بوون بەبواری تەندروستی بەتەمەنەکانو بواری زەمانەتی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام ئەم سیاسەتانەی کلنتۆن بوونە مایەی ئەوەی بۆ یەکەم جار لەدوای ساڵی ١٩٥٤، کۆماریخوازەکان جڵەوی دەسەڵات لەساڵی ١٩٩٤دا لەئەنجومەنی نوێنەراندا بگرنەوە دەستو دژ بەسیاسەتەکانی کۆنگرێسو سەرۆك بوەستنەوەو باس لەشکستی (وڵاتی

---

[١٦٨] .. هەمان سەرچاوە، لا٢٠٨

زەمانــەتی كۆمەلآیــەتی) بكــەن كــەكلینتۆن وەك دروشمێــك بــەرزی كردبــووەوە.[١٦٩]
ئەگەرچی كلنتۆن توانی هەردوو خولی سەرۆكایەتی خۆی تارادەیەك بەسەركەوتوویی كۆتایی پێبهێنی، بەلآم كێشەی مۆنیكا لیونسكی لەلایەكو هێزی كۆماریخوازەكان كە لەهەلبژاردنــەوەی دووەمــین خــولی ســەرۆكایەتی كلنتۆنــدا توانیبوویــان لەهــەردوو ئەنجومەنەكــەدا زۆرینــە بەدەســتبهێنن، لەلایــەكی تــرەوە ئــەو رێگەیــەی خــۆش كــرد لەبەردەم كۆماریخوازەكاندا دواتر هەلبژاردنــەكان ببەنــەوە. بەمــشێوەیەش هــەر پارتێــك لــەو دوو پارتــە دەســەلآتدارە هاتبێتــە ســەر حــوكم هــەولی داوە زۆرتــرین بەرنامــەی حزبەكــەی جێبــەجێ بكاتو بــەردەوامیش بەدرێــژایی مێــژووی ولآتــە یــەكگرتووەكانی ئەمریكا دەسەلآت لەنێوانیاندا گەمەی كردووە.

**٣- كاریگەری سیستمی حزبایەتی لەسەر سیستمی دەستوری لەئەمریكا**

دەستوری ئەمریكی بەتەنها ئەو بەلگەنامەیەو هەمواركردنەكانی ناگرێتەوە كە لەسالی ١٧٨٧دا لەفیلادلیفیا دانرا، بەلكو ئەو لێكدانەوانەش دەگرێتــەوە كەدادگای بــالآ بــۆ دەقــە دەســتورییەكانی كــردووە، هــەروەها ئــەو یاســاو رێــسا بنەڕەتییانــەش دەگرێتــەوە كــەبۆ جێبــەجێكردنی ئەحكامــە دەســتورییەكان لەلایــەن كۆنگرێــسەوە دەركــراون وەك یاســای دەسەلآتی دادگەریو یاسای تایبەت بەجێنشینی ســەرۆكو ئــەو بڕیارانــەش كەدەســەلآتی جێبەجێكردن بۆ راپەڕاندنی دەستوور دەریكــردوونو لەكۆتایــشدا ئــەو دابو نەریتانــەی لەولآتە یەكگرتووەكاندا كاریان پێكراوە، پێكەوە هەموویان سیستمی دەستووری ئەمریكا پێكدەهێنن.[١٧٠] بۆیە كاتێك قسە دێتە ســەر كاریگــەری حزبــەكانو سیــستمی حزبایــەتی لەسەر سیستمی دەستوری لەئەمریكادا، بێگومان دەبێت ئەو راستــیەمان لەبەرچاو بێت كەزۆرینەی ئەو یاساو رێسایانەی لەلایەن كۆنگرێسەوە یــان دەســەلآتی جێبەجێكردنــەوە دەركراون، بەنەفەسێكی ئەوتۆ بــوون كــە لــەژێر كاریگــەری حزبــی بالآدەســتدا بــووە لــەو شــوێنانەدا، بەنموونــە لەســەردەمانی جــۆن كینــدی ســەركردەی ئــەمریكا لەســەر لیــستی

---

١٦٩ .. موجز التأريخ الأمريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ص٢١٠- ٢١٥

١٧٠ .. هارولد زينك، هوارد پينيمان، جيسى هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص٣٦.

پارتی دیموکرات، سەرمایەداران‌و پیشەوەرانی پیشەسازی پۆڵا بەبڕیارێك نرخی تەنێك پۆڵایان ٦ دۆلار بەرزکردەوە کەئەمە بەرای دیموکراتەکان‌و سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا زەرەرگەیاندن بوو بەئاسایشی نەتەوەیی‌و مایەی دروستبوونی هەڵاوسانی ئابووری‌و سەرباری هەموو ئەمانەش تێچووی خەرجییە بەرگرییەکانی ئەمریکا لەسایەی ئەم بڕیارەدا دەگەیشتە دوو بلیۆن دۆلاری ئەمریکی هەروەك دەبووە مایەی کەمکردنەوەی رۆحی کێبڕکێی کاڵاکان لەبازاڕە جیهانییەکاندا بەهۆی بەرزی نرخی تێچونیانەوە. دیارە ئەم بڕیارە ببووە مایەی ناڕەزایی سەرۆك‌و باڵی دیموکراتی ناو کۆنگرێس. ئەوەبوو سەرۆك بڕیارێکی دەرکردو داوای لەکۆنگرێس کرد چەند بڕیارێکی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم بڕیارە دەربکەن، لەبەرامبەردا کۆماریخوازەکانی ناو کۆنگرێس بەیاننامەیەکیان دژی ئەو بڕیارانەی سەرۆك دەرکردو بە"شێوازی پۆلیسییان" دایە قەڵەم، کە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە پەیرەو کراوە، چونکە کۆماریخوازەکان کە بەگوێرەی بەرنامەکانیان پشتیوانی بازرگانی‌و بازاڕی ئازادن، پێیان وابوو بەرزکردنەوە ٣,٥٪ی نرخی پۆڵا نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئابووری ئەمریکا زەرەرمەند بێت‌و بەپێچەوانەوە بڕیارەکانی سەرۆك جگە لەلادان لەدیموکراتیەتی ئەمریکی‌و دەستوری ئەمریکی هیچ شیکردنەوەیەکی تری لای ئەوانە بۆ نەدەکرا.[١٧١]

لەلایەکی ترەوە لەکۆنگرێسی ساڵی ١٩٣٧ لەدانیشتی ٨٦ دا دیموکراتخوازەکان ٢٨٠ کورسییان هەبوو کۆماریخوازەکانیش خاوەنی ١٥٢ کورسی بوون، رێژەی دەنگی هەردوو پارت لەسەر هەرسێ مەسەلەی (تەمویلی ئیسکان، یاسای مافی ویلایەتەکان، یاسای کار) بەم شێوەیە بوو.

| | |
|---|---|
| دیموکراتخوازەکان | ١٧٨ |
| کۆماریخوازەکان | ١٨ |
| ئامادە نەبوون | ١٦ |

[١٧١].. لیونارد لیڤی جون روش، منهج السیاسة الامریکیة الداخلیة، ت: محمد ناعم سعید، دار الیقظة العربیة، ١٩٦٦ ص١٧٥-١٨٣.

کـە بـەم شـێوەیەش بیروبـاوەڕی دیموکراتخوازەکـان لەسـەر ئـەو سـێ مەسـەلەیە کرایـە بڕیارێکی یاسایی‌و کاری پێکرا.[١٧٢]

هەروەك لەسـاڵی ١٩٩١داو لـەکاتی جـەنگی دووەمـی کەنـداودا دوای ئـەوەی عێـراق کـوێتی داگیرکرد کۆنگرێس کەتیایدا بەبڕیارێك ڕێگای بەسەرۆك دا بڕیاری جەنگ بدات، دیـارە ئـەم بڕیـارەی کـۆنگرێس دەگەڕایـەوە بـۆ نفـوزە کۆماریخوازەکـان لـەو کاتـەدا لەگـەڵ ئەنجومەنی سینات کەزۆرینەیان بەدەستەوە بوو.[١٧٣]

هەر لەدەهەکی رابردوودا کاتێك بیڵ کلینتۆن بووە سەرۆکی ئەمریکا راستەخۆ سەرجەم ئـەو کـۆتو بەنـدە یاسـاییانەی لەسـەر مـافی لـەباربردنی منـداڵ لابـردو بەمـەش گوزارشتێکی تەواوی لەسیاسەتی لیبرالانەی پارتەکەی کرد.[١٧٤]

هەموو ئەو حاڵەتانەی باسیان لێکرا، چەند نموونەیـەکی بـچووکی کاریگـەری حزبـەکان بوو لەسەر سیستمی دەستوری ئەمریکا.

**٤- کاریگەری سیستمی حزبی لەسەر میکانیزمی حوکمڕانی لەئەمریکادا:**

ئێمـە لەبەشـەکانی پێـشوودا ئاماژەمانـدا بـەوەی کەسـەرەتای دروسـبتوونی دەوڵـەتی ئـەمریکی لـە ١٣ کۆلۆنیاڵـەوە بـوو کەئیمپڕاتۆریـەتی شانـشینی بـەریتانی دروسـتی کردبـوون، هـەروەك باسمـان لەوەشـکرد کەسیـستمی حزبایـەتی لەئـەمریکادا بەشـێوازی سیستمی دوو حزبی وەریگرتووە، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر حزبی تر هاوشانی ئـەم دوو حزبە لەسـەر ئاسـتی ناوچـەیی هـەن، بـەڵام کێبڕکێـی ئـەم دوو حزبـەیان لەسـەر ئاسـتی نیشتمانی پێ ناکرێت. بەهەرحاڵ فراوانبـوونی ١٣ کۆلۆنیاڵەکەو دروسـتبوونی چـەندین ویلایەتی تر بووەتە مایەی ئەوەی سیستمی حوکمڕانی لەئەمریکادا سیستمێکی فیدراڵی بـێ کەهەریـەك لەویلایەتـەکان سـەربەخۆیی خۆیـان هـەبێ لەهـەر سـێ دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن‌و یاسـادانان‌و دادگەریـداو پێکـەوە هەمووشـیان لەچوارچـێوەی وڵاتێکـی

---

[١٧٢] .. هەمان سەرچاوە ل١٨٩.

[١٧٣] .. موجز التأريخ الأمريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ص ٢٠٨

[١٧٤] .. موجز التأريخ الأمريكي، مكتب برامج الأعلام الخارجي، وزارة الخارجية الأمريكية، ص ٢١٢

بەهێزدا یاسایەكی بنەڕەتی بەهێز (دەستور)و دامەزراوەیەكی سیاسیو دەسەڵاتێكی تەشریعیو سەرۆكایەتییەكی بەهێزتر بەڕێوەیان بەرێت. دیارە هەموو ئەمانە بەسەر حزبە سیاسییەكانی ئەمریكادا فەرزیكردووە كەدروستبوونی حزبەكانو مەودای كاركردنیشیان هاوتەریبی سیستمی حوكمڕانییەكەی بێت، بەمانایەكی تر هەیكەلی حكومی لەخوارەوە بۆ سەرەوە چۆن دروستبووە، حزبەكانیش بەو شێوەیە، هەربۆیە رەنگدانەوەی حزبەكانیش لەسەر حكومەت هاوتایە لەسەر ئەو كاردانەوەیەی سیستمی حكومی بەسەر سیستمی حزبایەتییەوە هەیەتی.

بەگشتی حزبە ئەمریكییەكان دابەشدەكرێن بەسەر ۳ هەیكەلی رێكخستن كەئەوانیش هەیكەلی ناوچەیی، هەیكەلی ویلایەتیو هەیكەلی فیدراڵییەو جۆری رێكخستنەكانیش لەویلایەتێكەوە بۆ ویلایەتێكی تر دەگۆڕێت.

### ١-٤- رێكخستنە ناوچەییەكان:

### ١-١-٤- بازنە precinct

بەو یەكە بنەڕەتییە دەوترێت بازنە كەحزبە سیاسییەكانی لێ پێكدێت كەئەمیش ناوچەیەكی دیاریكراوی جوگرافی هەیەو لەشارە گەورەكاندا لانیكەم لە٣٠٠ – ١٠٠٠ دەنگدەر پێكهاتووە، بەڵام لەلادێكاندا لەبەر فراوانی ناوچەكانو دووری دێهاتەكان لەیەكتر لە٥٠ – ١٠٠ دەنگدەر لەخۆ دەگرێت.[١٧٥]

### ٢- ١-٤- ئەندام لیژنەی بازنە

بەو كەسە دەوترێت كەسەرۆكایەتی بازنەیەكی حزبی دەكاتو كاردەكات بۆ كۆكردنەوەی دەنگ بۆ حزبەكەیو لەهەڵبژاردنی كۆنگرەی ئامادەكاری حزبدا كەهەر دوو ساڵ جارێك دەكرێت، هەڵدەبژێردرێت.[١٧٦]

---

١٧٥ .. هارولد زينك، هوارد پينيمان، جيسى هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص ١٦٨

١٧٦ .. هەمان سەرچاوە، ل١٦٩

### ٤-١-٣- ناوچە ward

هەر ناوچەیەك لە ٦- ٢٠ بازنەی هەڵبژاردن پێكدێتو لەناو ئەندام لیژنەی بازنەكاندا كەسێك هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی ناوچەكە ئەمیش لەلای خۆیەوە هەڵدەستێ بەسەرپەرشتی بازنەكانو ڕێنمایی كردنیان.[١٧٧]

### ٤-١-٤- شار city

ڕێكخستنی شار لەچەندین ناوچە پێكهاتووە كەسەرۆكی شارو لیژنەی ناوەندی بەڕێوەی دەبەن، ئەندامانی لیژنەی ناوەندی لە ١٠ — ٦٠ كەس پێكهاتووە كەهەر ناوچەیەك نوێنەرێك یان دوو نوێنەری تیادا هەیە كە بەهەڵبژاردن هەموویان سەرۆكی شار هەڵدەبژێرن. كاری ئەم ڕێكخستنە ئەوەیە بەرنامەی پێشوەخت بۆ ئامادەكاری هەڵبژاردنەكان دابنێو كۆمەكو هاوكاری بۆ حزب كۆبكاتەوەو ڕێنمایی ناوچەكان بكات.[١٧٨]

### ٤-١-٥- كەرت- قەزا county

لەناو گوندنشینەكاندا دوای بازنە كەرت دێت، ئەگەرچی هەندێك جار ناوچە دێت، بەڵام بەگشتی كەرتەكان(قەزاكان) دێن كە لە ٥ — ١٠٠ كەس پێكهاتووەو سەرۆكی بازنەكانە ئەندامن لەلیژنەی كەرتەكاندا هەروەك ئەشێ بازنەی وا هەبێ جگە لەسەرۆك چەند كەسێكی تریش ئەندام بن لەلیژنەی كەرتدا كەئەمانە هەموویان پێكەوە سەرۆكی كەرتو جێگرەكەی هەڵدەبژێرن، ئەمانە چالاكییەكانیان زیاتر دەبێ لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا.[١٧٩]

---

١٧٧.. هارولد زينك، هوارد پينيمان، جيسى هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص١٧١

١٧٨.. هەمان سەرچاوە ل١٧٢

١٧٩.. هارولد زينك، هوارد پينيمان، جيسى هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص١٧٢

### ٦-١-٤- هەرێم The District

دوا بەشی هەرەمی حزبییە لەخوار ویلایەتەکانەوە کەسنوری جوگرافیای بریتییە لەسنوری بازنەی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس‌و هەر کەرتێك دوو نوێنەری لەلیژنەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هەیە.(١٨٠)

### ٢-٤- رێکخستنی ویلایەتەکان:

### ١-٢-٤- لیژنەی ویلایەتەکان:

بۆ هەر کەرت یان ناوچەیەك هەیە نوێنەرێك یان دوو نوێنەری هەبێت کەیەك دەنگیان دەبێ لەلیژنە ناوەندییەکانی ویلایەتەکاندا ئەمانە خەڵکانی دیارو بەرچاو دەبن‌و لەلایەن خەڵکەوە ناسراون لیژنە ناوەندییەکانی ویلایەتەکان، رێکخراوێکی تەواو پێکدەهێنن لەسەرۆکی ویلایەت‌و جێگرەکەی‌و سکرتێرو خەزنەدار پێکهاتووە لەگەڵ لیژنەی تەنفیزیدا کەسالانە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدەن‌و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چالاکتر دەبن.(١٨١)

### ٢-٢-٤- بنکەی سەرەکی حزب لەویلایەتەکاندا:

هەردوو حزبی گەورە بنکەی سەرەکییان هەیە کەدەکەونە پایتەختی ویلایەتەکان یان گەورەترین شاری ویلایەتەکە کە هەڵدەستن بەکاری حزبەکەو لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا زۆر چالاك‌و بەرچاو دەبن‌و ژمارەیان زۆر زیاد دەکات بۆ پێشوازیکردن لەخەڵك.(١٨٢)

### ٣-٢-٤- کۆنگرەی ویلایەت:

حزبە سەرەکییەکان لەزۆربەی ویلایەتەکاندا دوو ساڵ جارێك کۆنگرەی ویلایەت دەبەستن‌و ئەندامانی کۆنگرە لەو ئەندامانەی حزب پێکهاتوون کە لەکۆنگرە

---

١٨٠.. هەمان سەرچاوە ل١٧٣

١٨١.. هارولد زينك، هوارد پينيمان، جيسى هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص١٧٤

١٨٢.. هەمان سەرچاوە ل١٧٤

ئامادەكارییەكانــدا ســەركەوتوونو جــاری وا هەیــە نزیكــی هــەزار كــەس لــەكۆنگرەی ویلایەتێكدا بەشداریدەكات كەئەوانیش لەفەرمانبــەرانی حــزبو پالێوراوانو ســەرۆكی یەكەكانی حزبو رۆژنامەنوسان پێكدیو ٢ – ٣ رۆژ دەخایــەنیو دەســەلاتی هەلبــژاردنی نوێنەر بۆ كۆنگرەی فیدرالیو ئامادەكردنی لیستی پالێوراوانی بــۆ پۆســتە حكومییــەكان هەیە.[١٨٣]

**٣-٤- رێكخستنی ئەهلی:**

**١- ٣- ٤- لیژنەی ئەهلی:**

هــەر یــەكێ لــەدوو حزبــە ســەرەكیەكە چــەندین لیژنــەی ئــەهلیان هەیــە كــەژمارەی ئەندامانی هەر لیژنەیەك ١٠٠ كەس دەبێتو هەر لیژنەیەك لەلایــەن ٢ كەســەوە بــەڕێوە دەبرێت (ژنێك، پیاوێك) سەبارەت بەحزبی كۆماریخواز سەرۆكی حــزب لەویلایەتەكانــدا ئەندامە لەلیژنەی ئەهلیدا. هەروەك ئەنــدامانی لیژنــەی ئــەهلی بــەناو هەلدەبــژێردرێن لەكۆنگرە فیدرالییەكانی حزبدا كەهەر چوار سالێ جارێك دەبەسترێن. هــەر ویلایــەتێك لیستی پالێوراوەكانی دەدا بەلیژنــەی فیــدرالی بــۆ هەلبــژاردنیان لــەكۆنگرەی فیدرالیــداو سالانەش كۆبوونەوەی خۆیان دەكەن.[١٨٤]

**٢- ٣-٤- ناوەندی سەرۆكایەتی ئەهلی:**

هەریەكێ لــەدوو حزبــە گەورەكــە بارەگــای تایبــەتی خۆیــان لەواشــینتۆن هەیــەو لــەكاتی هەلبــژاردنی ســەرۆكایەتیدا بەســەدان كــەس كــاری تێــدا دەكــەنو چــەندین لقیــشی لێ دەبێتــەوە، بــەلام لەكاتــە ئاسـاییەكاندا وەك بارەگایــەكی ســادە دەبینرێــت، كــاری ئــەم ناوەنـــدەش ســـەرۆكایەتیكردنی بـــەڕێوەبردنی ســـەرجەم رێكخـــستنەكانی حزبـــە لەسەرانـــسەری ولاتـــدا لەســـەر ئاســـتی نیـــشتمانی بـــۆ هەلبـــژاردنی ســـەرۆك، بـــەلام

---

١٨٣ .. هارولد زینك، هوارد پینیمان، جیسی هاتورن، نظام الحكم والسیاسة في الولایات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص١٧٦

١٨٤ .. هەمان سەرچاوە، ل١٧٧

هەركەهەڵبژاردنی سەرۆك كۆتای هات ئەمیش تەنها چەند فەرمانبەرێكی كەم تیایدا كار دەكاتو لەبەرچاو ون دەبێ.[(١٨٥)]

ئەوەی سەرەوە خوێندنەوەیەكی خێرا بوو بۆ پێكهاتەی حزبی لەئەمریكادا، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا شێوازی حوكمڕانی لەژێر سایەی ئەم هەیكەلیەتەدا چۆنە؟

لەراستیدا میكانیزمی حوكمڕانی لەئەمریكادا بەندە بەحزبەكەوە، چونكە لەدواجاردا زۆرینەی زۆری كاربەدەستان ئەوانەن كەئەم دوو حزبە دەیانپاڵێون بۆ ئەو پۆستانە، بۆیە سیاسەتی دوو حزبی بەئاسانی لەسەرجەم دامەزراوەكاندا رەنگیداوەتەوە، ئەگەرنا بەنموونە هەر یەكێك لەو هەیكەلانەی لەپێكهاتەی حزبە ئەمریكییەكاندا باسمانكرد لەچوارچێوەی دەسەڵاتەكانیدایە بۆ هەر پۆستێكی ناوچەكەی خۆی پاڵێوراوی هەبێتو بەرزی بكاتەوە بۆ لایەنی سەروتر لەخۆی كەئەمەش جۆرێك لەكاریگەری دروستدەكات لەلایەن حزبەكانەوە بۆ سەر دامەزراوە حكومییەكان، لەلایەكی ترەوە بەو پێیەی حكومەتی ئەمریكی حكومەتێكی فیدراڵییە، ئەمە وا دەكات رێكخستنی حزبەكان لەهەر ویلایەتێكدا خاوەن تایبەتمەندێتییەكی خۆی بێت بەشێوەیەك بەرپرسیارێتی حزبی ویلایەتەكە لەگۆڕانكارییەكانی حكومەتدا تەواو دەستی هەبێتو بڕیاردەر بێت، واتا بۆ هەموو شتێك ناگەڕێتەوە بۆ سەروتر لەخۆی كەئەمەش وادەكات زۆرجار رەخنە ئاڕاستەی ئەم دوو حزبە سەرەكییە بكرێت بەوەی لەرووی هەیكەلیەتی حزبییەوە لاوازنو بەحزبی هەرێمیو ناوخۆیی ناودەبرێن.[(١٨٦)]

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەسەر ئاستی ویلایەتەكان حاكمی ویلایەت ناتوانێت سەد لەسەد دڵنیابێ لەوەی ئەندامانی سەر بەحزبەكەی لەئەنجومەنە تەشریعییەكانی ویلایەتەكەدا بەتەواوی لەگەڵ بڕیارو رەفتارەكانیدان، هەروەك ئەم حاڵەتە بۆ سەرۆكی وڵاتو كۆنگرێسیش راستە، چونكە زۆرجار حاڵەت روودەدات ئەندامانی حزبەكەی خۆیان یان ئەوانەی لەسەر لیستەكەیان پاڵێوراون لەمەسەلەیەكی دیاریكراودا دەچنە

---

[١٨٥] .. هارولد زينك، هوارد پينيمان، جيسى هاتورن، نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة، ت: محمد صبحي مطبعة المعرفة، ص١٧٩

[١٨٦] .. د. طارق علي الربيعي، الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي في الموصل، ١٩٩٠، ص١٥١

پاڵ حزبەکەی تـر یـان دەنـگ نـادەن کەئەمـەش پێـچەوانەی پرەنـسیپە حزبیەکانـە.[١٨٧] لەلایەکی ترەوە هاوشێوەی سیستمی فیدراڵی، حزبەکانیش لەسەر ئاسـتی نیـشتمانی زۆر بەدەگمـەن دەسـت وەردەدەنـە کاروبـاری ناوچـەیی ویلایەتـەکانی حزبـەوەو پرەنـسیپی سیـستمی فیـدراڵیش مەسـەلەی لامەرکەزیـەتی حزبـەکانی ئەوەنـدەی تـر زیـادکردووە، چونکە هەزارەها بازنەی هەڵبژاردنی جیاواز لەیەکتری دروستکردووە لەسـەرجەم ئاسـتە ئیدارییەکانی فیـدراڵیو ناوچـەییو ویلایەتـەکان کەهەریەکـەیان چـەندین فەرمانبـەری تایبەت بەخۆیان هەیە.[١٨٨]

---

[١٨٧].. جون بيبى، الآحزاب السياسية فى الولايات المتحدة من كتاب انتخابات ٢٠٠٤، ت: وزارة الخارجية الامريكية مكتب برامج الاعلام الخارجى، مأخوذة من الانترنيت فى ويب usinfo@stat.gov ص٤ فى١٧|٥|٢٠٠٤

[١٨٨].. هەمان سەرچاوە

## کۆتاییو ئەنجام:

وەك لەپێشەکییەکەشدا ئاماژەم بۆ کردووە، قسەکردن لەسەر حزبەکانی ئەمریکا کارێکی ئاسان نییە، چونکە رۆشنبیریو کلتوری ئەمریکی شتێکی نامۆیە بەئێمەی هاولاتی ناو دنیایەکی دوورو دواکەوتوو، بەلام ئەمەش مانای ئەوە نییە دەستەوەستان بین لەبەرامبەر وەرگرتنی زانیاری نوێدا، دیارە دوای ئەوەی هەر سیازدە کۆلۆنیالەکەی سەردەمی ئینگلیز بریاری سەربەخۆییان دا دەبوو بەدوای پرەنسیپو میکانیزمێکدا بگەرێن بۆ ئەوەی یەکێتی نێوان ئەو خاكو گەلە بپارێزێت کە بەبێ جیاوازی دووچاری زولمو ستەمی ئینگلیزەکان بووبوو، بۆیە سەرکردەکانی ئەودەمە دەستوریان بەیەکەمین پرەنسیپو هەنگاو دانا تاکو لەسایەیدا میکانیزمێکی ئاشکراو روون بگرنە بەر.

ئەوەی دەستووری ئەمریکی دەبینێت لەو بروایەدا نییە تەنها(٧) ماددەی دەستوریی بەکۆمەلێك برگەو لقەوە بتوانێت ولاتێکی گەورە کە لە (٥٠) ویلایەتی مەزن پێکهاتبێو خاوەن زەوییەکی هێندە بەرفراوانو ئابووریو سەرمایەیەکی بەهێزو سێهەمین ولاتێکیش بێ لەدوای یابانو هیند لەژمارەی دانیشتواندا، بەتەنها (٧)ماددەی دەستووری ببرێت بەرێوە. رەنگە ئەمە جێگای پرسیار بێت؟

لەراستیدا ئەم دەستووره لەمێژووی پتر لەدوو سەد سالی تەمەنیدا تەنها ٢٦ جار هەموار کراوەو ئەم هەموارکردنانەش هەندێکیان بۆ لەکارخستنی خودی هەموارکردنەکانی پێش خۆی بەکارهاتووە وەك هەموارکردنی ژمارە ٢١ کە دەبێتە مایەی لەکارخستنی هەموارکردنی ژمارە ١٨.

بەلام ئەوەی ئەمریکای گەیاندۆتە ئەو ئەمریکایەی کە ئێستا گەورەترین زلهێزو تاك جەمسەری دونیایە، بەتەنها دەستورەکەی نییە بەلکو ئەو کلتورە دیموکراسیەشە کەخودی ئەمریکا خاوەنیەتیو بەتەنها ئەویش بەرهەمهێنو درێژە پێدەریەتی ئەگەرنا چۆن هەتا ئێستا لەسیستمی سیاسیداو لەمێژووی بەرێوەبردنی دەولەتەکەیدا تەنها یەك جار چییە کودەتایەك یان شۆرشێك یان کارێکی توندوتیژی روویندداوە کەببووبێتە مایەی جیابوونەوەی هەرێمێك لێیو دروستکردنی ولاتێکی سەربەخۆ؟

بەڵێ دیموکراتیەتی ئەمریکی لەسەر بنەمایەکی دەستووریی لیبراڵی دامەزراوە کەتیایدا مافەکانی تاكو دامەزراوەکان پارێزراوە، سیستمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان سیستمێکی وەهمی نییە، بەڵکو بەفعلی کاری پێدەکرێت وە فیدراڵیەتیش ئەمری واقیعەو دەوڵەتی فیدراڵ دەستوەرناداتە کاروباری هیچ کام لەویلایەتەکانو یاسا باڵادەستە لەسەرجەم ویلایەتەکانو حکومەتی فیدراڵیشدا بۆیە ئەم وڵاتە هەمیشە لەپێشکەوتندایە.

حزبە سیاسییەکانیش لەچوارچێوەی کاری خۆیاندا بەشێکی سەرەکی گەشەپێدانو درێژەپێدانی ئەو دیموکراتییەتە بوون، چونکە وشیاری سیاسی لای ئەم حزبانە لەئاستێکدا بووە رێگەنەدەن هیچ کامێکیان ئەوەندە لەدەسەڵاتی سەرۆکایەتیدا بمێنێتەوە کەچاودێرییان لەسەر نەمێنیو ئیستغلالی بکەن، بەڵکو لەو کۆنگرێسەی لەنوێنەری خودی ئەو حزبان پێکهاتووە، بەبنەمای دەستووری ئەوەیان رێکخستووە کەنابێت هیچ سەرۆکێك لەدوو خول زیاتر سەرۆکایەتی ئەمریکا بکات.

حزبە سەرەکییەکان لەئەمریکادا لەژێر سایەی دیموکراسیەتی باودا رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەبەڕێوەبردنی ژیانی سیاسیدا، ئەمان سەرچاوەی داڕشتنی زۆرێك لەو یاسایانەن کە لەکۆنگرێسدا بڕیاری کۆتاییان لەسەر دەردەکرێت هەر لەبەر ئەوەیە ململانێیەکی توند، بەڵام دیموکراتیانە، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەنێواندا روودەدات لەپێناو گرتنەدەسی دەسەڵاتدا لەم پێناوەشدا ستراکتۆری حزبی خۆیان وادابەشکردووە کە لەگەڵ سروشتی دەوڵەتی فیدراڵدا بگونجێ بەرادەیەك دوو حزبە گەورەکە تەنها لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆكو جێگرەکەیدا لەسەر ئاستی نەتەوەیی کاردەکەن، ئەگەرنا لیژنەکانیان دابەشبووە بەسەر تەواوی ویلایەتەکاندا، ئەوەی حزبە ئەمریکاییەکانی پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە کە ئەم حزبانە لەرووی رێکخستنەوە لاوازنو هەڵبژاردنەکانیشیان کراوەیەو هەموو کەس دەتوانێت دەنگیان تیادا بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی دامەزراندنو ئەزمونیان خەسڵەتێکی هەمیشەیی پێبەخشیون بەشێوەیەك ئەگەرچی بنەمایەکی دەستوری نییە شەرعیەتی دروستبوونیان بسەلمێنێت، بەڵام دابونەریتەکان بەردەوام ژیانی نوێیان دەکاتەوە بەبەردا.

**لەراستیدا ئەگەرچی چەندین حزبی بچووك لەمێژوی ئەمریکادا ململانێیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کردووە، بەڵام هیچکامیان لەبەرامبەر ئەم دوو پارتەدا نەیانتوانیوە پێشڕەوی بکەن هەربۆیە سیستمی حزبی ئەمریکی بەسیستمی دوو حزبی ناسراوە.**

# دەروازەی چوارەم

## پاشکۆکان

## ١. پەیڕەوی ناوخۆیی پارتی کۆماری ئاریزۆنا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

## پێڕست

**بەندی یەکەم: ماوەی بەردەوامیو ڕێگەکانی هەموارکردن**

أ. ماوەی پەیڕەوە ناوخۆییەکان

ب. ڕێگەکانی هەموارکردنی پەیڕەو

ت. گونجاوی پەیڕەوەکان

**بەندی دووەم: ئەندامێتی**

أ. هەڵبژاردن

ب. پۆستە چۆڵەکان

ت. پڕکردنەوەی پۆستە چۆڵەکان

**بەندی سێیەم: کۆبوونەوەکان**

أ. کۆبوونەوە تەنزیمییە یاساییەکان

ب. کۆبوونەوە ناچارییەکان

ت. کۆبوونەوە تایبەتەکان

پ. لانی کەمی ئامادەبوان (النصاب)

ج. جێگرەکان

ح. چۆنێتی دەنگدان

خ. بەڕێوەبردنی کاروبارەکان

١. پراکتیکی پەرلەمانتاری

٢. کۆبوونەوە یاساییەکان

٣. کۆبوونەوەی ناچاری

٤. کۆبوونەوە تایبەتەکان

د. بڕیارنامەکان

١. کۆمیتەی بڕیاردەر

٢. ڕێو شوێنەكان
٣. خوازنامەكان
٤. چارەسەرە پێشنیاركراوەكان

**بەندی چوارەم: كاربەدەستان**

أ. لیستی كاربەدەستانو ماوەی دەستبەكاربوونیان
١. كاربەدەستە هەڵبژێردراوە یاساییەكان
٢.كاربەدەستە هەڵبژێردراوە نایاساییەكان
٣.كاربەدەستە دیاریكراوەكان
ب. كاندیدەكان بۆ نوسینگەی هەڵبژاردن.
ت. ڕێگەی هەڵبژاردنی كاربەدەستان
پ. لابردنی كاربەدەستان
ج. پڕكردنەوەی بۆشاییەكان
ح. ئەركەكانی كاربەدەستە هەڵبژێردراوەكان
١. سەرۆك
٢. سكرتێر
٣. خەزنەدار
٤. یەكەم جێگری سەرۆك
٥. دووەمو سێییەم جێگری سەرۆك
٦. ڕەقیبی سوپا
٧. یاریدەدەری سكرتێرو خەزنەدارو ڕەقیبی سوپا
خ. ئەركی كاربەدەستە دیاریكراوەكان
١. قەشە (كەلێپرسراوی ئایینی یاخود سوپا بێت)
٢. لێپرسراوی دارایی
٣. ئەنجومەنی گشتی
٤. لێپرسراوی تۆماركردن
٥. لێپرسراوی خوێندن

**بەندی پێنجەم: کۆمیتەکان**

أ. کۆمیتەی جێبەجێکردن

ب. کۆمیتەی دارایی

ت. کۆمیتەکانی تر

**بەندی شەشەم: کۆنگرەی ویلایەت**

أ. بانگەواز (داواکردن)

ب. نوێنەرو جێگرەکان بۆ کۆنگرەی ویلایەت

ت. هەڵبژاردنی نوێنەرو جێگرەکان بۆ کۆنگرەی ویلایەت

پ. هەڵبژاردنی نوێنەرو جێگرەکان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی

ج. بەڕێوەبردنی کاروبارەکان

ح. بڕیارنامەکان

١. کۆمیتەی بڕیاردەر

٢. ڕێو شوێنەکان

٣. خوازنامەکان

٤. چارەسەرە زەمینە بۆ سازکراوەکان

**بەندی یەکەم: ماوەی بەردەوامی‌و ڕێگەکانی هەموارکردن**

**أ) ماوەی پەیڕەوە ناوخۆییەکان:**

ئەم پەیڕەوە ناوخۆییانە لەو ڕۆژەی دادەنرێن، دەبێت کارابن‌و بەردەوام کارا دەبن بۆ حکومەت بۆ کۆمیتەی ویلایەتی ئێستاو داهاتوو کە بەپێی ئەم بەندە هەموارکردنیان تیادا دەکرێت.

**ب) ڕێگەکانی هەموارکردنی پەیڕەو:**

هەموارکردنی ئەم پەیڕەوانە دەکرێت لەهەر کۆبوونەوەیەکدا کەدەربارەی ئەم پەیڕەوانە ڕێکدەخرێت پێشنیار بکرێت. دەبێت کۆپییەك لەهەموارکردنە پێشنیارکراوەکە لەگەڵ نوسراوێکی شیکاری دەربارەی مەبەستی بەدیهێنانی ئەو هەموارکردنە لەلایەن سکرتێرەوە بنێردرێت بۆ هەر ئەندامێك لەگەڵ تێبینی بانگەوازکردن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. بۆ هەموارکردنی هەر ماددەیەك دوو لەسەر سێی دەنگەکانی بە شەخسی یاخود جێگرەکانیان پێویستە.

**ت) گونجاوی پەیڕەوەکان:**

ئەم پەیڕەوانە بەتەواوی بەسەر کۆمیتە ناوچەییەکانی پارتی کۆماری ئاریزۆنا پەیڕەودەکرێت، پەیڕەوە ناوچەییەکان ناکرێت هاودژ بێت لەگەڵ ئەم پەیڕەوە ناوخۆییانەدا.

**بەندی دووەم: ئەندامێتی**

**أ) هەڵبژاردن:**

کۆمیتەی ویلایەتی پارتی کۆماری ئاریزۆنا سەرەڕای چەند سەرۆکێکی کۆمیتە ناوچەییەکان دەبێت لەهەر سێ ئەندامێکی کەرت (قەزا) هەڵبژێردراو بەپێی ماددەی( ١٦_٨٢١ ) ئەندامێك لەخۆ بگرێت.

ئەندامەکانی کۆمیتەی ویلایەت دەبێت لەکۆبوونەوەیەکی یاسایی ئەندامێتی کۆمیتەی کەرت بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبژێردرێن. لەو ناوچانەدا کەچڕی دانیشتوان لە ٥٠٠ هەزار زیاتربێت پۆستەکانی ئەندامەکانی کۆمیتەی ویلایەت بەپێی ژمارەی ئەندام

کۆمیتە هەڵبژێردراوەکان لەبنکەیەکی هەڵبژاردندا لەهەر هەرێمێکی دیاریکراو بەگوێرەی نەخشەی یاسایی بەشێوەیەکی گونجاو دیاریدەکرێت.

**ب) پۆستە چۆڵەکان:**

جگە لەو بۆشاییانەی بەهۆی مردنو دەست لەکارکێشانەوە دروست دەبێت، لەو ناوچانەی کەدانیشتوانی لە(٥٠٠) هەزار کەمترە، بۆشایی دروست دەبێت لەکۆمیتەی ویلایەتدا کاتێك ئەندامێك لەو ناوچەیەی هەڵبژێردراوە دەروات. لەو شوێنانەدا کەرێژەی دانیشتوان لە (٥٠٠) هەزار زیاترە بۆشایی دروست دەبێت کاتێك ئەندامێك لەو هەرێمە یاساییەی کەلێی هەڵبژێردراوە دەڕوات. سەرجەم ئەندامان دەبێت ئەندامی کۆمیتەکانی ناوچە بن.

**ت) پڕکردنەوەی پۆستە چۆڵەکان:**

سەرۆکی ویلایەت لە کاتی بۆشایی لەنوسینگەی ئەندام کۆمیتەی ویلایەتدا لەگەڵ راوێژی سەرۆکی ئەو ناوچەیەی بۆشاییەکەی تیادایە جێگرێك دیاریدەکات. لەو کەرتانەدا کەژمارەی دانیشتوانەکانیان ٥٠٠ هەزار یاخود زیاترن جێگرتنەوەو پڕکردنەوەی بۆشاییەکان پێویستی بەراوێژو پێشنیاری سەرۆکی ئەو هەرێمە هەیە کەبۆشاییەکەی تێدا دروست بووە، دەبێت کەسی جێگرەوە دانیشتوی ئەو هەرێمە بێت.

**بەندی سێیەم: کۆبوونەوەکان**

**أ) کۆبوونەوە تەنزیمییە یاساییەکان:**

کۆبوونەوە تەنزیمیە یاساییەکان نابێت پێش ١٠ رۆژ زووتر لەدوای کۆتایهاتنی کۆتا کۆبوونەوەی یاسایی ناوچەکان ببەسترێتو ناشبێت درەنگتر لەچوارەم شەممەی مانگی کانونی دووەم ببەسترێت. سەرۆکی ویلایەت دەبێت کاتو شوێنو بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە دیاریبکات بۆ هەریەکە لەئەندامەکانی کۆمیتەی ویلایەتو بەلایەنی کەمەوە ١٠ رۆژ پێش کۆبوونەوەکە بنێردرێت. لەکۆبوونەوەکەدا کۆمیتەی ویلایەت دەبێت خۆی رێکبخاتەوە بەهەڵبژاردنی سەرۆكو سکرتێرو خەزنەدار لەلایەن ئەندامانیەوەو دەبێت بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ کاروبارەکانی تردا بکات.

**ب) کۆبوونەوە ناچارییەکان:**

کۆبوونەوەی ناچاری کۆمیتەی ویلایەت دەبێت لەمانگی کانونی دووەمی هەموو ساڵە جوتەکاندا ببەسترێت بۆ وەرگرتنی راپۆرتی کاربەدەستەکان، بۆ هەڵبژاردنی کاربەدەستە نایاساییەکان، هەروەها بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ کاروباری تردا کەدەکرێت پێش کۆبوونەوەکە روובدەن. سەرۆکی ویلایەت دەبێت کاتو شوێنو یاساکانی کۆبوونەوەی ناوبراو دیاریبکات تاوەکو بەلایەنی کەمەوە ١٠ رۆژ پێش کۆبوونەوەکە بۆ هەریەکە لەئەندام کۆمیتەی ویلایەتەکان بنێردرێت.

**ت) کۆبوونەوە تایبەتەکان:**

دەکرێت کۆبوونەوەی تایبەت لەهەر کاتێکدا بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامبدرێت:

١- لەڕێگەی بانگەوازێکی نوسراو لەلایەن سەرۆکەوە یاخود (٢٠٪)ی یان زیاتر لەواژۆی ئەندامانی کۆمیتەی ناوچەکە کەنوێنەری (٩) ناوچە بن بەلایەنی کەمەوە، یاخود بەواژۆی ٤٠٪ ئەندامانی دەنگدەر لەکۆمیتەی جێبەجێکردن.

٢- نوسراوێك بۆ بانگکردن کەزانیارییەکانی لەخۆگرتبێتو پێویستە لانیکەم ١٠ رۆژ پێش کۆبوونەوەکە لەلایەن سکرتێرەوە بۆ هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ویلایەت بنێردرێت.

ئەو بانگەوازە نوسراوە دەبێت کاتو شوێنی کۆبوونەوەکەو ئامانجەکانی لەخۆ بگرێت، هەر داواکردنو بانگەوازێك دەبێت ٣٠ رۆژ پێش کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراو بگاتە دەستی سکرتێر. لەکاتێکدا ئەگەر داواکردنو بانگەوازەکە لەلایەن کۆمیتەی ویلایەت یاخود کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە کرا، سکرتێر دەبێت دەستبەجێ ئەو لایەنو کەسانەی کەگومان دەکرێت بەهۆی کۆبوونەوەکەوە لەمەترسیدا بن ئاگاداربکاتەوەو ئەوانیش دەتوانن کە لەبانگەوازەکەو واژۆکان بکۆڵنەوە. دوای بەسەرچوونی ئەو کاتە، ئەگەر ژمارەی واژۆکەری پێویست مانەوە ئەوا سکرتێر دەبێت تێبینیەك دەربارەی تێبینی بانگەوازەکە بنێرێت. نابێت مامەڵە لەگەڵ هیچ کاروبارێکی دیکە جگە لەوەی لەبانگەوازەکەدا هاتووە لەکۆبوونەوەی تایبەتیدا بکرێت.

**پ) لانی کەمی ئامادەبوان (النصاب) (quorum):**

دەبێت یەك لەسەر سێی کۆمیتەی ویلایەت خۆیان یاخود جێگرەکانیان ئامادە بن، هەروەها بەلایەنی کەمەوە دەبێت هەشت کەرت بۆ بەستنی کۆبوونەوە ئامادە بن. ئەگەرنا ئەو کۆبوونەوەیە نابەسترێت، ئەگەر هەر کۆبوونەوەیەك نەتوانرا لەکاتو شوێنی دیاریکراودا ببەسترێت، دەتوانن بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبوان کۆبوونەوەکە لەهەر کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەبێ ئاگادارکردنەوە دوا بخەن، تەنها پێویستی بەراگەیاندنێکە لەناو کۆبوونەوەکەدا هەتا ئەو کاتەی کۆبوونەوەکە دەبەسترێت. لەکۆبوونەوەی سەرەکیدا دەکرێت باس لەهەر بابەتێك بکرێت.

**ج) جێگرەکان:**

لەسەرجەم کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەتدا، ئەندامەکان ناویان بۆ دەنگدان دەنوسرێت کە لەلایەن خۆیان یان جێگرەکانیانەوە وەك دەنگدەرێکی لێهاتووی کۆمارییەکان بۆ کەرتو هەرێمی کۆنگرێسو ئەو کەرتانەی کەدانیشتوانیان لە(٥٠٠) هەزار زیاتر بن، هەروەها بۆ ئەو هەرێمە تەشریعیانەی کەئەندامەکە لێی نیشتەجێییە. هەرجێگرێك دەبێت لەبەردەم دادنووسدا یاخود لەبەردەم دوو شایەتدا سوێند بخوات، ئەمە جگە لەپرەنسیپەکان. ئەو نوێنەرە یان ئەو جێگرە دەبێت تەنها لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربێت کە بۆی دیاریکراوەو تیایدا دەبێت بەتەواوەتی نوێنەرایەتی ئەو کەسە بکات کە دەرواتو خۆی وا دەردەخات کە پاشکۆیەتی.

**ح) چۆنێتی دەنگدان:**

هەر سندوقێکی دەنگدان دەبێت بەجیا دەنگەکانی فەرز بکرێت، کاتێك دەنگدان بەدەنگی بەرزو بەناوهێنان دەبێت کە( ١٠٪ )ی ئامادەبوان خۆیان یان جێگرەکانیان داوای بکەن. دەنگدان لەلایەن گروپەوە رێگەی پێنادرێت.

**خ) بەڕێوەبردنی کاروبارەکان:**

**١. پراکتیکی پەرلەمانتاری:**

یاسای بەڕێوەبردنی ڕۆبەرت کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەت بەڕێوەدەبەن لەکاتێکدا هاودژ نەبوون لەگەڵ ئەم پەیڕەوە ناوخۆییانەدا.

**٢. کۆبوونەوە یاساییەکان:**

جگە لەو کاتانەی سەرۆك دیاریاندەکات، بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بۆ کۆبوونەوە تەنزیمییە یاساییەکان بەم شێوەیە دەبێت:

أ. بانگەوازی چۆنێتی بەڕێوەبردن (خۆئامادەکردن).

ب. وەعدو پەیمان بەوەلاء

ت. بەرنامە (قسەکەرانو راپۆرتەکانی کۆمیتە دەکرێت دابنرێن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان وەکو لەو کاتانەی دەنگەکان فەرز دەکرێن).

پ. راپۆرتی کۆمیتەی تصدیقو راگەیاندنی کۆبوونەوە.

ج. راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبردن.

ح. راپۆرتی خەزنەدار.

خ. هەڵبژاردنی کاربەدەستە یاساییەکان.

د. کۆبەنەوە ئامادەکارییەکانی هەرێمە کۆنگرێسیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ویلایەت.

ژ. کاروبارەکانی دیکە.

ر. دواخستن

**٣. کۆبوونەوەی ناچاری:**

بەڕێوەبردنی کاروبارەکان جگە لەو کاتانەی سەرۆك دیاریدەکات، بەم شێوەیە دەبێت:

أ. بانگەوازی خۆئامادەکردن.

ب. وەعدو پەیمان بەوەلاء.

ت. بەرنامە ( قسەکەرانو راپۆرتەکانی کۆمیتە دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان وەکو کاتی چاوەڕوانکردنی جیاکردنەوەی دەنگەکان).

پ. راپۆرتی کۆمیتەی تصدیق و راگەیاندی کۆبوونەوە.

ج. راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبردن.

ح. راپۆرتی کاربەدەستان و خەزنەدار.

خ. هەڵبژاردنی کاربەدەستە نایاساییەکان.

د. کاروبارەکانی دیکە.

ژ. دواخستن

**٤. کۆبوونەوە تایبەتییەکان:**

بەڕێوەبردنی کاروباری کۆبوونەوە تایبەتەکان بەم شێوەیە:

أ. بانگەوازی خۆئامادەکردن.

ب. وەعدو پەیمان بەوەلاء.

ت. بەڵگەی دروست و گونجاو و بانگەوازی کۆبوونەوە.

پ. راپۆرتی کۆمیتەی تصدیق و راگەیاندی کۆبوونەوە.

ج. راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبردن.

ح. کاروبارەکە وەکو لەبانگەوازەکەدا باسکراوە.

خ. دواخستن

**د) بڕیارنامەکان:**

**١. کۆمیتەی بڕیاردەر:**

سەرۆکی ویلایەت دەبێت کۆمیتەیەکی بڕیاردەر بۆ هەر کۆبوونەوەیەکی تەنزیمی یاسایی و ناچاری دەستنیشان بکات، کۆمیتەکە پێکدێت لەیەك ئەندام لەهەر کەرت کەرێژەی دانیشتوانی (٥٠٠) هەزار کەس زیاتر بێت، هەریەکەیان لەلایەن سەرۆکی هەرێم یاخود لەلایەن کەسە بەرچاوەکانی کەرتەوە رادەسپێردرێت.

**٢. رێو شوێنەکان (Procedures)**

بڕیارە پێشنیارکراوەکان، جگە لەداواکارییەکان، نابێت لە ٢٥٠ وشە درێژتربن دەبێت ٤٥ رۆژ پێش کۆبوونەوەی فەرمی بڕیاردراوی پارت تەسلیم بکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن

کۆمیتەی بڕیارنامەکانەوە لەبەرچاو بگیرێت. کۆمیتە دەتوانێ هەر بڕیارێك ( قبوڵ، بەرپەرچ، دەستکاری، پشتگیری) بکات.

لەبەرئەوەی مەبەستی کۆمیتە پێدانی سودو مشتومڕێکی تەواوو بڕیارێکی گونجاوە، بۆیە مشتومڕو بیرۆکەی سنوردار ڕێگەیان پێنادرێت. هەموو بڕیارنامەکان کەنێردراون بۆ کۆمیتە دەبێت لەگەڵ ڕاسپاردەکانی کۆمیتەو دەنگی ناوچە نێردرابن بۆ هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ویلایەتەکە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیەك دەربارەی کۆبوونەوەکە.

### ٣. خوازنامەکان (Memorials)

خوازنامەکان بۆ بیرهێنانەوەی لەیادچووەکانە کەپێویستە بنێردرێت بۆ سەرۆکی ویلایەت یاخود بەڕێوەبەری جێبەجێکردن کە لەهەر کاتێکدا پێویست بکات.

### ٤. چارەسەرە پێشنیارکراوەکان ( Floor Resolution):

دەکرێت بڕیارێك کە بەلایەنی کەمەوە (٢٠٪)ی ئەندام کۆمیتەکانی ویلایەت، کەلانیکەم نوێنەرایەتی ٤ هەرێم بکەن، بهێنرێتە ناو هۆڵی بڕیاردانەوە. هەر یەکێك لەو بڕیارانە جگە لەوانەی پێشتر بۆ کۆمیتەی بڕیاردان نێردراون، دەبێت بەکۆپی تەواوەوە بۆ هەر ئەندام کۆمیتەیەکی ویلایەت بنێردرێن.

### بەندی چوارەم: کاربەدەستان

#### أ) لیستی کاربەدەستانو ماوەی دەستبەکاربوونیان

#### ١. کاربەدەستە هەڵبژێردراوە یاسایییەکان:

سەرۆك، سکرتێر، گەنجینەوان: دوو ساڵ ماوەی دەست بەکار بوون، (سەرەتاو کۆتایی) لەکۆبوونەوەی تەنزیمی یاسایدا دیاریدەکرێت.

#### ٢. کاربەدەستە هەڵبژێردراوە نایاسایییەکان

یەکەم، دووەم، سێیەم جێگری سەرۆك، سکرتێری یاریدەدەر، گەنجینەوانی یاریدەدەر، ئەفسەری سوپاو یاریدەدەر، ماوەی دەستپێکردنو کۆتایهاتنیان لەکۆبوونەوەی ناچاریدا دەبێت.

**٣. کار بەدەستە دیاریکراوەکان:**

سەرۆکی ویلایەت ئەنجومەنی گشتی، قەشە، لێپرسراوی دارایی، سەرۆکی تۆمارکردن، سەرۆکی خوێندنو چەند کاربەدەستێکی تر دیاریدەکات کەدەبێت بە خواستی ئەو کار بکەن. کار بەدەستە دیاریکراوەکان دەبێت بەردەوام بن لەکارو لەو ماوەیەی بۆیان دیاریکراوە هەتاوەکو جێگرەکانیان دەپاڵێورێن یاخود بەهۆی پەیڕەوە ناوخۆییەکانەوە دوور دەخرێنەوە.

**ب) کاندیدەکان بۆ نوسینگەی هەڵبژێردن:**

کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی ویلایەتو ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردن لەناوچە کۆنگرێسییەکان دەبێت لەکاتی هەڵبژاردنیاندا ئەندامی کۆمیتەی ویلایەت بن. لەکاتی هەڵبژاردنی کەسێك بۆ نوسینگە، دەبێت هیچ جیاوازییەك لەنێوان رەگەزو نەژادو بیروباوەڕو رەنگو تەمەنو نەتەوەو رەسەندا نەکرێت.

**ت) رێگەی هەڵبژاردنی کاربەدەستان:**

**١.** کاربەدەستە هەڵبژێردراوە یاساییەکانی کۆمیتەی ویلایەتو ئەندامەکانی کۆمیتەی جێبەجێکرن لەهەرێمە کۆنگرێسییەکان دەبێت لەکۆبوونەوەی تەنزیمی یاسایدا هەڵبژێردرێن. کاربەدەستە هەڵبژێردراوە نایاساییەکان دەبێت لەکۆبوونەوە ناچارییەکانی کۆمیتەی ویلایەتدا هەڵبژێردرێن. هەڵبژاردن دەبێت لەلایەن دەنگی زۆرینەی ئەندام کۆمیتەکانی ویلایەتەوە دیاریبکرێت، یاخود سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ویلایەت ئامادەبنو لەکۆنگرەی حزبی هەرێمدا بەشداربوان خۆیان یاخود بەناردنی جێگر دەنگبدەن.

٢. پێش کۆبوونەوەی ناچاریو رێکخستنە یاساییەکان، سەرۆك ویلایەت دەبێت پاڵێوراوان بۆ کۆمیتەو سەرۆکایەتی دیاری بکات بۆ ناونووسکردنی کاندیدەکان بۆ نوسینگەکانی پارت لەسەرانسەری ویلایەتدا. پاڵێوراوانی کۆمیتە دەبێت پێش دەرکردنی بانگەواز کۆببنەوە، راپۆرتی پاڵێوراوانی کۆمیتە دەبێت لەبانگەوازی کۆبوونەوەدا بێت. ئەم راپۆرتە نابێت پاڵێوراوان لەمافی قسەکردن بێبەش بکات.

**پ) لابردنی کاربەدەستان:**

کاربەدەستی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی ویلایەت دەکرێت لەهەر کاتێکدا بەدەنگدان دووربخرێتەوە، بەڵام کاربەدەستی هەڵبژێردراو ناکرێت دووربخرێتەوە هەتاوەکو دورخستنەوەی پێشنیارکراوی لەتێبینی راگەیاندنی کۆبوونەوەکەدا وەکو بابەتێك ئاماژەی پێنەکرابێت. کاربەدەستە دیاریکراوەکان دەبێت بەپێی خواستی سەرۆکی ویلایەت خزمەت بکەن.

**ج) پڕکردنەوەی بۆشاییەکان:**

لەباریکدا ئەگەر بۆشاییەك لەنوسینگەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ویلایەتدا رویدا یاخود ئەندامێکی کۆمیتەی جێبەجێکردن لەهەرێمی کۆنگرێس‌و ئەگەر یاریدەدەری هەڵبژێردراو نەیتوانی بەپێی ماددەی (٤ – F۷) خزمەت بکات، سەرۆکی ویلایەت لەگەڵ ئامۆژگاری‌و تێبینی کۆمیتەی جێبەجێکردن جێگرەکەی دادەنێت کەهەتا کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی ویلایەت خزمەت دەکات ئەو کاتە جێگری ناوبراو بۆ دەستبەکاربوون هەڵدەبژێردرێت هەتا کاتێکی دیاری نەکراو. لەبارێکدا ئەگەر بۆشایی لەنوسینگەی سەرۆکی ویلایەت روویدا، تاوەکو کۆبوونەوەی یاسایی‌و ناچاری لەماوەی ۹۰ رۆژدا خشتەی بۆ دادەنرێت، جێگری یەکەمی سەرۆك دەبێت لەماوەی ٤٥ رۆژدا داوای کۆبوونەوەیەك لەکۆمیتەی ویلایەت بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ ویلایەت.

**ح) ئەرکەکانی کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکان:**

**١. سەرۆك:**

سەرۆکی ویلایەت دەبێت سەرکردەی ناسراوی پارتی ویلایەتەکە بێت‌و دەبێت چالاکییەکانی پارت لەسەر ئاستی ویلایەت بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ناوچەکاندا رێکبخات. سەرۆك دەبێت خۆی سەرکردایەتی کارەکان بکات هەتاوەکو خۆی یەکێك دەستنیشان دەکات لەجیاتی ئەو سەرکردایەتی بکات. هەروەها دەبێت هەموو کۆمیتەکان بەفەرمی دیاریبکات‌و ئەم جۆرە دەسەڵاتە ئاساییەی لەسەرپەرشتی کردن‌و بەڕێوەبردن هەبێت کە پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنێکی کارای بارەگاکانی پارتی ویلایەت‌و ستافەکان یاخود ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن کۆمیتەی ناوچەوە بۆی دیاریدەکرێت.

سەرۆك‌و نەخشەسازەكانی بەرپرسیارن لەئامادەكردنی بودجەی چاوەڕوانكراوی ساڵانە بۆ كۆمیتەی ویلایەت.

**٢. سكرتێر:**

سكرتێر دەبێت كاتی كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ویلایەت‌و كۆمیتەی جێبەجێكردن بپارێزێت‌و بانگەوازی كۆبوونەوەكان بلاوبكاتەوەو بیگەیەنێتە شوێنە پێویستییەكان، هەروەها ئەو كارانەی دیكە ئەنجامبدات كە دەبێت نوسیگەی سەرۆك بیكات، هەروەها ئەو كارانەی سەرۆك داوای لێدەكات. سكرتێر بەرپرس دەبێت لەپاراستنی هەموو تۆمارە بەردەوامەكانی كۆمیتەی ویلایەت‌و سپاردنی ئەو تۆمارانە بەجێگرەكانیان.

**٣. خەزنەدار:**

گەنجینەوان دەبێت هەموو ئەو پارانەی بۆ كۆمتەی ویلایەت دابینكراوە وەربیگرێت، هەروەها بەرپرس بێت لەو تەمویلانەی وەریدەگرن، تەنها بەپێی داوای سەرۆكی ویلایەت پارە خەرج بكات. هەموو پسوڵەكان دەبێت لەلایەن گەنجینەوان یاخود نوێنەرە دیاریكراوەكەیەوە واژۆ بكرێت‌و پاشان لەلایەن سەرۆك یاخود نوێنەرەكەیەوە واژۆ بكرێت، نوێنەری گەنجینەوان نابێت نوێنەری سەرۆك بێت. گەنجینەوان دەبێت راپۆرتی ساڵانە پێشكەش بەكۆمیتەی ویلایەت بكات‌و ناوبەناو راپۆرت بەسەرۆك‌و كۆمیتەی جێبەجێكردن بدات. هەموو ئەوانەی رێگەپێدراون بۆ ئیمزاكردنی پسوڵەكان (چەكەكان)ی هەر كۆمیتەیەكی ویلایەت دەبێت بەلایەنی كەمەوە بەبڕی ١٠٠،٠٠٠$ گرێبەست ئەنجامبدەن. تۆمارەكانی گەنجینەوان دەبێت لەلایەن ژمێریاری گشتی ناسراوی بێ بەرژەوەندەوە وردبینی‌و چاوپیاخشاندنەوەی بۆ بكرێت، سەرۆك یاخود گەنجینەوان نوسینگەكەی بەجێدەهێڵێت پێش هەر كۆبوونەوەیەكی یاسایی‌و لەو كاتانەدا كەسەرۆك یاخود كۆمیتەی جێبەجێكردن داوایدەكەن.

**٤. یەكەم جێگری سەرۆك:**

یەكەم جێگری سەرۆك دەبێت ئەو ئەركانە ئەنجامبدات كەسەرۆكی ویلایەت بۆی دیاریدەكات، لەو كاتانەدا كەسەرۆكی لێ نییە یاخود لەكاتی روودانی بۆشایی

لەنوسینگەی سەرۆکدا، هەروەها دەبێت ئەو ئەرکانە ئەنجامبدات کە لەسەر شانی سەرۆکە لەکاتی چاوەڕوانی کردن بۆ هەڵبژاردنی جێگرێکی دیکە.

**٥. دووەمو سێیەم جێگری سەرۆك:**

جێگری دووەمو سێیەمی سەرۆك دەبێت ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کەسەرۆك بۆیان دادەنێتو ئەو ئەرکانەش کە لەسەر شانی کاربەدەستە بەرزترەکانی داهاتووە.

**٦. رەقیبی سوپا:**

دەبێت رەقیبی سوپا لەهەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەتدا ئامادەبێتو لەژێر ئاڕاستەی سەرۆکدا کاربکات.

**٧. یاریدەدەری سکرتێرو خەزنەدارو رەقیبی سوپا:**

لەکاتی ئامادەنەبوونی سکرتێرو گەنجینەوانو رەقیبی سوپا یاخود دەست لەکارکێشانەوەیان دەبێت یاریدەدەرەکانیان ئەو ئەرکانە بەجێبگەیەنن.

**خ) ئەرکی کاربەدەستە دیاریکراوەکان:**

١. **قەشە:**

قەشە لەسەرەتای هەر کۆبوونەوەیەکدا وتەی ئایینی دەخوێنێتەوە، پێویست ناکات ئەندام بێت لەکۆمیتەی ویلایەتدا.

**٢. لێپرسراوی دارایی:**

لێپرسراوی دارایی تەمویل بۆ پارتەکە بەرز دەکاتەوە، پێویست ناکات لێپرسراوی دارایی لەکۆمیتەی ویلایەتدا ئەندام بێت. سەرۆك ناتوانێت هیچ تەمویلێك ببەخشێتەوە.

**٣. ئەنجومەنی گشتی:**

ئەنجومەنە گشتییەکە ئامۆژگاری سەرۆكو کۆمیتەکان لەسەر بڕیارە یاساییەکان دەکات، هەروەها وەکو پارلەمانتار لەهەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەتو کۆمیتەی جێبەجێکردندا هەڵسوکەوت دەکات. پێویست ناکات ئەنجومەنی گشتی لەکۆمیتەی ویلایەتدا ئەندام بێت.

**٤. لێپرسراوی تۆمارکردن:**

لێپرسراوی تۆمارکردن یاخود هەماهەنگ لەگەڵ لێپرسراوی تۆمارکردنی کەرت، بەزیادکردنی ڕێکخستنی تۆمارکردنی سەرانسەریی ویلایەت پێشدەخەنو پرۆگرامەکان جێبەجێ دەکەن، پێویست ناکات لێپرسراوی تۆمارکردن لەکۆمیتەی ئەندام بێت ویلایەتدا.

**٥. لێپرسراوی خوێندن:**

لێپرسراوی خوێندن بەهەماهەنگی لەگەڵ لێپرسراوی خوێندنی کەرتدا دەبێت کەتەلۆگی گونجاو ئامادە بکاتو دڵنیابێت لەوەی کەهەموو ئەندام کۆمیتەکانی بازنەی هەڵبژارنەکە بەباشی ڕاهێنراون.

**بەندی پێنجەم: کۆمیتەکان**

**أ) کۆمیتەی جێبەجێکردن:**

کۆمیتەی جێبەجێکردنی کۆمیتەکانی ویلایەت دەبێت لەکاربەدەستە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی ویلایەتو ئەندام کۆمیتە نیشتمانییەکانو سەرۆكو جێگری یەکەمو دووەم پێکهاتبێت، لەهەر ناوچەیەك بەلایەنی زۆرەوە ٣ ئەندام لەهەر هەرێمێکی کۆنگرێسو سەرۆکی هەر ڕێکخراوێکی پاشکۆی کۆمارییەکان کە بەلایەنی کەمەوە ٢٠٠٠ ئەندامی ئابونەدەری هەبێتو لەسەر ئاستی نیشتمان ناسراو بێت. دەبێت سەرۆکی ویلایەت وەك سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن دەستنیشان بکرێت. کۆمیتەی جێبەجێکردن دەبێت بودجەی ساڵانە پەسەند بکەنو چاوی پیابخشێننەوە، گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتدا بکەن لەسەر هەموو ئەو بەرنامانەی پەیوەندییان بەحزبو ویلایەتەوە هەیە. کۆمیتەی جێبەجێکردن دەبێت بەلایەنی کەمەوە سێجار لەساڵێکدا کۆبوونەوە بکات.

سەرۆکی ویلایەت دەتوانێت ئەندامانی دەنگ نەدەری کۆمیتەی جێبەجێکردن دەستنیشان بکات.

لەهەر کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی جێبەجێکردندا دەبێت یەك لەسەر سێی ئەندامانی دەنگدەری ئامادەبێت کە بەلایەنی کەمەوە لە ٨ کەرتەوە هاتبن.

**ب) کۆمیتەی دارایی:**

کۆمیتەی دارایی دەبێت بەلایەنی کەمەوە یەك نوێنەری لەهەر کەرتێك تیادا بێت کە لەلایەن سەرۆکی ویلایەتەوە دەستنیشان کرابێت کە لەلایەن سەرۆك کەرتەکانەوە راسپێردرابن، هەروەها سەرۆك ویلایەت دەتوانێت بەگفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی دارایی ئەندامی تر دامەزرێنێت. ئەو نوێنەرانە پێویست ناکات لەکۆمیتەی ویلایەت یاخود کۆمیتەی کەرتەکان ئەندام بن.

**ت) کۆمیتەکانی تر:**

سەرۆکی ویلایەت دەتوانێت کۆمیتەی تر پێکبهێنێت کە لەهەر کاتێکدا پێویست بکات.

## بەندی شەشەم: کۆنگرەی ویلایەت (State Convention):

**أ) بانگەواز:**

کاتێك کۆمیتەی نەتەوەیی بانگەوازی کۆنگرەی نیشتمانی کرد، دەبێت سەرۆکی ویلایەت یارمەتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە بەپێی ئەو یاساو پەیڕەوانەی لەلایەن کۆمیتەی نیشتمانییەوە دانراوە، بدات. دەبێت کاتو شوێنو بەروارو مەبەستەکەی تیایدا روون کرابێتەوە.

**ب) نوێنەرو جێگرەکان بۆ کۆنگرەی ویلایەت:**

لەهەر کەرتێکدا کە ١٠٠٠ کەسی کۆماری خۆیان تیادا ناونوس کردبێت، دەبێت نوێنەرێكو جێگرێك ئامادەبن. هەروەها دەبێت نوێنەرانو جێگرەکانیان بەپێی یاساو رێسای کەرتەکانیانو بەپێی لێهاتوویی خۆیان هەڵبژێردرێن. نابێت نێردراو یاخود بریکار بۆ نوێنەرو جێگرەکان هەبێت.

**ت) هەڵبژاردنی نوێنەرو جێگرەکان بۆ کۆنگرەی ویلایەت:**

هەڵبژاردنی نوێنەرو جێگرەکان دەبێت ٢٠ رۆژ پێش کۆنگرەی ویلایەت بکرێت. دەبێت ئاگادارکردنەوە لانیکەم ١٠ رۆژ پێش کۆبوونەوەکان بۆ هەر کۆمیتەیەکی بنکەی هەڵبژاردنەکە بنێردرێت. لەو کەرتانەدا کەدانیشتوانی لە ٥٠٠ هەزار کەمترە دەبێت

نوێنەرو جێگرەکان لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی کەرتەکانی کۆمارییەکان هەڵبژێردرێن. لەو ناوچانەشدا کەدانیشتوانیان لە ٥٠٠ هەزار زیاترە دەبێت نوێنەرو جێگرەکان بەپێی تۆماری کۆمارییەکان بەشیان بەرکەوێتو لەهەر هەرێمێکی تەشریعیدا هەڵبژبردرێن.

**پ) هەڵبژاردنی نوێنەرو جێگرەکان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی:**

هەر کۆنگرەیەکی هەرێمی ئامادەکاریی دەبێت بەپێی بانگەوازی بانگەوازە نیشتمانییەکە نوێنەرو جێگر هەڵبژێرێت. هەموو جێگرەکان دەبێت ناویان بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیدەهێنن بنوسرێت، کاروباریان بۆ دەست نیشان بکرێت.

**ج) بەڕێوەبردنی کاروبارەکان:**

جگە لەو کاتانەی سەرۆك دیاریدەکات، دەبێت ئەم بەڕێوەبردنی کارانە لەبەرچاو بگیرێ:

١. بانگەوازی بەڕێوەبردن.
٢. وەعدو پەیمان بەوەلاء
٣. بەرنامەکە (قسەکەرانو راپۆرتەکانی کۆمیتە دەکرێت دابنرێن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان وەکو لەو کاتانەی دەنگەکان فەرز دەکرێن).
٤. راپۆرتی کۆمیتەی تصدیقو راگەیاندنی کۆبوونەوە.
٥. راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبردن.
٦. کۆنگرەی حزبی هەرێمە کۆنگرێسییەکان.
٧. راپۆرتی هەرێمە کۆنگرێسییەکان.
٨. هەڵبژاردنی نوێنەرو جێگرەکان.
٩. هەڵبژاردنی ئەندام کۆمیتە نیشتمانییەکان.
١٠. کاروبارەکانی دیکە.
١١. دواخستن

**ح) بڕیارنامەکان**

**١. کۆمیتەی بڕیاردەر:**

سەرۆکی ویلایەت دەبێت کۆمیتەیەکی بڕیاردەر بۆ هەر کۆنگرەیەکی ویلایەت دەست نیشان بکات، کۆمیتەکە پێکدێت لەیەك ئەندام لەهەر کەرتێك کەرێژەی دانیشتوانی

(٥٠٠) هەزار زیاتر بێتو هەروەها یەك ئەندام لەهەر هەرێمێکی یاسایی کەرێژەی دانیشتوانی لە(٥٠٠) هەزار زیاتربێت کەهەر یەکەیان لەلایەن سەرۆکی کەرتو هەرێمەوە رادەسپێردرێت.

### ٢. رێو شوێنەکان:

بڕیارە پێشنیارکراوەکان، جگە لەداواکارییەکان، نابێت لە ٢٥٠ وشە درێژتربن، دەبێت ٤٥ رۆژ پێش کۆنگرەی ویلایەتی بڕیاردراوی پارت پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمیتەی بڕیارنامەکانەوە لەبەرچاو بگیرێت. کۆمیتە دەتوانێ (قبوڵ، بەرپەرچ، دەستکاری، پشتگیری)ی هەر بڕیارێك بکات.

لەبەرئەوەی مەبەستی کۆمیتە پێدانی سودو مشتومڕێکی تەواوو بڕیارێکی گونجاوە، بۆیە مشتومڕو بیرۆکە سنوردارەکان رێگەیان پێنادرێت. هەموو بڕیارەکان کەبۆ کۆمیتە نێردراون دەبێت لەگەڵ راسپاردەکانی کۆمیتەو جیاکردنەوەی دەنگەکاندا لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیەك دەربارەی کۆبوونەوەکە بۆ هەر نوینەرو جیگرێك بنێردرێن.

### ٣. خوازنامەکان (Memorials)

بڕیارنامەکان بۆ بیرهێنانەوەی لەیادکردووەکانە، کەپێویستە بنێردرێت بۆ سەرۆکی ویلایەت یاخود بەڕێوەبەری جێبەجێکردن لەهەر کاتێکدا کەپێویست بێت.

### ٤. چارەسەرە زەمینە بۆ سازکراوەکان (Floor Resolutions)

دەکرێت بڕیارێك کە بەلایەنی کەمەوە (٢٠٪)ی ئەندام کۆمیتەکانی ویلایەت کە لانیکەم نوێنەرایەتی ٤ هەرێم بکەن بهێنرێتە ناو هۆڵی بڕیاردانەوە. دەبێت هەر یەکێك لەو بڕیارنامانە، جگە لەوانەی پێشتر بۆ کۆمیتەی بڕیاردان نێردراون، دەبێت بەکۆپی تەواوەوە بۆ هەر ئەندام کۆمیتەیەکی ویلایەت بنێردرێن.

## ٢. پەیڕەوی ناوخۆیی پارتی دیموکراتی ئاریزۆنا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:
### لە ١٤- جون - ١٩٨٠ دانراوەو لە ٢٦- کانونی دووەم- ٢٠٠٨ نوێکراوەتەوە:

**پێشەکی:**

ئەم پەیڕەوانە چۆنێتی کارکردنو رێکخستنی پارتی دیموکراتی ئاریزۆنا دەخاتەڕوو.

**بەندی یەکەم: رێکخستن**

**بەشی یەکەم: کۆمیتەی ویلایەت**

دەبێت ویلایەت کۆمیتەیەکی هەبێت، لەگەڵ ئەندامێتی بەو شێوەیەی کە لەبەندی دووەمی ئەم پەیڕەوانەدا دیاریکراوە، بگونجێت، کەئەرکو لێپرسراوێتی بەپێی یاساو پەیڕەوەکان دەبێت. کۆمیتەی ویلایەت دەبێت هەیکەلی فەرمانڕەوای پارتی دیموکراتی ئاریزۆنا بێتو دەسەڵاتی بەسەر هەموو کارو فەرمانەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردن، دەستەی جێبەجێکردنو کۆمیتەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی ئاریزۆنادا هەبێت.

**بەشی دووەم: کۆمیتەی جێبەجێکردن.**

دەبێت کۆمیتەیەکی جێبەجێکردن هەبێت، کەئەندامێتی تیایدا بەپێی یاساو پەیڕەوەکانی بەندی چوارەم دەبێت، ئەرکو لێپرسراوێتی بەپێی یاساو پەیڕەوەکانی کۆمیتەی ویلایەت دەبێت.

**بەشی سێیەم: دەستەی بەڕێوەبردن**

دەبێت دەستەیەکی بەڕێوەبردن هەبێت، کەئەندامێتی تیایدا بەپێی پەیڕەوو یاساکانی بەندی سێیەم دەبێت، بە لەخۆگرتنی کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی ویلایەت. هەروەها ئەرکو لێپرسراوێتیشیان بەپێی ئەم پەیڕەوو یاسایانەو فەرمانی کۆمیتەی ویلایەت دەبێت.

## بەندی دووەم: كۆمیتەی ویلایەت

### بەشی یەكەم: ئەندامێتی

جگە لەو كاتانەی كە بەپێی یاسا دیاریدەكرێت، ئەندامێتی كۆمیتەی ویلایەت دەبێت لەبەرپرسی هەر كۆمیتەیەكی كەرت (قەزا)ی پارتی دیموكراتی ئاریزۆنا پێكهاتبێت، لەگەڵ یەك ئەندام بۆ هەر سێ ئەندامێك لەكۆمیتەی كەرت كە بەپێی یاسا بۆی هەڵبژێردرابێت. تەنها ئەندام كۆمیتە هەڵبژێردراوەكان دەبێت پاڵێوراو بن بۆ ئەندامێتی كۆمیتەی ویلایەت لەكۆبوونەوەی تەنزیمی یاسایدا. هەڵبژاردنەكانی كۆمیتەی ویلایەت دەبێت لەو كۆبونەوانەی كەدوو ساڵ جارێك لەهەر كۆمیتەیەكی كەرت دەبەسترێت، ئەنجام بدرێت. لەكەرتەكانی ماریكۆپاو پیما، ئەم ئەندامانە دەبێت لەكۆبوونەوە ناوچەییە دوو ساڵییەكاندا كەبەپێی پەیڕەوی ناوچەكە دیاریكراوە هەڵبژێردرێن. پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی كۆمیتەی ویلایەت دەبێت لەلایەن ئەندامانی قسەكەرو رێپێدراوەوە رێگەیان پێبدرێت. نابێت رێگە بدرێت بەدیاریكردنو ناساندنی لیستی كاندیدكراوەكان لەسەر سندوقی دەنگدانەكان لەم هەڵبژاردنانەدا. پاش كۆبونەوە تەنزیمییە یاساییەكان بۆشاییەكان بەپێی بنەما یاساییەكان لەلایەن ئەندام كۆمیتەی بنكەی هەڵبژاردنەكانەوە پڕدەكرێتەوە.

### بەشی دووەم: كۆبوونەوە تەنزیمییەكان

كۆمیتەی ویلایەت دەبێت هەموو دوو ساڵ جارێك كۆبوونەوەیەكی تەنزیمی لە"فۆینیكس" ئەنجامبدات، بەلایەنی كەمەوە دەبێت (دە)رۆژ دوای كۆتا كۆبوونەوەی ناوچەی پارتو پێش چوارەم شەممەی كانونی دووەمی (دوا بەدوای هەڵبژاردنی گشتی) بێت.

### بەشی سێیەم: ئەركەكانی ئەندام كۆمیتەی ویلایەت

ئەركی ئەندام كۆمیتەكان بەشێوەیەكی سەرەكی ئەمانە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم ئەركانە سنوردار ناكرێت:

- راپرسیو هەڵمەت بۆ كاندیدە دیموكراتەكان.

- یارمەتیدان لەپڕۆگرامەکانی تۆمارکردنو لەدەرهێنانی بەرزترین دەنگی دیموکراتەکان.
- پشتگیریکردنی رێکخستنی بەردەوامی پارتی ویلایەتو کۆمیتەکانی کەرتو هەرێمەکان.
- هاندانی پاڵپشتی دارایی بۆ پارتی دیموکراتی ویلایەتو کۆمیتەی کەرتەکانو هەرێمەکانیان.
- پارێزگاریکردنو بەرگریکردن لەدەستورو یاساکانی ئەمریکاو ویلایەتی ئاریزۆنا.

**بەشی چوارەم: ئەندام کۆمیتە دەبێت بیر لەوازهێنان بکاتەوە ئەگەر:**

- بەبێ پاساوی شیاو نەیتوانی بەشەخسی یاخود بەناردنی جێگر لەسێ کۆبوونەوەی یەك بەدوای یەکی کۆمیتەی ویلایەتدا ئامادەبێت.
- ئەگەر (٣\٢)ی دەنگی تەواوی ئەندامان، کەئەندام کۆمیتەی ویلایەتەکانیان هەڵبژاردووە، لەکۆبوونەوەی ئاسایی یاخود تایبەتیدا دەربڕێت کەناوبراو کارەکانی پشتگوێ خستووە یان جێبەجێکردنیانی رەتکردووەتەوە.
- ئەگەر ئەندام کۆمیتەکە بەئاشکرا پشتگیری لەکاندیدێکی دژ لەهەڵبژاردنەکاندا کرد.
- دوای ئەمانە سەرۆکی کەرت، ناوبراو ئاگاداردەکاتەوە کە بەهۆی کارەکانیەوە چاوڕوان دەکەن واز بهێنێت. ئەندام کۆمیتە دەتوانێت داوای تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە بکات. سەرۆکی کەرت دەبێت لەهەموو هەنگاوەکان ئاگادار بکرێتەوە پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدرێت. ئەگەر ئەندام کۆمیتەکە ویستی جارێکی تر تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارەکە بکاتەوە، ئەوکاتە کۆمیتەی جێبەجێکردنی ویلایەت وەکو بڕیاردەری کۆتایی هەڵسوکەوت دەکەن.

**بەشی پێنجەم: پۆستە چۆڵەکان**

هەندێ جار بەهۆی هەندێ هۆکارەوە بۆشایی لەکۆمیتەی ویلایەتدا روو دەدات وەك: مردن، وازهێنان، سەرنەکەوتن لەتۆمارکردنی دیموکراتەکان، دوورخستنەوە یاخود

وازهێنان لەئەندامێتی کۆمیتەو کەرتەکان. لەو کەرتانەدا کەرێژەی دانیشتوان لە (٥٠٠) هەزار کەمترە، ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ویلایەت لەو کەرتەی لێی هەڵبژێردراوە رۆیشت ئەوا بۆشایی دروستدەبێت. لەماوەی کەمتر لە(١٥) رۆژدا دەبێت کەسێك کە لەلایەن سەرۆکی ولایەتەوە بەراوێژی بەرپرسی کەرت دیاریدەکرێتو ناوبراو دەبێت دانیشتووی ئەو ناوچەیە بێت کەکەرتەکەی تێدایە.

## بەندی سێیەم: کاربەدەستانی کۆمیتەی ویلایەت

### بەشی یەکەم: کاربەدەستان

کاربەدەستە یاساییەکانو سەرۆكو سکرتێرو خەزنەدار لەکۆبوونەوەی دوو ساڵیدا هەڵدەبژێردرێن. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی ویلایەت لەبەشداربوان هەڵدەبژێردرێن. یەکەم جێگری سەرۆك دەبێت رەگەزی کۆمەڵایەتی (جێندەر)و شوێنی نێشتەجێبوونی لەگەڵ سەرۆکدا جیاواز بێت، جێگری سەرۆکی پێشکەوتوو دەبێت سەر بەهەمان رەگەزی کۆمەڵایەتی (جێندەر)ی سەرۆك بێت، بەلام شوێنی نیشتەجێبوونی لەسەرۆك جیاواز بێت، ٣ جێگری ژنو، ٣ جێگری پیاو، رێکخەرێکی پەروەردەیی بۆ سەرۆك هەڵبژێردرێن. نابێت لە (٢) کەس زیاتر، لەو (٤) جێگرە پیاوەی سەرۆكو لەو (٤) جێگرە ژنەی سەرۆك لەیەك قەزادا هەڵبژێردرێن. ئەفسەری سوپا دەبێت لەلایەن سەرۆکی ویلایەتەکەوە دیاریبکرێت، دەبێت هەر ٥٦ کاربەدەستەکەی تری ویلایەت بە هەڵبژاردن دیاریبکرێن.

### بەشی دووەم: هەڵبژاردنی کاربەدەستەکان

**أ.** هەموو کاندیدکردنەکان بۆ کۆمیتەی ویلایەت دەبێت لەرێگەی دەنگدان لەکۆبونەوە یاخود لەکۆنگرەدا هەڵبژێردرێن، نابێت لیستی ناوەکان لەسەر سندوقی دەنگدان بنوسرێت. هەر ئەندام کۆمیتەیەکی هەڵبژێردراو یاخود دیاریکراو دەکرێت بۆ هەر ئۆفیسێکی هەڵبژاردن موئەهەل بێت. لەو بارانەدا کە لە(١) کاندید زیاتر بۆ یەك ئۆفیس هەبوو دەنگدان لەرێگەی سندوقی تاکەکەسییەوە دەبێت. ئەگەر ژمارەی دەنگە دراوەکان زیاتر بوو لەژمارەی بەشداربوان (جا خۆیان یان جێگرەکانیان بەشداری

پرۆسەكەیان كردبێت ) ئەوا بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیك سەرلەنوێ هەڵبژاردنەكە ئەنجام دەدرێتەوە.

ئەگەر هەڵبژاردنەكە نەبووە هۆی بەدەستهێنانی جیاوازی ٦ دەنگ لەنێوان كاربەدەستی پێشوو لەگەڵ كاندیدەكانی ئەو پۆستەدا ئەوا پرۆسەی هەڵبژاردنەكە كۆتایی نایەت، بەڵكو بەردەوام دەبێت تا یەكێكیان دەگەنە ئەو ئاستەی لەكاربەدەستی پێشووی ببەنەوە یاخود كاربەدەستەكەی پێشوو بە ٦ دەنگ پێشیان دەكەوێت. لەم پرۆسەیەشدا ئەو كەسەی كەمترین دەنگی بەدەستهێناوە دووردەخرێتەوە.

**ب.** كاربەدەستانی كۆمیتەی ویلایەت دەبێت بەم جۆرە هەڵبژێردرێن: سەرۆك، جێگری سەرۆك، جێگری سەرۆكی پێشكەوتوو، جێگری سەرۆكی ژن، جێگری سەرۆكی پیاو، سكرتێر، خەزنەدار، یاریدەدەری پەروەردەییو بەڕێوەبەری كارە (تأكیدی) ئەرێنییەكان.

### بەشی سێیەم: ئەركەكانی كاربەدەستان

كاربەدەستان جگە لەئەركیان وەكو ئەندام كۆمیتە، دەبێت ئەم ئەركانەش لەئەستۆ بگرنو ناشبێت ئەركەكانیان تەنها لەم بوارانەدا سنوردار بكرێت.

أ. سەرۆكی ویلایەت كاروبارەكانی پارت ئاڕاستە دەكاتو قسەكەری پارت دەبێت. دەبێت سەركردایەتی هەموو كۆبوونەوەكان، كۆمیتەی ویلایەت، كۆمیتەی جێبەجێكردن، بۆردی جێبەجێكردنو كۆنگرەی پارت، بكات. هەروەها ئەركی كۆمیتەكان دیاردەكات. سەرۆك پرۆژەی كۆمیتەی جێبەجێكردن بۆ بودجەی ساڵانە ئیمزا دەكات.

ب. یەكەم جێگری سەرۆك یارمەتی سەرۆك دەدات لەئەنجامدانی ئەركەكانو لەكاتی رۆشتنی سەرۆكدا، ئەركەكانی سەرۆك رادەپەڕێنیو وەكو سەرۆك هەڵسوكەوت دەكات. هەروەها دەبێت ئەندام بێت لەكۆمیتەی نەتەوەیی دیموكراتی بەپێی یاساكانو هەروەها دەبێت شانبەشانی سەرۆك ئامادەی كۆبوونەوەكان بێت.

ت. هەموو جێگرەكانی سەرۆك دەبێت وەكو ئەڵقەی پەیوەندی ناوچە جوگرافییەكان خزمەت بكەن.

پ. سکرتێر دەبێت تۆمارەکانی سەرجەم کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەتو جێبەجێکردنو لیژنەی جێبەجێکردن بپارێزێت، هەروەها کۆپیەك لەراپۆرتەکانی کۆمیتەکانو بڕیارەکانی کۆمیتەی ویلایەت بپارێزێت، سەرەڕای ئەو ئەرکانەی کە سەرۆك بۆی دیاریدەکات.

ج. خەزنەدار ئەرکی لەئەستۆگرتنی سەرجەم تمویلو پارێزەکانی پارتی دیموکراتی ئاریزۆنای لەئەستۆدایە، هەروەها تۆماری وردی داراییو کاروبارە داراییەکانو ئامادەکردنی راپۆرتی دارایی ساڵانەو چەند ئەرکێکی تر لەئەستۆ دەگرێت.

ح. رێکخەری پەروەردەیی جگە لەو ئەرکانەی سەرۆك بۆی دیاریدەکات دەبێت سەرپەرشتیو یارمەتی دانانو خستنەڕووی پرۆگرامو پلاتفۆرمی پارت بکات.

خ. سەرۆکی لیژنەی کارە ئەرێنییەکان، یارمەتیو سەرکردایەتی جێبەجێکردنی کارە ئەرێنییەکانی پارت دەکات.

د. ئەندام کۆمیتە هەڵبژێردراوە نیشتمانییەکان ئەو ئەرکانەیان دەبێت کە لەبەندی (١٠) بەشی سێیەم باسکراوە هەروك هەندێ ئەرکی تر کە لەلایەن سەرۆکی ویلایەتەوە پێیان دەسپێردرێت.

ژ. ئەفسەری سوپا دەبێت لەهەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەتو جێبەجێکردندا بەشداربێتو بەردەوام سەرژمێری شتومەك بکاتو ساڵی جارێك راپۆرتێك لەسەر ئەو سەرژمێریانە ئامادە بکات.

**بەشی چوار: ستافی کۆمیتەی ویلایەت**

سەرۆك ئەم ستافە دیاری دەکات، بە لەخۆگرتنی ئەنجومەن کە لەوانەیە یارمەتیدەر بێت لەڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕێکخراودا. ئەم دەست نیشانکردنانە نابێت لەسنوری سەرۆك تێپەڕ بکات.

**بەشی پێنجەم: لابردنی کاربەدەستانی کۆمیتەی ویلایەت.**

هەر یەکێك لەکاربەدەستانی کۆمیتەی ویلایەت لادەبرێت بە (٣\٢) دەنگی گشتی کۆمیتەی ویلایەت.

### بەشی شەشەم: پۆستە چۆڵەکان

بۆشایی لەنێو کاربەدەستاندا روودەداتو پڕ دەکرێتەوە بەهەڵبژاردن لەکۆمیتەی ویلایەت لەکۆبوونەوەیەکی کراوەدا کەدەبێت لەماوەی کەمتر لە ٢١ رۆژدا ببەسترێت. ئەگەر سەرۆك شوێنەکەی چۆڵ بوو وە کەسێك لەرەگەزی کۆمەڵایەتی (جێندەر)ی بەرامبەر جێگەی گرتەوە ئەوا جیگری سەرۆکی پێشکەوتو جێگەی یەکەم جێگری سەرۆك دەگرێتەوە بەهەموو ئەرکەکانی دیکەوەو بە لەخۆگرتنی ئەندامێتی کۆمیتەی نیشتمانی دیموکراتەکانەوە، هەروەها یەکەم جێگری سەرۆك دەبێتە جیگری سەرۆکی پێشکەوتوو. هەر بۆشاییەك لەئۆفیسی سەرۆکدا دەکرێت لە لایەن هەر ئەندام کۆمیتەیەکی دانیشتوویی کەرتەکەوە پڕبکرێتەوە، هیچ جێکرێکی سەرۆك نابێت بەهۆی شوێنی دانیشتنەوە لە پاڵاوتن بێبەش بکرێت.

### بەشی حەوتەم: نەسرییەی کاربەدەستان

کاربەدەستان پارەیان بۆ دەژمێردرێتەوە ئەگەر هۆیەکی شیاویان خستەڕوو بۆ خەرجکردنی پارە لەگیرفانی خۆیان.

### بەشی هەشتەم: بودجەی ساڵانە

ئەو بودجەیەی کە لەلایەن کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە پەسەندکراوە دەبێت دەسەڵاتی خەرجکردنی پارت بخاتەڕوو لەیەکەم مانگی پەسەنکردنیەوە کاری پێبکرێت. راپۆرتی داراییەکە بەلایەنی کەمەوە دەبێت چارەکێکی خەزنەدار ئامادەی کردبێت. هیچ گرێبەستێك بۆ خەرجی سەرمایەو کارگوزاریو راوێژو یاخود ئەو گرێبەستانەی کە لە ١٠،٠٠٠$ تێپەڕکاتو لە لایەن سەرۆکەوە واژۆ کرابێت لەبری پارتەکە بەبێ رەزامەندی کۆمیتەی جێبەجێکردن جێبەجێناکرێت.

## بەندی چوارەم: کۆمیتەی جێبەجێکردن

### بەشی یەکەم: ئەندامێتی

ئەندامێتی لیژنەی جێبەجێکردن دەبێت کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی ویلایەت لەخۆبگرێت: سەرۆکی کەرت، یەکەم جێگری سەرۆك، جێگری سەرۆکی

پێشكەوتوو، جێگری سەرۆكی پیاو، جێگری سەرۆكی ژن، سكرتێر، خەزنەدارو هاوكاری پەروەردەیی، سەرۆكی لیژنەی كاروبارە ئەرێنییەكان ئەندام كۆمیتەی نیشتمانییەكانی ویلایەت، ٣ ئەندام لەهەرێمە كۆنگرێسییەكان، سەرۆك یاخود نوێنەری دیموكراتە گەنجەكانی ئاریزۆنا، نوێنەر یان سەرۆكی یەكێتی ئاریزۆنای یانەی ژنانی دیموكرات هەروەها كاربەدەستەكانی دیكەی ویلایەت. سەرۆكی كۆمیتەی ویلایەت دەبێت وەكو سەرۆكی كۆمیتەی جێبەجێكردن خزمەت دەكات.

**بەشی دووەم: تەواوی ئەندامان**

سێ ئەندام لەهەر هەرێمێكی كۆنگرێسییەوە دەبێت هەڵبژێردرێت لەلایەن سەرۆكی ویلایەت، ئەم دیاریكردنانە دەبێت لەماوەی یەك مانگ لەدوای كۆبوونەوەی دوو ساڵی ئەنجام بدرێت.

**بەشی سێیەم: ئەركەكانی كۆمیتەی جێبەجێكردن:**

كۆمیتەی جێبەجێكردن بودجەو هەمواركردنی بودجە پەسەند دەكەن، هەروەها ئەو بۆندە تایبەتییانەی كە لەدەرەوەی سنوری سەرۆكدایە، هەروەها هەڵسوكەوت كردن وەكو بڕیاردەری كۆتایی لەچارەسەركردنی كێشەكان.

**بەشی چوارەم: كۆبوونەوەكان**

كۆمیتەی جێبەجێكردن دەبێت بەلایەنی كەمەوە هەموو وەرزێك كۆبوونەوە بكات.

**بەندی پێنجەم: لیژنەی جێبەجێكردن**

**بەشی یەكەم: ئەندامێتی**

ئەندامێتی بۆردی جێبەجێكردن دەبێت كاربەدەستە هەڵبژێردراوەكانی كۆمیتەی ویلایەت لەخۆ بگرێت: سەرۆكی ویلایەت، یەكەم جێگری سەرۆك، جێگری سەرۆكی پێشكەوتوو، جێگری سەرۆكی ژنان، جێگری سەرۆكی پیاوان، سكرتێر، خەزنەدار، رێكخەری پەروەردەیی، چاودێری كارە ئەرێنیەكانو ژنانو پیاوانی ئەندام كۆمیتەی نیشتمانی هەڵبژێردراو بۆ كۆمیتەی ویلایەت. سەرۆك وەك سەرۆكی لیژنەی جێبەجێكردن خزمەت دەكات.

**بەشی دووەم: ئەرکەکانی لیژنەی جێبەجێکردن**

لیژنەی جێبەجێکردن بەناوی کۆمیتەی ویلایەتەوە هەڵسوکەوت دەکەن لەنێوان کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەت هەروەها ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لەلایەن سەرۆکی ولایەتەوە دیاری دەکرێت.

**بەشی سێیەم: کۆبوونەوەکان**

أ. لیژنەی جێبەجێکردن دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەموو وەرزێك کۆببنەوە.

ب. لیژنەی جێبەجێکردن دەتوانن بەپێی داوای سەرۆك لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا کۆببنەوە.

ت. ئەندامان دەتوانن بۆ خۆیان یاخود لەرێگەی ئەلکترۆنیەوە بەشداری بکەن.

**بەندی شەشەم: کۆمیتەکانی تر**

**بەشی یەکەم: کۆمیتە هەمیشەییەکان**

کۆمیتە هەمیشەییەکانی کۆمیتەی ویلایەت ئەمانەدەبن: کۆمیتەی کارە ئەرێنییەکان، کۆمیتەی پەیڕەوە ناوخۆییەکان، کۆمیتەی پەیوەندییەکان، کۆمیتەی بەڵگەنامەکان، کۆمیتەی نەزاهەی هەڵبژاردنەکان، کۆمیتەی دارایی‌و کۆمیتەی بڕیارنامەکان. دیاریکردنی کارمەندان‌و قەبارەکەی‌و درێژی پێکهاتەی کۆمیتە هەمیشەییەکان دەبنە ئەرکی سەرۆکی ویلایەت.

أ. ئەوە دەبێتە ئەرکی کۆمیتەی کارە ئەرێنییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە لەبەندی (٩) بەشی یەکەمدا باسکراوە.

ب. ئەرکی کۆمیتەی پەیڕەوە ناوخۆییەکان پاراستنی بەردەوامی‌و پێگیری پەیڕەوە ناوخۆییەکانی پارتە بەئامانج‌و سیاسەتەکانی پارتەوە. لەکاتی پێشنیارکردن بۆ گۆڕانکاری دەبێت سەرۆکی ویلایەت پەسەندی بکات.

ت. ئەرکی کۆمیتەی پەیوەندییەکان یارمەتیدانە بۆ دروستکردنی وشیاری راگەیاندن لەچالاکییەکانی پارت‌و یارمەتیدان لەهەموو پەیوەندییەکانی دیکە.

پ. ئەرکی کۆمیتەی بەڵگەنامەکان پەسەندکردنی بەڵگەنامەی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردنو ویلایەتە لەکۆبوونەوەکانداو چاوخشاندنەوەو پەسەندکردنی جێگرەکانە هەروەها چاوخشاندنەوە بەژماردنی دەنگەکاندا.

ج. ئەرکی کۆمیتەی نەزاهەی هەڵبژاردنە کەهەموو هەوڵەکانی پارت بخاتە کار بۆ دڵنیابوون لە بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن.

ح. ئەرکی کۆمیتەی دارایی یارمەتیدانی سەرۆکی ویلایەتە بۆ بەرزکردنەوەو زیادکردنی تەمویل بۆ پارتی ویلایەتەکە.

خ. ئەرکی کۆمیتەی بڕیارنامەکانە کەچاو بخشێنێتەوە بەهەموو بڕیارنامە پێشنیارکراوەکان بۆ کۆمیتەی ویلایەتو دەبێت بەپەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوە یاخود هەموارکردنی بڕیارنامەکان راسپێردرێت.

## بەشی دووەم: کۆمیتە تایبەتییەکان:

کۆمیتە تایبەتییەکان بریتی دەبن لەمانە:

کۆمیتەی هەڵمەتی ڕێکخراو، کۆمیتەی هەڵبژاردنی نوێنەر، کۆمیتەی پەیڕەو پرۆگرام هەروەها ئەو کۆمیتانەی کە دەکرێت لەلایەن سەرۆکەوە دانرێن، دیاریکردنی کارمەندو قەبارەو وردەکاری پێکهاتنی کۆمیتە تایبەتییەکان ئەرکی سەرۆکی ویلایەت دەبێت، تەنها کۆمیتەی هەڵمەتی ڕێکخراو نەبێت کەپێویستی بەکۆمیتەی نیشتمانی دیموکراتەکان هەیە.

أ. ئەرکی کۆمیتەی هەڵمەتی ڕێکخراو دابینکردنی تەمویلە بۆ پشتگیریکردنی چالاکییەکانی هەڵمەتی ڕێکخراوەکانی پارتی ویلایەت.

ب. ئەرکی کۆمیتەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان دڵنیابوونە لەپاراستنو پێگیری یاساکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ کۆنگرەو کۆبوونەوەکان.

ت. ئەرکی کۆمیتەی پەیڕەوو پرۆگرام کە لەلایەن هاوکاری پەروەردەییەوە سەرکردایەتی دەکرێت، نووسینی ڕەشنوسی پەیڕەو پراگرامەکە دەدرێت بەکۆمیتەی جێبەجێکردن بۆ زیادکردنو گۆڕانکاری پێش دانی بەسەرۆکی ویلایەتو دەبێت یەك مانگ پێش کۆبوونەوەی کۆمیتەی ویلایەت بەردەست بێت.

**بەشی سێیەم: لێدوانەکانی کۆمیتە**

هیچ کۆمیتەیەك ڕێگەی پێنادرێت کە بەناوی کۆمیتەی جێبەجێکردنو ویلایەتو پارتەوە لێدوان بدات، هەر لێدوانێك لەلایەن هەر کۆمیتەیەکەوە دەدرێت، دەبێت لەچوارچێوەی بواری ئەرکەکانی کۆمیتەکە دەرنەچێت.

**بەشی چوارەم: تەمویلەکان**

هەموو تەمویلەکان بۆ کۆمیتەکان دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پارتو بەشێك دەبێت لەئەرکی خەزنەدار.

**بەشی پێنجەم: یانە دیموکراتەکان**

کۆمیتەی ویلایەت دەبێت ئەو یانە دیموکراتییانە وەرگرێت کە لەلایەن کۆمیتەی ناوچەی دیموکراتەییەوە دانیان پیادانراوە کەئەندامانی یانەکە تیایدا نیشتەجێن.

**بەشی شەشەم: کۆبوونەوە ئامادەکارییەکانی سەرانسەری ویلایەت**

پارتی دیموکراتی ئاریزۆنا هانی بەشداری فراوانو جۆراوجۆر دەدات.

**پێناسە:**

کۆبوونەوەی ئامادەکاری: گروپێك لەدیموکراتەکانن کەئەندامەکانی پێکەوە کۆبوونەتەوە بۆ پێکهێنانی ئەو جڤاتانەی کە لەناو پارتی کۆماری ئاریزۆنادا نیشاندەری چالاکیو ئامانجو مەبەستەکانن.

**ڕێبازی کارکردن:**

أ. کۆڕو کۆبوونەوە ئامادەکارییەکان دەکرێت جێبەجێ بکرێت بۆ لیژنەی جێبەجێکردنی کۆمیتەی ویلایەت بۆ ناسینی فەرمی وەکو کۆڕو کۆبوونەوەی ئامادەکاری ADP (پارتی دیموکراتی ئاریزۆنا). داواکارییەکە دەبێت بەلایەنی کەمەوە ٢٠ ئەندام واژۆی بکاتو پێش ٣٠ ڕۆژ لەکۆبوونەوەی وەرزیی کۆمیتەی ویلایەت بخرێتەڕوو. کۆبوونەوە ئامادەکارییەکان ناکرێت لە دوو جار زیاتر لەماوەی دوو ساڵی نێوان کۆبوونەوە دوو ساڵ جارەکاندا ئەنجام بدرێت.

ب. ئەگەر ئەوە خرایەڕوو کەهەموو بنەماکانی کۆبوونەوە ئامادەکارییەکان جێبەجێ کراوە، لیژنەی جێبەجێکردن ئەو کۆبوونەوە ئامادەکارییە وەکو کۆبوونەوەیەکی فەرمی (ADP) دەناسێنێت بەلآم ئەگەر ٢\٣ی ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردن بەراوردی ئامانجو مەبەستو چالاکییەکانیان بەئامانجو مەبەستو چالاکییەکانی ADP کردو بەدژیان لەقەڵەمدا. ئەگەر پەسەندیش نەکرا دەبێت لیژنەی جێبەجێکردن دەستبەجێ هۆکارەکانی رەتکردنەوەکە بەنوسین بخاتەڕوو.

لەچەند حاڵەتێکدا کۆبوونەوەی ئامادەکاری وەکو کۆبوونەوەیەکی ئامادەکاری (ADP) ناناسرێت ئەویش دوای بڕیاردانی لیژنەی جێبەجێکردن بەنوسراو لەهۆکارەکان ئاگادار دەکرێنەوە مافی چارەسەرکردنیان دەبێت. هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەك دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادابێت یاخود لیژنەی جێبەجێکردن وەکو بەرژەوەندی ADP لەقەڵەمی بدات.

**مەرجە پێویستییەکان:**

١. بەلایەنی کەمەوە ٣٠ ئەندام کۆمیتەی ویلایەت کە بەلایەنی کەمەوە لە ٣ کەرتی جیاوازی ئاریزۆناوە هاتبن.

٢. کۆبوونەوەی ئامادەکارییەکە ئەم پەیڕەوانەی دەبێت.

أ. ئەندامانی بانگکراو دەبێت ناوی خۆیانیان بەدیموکرات تۆمار کردبێت.

ب. ئاماژە بەوەکرابێت کەئامانجی کۆبوونەوەکە بۆ هەڵبژاردنی دیموکراتەکانو کارکردنە بۆ بەهێزکردنی ADP.

ت. پەیڕەوەکانی دژی پەیڕەوە ناوخۆییەکانی ADP نەبێت.

٣. رێککەوتن لەلایەن کۆبوونەوە ئامادەکارییەکەوە بۆ جێبەجێکردنی پەیڕەوە ناوخۆییەکانی ADP.

٤. کۆبوونەوە ئامادەکارییەکە نابێت وەکو کاری سیاسی کۆمیتەکە وابێت.

**ئەگەرەکانی بەرپەرچدانەوە:**

٥. ئەگەر کۆبوونەوە ئامادەکارییەکە نەیتوانی مەرجەکانی سەرەوە جێبەجێ بکات.

٦. ئەگەر کۆبوونەوە ئامادەکارییەکە نەیتوانی هیچ کاندیدێك بۆ ئۆفیسی گشتی دیاری بکات.

٧. ئەگەر کۆبوونە ئامادەکارییەکە کەسێکی لەدەرەوەی کاندیدە دیموکراتەکان دیاری کرد.

ئەم کۆبوونەوانە دەبێت کاتو شوێنو ئاسانکارییەکان لەسەر وێب سایت دیاری بکرێتو تەنها بۆ سودو قازانجی ADP بێت. ئەم کۆبوونەوانە دەبێت راگەیاندنی کۆبوونەوەکەو دەرفەتی قسەکردن لەکۆبووەنەوەکانی ویلایەتدا بخاتەروو کاتێك بەفەرمی ناسرا، بەڵام بەهیچ جۆرێك ناتوانێت بەناوی ADPیەوە قسەبکات. لەکاتێکدا کەکۆبوونەوەکە ٧٥ ئەندامی دەبێت ئەوا یەکێك لەئەندامەکانی بۆ بوون بەئەندام لەکۆمیتەی جێبەجێکردندا هەڵدەبژێرێت.

**بەندی حەوتەم: کاندیدەکانی سەرکردایەتی**

**بەشی یەکەم: پاڵپشتی کردن**

کۆمیتەی ویلایەت کەسەکان بۆ کاندیدی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی پارت دیاریدەکات. هەر یەکێك لەو هەڵبژێردراوانە دەبێت بەڵێن بدات کە لەحاڵەتی هەڵبژاردنیدا دەنگ دەدات بەکاندیدەکانی سەرکردایەتیو جێگری سەرکردایەتی کاندید بۆ کۆنگرەی دیموکراتی نیشتمانی پارتی دیموکراتەکان.

**بەندی هەشتەم: کۆبوونەوەکان**

**بەشی یەکەم: کۆبوونەوەکان**

کۆمیتەی ویلایەتو کۆمیتەی جێبەجێکردن بەپێی بانگەوازی سەرۆك کۆدەبنەوە، سەرۆك داوای کۆبوونەوە دەکات لەماوەی (٢٠) رۆژدا لەو بەروارەی کە لەلایەن هەر داواکارێکەوە دیاریکراوە کە لەلایەن سکرتێرەوە پڕ کرابێتەوەو (١٠٪)ی سەرجەم ئەندامانی تری ئەو کۆبوونەوەیە کەچاوەڕێ دەکرێت ببەسترێت، واژۆکرابێت. کۆمیتەی ویلایەت دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەموو وەرزێك کۆببێتەوە.

**بەشی دووەم: تێبینی نوسراو**

تێبینییەکی گونجاو کە بەروارو کاتو شوێنی تیادا بێت، دەبێت (١٠)ڕۆژ پێش کۆبوونەوەکە بۆ ناونیشانی ئەندامەکان بنێردرێت.

**بەشی سێیەم: لایەنی کەمی ئامادەبوان (النصاب):**

کۆبوونەوەی ئەو ئەندامانەیە کەچاوەڕوان دەکرێت لەکۆبوونەوەکەدا بەشداربن، کە دەبێت بەلایەنی کەمەوە (٤٠٪)ی ئەندامانی تیادا بێت. ئەم کۆبوونەوەیە دەبێت بەپێی ڕێنماییەکان ببەسترێت.

**بەشی چوارەم: دەنگدان**

دەنگدان لەکۆمیتەی ویلایەتو کۆمیتەی جێبەجێکردن یاخود هەر کۆمیتەیەکی پاشکۆ دەبێت بەشێوەی تاکەکەسی ئەنجامبدرێت. کە بانگکردن بەناو خوێندنەوەو بەپێی کەرتو ناوچەکان دەبێت یاخود دەنگدان بەشێوەی زارەکی دەبێت.

**بەشی پێنجەم: مشتومڕ**

هیچ نوێنەرو جێگرێك نابێت لە(٥) خولەك زیاتر لەیەك کاتدا قسە بکات تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە بەدەنگی ئەندامانی ئامادە بوو ڕێگەی پێدەدرێت.

**بەشی شەشەم: ئامادەبوونی جێگرەکان**

ئەندامانی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردنو ویلایەت بەپێی پەیڕەوە ناوخۆییەکان دەتوانن لەڕێگەی جێگرەکانەوە بەم شێوەیە دەنگ بدەن:

* هەر جێگرێك دادەنرێت بۆ ئەندام کۆمیتەی بازنەکانی هەڵبژاردن کەدانیشتووی ئەو ناوچەیە بێت کەئەندامەکە لێی نیشتەجێیە.
* هەر جێگرێك دەبێت بەشایەتی یاخود بەسوێند خواردن پشتڕاست بکرێتەوە.
* هەر جێگرێك دەبێت لەو کۆبوونەوە تایبەتەدا کەبۆی دانراوە ئامادە بێتو تەنها بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دیاریدەکرێت.
* هەر جێگرێك دەبێت بەرواری بۆ دیاری بکرێتو ئەو بەروارە تەنها لەماوەی ٢٠ ڕۆژدا کاری پێدەکرێت.

★ هیچ سنورێك بۆ ژمارەی جێگرەکان نابێت، هەر تاکێك دەتوانێت ئەو پۆستە وەرگرێت تاوەکو ئەو کاتەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی جێبەجێکردن یاخود ویلایەت دەبەسترێت لەو کەرتەی کەئەندام کۆمیتەکەی تیادا نیشتەجێیە، پاشان ئەو ئەندام کۆمیتەیە ناتوانێت لە ٣ جێگر زیاتر خۆی دانێت.

★ دەنگدانی جێگرەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی نیشتمانی یاخود هەر کۆبوونەوەیەك کە بەیاسای جیاواز بڕێت بەرێ_وە هەر بەو یاسایانە بەڕێوە دەبرێت.

★ ئامادەبوونی جێگر: هەر ئەندامێك لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ویلایەت یاخود جێبەجێکردن ئامادەبێت دەتوانێت دوای جێهێشتنی کۆبوونەوەکە جێگر بۆ خۆی دابنێت.

★ هەموو جێگرەکان دەبێت بەپێی ڕێنماییە نوسراوەکان دەنگ بدەن.

**بەشی حەوتەم: ئەجێندا**

سەرۆك ئەجێندای هەموو کۆبوونەوەیەك دیاریدەکات، ئەم جۆرە ئەجێندایە دەبێت دەرفەتی وردو یەکسان بۆ هەر ئەندامێکی ئەو کۆبوونەوەیە دیاریبکات کەکاروباری نوێ بخاتەڕوو.

**بەشی هەشتەم: کۆبوونەوە کراوەکان**

هەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ویلایەتو کۆمیتە پاشکۆکان کۆبوونەوەی کراوە دەبن.

**بەشی نۆیەم: ڕێبازنامە پەرلەمانییەکان**

أ. سەرۆکی ویلایەت بەبێ دەنگدان دەتوانێت پەرلەمانتارێك دیاری بکات تا خزمەت بکات. ئەگەر پەرلەمانتارەکە بەهۆکارێکی گونجاو نەیتوانی ئامادەبێت سەرۆکی ویلایەت دەتوانێت کەسێکی دیکە دیاریبکات.

ب. هەموو کۆبوونەوەکانی پارت دەبێت بەپێی نوێترین چاپی یاساکانی ڕۆبەرت بۆ بەڕێوەبردن بەڕێوەببرێت.

**بەشی دەیەم: بڕیارنامە پێشنیاکراوەکان**

ئەندامێك کەخوازنامەیەك پێشنیار دەکات هەر کاتێك گونجاو بێت کۆپییەك لەخوازنامە پێشنیارکراوەکە بەنوسینو ٣٠ رۆژ پێش کۆبوونەوەکان پێشکەش دەکات تاوەکو لەگەڵ بانگەوازێك بۆ کۆبوونەوە بۆ هەموو ئەندامان بنێردرێت. نابێت بەهیچ جۆرێك توانای ئەندامەکان بۆ نوسینی خوازنامە سنوردار بکرێت.

**بەندی نۆیەم: کارە ئەرێنییەکان (Affirmative Actions)**

**بەشی یەکەم: کۆمیتە**

کۆمیتەی ویلایەت دەبێت کۆمیتەیەکی کارە ئەرێنییەکان (توکیدی)ی هەمیشەیی دامەزرێنن لەژێر ئاراستەی مۆدرەیتەری کارە ئەرێنییەکانو سەرۆکی ویلایەتدا. ئەم کۆمیتەیە ئەم کارانەی لەئەستۆ دەبێت: (هەر لەمانەشدا سنوردار ناکرێت):

أ. ئامادەکردنی بەرنامەیەكو بودجەیەك کەمەبەست لێی دڵنیابوونە لەجیاوازی نەکردنی نوێنەرایەتی لەکۆمیتەی ویلایەتدا لەسەر بنەمای نەژادو رەنگو رەسەنایەتیو رەگەزو تەمەنو کەم ئەندامی جەستەییو دینو بیرکردنەوەی فەلسەفیو ئاڕاستەی سێکسیو ناسنامەی جێندەری. ئەرکی سەرەکی ئەم پرۆگرامە بۆ بەشداری پێکردنی ئەو گروپانەیە کە بەشدارییان لەرێکخراوەکانی پارتدا نییە.

ب. دانانی ئامانجو خشتە بۆ بەدەستهێنانی نیشاندانی بەشداری گروپەکان.

ت. وەرزانە راپۆرتی گەشەسەندن بۆ کۆمیتەی ویلایەت ئامادەدەکات.

**بەشی دووەم: ئەندامێتی**

کۆمیتەی کاری ئەرێنی دەبێت بەلایەنی کەمەوە (١٠) ئەندامی نوێنەری بڕیاردەری دیموکرات لەویلایەتی ئاریزۆنا هەبێت. ئەندامانی کۆمیتەکە دەبێت لەلایەن سەرۆکی ویلایەتەکەوە دەستنیشان بکرێن. پاشان کۆمیتەکە پۆستەکانی دیکە بۆ ئەندامەکانی دیاریدەکات.

**بەشی سێیەم: کۆبوونەوەکان**

مۆدرەیتەرەکە دەبێت هەموو وەرزێك بەلایەنی کەمەوە کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدات.

**بەشی چوارەم: لەبەرچاو گرتنی گروپە بەشدار نەبووەکان**

بۆ دیاریکردنی ئەوەی کەئایا گروپە جۆراوجۆرەکان رێگەی بەشدارکردن‌و نوێنەرایەتییان پێدراوە یان پێیاننەدراوە بەهۆی رەگەز، نەژاد، جێندەر، نەتەوە، ئایین،......تد. هەر گروپێك بەرێژەی (٥٪) جیاوازی هەبێت لەگەڵ رێژەی گروپەکە لەویلایەتی ئاریزۆنا لەکۆمیتەی ویلایەتدا ئەوا بەگروپێکی پشتگوێخراو لەقەڵەم دەدرێت‌و دەبێت سەنتەری کارەکانی کۆمیتەی کاری ئەرێنی بێت.

**بەشی پێنجەم: کۆمیتەکانی ناوچە**

هەر ناوچەیەك کۆمیتەیەکی کاری ئەرێنی‌و بەرنامەیەکی لەخشتەکاندا دەبێت.

**بەندی دەیەم: کۆمیتەی نیشتمانی**

**بەشی یەکەم: ئەندامێتی**

بەپێی یاساکانی کۆمیتەی نیشتمانی دیموکراتی، سەرۆکی ویلایەت‌و جێگری سەرۆکی ویلایەت‌و ژنان‌و پیاوانی ئەندامی کۆمیتەی نیشتمانی دەبێت ئەندامانی ئاریزۆنا بن لەکۆمیتەی نیشتمانی دیموکراتیدا.

**بەشی دووەم: ژن‌و پیاوە ئەندام کۆمیتە نیشتمانییەکان**

کۆمیتەی ویلایەت دەبێت بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن ئەندام کۆمیتە نیشمانییەکانەوە هەڵبژێردرێن کەهەموویان پاڵێوراون بۆ دەنگدەری دیموکراتی‌و ئەندام کۆمیتەی بازنەیەکی هەڵبژاردن کەبۆ ماوەی ٤ ساڵ نوێنەرایەتی ئاریزۆنا دەکەن. ئەم ئەندام کۆمیتە هەڵبژێردراوە نیشتمانییانە دەبێت بەیەکسانی لەنێوان نێرو مێدا دابەش بکرێت. ئەگەر بۆشاییەك روویدا، کۆمیتەی ویلایەت ئەندامێك بۆ پڕکردنەوەی ئەوبۆشاییە هەڵدەبژێرێت.

**بەشی سێیەم: کۆبوونەوەکان**

ئەو ئەندامانەی کە لەبەشی یەکەمی ئەم بەندەدا باسکراون لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا ئامادە دەبن کەدەکرێت کۆمیتەی نیشتمانی لەهەر کاتێکدا ببەستێت.

## بەندی یانزە: هەڵبژاردنی نوێنەر

### بەشی یەکەم: یاساکان

دەبێت یاسا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی نیشتمانی بەپێی ڕێنماییە دیاریکراوەکانی کۆمیتەی نیشتمانی دیموکرات، هەبێت. دەبێت یاساکان لەگەڵ ئەم پەیڕەوانەدا هاودژ نەبن.

## بەندی دوانزە: پەیڕەوە ناوخۆییەکان

بەشی یەکەم: بەروارێکی کاریگەر

ئەم پەیڕەوانە دەبێت دەستبەجێ دوای دانانیان کاریان پێبکرێت، دەبێت بەردەوام بن بۆ ئەندامێتی ئێستاو داهاتوو بەگوێرەی هەموارکردنو کۆتایی پێهێنانی.

### بەشی دووەم: هەموارکردنەکان

دەکرێت ئەم پەیڕەوانە هەموار بکرێت بە ٣\٢ یان زیاتری دەنگەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ویلایەت ئامادەبوو بەشەخسی یاخود لەرێگەی جێگرەوە لەکۆبوونەوەیەکی بانگەواز بۆکراوی ئاسایی یاخود تایبەتی کۆمیتەی ویلایەتدا. هەر هەموارکردنێکی پێشنیارکراو دەبێت مەبەستو ئامانج لێی بەنوسین بخرێتەڕوو. دەبێت کۆپی تەواو بەلایەمی کەمەوە (٣٠) رۆژ پێش بەرواری کۆبوونەوەکە دابەش کرابێت.  بۆ هەموو کۆبوونەوەکان جگە لەکۆبوونەوە رێکخستنە دوو ساڵییەکان هەموارکردن بەنووسین دەبێت لەلایەن بارەگای ویلایەت یاخود سکرتێرەوە بەلایەنی کەمەوە ٣٠ رۆژ پێش بەرواری کۆبوونەوەکە وەربگیرێت، هەر هەموارکردنێکی پێشنیارکراو لەگەڵ بانگەوازی کۆبوونەوەکەدا دەنێردرێت. هیچ پرۆژەیەك بۆ هەموارکردن یاخود بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم پەیرەوە نابێت لەلایەن کۆمیتەی ویلایەتەوە لەبەرچاو بگیرێت تاکو لەگەڵ رێساکانی ئەم بەندەدا رێکنەخرابێت.

### بەشی سێیەم: پەیڕەوە ناوخۆییەکانی هەرێمو ناوچەکانی

هەر کۆمیتەی ناوچەو هەرێمێك دەبێت پەیڕەی ناوخۆیی هەبێتو نابێت لەگەڵ ئەم پەیڕەوە ناوخۆییانەدا هاودژ بێت.

## ٣. چەند كورتە راستییەك دەربارەی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا:

### مێژوو

**١٢/ت١/١٤٩٢،** كریستۆفەر كۆلۆمبۆس لەئیسپانیاوە چووە دورگەی سان سلفادۆر لەكەنارەكانی ئەلبهاما، ئەوروپییەكان بەڕێزەوە باسی دەكەن لەوەدا كەدۆزەرەوەی ئەمریكا بووە.

**١٦٠٧،** كۆلۆنیالیزمەكان یەكەم نیشینگەی ئینگلیزی لەئەمریكادا لەجیمستاون لەویلایەتی فێرجینیا دادەمەزرێنن.

**١٦٢٠،** ڕێكەوتننامەی میفلاوەر حكومەتێك لەسەر بنەمای زۆرینە لەنیشینگەی بلتیموس لەماساتشوستس دادەمەزرێنێ.

**١٦٣٦،** یەكەمین كۆلێج لەئەمریكادا بەناوی كۆلێجی هارفارد لەشاری كیمبریج لەماساتشوستس، دامەزرا.

**١٧٥٤،** جەنگی حەوت ساڵە دەستی پێكرد بە(جەنگی فەڕەنسی – هندی) ناسراوە كە لەنێوان فەڕەنساو بەریتانیادا بوو، لەكۆتایدا فەڕەنسا دەستی لەكەنەداو دەریاچە گەورەكانو دۆڵی مسیسیبی گەورە هەڵگرتو بۆ بەریتانیای بەجێهێشت.

**١٥/ئەیلولی/١٧٧٤،** كردنەوەی كۆنفرانسی كیشوەریی یەكەم لەفیلادلفیاو بەنسلفانیا بۆ ڕا گۆڕینەوە لەسەر بارودۆخی نەگونجاوی داگیرگەكان.

**١٧٧٥/٤/١٩،** یەكەمین فیشەكی جەنگی سەربەخۆیی بەرامبەر بە بەریتانییەكان لەلكسنگتۆنی ماساتشوستس، تەقێنرا.

**١٧٧٦/٧/٤،** هەر (١٣) داگیرگە ئەمریكیەكان بانگەشەی سەربەخۆییان واژۆكرد.

**١٩/ت١/١٧٨٢،** سوپای بەریتانیا لەفێرجینیا خۆیان بەدەستەوە دا.

**١٣/ئەیلولی/١٧٨٣،** بەریتانیاو USA ڕێكەوتننامەی داننانی بەریتانیا بەئەمریكایان مۆركردو دەوڵەتی نوێ بەگوێرەی ڕێكەوتننامەكە لەكەنەداوە بۆ فلۆریدا لەخوارەوە، لەدەریای ئەتڵەسی بۆ ڕووباری مسیسیبی لەخۆرئاوای دەگرتەوە.

**١٧٨٧/٥/٢٥،** گرێدانی کۆنگرەی دەستوری لەفیلادلفیا بۆ پێداچوونەوەی بەندەکانی کۆنفیدڕاڵی کەڕێکەوتنێك بوو لەنێوان دەوڵەتە سەربەخۆ نوێکانداو لە ١٧ی ئەیلولدا دەستور لەلایەن نوێنەرانی ویلایەتەکانەوە دانرا.

**١٧٨٩/٤/٣٠،** جۆرج واشنتۆن کاوڵ کرا بەسەرۆکی وڵات.

**١٧٩١،** زیادکردنی (١٠) هەموارکردنی یەکەم بۆ دەستور کەئەوانیش یاسای مافەکان بوو بۆ دابینرکردنی ماڤ تاکە ئەمریکیەکان.

**١٨٠٠،** گواستنەوەی پایتەختی فیدڕاڵی لەبارەگا کاتییەکەیەوە کە لەفیلادلفیا بوو بۆ شوێنی هەمیشەیی لەواشنتۆن D C.

٭ کرینی زەمینەکانی لویزیانا لەفەڕەنسا کە بەهۆیەوە ڕووبەری زەمینەکانی USA فراوان بوو.

**١٨١٢ — ١٨١٤،** وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا جەنگی ساڵی ١٨١٢ ئەنجامدەدەن کە بەریتانیەکان بینای کۆنگرێس (کابیتول)و کۆشکی سپی لەئابی ١٨١٤دا دەسوتێنن، ئەمەش دەبێتە مایەی هاندانی گیانفیداکارانی ئەمریکایی کەبچنە ریزی خزمەتی سەربازیو هاوکاریکردن بۆ دژوەستان لەبەرامبەر هێرشەکانی بەریتانیا.

**١٨١٨،** بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتوەکان لەسەر دانانی سنور لەنێوان کەنەداو وڵاتە یەکگرتوەکاندا ڕێکدەکەون.

**١٨٢٠،** کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر چارەسەری میزوری دەکاتو ولایەتی مین دەبێتە ویلایەتێکی سەربەخۆی ئەندام لەفیدڕاڵیەتەکەدا، ڕێگەدان بەکۆیلەگەری لەمیزوری بەلاّم بەیاساغی لەڕۆژئاوای ڕوباری مسیسیبیو باکوری هێڵی پانی (٣٦ -٣٠)دا دەمێنێتەوە.

**١٨٢٣،** بنەمای مۆنرۆ جەخت لەسەر دژە وەستانی هەر داگیرکارێك بۆ سەر کۆمارە ئەمریکاییەکان لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپیەکانەوە، دەکاتەوە.

**١٨٣٠،** کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر یاسای گواستنەوەی هندییە سورەکان دەکات کە بەهۆیەوە ڕێگا بەحکومەتی ئەمریکی درا هۆزە ئەمریکیە ڕەسەنەکان لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ زەمینەکانی ڕۆژائاوای ڕووباری مسیسیبی ڕابگوێزرێنەوە.

**١٨٣٦،** تەكساس سەربەخۆیی خۆی لەمەكسیك ڕادەگەیەنێو لەساڵی ١٨٤٥دا دەبێتە ویلایەتێكی نوێی وڵاتە یەكگرتووەكان.

**١٨٤٦،** سەرەتای جەنگی مەكسیكییە لەنێوان مەكسیكو وڵاتە یەكگرتوەكاندا، بەگوێرەی ئەو ڕێكەوتننامەیەی ساڵی ١٨٤٨ سنورێك بۆ جەنگ دانراو زەمینەیەكی بەرفراوان كە لەتەكساس لەڕۆژئاوا بۆ زەریای هادیو ئاریگۆن لەباكور درایە وڵاتە یەكگرتوەكان.

**١٨٥٤،** یاسای كانزاس – نبراسكا چارەسەری میزوری هەڵدەوەشێتەوەو مەسەلەی كۆیلەگەری دەخرێتە دەستی هاوڵاتیان.

**١٨٥٧،** بڕیاری درید سكۆت لەدادگای باڵا جەخت دەكاتەوە سەر ئەوەی بۆ كۆنگرێس نییە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی كۆیلەگەری بداتو ناتوانرێ كۆیلەكان ببنە هاوڵاتی.

**١٨٦٠،** هەڵبژاردنی ئیبراهام لنكولن وەك ١٦یەمین سەرۆكی وڵاتە یەكگرتوەكان.

**١٨٦١/٤/١٢،** یەكەمین گوللەی شەڕی ناوخۆیی لەساوز كارولینا تەقێندرا دەربارەی مافی ویلایەتەكانی باشور لەجیابوونەوەیان لەیەكێتیەكە.

**١٨٦٢،** یاسای فیدڕاڵی ڕێگا بەدروستكردنی كۆلێجی تایبەت بەكشتوكاڵو هونەرو میكانیكی لەسەر زەویە گشتییەكان دەدات.

**١/ك١٨٦٣/٢،** سەرۆك لینكۆڵن جاڕنامەی كۆیلەكان لەو هەرێمانەی كەكۆنفدڕاڵی بوون دەردەكات.

**١٨٦٥/٤/٩،** كۆتایی هاتنی شەڕی ناخۆیی ئەویش بەخۆبەدەستەوەدانی جەنەڕاڵی كۆنفیدڕاڵی (ڕۆبرت ئی لی) لەفێرجینیا.

تبینی/ جیابوونەوەی ویلایەتی ساوز كارولینا لەیەكێتییەكەو دواتر ٥ ویلایەتی تری باشور جیابوونەوە وەك كاردانەوەیەك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك لنكۆڵن كەدژی یاسای كۆیلایەتی بوو لەهەرێمەكانی ڕۆژئاوا. ئەو شەش ویلایەتە كۆنفدڕالیەتێكی ئەمریكییان پێكهێناو دواتر ٥ ویلایەتی تر چوونە پاڵیانو بەمەش ١١ ویلایەت كۆنفدڕالیەتیان ڕاگەیاند.

**١٨٦٧،** كڕینەوەی ئالاسكا لەڕووسیا.

**١٨٦٨،** چواردەهەمین هەمواركردنی دەستور كەڕێگا لەویلایەتەكان دەگرێت كەهاوڵاتیەكانیان لەمافی مامەڵەی یەكسان بێ بەش نەكەن.

**١٨٦٩،** یەکەمین هێڵی ئاسنی کەرۆژئاواو رۆژهەلاتی پێکەوە بەستەوە، لەکیشوەرەکەدا دروستکرا.

**١٨٧٠،** هەموارکردنی ١٥ کەرێگا لەجیاوازی ماف دەنگدان دەگرێت لەسەربنەمای رەچەڵەك و رەنگ.

**١٨٧٢،** یەکەمین باخی گشتی نیشتمانی لەلایەن کۆنگرێسەوە دروست دەکرێت.

**١٨٨٩–١٨٩٠،** کۆنگرەی (هەموو ئەمریکا) لەواشنتۆن – دی سی دەبەسترێت کەتیایدا یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ کۆمارەکانی ئەمریکا دادەمەزرێ‌و دواتر دەبنە یەکێتی ئەمریکا لەساڵی ١٩١٠دا.

**١٨٩٢،** کردنەوەی (ئەلیس ئایلاند) لەنیۆرك بۆ وەرگرتنی کۆچبەران‌و ساڵی ١٩٥٤ داخرا.

**١٨٩٦،** دادگای باڵا رەزامەند دەبێ بەجیاکاری رەگەزی لەسەر بنەمای (جیاوازی بەڵام یەکسان) لەکێشەی بلیسی دژ بەفیرگوسون.

**١٨٩٨،** راگەیاندنی جەنگی ئیسپانی – ئەمریکی لەمانگی نیسان‌و کۆتایی هاتنی لەمانگی ئابدا. کە بەگوێرەی رێکەوتننامەی ئاشتی نێوانیان کوبا سەربەخۆیی وەرگرت‌و ئیسپانیاش دەستی لەفلیپین‌و بورتوریك‌و گوام هەڵگرت بۆ USA.

**١٩٠٨،** هنری فۆرد یەکەمین سەیارەی بەکارو هەزران دروستدەکات.

**١٩١٤،** نۆکەندی باناما دەکرێتەوە کە USA لەنێوان ئەمریکای ناوەراستدا دروستیکردبوو، تاکو کەشتیەکان بتوانن کەشتیوانی خۆیان بەنێو هەردوو زەریای هادی‌و ئەتڵەسیدا بکەن بێ ئەوەی بەدەوری ئەمریکای باشوردا بخولێنەوە.

**١٩١٧/٤/٦،** USA چووە جەنگی یەکەمی جیهانی دوای ئەوەی ئەڵمانیا حورمەتی بێ لایەنی ئەمریکای بریندارکرد.

**١١/ت٢/١٩١٨،** کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەراگەیاندنی ئاگربەست.

**١٩٢٠،** ١٩هەمین هەمواری دەستور کەماف ژن لەبەشداری دەنگداندا زامن دەکات.

**١٩٢٧،** کۆمپانیای NBC (ناشیونال برودکاستنگ کۆمپانی) یەکەمین هەواڵی رادیۆیی لەکەنارەکانی رۆژئاواوە بۆ کەنارەکانی رۆژهەلات پەخش دەکات.

**٢٩/ت١/١٩٢٩،** دارمانی بازارەکانی کاغەزی دراو لەوڵاتە یەکگرتوەکان‌و سەرەتای ماوەی (کوتهێنان)ی گەورە. دابەزینی کاروباری بازرگانی لەگشت جیهاندا کەئەم ماوەیە

بەدرودرێـژترین مـاوەی بێکـاریو نـزمترین ئاسـتی چـالاکی بازارگـانی لەسـەدەی نوێـدا دادەنرێت.

**١٩٣٣،** سـەرۆك فـرانکلین د.ڕۆزفلـت بەرنامـەی (New Deal) ئاشـکرا دەکـات کـەبۆ دابینکردنـی کـارە بـۆ بێکارەکـانو بەرزکردنـەوەی نرخـی بەرهەمـە کـشتوکاڵیەکانو جێبەجێکردنی بارودۆخی بانکەکانو کەمکردنەوەی کورتهێنانی ئابووری لەئەمریکا.

**١٩٣٤،** یاسـای ڕێکخستنەوەی کاروبـاری هندییـە سـورەکان، خاوەنـداریێتی زەویو زار بـۆ خێڵە ڕەسەنەکان دەگەڕێنێتەوە.

**١٩٣٥،** کۆنگرێس بڕیاری زامنی کۆمەڵایـەتی کـە(زامنـی پـیریو بێکـاریو بەتەمەنـەکانو هەرزەکارانو کوێرو پەککەوتەو منداڵان) پشتڕاست دەکات.

**١٧/ك١/١٩٤١،** هێرشی یابان بۆ سەر بیرل هـاربرو هـاوای کـەپاڵ بـە USAوە دەنـێ بـچێتە ناو جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

**١٩٤٤/٦/٦،** هێـــزە هاوپەیمانـــەکان لەهێرشـــی (D-Day)دا دادەبەزنـــە نورمانـــدیو بەهۆیەوە فەڕەنسا لەداگیرکەری ئەڵمانی ڕزگاری دەبێ.

**١٩٤٥/٦/٧،** خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا سنورێك بۆ جەنگ لەئەوروپادا دادەنێ.

**١٩٤٥/٦/٢٦،** USAو ٤٩ دەوڵەتی تر بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسـان فڕانسـسکو لەکالیفۆرنیا ئیمزا دەکەن.

**٦/ئاب/١٩٤٥،** USA بۆمبی ناوکی دەگرێتە هێرۆشیماو دوای ٣ ڕۆژ بۆمبێکی تر دەگرێتە ناکاساکی لەیابان.

**٢/ئەیلول/١٩٤٥،** خۆبەدەستەوەدانی یابانو کۆتایی هاتن بەجەنگی زەریای هادی.

**٤/تەمموز/١٩٤٦،** USA سەربەخۆیی دەداتە فلیپین.

**١٩٤٧/٦/٥،** جۆرج.س.مارشاڵی وەزیری دەرەوە پێـشنیاری هاوکـاریکردنی ئـەوروپا دەکـات تـاکو بگەڕێتـەوە سـەر بـاوردۆخی ئاسـایی ئـابوری دوای ئـەوەی شـەڕ لـەناوی بردبـوو، کۆنگرێس ڕازی دەبێت بەپێدانی ١٣ ملیۆن دۆلار بۆجێبەجێکردنی پرۆژەی مارشاڵ.

**١٩٤٩/٤/٤،** USAو کەنـەداو ١٠ دەوڵـەتی ئـەوروپای ڕۆژئـاوا ڕێکخـراوی (ڕێکەوتننامـەی بـاکوری ئەتڵەسـی) (نـاتۆ) پێکـدەهێنن بـۆ هاوکـاری هەماهـەنگ لەنێوانیانـدا لـەکاتی دوچاربوونی هەریەکەیان بەکاری دوژمنکاریو هێرشکاری.

**١٩٥٠/٦/٢٧** USAو وڵاتانی تری ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزو یارمەتی سەربازییان بۆ کۆماری کۆریای باشور نارد (دژی هێرشەکانی کۆریای باکور (کۆریای دیموکراتی میللی)).

**١٩٥١،** یەکەمین وزەی کارەبایی لەوزەی ناوەکی بەرهەمهێنرا.

**١٩٥٣/٧/٢٧،** ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ئاگربەست بۆ وەستانی شەڕ لەکۆریا دوای ساڵێك لەدانووستان.

١٩٥٤، دادگای باڵا بڕیاری نادەرستوری بوونی جیاکاری رەگەزی لەخوێندنگە فەرمیەکاندا دەردەکات لەکێشەی براون دژ بەئەنجومەنی خوێندن.

**ك١/١٩٥٥،** دەرکەوتنی مارتن لۆسەر وەك بەرگریکار لەمافە مەدەنیەکان، هاوکات راگرتنی کاری پاسەکان بۆ ماوەی ساڵێك لەلایەن شۆفێرەکانیانەوە بەهۆی ئەو جیاوازیە رەگەزییەی لەنێونیاندا دەکرا لەمۆنتگۆمری لەئالاباما.

**١٩٥٨،** وڵاتە یەکگرتوەکان یەکەمین مانگی دەستکردی خۆی لەژێر ناوی ئێکسپلۆرەر (دۆزەرەوە) دەنێرێتە ئاسمان.

١٩٥٩، ئالاسکا دەبێتە ٤٩هەمین ویلایەتو هاوای دەبێتە ویلایەتی (٥٠).

**١٩٦١،** دامەزراندنی (فەیلەقی ئاشتی).

**١٩٦٣/٧/٢٥،** وڵاتە یەکگرتوەکانو بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت رازی دەبن بەقەدەغەکردنو سنوردارکرنی تاقیکردنەوە ناوکییەکانو ١٠/١٠ ئەم ڕێکەوتننامەیە کەوتە بەرکار.

**١٩٦٣/٨/٢٨،** دووسەد هەزار کەس بەشداری ڕێپێوانی واشنتۆنی پایتەخت دەکەن بۆ دەرکردنی یاسای مافە مەدەنییەکان.

**١٩٦٣/١١/٢٢،** سەرۆك کینیدی تیرۆرکراو لیندۆن ب. جۆنسۆن کرایە جێنشینی وەك ٣٦هەمین سەرۆك.

**١٩٦٤/٧/٢،** سەرۆك جۆنسۆن یاسای مافە مەدەنیەکان ئیمزادەکاتو قەدەغەی هەر جیاوازیەکی رەگەزی لەسەر بنەمای رەچەڵەكو ڕەگەز دەکات.

**١٩٦٤/٨/٧،** کۆنگرێس یاسای کەنداوی تۆنکین پەسەند دەکات کەرێگا بەکاری سەربازی لەڤێتنامدا دەدات بەتایبەت دوای ئەوەی ڤێتنامیە باکورییەکان هێرشیان کردبووە سەر دوو (مُدَمَرة)ی ئەمریکی.

**١٩٦٥،** یاسا کۆمەلایەتییەکان بواری خوێندنو چاودێری تەندروستی بەساڵاچوانو نیشتەجێکردنو یارمەتییە فیدراڵیەکانی هونەرو نۆژەنکردنەوەی ناوچە مەدەنیەکانیش دەگرێتەوە، کۆنگرێس یاسای مافەکانی دەنگدان پشتڕاست دەکاتەوە بەیاساکانی مافە مەدەنیەکانی ساڵی ١٩٦٤-یشەوە.

**١٩٦٨/٤/٤،** کوشتنی مارتن لۆسەر لەویلایەتی تنیسی.

**١٩٦٨/٥/١٠،** دەستپێکردنی گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ ڤێتنامدا لەپاریس.

**١٩٦٩/٧/٢٠،** کەشتی ئاسمانی (ئەبولو ١١ ) لەسەر مانگ دەنیشێتەوە.

**١٩٧١،** ١٦هەمین هەمواری دەستوری کرا کەتیایدا تەمەنی دەنگدەر لە ٢١ ساڵیەوە کرا بە ١٨ساڵی.

**مانگی١٩٧٢/٢،** سەرۆك ریتچارد نیکسۆن سەفەریکرد بۆ پەکین بۆ بینینی سەرۆکی چینی میللیو دواتر لەمانگی ئایاردا سەرۆکی سۆڤیاتی بینی. بەمەش بەیەکەمین سەرۆکی ئەمریکا دادەنرێ لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا سەردانی ئەو دوو وڵاتەی کردبێ.

**١٩٧٢/٥/٢٢،** یەکەمین ڕێکەوتننامەی سنوردارکردنی چەکە ستراتیجیەکان (سۆلت ١) لەنێوان سۆڤیاتو USAدا مۆرکرا.

**٢٧/ك١٩٧٣/٢،** ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی چوار قۆڵی بۆ دانانی سنور بۆ جەنگ لەڤێتننامداو گێرانەوەی ئاشتی بۆی.

**٩/ئاب/١٩٧٤،** لەسەروبەندی ئابڕوچوونەکەی ۆتەرگێتدا، سەرۆك نیکسۆن دەستی لەکار کێشایەوەو بووە یەکەمین سەرۆکی دەست لەکار کێشاوەو دوای خۆی جیراڵدر. فۆرد جێی گرتەوە.

لە ت٢، سەرۆك فۆرد لەگەڵ سەرۆکی سۆڤیات لیونید بریجنیف دەگەنە ڕێکەوتنێکی کاتی بۆ دانانی سنور لە بەرهەمهێنانی (موشەکی سەر ناوکیدا)و هۆکارەکانی بەکارهێنانی.

**١٩٧٥/٧/١٩-٣،** هەردوو کەشتی ئاسمانی ئەبولوی ئـەمریکی وسـویۆزی سـۆڤێتی لەبۆشـایی ئاسماندا بەیەکگەیشتن.

**١/ئاب/١٩٧٥،** سەرۆك فۆرد دوا یاسـای کۆنگرەی ئاسـایش‌و هاوکـاری ئـەوروپا دەکـات کـە بـە(ڕێکەوتننامـەی هلنـسکی) ناسـراوە کەتیایـدا نوێنـەری ٣٥ وڵات پـەیمان دەدەن ڕێـز لەسەروەریەکانی یەکتر بگرن و هاریکاری یەکتر بکەن لەبواری مافەکانی مرۆڤدا.

**١٩٧٦/٧/٤،** USA ئاهەنگی دوو سەد ساڵەی دامەزراندنی دەگێڕی.

**١٩٧٧،** یەکەمین هێڵی گواستنەوەی نەوت کەدرێژیەکەی ١٢٩٠کم بوو برۆدۆبای لەکەناری باکور بەدەربەندی فالدیز لەکەناری باشورەوە بەست.

**١٩٧٧/٩/٧،** جیمـی کارتـەری سـەرۆکی USAو عمـر توریخوسـی سـەرۆکی بانامـا ڕێکەوتننامەیـەکیان مـۆرکرد کەدەسـەڵاتی تـەواوەتی بانامـا بەسـەر نۆکەنـدی بانامـادا لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە، دەسەلمێنێ.

**١٩٧٨/٩/٧،** بەستنی کۆبوونەوەی لوتکە سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لـەکامپی دیڤـد بەچاودێری USA کەڕێکەوتنی نێوان سـەرۆك وەزیرانـی ئیـسرائیل‌و سـەرۆکی میـسری ئەنوەر ساداتی دەهێنی سـەبارەت بـەکارکردن بـۆ ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی نێـوان ئـەو دوو وڵاتە.

**١/ك٢/١٩٧٩،** دروسـتکردنی پەیوەندیـەکی تـەواوی دبلۆماسـی لـەنێوان USAو کۆمـاری چینی میللی.

سەرۆك کارتەو سەرۆکی ڕووسیا ڕێکەوتننامەی (سۆلت ٢) لەڤییەنا ئیمزادەکەن.

**٤/ت٢/١٩٧٩،** توندڕەوەکانی ئێران دەست بەسەر بینای سەفارەی USA لەتاراندا دەگرن‌و ٦٥ ئەمریکی وەك بارمتە دەستگیردەکەن.

**٢٠/ك٢/١٩٨١،** ئـازادکردنی٥٢ بارمتـە ئەمریکیەکـەی تـر لـەتاران لـەدوای چـەند سـاتێك لەسوێند خواردنی ڕۆناڵد ڕێگان وەك سەرۆکی ئەمریکا.

**١٢/نیـسان/١٩٨١،** یەکـەمین کەشـتی ئاسمـانی هەڵدایـە بۆشـایی ئاسمـان کـەبتوانرێ بەکاربهێنرێتـەوە ئـەویش کەشـتی کۆڵۆمبیـا بـوو کـە ٢ ڕۆژ بەسـەرکەوتوویی بـەدەوری زەویدا خولایەوە.

**٢٨/ك٢/١٩٨٦،** دوای ٢٤ گەشتی (مەكۆكی) سەركەوتوو مەكۆكی ئاسمانی چالنجر دوای ٣٧ چـركە لەهەڵـدانی تەقیـەوەو لەئەنجامـدا ٦ كەشـتیوانەكەی مـردن لەگـەڵ ئـەو ژنـە مامۆستایەی یەكەمین هاولاتی ئاسایی بوو بچێتە ئاسمان.

**١٩٨٦/٧/٤** ئاهەنگی نۆژەنكردنەوەی پەیكەری ئازادی كەدیاری گەلی فەرەنسا بوو لەساڵی ١٨٨٦دا.

**٨/ك١/ ١٩٨٦** لـەماوەی كۆبوونـەوەی لوتكـە لەواشـنتۆنی پایتـەخت سـەرۆك ڕێگـانو میخائیل گورباتشوفی سەرۆكی سۆڤیەت ئیمزا لەسەر بەكارنەهێنانی تەواوەتی ساروخی ناوەكی جۆری مامناوەندو كورت دەكەن.

**١٩٨٨/٩/٢٩ – ٣/ت١/١٩٨٨،** سەرلەنوێ هەڵدانەوەی مەكۆكان بۆ بۆشایی ئاسمان.

**١٧/ك٢/١٩٩١،** سەرەتای شەڕی كەنداو كە USA زنجیرەیەك هێرشی بۆردوومانی ئاسمانی كردە سەر دامو دەزگاكانی دەسەڵاتی عێراقی وەك وەڵامێك بـۆ هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر كوێت دوای ٤٣ رۆژ لەشەری ئاسمانیو وشكانی كوێت رزگاری بوو عێراقیش بەئاگربەست رازی بوو.

**٨/ك١/١٩٩٣،** سەرۆك بیل كلنتـۆن ئیمـزا لەسـەر ڕێكـەوتنی بازرگـانی ئـازاد لەئـەمریكای باكور (NAFTA) دەكات كەبازرگانی لەنێوان USAو كەنەداو مەكسیكدا ئازاد دەكات.

**٢٤/نیـسان/١٩٩٧،** USA دەبێتـە ٧٥هـەمین وڵات ئیمـزای لەسـەر ڕێكەوتننامـەی چـەكی كیمیایی كردبێتو لە ١٩٩٧/٤/٢٩دا ئەم ڕكەوتننامەیە چووە بواری جێبەجێكردنەوە.

**١٩/ك١/١٩٩٨،** ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكا دوو تاوانی پارلەمانی دەخاتە پاڵ سـەرۆك بیل كلنتۆن كەئەوانیش سوێند شكاندنو پەكخستنی عەدالەت بوون، دوای دادگایكردنی لەئەنجومـەنی پـیران سـەرۆك كلنتـۆن لـە ١٩٩٩/٢/١٢دا بـێ تـاوانی لەهـەردوو تاوانەكـەدا راگەیەنرا.

**٣١/ك١/١٩٩٩،** حكومەتی ئەمریكا كۆنتڕۆلی نۆكەنـدی پانامـا دەگەڕێنێتـەوە بـۆ دەوڵـەتی پاناما.

**٢٠٠١/٩/١١،** تیرۆریـستەكان چـەند فرۆكەیـەكی بازرگـانی دەرفێـننو هـەردوو تـاوەری سـەنتەری بازرگـانی جیهـانی لـەنیۆركو بینـای پنتـاگۆن لەواشـنتۆنی پایتـەخت دەتەقێننـەوە كەبەهۆیانـەوە زیـاتر لـە (٣٠٠٠) سـێ هـەزار كـەس دەبنـە قوربـانیو گیـان

لەدەستدەدەن بەم هۆیەوە سەرۆك بۆش سەرۆکایەتی هاوپەیمانیەکی جیهانی دەکات بۆ هەڵمەتی سنووردارکردنی کاری تیرۆریستی.

## جوگرافیا:

USA چوارەمین وڵاتە دوای ڕووسیاو کەنەداو چین کە لە ٤٨ ویلایەتی پێکەوە بەستراو پێکهاتووە کە لەڕووی جوگرافییەوە کەوتوونەتە بەشی ناوەڕاستی ئەمریکای باکورەوە لەگەڵ هەردوو ویلایەتی ئالاسکاو هاوای کە بەمانیشەوە دەکاتە ٥٠ ویلایەت.

ڕووبەرەکەی: ٩،٦٢٨،٣٨٢ کم$^2$

بەراوردی ڕووبەری USA بەوڵاتانی تر:

نزیکەی نیوەی ڕووبەری ڕووسیایە.

٣/١٠ی ڕووبەری ئەفریقایە.

نیوەی ڕووبەری ئەمریکای باشورە.

سێ هێندەو نیوی ڕووبەری ئەوروپای رۆژئاواو کەمێك بچوکترە لەڕووبەری چین.

زەوییە لادێییە بەکارهاتووەکان (٧٪).

زەوییە کشتوکاڵیەکان (٢٧,١٪).

مێرگەکان (٢٩,١٪).

دارستانەکان (٢٩,٢٪).

کێڵگەکان (٨,٦٪).

زەویە لادێیەکانی تر (٦٪).

کەنارەکان ١٩,٩٢٩کم بەئالاسکاو هاوایەوە.

ڕێرەوە ئاوییە ناوخۆییەکان ٤١,٠٠٩کم کەبۆ کەشتیوانی بەکاردێ (جگە لەدەریاچە گەورەکان).

درێژترین ڕووبار: مسیسیبی – درێژیەکەی ٥,٩٣٦ کم.

قوڵترین دەریاچە:: کرایتر لایك لە ئوریگون کەقوڵاییەکەی ٥٨٠م.

بەرزترین لوتکە: چیای ماکنلی لە ئالاسکا بەرزییەکەی ٦,١٩٨م لەئاستی دەریاوە.

نزمترین خاڵ: دیث فالی (دۆڵی مردن) لەکالیفورنیا کە ٨٦م لەژێر ئاستی دەریاوەیە.

گەورەترین ویلایەت: ئالاسکا.

بچووکترین ویلایەت: رود ئایلاند.

ئەوپەری شار لەباکورەوە: بارو لە ئالاسکا.

ئەوپەڕی شار لە باشورەوە: هایلو لەهاوای.

ئەوپەڕی شار لەڕۆژهەڵاتەوە: ئیستبورت لەویلایەتی ماین.

ئەوپەڕی شار لەڕۆژئاواوە: ئاتکا لەئالاسکا.

## کەش‌و هەوای جوگرافی:

لەزۆربەی شارەکان مامناوەندە، بەڵام لەهاوای‌و فلۆریدا ئیستیواییەو ساردە لەئالاسکا، نیمچە وشکەو لەدەشتە گەورەکان تا رۆژئاوای روباری مسیسیبی‌و وشکە لەحەوزی گەورە لەباشوری رۆژئاوا.

**دانیشتوان:**

بەگوێرەی ئامارەکانی ساڵی(٢٠٠٠)

کۆی گشتی دانیشتوان: ٢٨١,٤٢٢,٠٠٠

نێر: ٤٨,٩٪

مێ: ٥١,١٪

چڕی دانیشتوان ٣١,٨ کەس لەهەر کیلۆمەترێك چوارگۆشەدا.

دابەشبوونی دانیشتوان: ٨٠٪ لەشارەکان‌و ٢٠٪ لەلادێکان.

تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان: ٠,٩٪

مامناوەندی تەمەنی دانیشتوان: ٣٥,٣

**ژمارەی خێزانە ئەمریکیەکان لەساڵی(٢٠٠٠):**

ژمارەی خێزانەکان: ١٠٤,٧٠٥,٠٠٠

ژمارەی تاکەکانی ناو هەر ماڵێك: ٢,٦٢

ژمارەی تاکەکانی ناو هەر خێزانێك: ٣,١٧

**مامناوەندی تەمەنی لەدایکبووە ئەمریکیەکانی ساڵی ١٩٩٦:**

نێری سپی: ٧٣,٨ ساڵ.

مێی سپی: ٧٩,٦ ساڵ.

نێری رەنگەکانی تر: ٦٨,٩ ساڵ.

مێی رەنگەکانی تر: ٧٦,١ ساڵ.

**تێکڕای لەدایکبوان‌و مردوان (١٩٩٨):**

تێکڕای لەدایکبوان: ١٤,٦ بۆ هەر ١٠٠٠ کەسێك.

تێکرای مردوان: ٨,٦ بۆ هەر ١٠٠٠ کەسێك.

تێکڕای مردوانی منداڵ ٧,٢ بۆ هەر ١٠٠٠ لەدایکبووی زیندوو.

**دانیشتوان بەگوێرەی تەمەن (٢٠٠٠):**

(٠ – ١٩) ساڵی ٢٨,٦٪.

(٢٠ – ٤٤) ساڵی ٣٧,٠٪.

(٤٥ – ٦٤) ساڵی ٢٢,٠٪.

(٦٥ بۆ سەرەوە) ١٢,٤٪.

**دانیشتوان بەگوێرەی ڕەچەڵەك:**

سپی ٨٢,٢٪.

ڕەش ١٢,٨٪.

ئاسیاییەکان، دانیشتوانی دورگەی زەریای هادی ٤,١٪ هندیە ئەمریکیەکان، ئەسکیمۆ، ئالیوت ٠,٩٪

بەڕەچەڵەك ئیسپانی ١١,٨٪ (کەدەکرێت بەسپی پێست دابنرێن جا لەهەر ڕەچەڵەکێ بن).

**ناوچە هەرە گەورە شارەکان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان (٢٠٠٠):**

نیویۆرك، نیویۆرك: ٢١,٢٠٠,٠٠٠

لۆس ئەنجلۆس، کالیفۆرنیا: ١٦,٣٧٤,٠٠٠

شیکاگۆ، ئیلینوی: ٩,١٥٨,٠٠٠

واشنتۆنی پایتەخت:٧,٦٠٨,٠٠٠

سان فرانسیسکۆ، کالیفۆرنیا: ٧,٠٣٩,٠٠٠

**گواستنەوە:**

هەر هاوڵاتیەکی ئاسایی ١١,٧جار شوێن دەگۆڕێ، واتا لە هەر ٦ هاوڵاتیەك یەکێکیان بەردەوام جێگا دەگۆڕن، بەڵام ٣/٢ی گواستنەوەکان ناوخۆین.

**چاودێری تەندروستی (١٩٩٩):**

٨٤,٥٪ی هاوڵاتیان زامنی تەندروستی تایبەت یان حکومییان هەیە.

٢٥٤ پزیشك بۆ هەر(١٠٠,٠٠٠) کەسێك.

٥,٨٩٠ نەخۆشخانە.

٣,٦ جێگا بۆ هەر (١٠٠٠) کەسێك.

٣٩,١ ملیۆن کەس بەرنامەی (مدیکێر)ی زامنی تەندروستیان هەیە، کە حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی فەرمی بۆ ئەو کەسانەی سەرو تەمەنی ٦٥ ساڵن دابینی دەکات.

**ئینتیمای ئایینی (٢٠٠٠):**

پرۆتستانت: ٥٦٪.

کاتۆلیك: ٢٧٪.

جولەکە: ٢٪.

موسوڵمان: ١,٥٪

ئەوانی تر: ٥,٥٪.

بی بڕوا: ٨٪.

**دانیشتوانی کۆچبەران:**

کۆچبەرە یاساییەکان: ٦٦٠,٤٧٧ کەساڵی ١٩٩٨ براونەتە USA.

کۆچبەرە نایاساییەکان: نزیکەی ٩,٦ ملیۆن کەس دەبن بەگوێرەی ئەو مەزەندەیەی ساڵی ٢٠٠١.

ئەوانەی سەردان دەکەن: (٤٨,٤٩١,٠٠٠) کەس ساڵانە سەردانی USA دەکەن بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (١٩٩٩).

**حکومەتو سیستمی حکومڕانی:**

ناوی فەرمی: ولأتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

پایتەخت: واشنتۆن دی سی لەکانتۆنی کۆلۆمبیا

زمان: ئینگلیزی

جەژنی نیشتمانی: رۆژی سەربەخۆیی ٧/٤

سرودی نیشتمانی: ئالآمان پڕشنگدارە بەئەستێرە

ئالآ: پێکهاتووە لە ١٣ هێڵی ئاسۆیی ٧ی سورو ٦ی سپیو ڕووبەرێکی شین لەبەشی سەرەوەی لای چەپ کە٥٠ ئەستێری ٥ چوکڵەی سپی لەخۆگۆتووە.

دروشم: بەخودا پشت دەبەستین

دراو: دۆلاری ئەمریکی

کێشو پێوەر: سیستمی ئەمریکی ئاساییو سیستمی (مەتر)ی نیودەوڵەتی.

**سیستمی دادگەری:**

پشت بەیاسای نەنووسراوی ئینگلیزی دەبەسترێ.

لەگەڵ سیستمی محاکمی تێکەڵاو بۆ ویلایەتە فیدڕاڵیەکانو، دەستور کە لەساڵی ١٧٨٧دا دانراوەو پیاچوونەوەی دادیی یاسا تەشریعییەکان.

**بەشە حکومیەکان:**

بەشی جێبەجێکردن: سەرۆك، جێگری سەرۆكو وەزارەتو وەکالەتە فیدڕاڵییەکان.

بەشی یاسا دانان: ئەنجومەنی پیران کەپێکهاتووە لە ١٠٠ ئەندام هەردوو ئەندامیان بۆ ویلایەتێك، ئەنجومەنی نوێنەران لە ٤٣٥ ئەندام پێکهاتووە کە بەگوێرەی چڕی دانیشتوان بەسەر ویلایەتەکاندا دابەشبوون.

بەشی دادگەری: دادگای بالآ پێکهاتووە لە٩ ئەندام کەسەرۆك دایاندەمەزرێنێو دەمێننەوە تامردن ئەمیش دوای رەزامەندی ئەنجومەنی پیرانو سیستمی محاکمە فیدڕاڵییەکان.

**هەڵبژاردنەكان:**

هەڵبژاردنــە فیدراڵیــەكان یەكــەمین ســێ شــەممەی دوای یەكــەم دووشــەممەی تــشرینی دووەمی هەموو ساڵێك كەدوا ژمارەی ساڵەكە جووت بێ، ئـەنجام ئـەدرێتو هەڵبژاردنـە سـەرۆكایەتیەكانیش هـەر چـوار سـاڵ جارێك دەبێت. ئەنـدامانی ئەنجومـەنی پـیران بـۆ ٦ساڵو نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەرانیش بۆ ٢ ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

حزبە سیاسیەكان: هەردوو حزبی دیموكراتو كۆماری دوو حزبـی سـەرەكی نیـشتمانینو چەندین حزبی بچوكیش هەیە.

مافی دەنگدان: هـەموو هاوڵاتیـەك لەتەمـەنی ١٨سـاڵیو بـەرەو ژووردا بـۆی هەیـە دەنـگ بداتو بەشداریكردنی هاوڵاتیان بەزۆر نییە.

**ژمارەی فەرمانبەرانی حكومەت بەگوێرەی ئاماری ١٩٩٩:**

فەرمانبەرە مەدەنییەكان: ٢,٧٩٩,٠٠٠

سەربازەكان كە لەخزمەتدان: ١,٣٨٦,٠٠٠

**دابەشكردنی لابەلای سیاسیانەی USA:**

(٥٠ ویلایەت، هەرێمی كۆڵۆمبیا، كۆمنۆێڵس بورتوریكو، كۆمنۆێڵس دورگـەكانی مارینـای باكور، گوام، دورگەكانی فێرجینو ساموای ئەمریكی.

**ویلایەتەكان بەگوێرەی ناوچەكان:**

ویلایەتەكانی باكور:

نیو ئینگلاند، كوناتیكت، مین، ماساتشوستس، نیو هامشایر، رود ئایلاند، فیرمۆنت.

ویلایەتەكانی ناوەڕاستی ئەتڵەسی، دیلاوەر، ماریلاند، نیو جیرسی، نیویۆڕك، بنسلفانیا.

ویلایەتەكانی باشور:

ئالابامـا، ئاركنـساو، فلۆریـدا، جورجیـا، كنتـاكی، لویزیانـا، مسیـسیبی، كارۆلینـای بـاكور، كارۆلینای باشور، تینیسی، فیرجینیا، فیرجینیای ناوراست.

ویلایەتەكانی رۆژئاوای ناوڕاست:

ئیلینۆی، ئیندیانا، ئایوا، کانزاس، میشگان، منیسوتا، میزوری، نبراسکا، داکوتای باکور، ئۆهایۆ، داکوتای باشور، ویسکونسن.

ویلایەتەکانی چیاکانی رۆکی: کولورادۆ، ئایداهۆ، مونتانا، یوتا، نیفادا، وایۆمیگ.

ویلایەتەکانی باشوری رۆژئاوا: ئاریزۆنا، نیو مەکسیکۆ، ئۆکلاهوما، تەکساس.

ویلایەتەکانی زەریای هادی: ئالاسکا، کالیفۆرنیا، هاوای، ئۆریگۆن، واشنگتۆن.

## ئابوری:

ئابووری ئەمریکا سیستمێکه بازاڕ ئاڕاستەی دەکات زۆرینەی بڕیارەکانی تاكو کۆمپانیای کارە تایبەتیەکان دەریدەکەنو زۆرینەی پێداویستیەکانی حکومەت لەڕووی خزمەتگوزاریو شمەکەوە بازاڕەکان بۆی دابین دەکەن.

کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (کۆی نرخی شمەكو خزمەتگوزاری بەرهەم هاتوو)

ساڵی ٢٠٠٠: ٩,٩٦ تریلیۆن دۆلار.

تێکڕای زیادبوون لە ١٩٩٨: ٥,٧٪ ، ٥,٨٪: لە ساڵی ١٩٩٩و لە ٢٠٠٠: ٧,١٪

پێوانەی ئاڵوگۆڕی نرخ بۆ ژمارەیەکی گەورەی شمەكو خزمەتگوزارییەکانی خێزانەکان دەیکرن.

١٩٩٨: ١,٦٪

١٩٩٩: ٢,٢٪

٢٠٠٠: ٣,٤ ٪

هێزی کار(٢٠٠٠): ١٣٥,٢٠٨,٠٠٠

کارگێڕیو پسپۆڕی: ٣٠,٢

تەکنیکیو فرۆشتنو هاوکاری کارگێڕی : ٢٩,٢٪

خزمەتگوزاری: ١٣,٥٪

پیشەسازی، کان/گواستنەوەو پیشە: ٢٤,٦٪

کشتوکاڵ، دارستانو ڕاوەماسی: ٢,٥ ٪

تێکڕای بێکاری (٢٠٠٠): ٤٪

داهاتی تاك (٢٠٠٠) ساڵانە: ٢٠,٦٧٦ دۆلار

کارە بازرگانیەکان ١٩٩٨

خاوەنداریتی ناکشتوکاڵی: ١٧,٤٠٩,٠٠٠

هاوبەشایەتی: ١,٨٥٥,٠٠٠

کۆمپانیاکان:٤,٨٤٩,٠٠٠

دامەزراندنی کۆمپانیای کاری نوێ: ٧٦١,٠٠٠

خەرجی کارگەو دامەزراوە نوێییەکان ١٩٩٩: ٩٧٧,٣ بلیۆن دۆلار

قازانجی کۆمپانیاکان دوای دانی باج لە ٢٠٠٠دا: ٦٤١ بلیۆن دۆلار

بانکەکان ٢٠٠٠:

ژمارەی بانکەکان: ٩,٩٠٨

کۆی ئەمانەتەکان: ٤,٢ تریلیون دۆلار پاشەکەوت

**هاوردەو ناردەنی:**

هاوردە :١,٢ تریلیۆن

ناردەنی :٧٨١,٩ بلیۆن دۆلار

**بەرهەمهێنانی وزە (١٩٩٩):**

کارەبا: ٣,٢ تریلیۆن کیلوات لەسەعاتێکدا وزەی ناوکی ٢٢,٨٪

بەرهەمی نەوتی ڕەشی ناوخۆیی: ٥,٩ بلیۆن بەرمیل

نەوتی خاوی هاتوو : ٨,٧ بلیۆن بەرمیل

بەرهەمی غازی سروشتی: ٥٩٠ بلیۆن مەتر چوارگۆشە.

بەرهەمی خەڵوزی بەردی: ١,١ بلیۆن تەن

**بەرهەمی کشتوکاڵی:**

گەنمە شامی: ٩,٩٧ بلیۆن بوشل ٣٢,٥ لیتر

پاقلە: ٢,٧٧بلیۆن بوشل

گەنم: ٢,٢٢ بلیۆن بوشل

میوەو چەرەسات: ١٠,٦ بلیۆن دۆلار

سەوزە: ١٦,٩ بلیۆن دۆلار

شیر: ٧٥,٥ بلیۆن کیلۆگرام

باڵندە: ١٧,٩ بلیۆن دۆلار

ژمارەی مەڕوماڵات بەگوێرەی (ك٢ -٢٠٠٠): ٩٨,١٩٨,٠٠٠ سەر.

**کێڵگە ئەمریکیەکان ١٩٩٧:**

ژمارەی کێڵگەکان: ١,٩١٢,٠٠٠

ڕووبەری زەوی کێڵگەکان: ٣٧٢,٧٢٠,٠٠٠ هکتار

ناوەڕاستی ژمارەی دۆنمی هەر کێڵگەیەك: ١٩٤,٩

ئەو بڕە پارەیەی USA لە بەرهەمی کێڵگەکان دەستی دەکەوێت: ١٨٨,٦ بلیۆن دۆلار

ناوەڕاستی نرخی عەقاری کێڵگەو زەوی‌و خانووەکان: ٢,٣٠٧دۆلار بۆ هەر دۆنمێك.

ژمارەی کێڵگەکان بەگوێرەی جۆری ڕێکخستن (١٩٩٧):

خاوەنداریێتی تاك‌و خێزانەکان: ٨٥,٩٪

هاوبەشایەتی: ٨,٨٪

کۆمپانیاکان: ٤,٤٪

**ڕووبەری کێڵگەکان بەگوێرەی جۆری ڕێکخستن(١٩٩٧):**

خاوەنداریێتی تاك‌و خێزانەکان: ٦٢,٨٪

هاوبەشایەتی: ١٦,٠٪

کۆمپانیاکان: ١٤,١٪

هاوردەو ناردەنی کشتوکاڵ (١٩٩٧):

هاوردە: ٣٩,٠ بلیۆن دۆلار

ناردەنی: ٥١,٦ بلیۆن دۆلار

**تێچووی خوێندنگاو قوتابخانەکان (١٩٩٧):**

قوتابخانە سەرەتایی‌و ئامادەییەکان: ٣٦١,١ بلیۆن دۆلار

کۆلێج‌و زانکۆکان: ٢٣٧,٨ بلیۆن دۆلار

**ژمارەی خوێندکارە ناونوسکراوەکان (١٩٩٩): ٧٢,٢ ملیۆن**

رۆڵی دایەنگا: ١٢٪

قوتابخانە سەرەتاییەکان: ٤٥٪

خوێندنگا دواناوەندیو ئامادەییەکان: ٢٢٪

زانکۆو کۆلێجەکان: ٢١٪

**ژمارەی خوێندنکارانی تۆمارکراو لەخوێندنگا فەرمیو تایبەتیەکان(١٩٩٩):**

خوێندنگا فەرمیەکان: ٦٠,٨ ملیۆن

خوێندنگا تایبەتیەکان: ١١,٤ ملیۆن

رێژەی سەدی خوێندنگا بەستراوەکان بەئینتەرنێت لە ٢٠٠٠: ٩٨٪

رێژەی سەدی دەرچوانی دواناوەندی کەتۆمارکراون لەکۆلێجەکان لە(١٩٩٩): ٦٢,٩٪

**بڕوانامە بەدەستهاتووەکان (١٩٩٨):**

دبلۆم: ٥٥٥,٥٣٨

بەکالۆریۆس: ١,١٨٣,٠٣٣

ماجستیر: ٤٢٩,٢٩٦

دکتۆرا: ٤٥,٩٢٥

ڕێژەی سەدی ئەمریکیەکانی تەمەن ٢٥ساڵو سەروتر کە لەکۆلێجو خوێندنگا دواناوەندیو کۆلێجەکاندا بڕوانامەیان بەدەستهێناوە(٢٠٠٠):

خوێندنگا دواناوەندییەکان: ٨٤,١٪

کۆلێجەکان: ٢٥,٦٪

**خوێندکارە بێگانە تۆمارکراوەکان لەزانکۆو کۆلێجەکانی USA لە ٢٠٠٠دا:**

کۆی گشتی: ٥١٥,٠٠٠

لەئەفریقاوە: ٣٠,٠٠٠

لەئاسیاوە: ٣١٥,٠٠٠

لەئەوروپاوە: ٧٨,٠٠٠

لەئەمریکای لاتینیەوە: ٦٢,٠٠٠

لەئەمریکای باکوورەوە: ٢٤,٠٠٠

لەئوسترالیاوە: ٥,٠٠٠

ناوەڕاستەی تێچوونی خوێندنی زانکۆیی بۆ ئەو خوێندکارانەی لەحەرەمی زانکۆکاندا دەمێننەوە (لەساڵی خوێندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠)

کۆلێجە فەرمیەکان (ئەوانەی لەویلایەتەکاندا دەژین): ٧,٣٠٢ دۆلار

کۆلێجە تایبەتیەکان: ٢٠,٢٧٦ دۆلار

**گواستنەوەو گەیاندن:**

هۆکارە سەرەکیەکانی گواستنەوە (١٩٩٩):

١٣٢,٤٣٢,٠٠٠ ئۆتۆمبێل زیاتر لە ٢,٥ تریلیۆن کیلۆمەتریان بڕیوە

٨٣,١ شاحنەی بچووك ١,٨ تریلیۆن مەتریان بڕیوە

٧٢٩,٠٠٠ پاص ١٢,٣ بلیۆن کیلۆمەتریان بڕیوە.

**گەشتی ئاسمانی:**

٥,٣٥٤ فڕۆکەخانەی گشتی.

٧,٩ بلیۆن کیلۆمەتر گەشتی ئاسمانی(١٩٩٧).

٦٣٥,٤ ملیۆن گەشتیار بەفڕۆکە.

**هێڵی ئاسنی:**

١٦٠,٩١٢ کم هێڵی ئاسنی.

٢١,٥٤٤,٠٠٠ کەس کەشەمەندەفەری بەرکارهێناوە جگە لەو شەمەندەفەرانەی بۆ کاری ڕۆژانە بەکاردێن.

٦,٠٠٠ سیستمی ترانزێت.

٧٤,٦٤١ پاص.

١١,٥٠٦ شەمەندەفەر.

٤,٩٠٧ شەمەندەفەری ڕۆژانە.

١٢٤ کەشتی گواستنەوە.

گەشتی دورودرێژ کە لە ١٦٠ کم بەیەك ئاراستەدا تێپەرِینێ بەگوێرەی(میکانیزمی گواستنەوە لەساڵی ١٩٩٥):

بەئۆتۆمبێلی تایبەت: ٨١,٣٪

بەتەیارە: ١٦,١٪

بەترانزێتی ناوخۆیی: ٢,٠٪

بەشەمەندەفەر: ٠,٥٪

حمولەی گواستراوەی ساڵانە (١٩٩٧): ١١,١ بلیۆن تەن

بەشاحنە: ٦٩,٤٪

بەشەمەندەفەر: ١٤,٠٪

بەرووبارو دەریاکاندا: ٥,١٪

بەبۆریە گواستەرەوەکاندا: ٥,٦٪

رێگاکانی تر: ٥,٩٪

**رێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کەهۆکاری پەیوەندیان هەیە(١٩٩٨):**

هێڵی تەلەفون: ٩٤,١٪

رادیۆهات: ٩٩,٠٪

تەلەفۆن: ٩٨,٣٪

بەستراو بەکێبڵی تەلەفزیۆنی: ٦٧,٢٪

ڤیدیۆ: ٨٤,٦٪

کۆمپیوتەر (٢٠٠٠) : ٥١,١٪

**رادیۆ (١٩٩٨):**

وێستگەکان AM ٤,٧٩٣ ، FM ٥,٦٦٢

ئەو ئامێرە رادیۆییانەی کەخەڵك خاوەنین: ٥٤٨,٨٠٠,٠٠٠

**تەلەفزیۆن (١٩٩٨):**

وێستگەکانی پەخش: ١,٥٧٢

تەلەفزیۆنی کێبڵ: ١٠,٨٤٥

ئەو ئامێرە تەلەفزیۆنانەی کەخەڵك خاوەنین : ٢٣٥ ملیۆن.

**رۆژنامەکان (٢٠٠٠)**

رۆژانە: ١,٦٦١

هەفتانە: ٧,٥٩٤

نیوهەفتەیی: ٥٥٨

پۆست: هەر ئەمریکیەك بەتێکڕای ٧٣٩ نامەی پۆستی پێدەگات لەساڵێکدا بەگوێرەی ئامارەکانی ساڵی (٢٠٠٠).

**پشووە نیشتمانییەکان:**

١/ك٢، سەری ساڵی نوێ.

ك٢، سێ یەم دووشەممە، لەدایکبوونی مارتن لۆسەر کینگ جۆنیور.

شوبات، سێیەم دووشەممە، جەژنی سەرۆکەکان (کەڕۆژی لەدایکبوونی جۆرج واشنتۆن) لە (٢/٢٢)دا بووە، ئیبراهام لینکۆڵن لە ٢/١٢دا لەدایکبووە لەبەر ئەوەی دوو سەرۆك لەیەك مانگدا لەدایکبوون سێیەم دووشەممە وەك سیمبولێك بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە.

ئایار/ چوارەم دوو شەممە وەك رۆژی سەربازی ئەمریکا ئەوانەی لەجەنگدا کوژراون.

٧/٤ جەژنی سەربەخۆیی.

مانگی ٩ یەکەم دوو شەممە جەژنی کرێکارانی USA وەك رێزلێنانی کرێکارانی وڵات.

دووەم دوو شەممە ت١ رۆژی کۆلۆمبوس وەك رێزێك بۆ کریستۆڤەر کۆلۆمبس کە لە ١٢ی ت١ی ١٤٩٢ دابەزییە سەر خاکی USA.

١١/ت٢ رۆژی جەنگاوەرانی دێرین لەهەموو ئەو جەنگانەی کەئەمریکا بەشداریکردووە.

چوارەم پێنج شەممەی ت٢/ جەژنی سوپاسکردنی خوا لەئەمریکا (عید الشکر).

٢٥/ك١/ جەژنی لەدایکبوونی مەسیح.

## سەرچاوەكان

١.	سەرچاوەكان بەزمانى عەرەبى


٢.	أمريكا الشمالية الأقليمية، د. على حسين الشلش، مطبعة جامعة البصرة، سنة ١٩٨٠

٣.	جغرافية العالم الجديد الامريكيتين، د. محمد حامد الطائي، د.على حسين الشلش، د. وفيف حسين الخشاب، الطبعة الاولى، ١٩٨٠.

٤.	موجز الجغرافية الامريكيية، سيتفين إس بيردسول ومجموعة من الاساتذة الامريكية، وزارة الخارجية الامريكية.

٥.	نظام الحكم في الولايات المتحدة الامريكية، لارى الويتز، ت جابر سعيد عوض، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، قاهرة ١٩٩٦.

٦.	علم الاجتماع السياسي (أسس وابعاده)، د. صادق الاسود، ١٩٩٠ بغداد.

٧.	النظم السياسية (الكتاب الاول- تطور الفكر السياسي والنظرية العامة للنظم السياسية) د. ثروت بدوي، الطبعة الاولى، قاهرة ١٩٦١.

٨.	النظم السياسية في اوروبا الغربية والولايات المتحدة الامريكية، د. حافظ علوان حمادي الدليمى، وائل للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠١

٩.	قاموس الفكر السياسي، ج ١، من حرف الالف حتى نهاية حرف العين، مجموعة من المختصين، ت: د. انطون حمصي، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق ١٩٩٤.

١٠.	قاموس الفكر السياسي، ج٢، من حرف العين حتى نهاية حرف الياء، مجموعة من المختصين، ت: د. انطون حمصي، منشورات وزارة الثقافة السورية، ديمشق ١٩٩٤.

١١.	الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستورى ، أ.د. نعمان احمد الخطيب، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى ٢٠٠٦.

١٢.	النظم السياسية (الدولة والحكومة)، د. محمد كامل ليلة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩.

١٣.	الاحزاب السياسية، موريس ديفرجيه، ت: على مقلد وعبدالحسن سعد، دار النهار للنشر، الطبعة الثالثة بيروت١٩٨٠.

١٤. موجز التأريخ الامريكى: من مطبوعات وزارة الخارجية الامريكية، مكتب برامج الاعلام الخارجى الامريكى.

١٥. السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر (نظرة عالمية) جابرييل إيه. آلموند و جي بنجهام باويل الابن، ت: هشام عبدالله، دار الاهلية للنشروالتوزيع لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٨.

١٦. معجم النظم السياسية والليبرالية في اوروبا الغربية وامريكا الشمالية، د. حسن نافعة، دار الجبل، بيروت، الطبعة الثانية ٢٠٠٠.

١٧. مبادئ النظم السياسية، د. شمران حمادى، شركة الطبع والنشر الاهلية بغداد، ١٩٦٦- ١٩٦٧.

١٨. الانظمة السياسية، د. صالح جواد الكاظم و د.على غالب العاني، مطبعة دار الحكمة، بغداد ١٩٩١.

١٩. الاحزاب السياسية، د. طارق على الربيعي، مطابع التعليم العالي، موصل ١٩٩٠.

٢٠. مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية، د. على يوسف الشكري، دار ايتراك للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، مصر، ٢٠٠٤.

٢١. نظام الحكم في الولايات المتحدة الامريكية، ارنست س. جريفث، ت: د.محمد عبدالمعز نصر، دار المصر للطباعة.

٢٢. النظم السياسية والقانون الدستورى، د. محمد انس قاسم جعفر، دار النهضة العربية، ١٩٩٩.

٢٣. الانظمة السياسية والدستورية المقارنة، د. حسان محمد شفيق العاني، جامعة بغداد، ١٩٨٦.

٢٤. الانظمة النيابية الرئيسية- نشأتها – تطورها – تطبيقها- دراسة تحليلية مقارنة، د. عفيفي كامل عفيفي، منشأة المعارف بالاسكندرية، مصر٢٠٠٢.

٢٥. موجز نظام الحكم الامريكى، مكتب برامج الاعلام الخارجي، وزارة الخارجية الامريكية.

٢٦. الموسوعة، عربية عالمية مصورة بالالوان- المجلد الاول، الشركة الشرقية للمطبوعات ش.م.م، لبنان ٢٠٠٠.

٢٧. موسوعة مملكة الاعلام -١- بين الشرق والغرب، دار الراتب الجامعة- لبنان.

أ. سەرچاوەکان بەزمانی فارسی

٢٨. آيالات متحد آمريكا، حسين حميدي نيا، مباحث كشورها وسازمنهاي بين المللي، چاپ اول، مركز چاپ وانشارات وزارة امور خارجه، تهران ١٣٨٤.

٢٩. احزاب سياسي ونظام هاى حزبي، حسينعلى نوذرى، انتشارات امير كبير، تهران، طبعة سئ ٢٠٠٢.

ج. سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

٣٠. سیستەمەکانی هەڵبژاردنو پرەنسیپەکانی دەنگدان، ڤیان مەجید، لەبڵاوکراوەکانی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

د. سەرچاوەکان کە لەئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە

ئەلیف: سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی.

٣٠. (WWW.rci.rutgers.edu)/cawp/(january٢٠٠٣) Votingand Democracy ١١-٤-٢٠٠٤, Select party and Gender Data for State Legislatures– ٢٠٠٣

٣١. www.wikipedio.org Politics of Unites States :Republican party (Unites States)(٢٠٠٧-٢-٥) (http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_%٢٨United_States%٢٩)

٣٢. http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_%٢٨United_States%٢٩ Politics of Unites States_ Republican party (Unites States) From Subject: Currend ideology of Republican party-Economic Policies.(٢٠٠٧-٢-٥)

٣٣. http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_%٢٨United_States%٢٩ Politics of Unites States_ Republican party (Unites States) Current ideology of Republican Party – Social Policies (٢٠٠٧-٢-٥)

٣٤. http://en.wikipedia.org/wiki/Republican_Party_%٢٨United_States%٢٩ Politics of Unites States_ Republican party (Unites States) Current ideology of Republican Party – Social Policies ،(٢٠٠٧-٢-٥)

٣٥. www.wikipedia.org ،Politics of Unites States Democratic party (Unites States) ،(٢٠٠٧-١-٤)

(http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic Party_٪٢٨United_States٪٢٩)

٣٦. www.wikipedia.org ، Politics of Unites States- Democratic Part ,Recent issue stances of Democratic Party – Economic issues(٢٠٠٧-١-٢٤) http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic_Party_٪٢٨United_States٪٢٩/Recent_issue_stances

٣٧. www.wikipedia.org ، Politics of Unites States- Democratic Part, Recent issue stances of Democratic Party – Social isues (٢٠٠٧-١-٢٤) http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic_Party_٪٢٨United_States٪٢٩/Recent_issue_stances

٣٨. www.wikipedia.org ، Politics of Unites States- Democratic Part ,Recent issue stances of Democratic Party – Foreign policy issues and Legal issues (٢٠٠٧-١-٢٤) http://en.wikipedia.org/wiki/Democratic_Party_٪٢٨United_States٪٢٩/Recent_issue_stances

٣٩. Elections it the united state of America Web www.electionworld.org

٤٠ http://en.wikipedia.org/wiki/John_Adams#Early_life

٤١. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/jc٣٩.html

٤٢. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/wm٢٥.html

٤٣. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/jm٥.html

٤٤. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/bh٢٣.html

٤٥. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/tj٣.html

٤٦. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/hh٣١.html

٤٧. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/wh٩.html

٤٨. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/aj٧.html

٤٩. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/wm٢٥.html

٥٠. http://www.whitehouse.gov/president/biography.html

٥١. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/bc٤٢.html

٥٢. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/tj٣.html

٥٣. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/gb٤١.html

٥٤. http://www.whitehouse.gov/history/presidents/jm٥.html

٥٥. http://www.marshfield.netHistorywebster

٥٦. http://www.bioguide.congress.govscriptsbiodisplay

**بێ: سەرچاوەكان بەزمانی عەرەبی**

٥٧. الثورة الامريكية (١٧٦٣م – ١٧٨٣م) من مصر ويكى- الكتب الموقع الالكترونى.
http://ar. Wikibooks.org/w/index.php?title=%d٨٪A٧
اخر تعديل لهذه الصفحة (٤-٤-٢٠٠٦)

٥٨. الرؤساء الامريكيون من العام (١٧٨٩) حتى الان في كتاب انتخابات، منشورات وزارة الخارجية الامريكية، مكتب برامج الاعلام الخارجي في (٢٠٠٤/٥/١٧) (www.usinfo@state.gov).

٥٩. موسوعة ويكيبيديا، قالب، ولايات امريكا، التقسيم السياسي للولايات المتحدة الامريكية، يوم (٢٠٠٦/١١/٢٢) واخر تعديل للصفحة (٥/ يونيو/ ٢٠٠٦) (www.wikipedia.org)

٦٠. دستور ولايات المتحدة الامريكية. (www.usinfo@state.gov).

٦١. الاحزاب السياسية، جون بيبي، كتاب انتخابات ٢٠٠٤، ت: وزارة الخارجية الامريكية مكتب برامج الاعلام الخارجي. (www.usinfo@state.gov).

٦٢. نشرة واشنطن، اصلاح تمويل الحملات الأنتخابية وانتخابات عام ٢٠٠٤، مقابلة مع جان باران، ٢٠٠٤/٢/٦.

## سوپاس و پێزانین:

:- سوپاسو پێزانینی زۆرم بۆ خاتوو (ئاڤان فەتاح) هەڵەبڕی ئەم كتێبە كەبەردەوام لەخەمی بەرهەمەكەدا بوو.

:- كاكە بڕوا بابا ڕەسوڵ، وەرگێری زمانی ئینگلیزی كەئەركێكی قورسی وەرگێڕانی زۆرێك لەتێكستە ئینگلیزییەكانی لەئەستۆ بوو.

:- كاك عەلی ئەكبەر مەجیدی، كە وەرگێرانی دەقە فارسییەكانی خستە ئەستۆی خۆی.

:- خاتوو شۆخە عەبدوڵڵا كە لەهۆڵەنداوە هەندێك بابەتی لەئینگلیزیەوە وەرگێڕایە سەر كوردیو بۆی مەیل كردم.

:- كتێبخانەی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژیو بەتایبەت كاك یوسف گۆران.

:- كاك ئاراس حەسەنو كاك ڕێباز نامق كەكتێبەكەیان چاپكرد.

:- سوپاسو پێزانینم بۆ ستافی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێكۆڵینەوەی جێندەر، بەتایبەتی بەشی ڕاگەیاندنو لێكۆڵینەوە كەئەركی بەچاپگەیاندنی چاپی دووەمی كتێبەكەیان گرتە ئەستۆ.